پێرست:


- بەرەو پوچ گەرایی یان تەعەهود پەزیری 2
- یەك ریژیم.. دوو هەلویست! 5
- مێژوویەکی دەستکرد و سەنگەرێکی.. 8
- کولتوری کوردەواری و پێشیل کردنی مافی ژن 27
- رۆڵی رووناکبیر 33
- سەردانێك لە شاعیرانی تەبعیدی 40
- دوو جۆر ئەدەبیات 41
- هەڵوەدای وت و وێژ... 46
- دوژمنایەتی بەرهەم هینانی سەرمایەداری.. 50
- هونەر چییە و چۆن پێك هات 53
- لە یەکێتی و رێکخراوبوون دایە کە ... 64

# بەرەو پووچ گەرایی یان تەعەهود پەزیری

ن: سەعیدی ئەمانی

لە دنیای پر لە هەرا و هوریا و پر کارەساتی ئەمرۆدا گشت هونەرمەندان، بە تایبەت نووسەران و شاعیران، بەرپرسیارییەتیەکی ئەخلاقی گەورەیان سەبارەت بە کۆمەلگاکەیان دەکەویتە ئەستۆ، لەگەل ئەوەدا کە ریگای بەرەو لووتکە گەیاندنی هونەر دەپیون، پیویستە بەشیکی بەرچاوی بەرهەمەکانی خۆیان بۆ دەرخستن و ئاشکرا کردنی دەرد و رەنج و ئاوات و ئارمانەکانی چینی زۆر لیکراو و خەلکی کۆمەلگاکەیان تەرخان بکەن. لە سەرەتای سەدەی بیستی زایینیدا، بە تایبەتی دوای شەری یەکەمی جیهانی کە ترس و دلەراوکی، برسیتی، نەخۆشی و پاشاگەردانی ناوچە شەر لیدراوەکان، بە تایبەتی ئورووپای گەمارۆ دابوو، تەنیا نووسەران و هونەرمەندان بوون کە دەرد و رەنج و موسیبەتەکانی خەلکی لیقەوماویان لە نووسراوە و بەرهەمەکانیاندا دەردەخست و ویژدانی مرۆڤایەتیان لی ئاگادار دەکردەوە، لەو پاشاگەردانی و بیدەرەتانیەدا ئەوە ئەوان بوون بە دەربرینی هەستی دلسۆزی مەرهەمیان دەنا سەر برینەکانیان و هاودەردی خۆیانیان لەگەل دەردەبرین.

ئەگەر بەرهەمیکی هونەری یان کتیبی نووسەریك لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە دەکەویتە بەر سەرنجی جەماوەریکی بەرچاو و بۆلای خۆیان رادەکیشی یەقینەن ئەوە ئەو شوینەوارەیە کە توانیویەتی بەناخی موناسباتەکانی کۆمەلگادا رۆ بچێ و بەپیی دەرکی تایبەتی خۆی ببیتە ئاوینەی بالانوینی ئەو پەیوەندی و موناسباتەی کۆمەلگاکەی و ئەو هەلینجراوە زەینیەی خۆی لە شوینەوارەکەیدا دەنوینیتەوە، ئەگەر ئەم شوینەوارە لە کۆمەلگایەکی نابەرابەردا بەرهەم هاتبیت، یان لەناخی دەورەیەکی پر لە کارەساتی میژوویییەوە هەلینجرابی و دەرخەری هەوریکی رەشی پر لە بارانی مەینەتی بیت بۆ بەشی هەرەزۆری خەلکی ئەو چاخ و کۆمەلگایە، ئەو کەسانەی دەیخوینەوە و ستایشی دەکەن بە زمانحال و دەربری قسەی دل و ئاواتە سەرکوت کراوەکانی خۆیانی دەزانن. لەم پەیوەندیەدا چەند نموونەیەك دینینەوە: داستانی "ئیسپارتاکووس" بەو هۆیە بە نەمری دەمینیتەوە چون کە ئیستاش هەر ئەو موناسباتە کۆمەلایەتیەی سەردەمەی کویلەداری بە شیوەیەکی دیکە لە سەرتاسەری دینادا بەر پایە و زۆرلیکراوان و کویلەکانی ئەم سەردەمە چاوەری و لە هەولی بەرپا کردنی شورشیکی ترن تا ئەو موناسباتە نوێیەی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان لەناو بەریت.

شیعرەکانی لورکا، هەلویستی زۆرینەی نەیارانی ئەم سەردەمەن دژ بە نەزمی حاکم بەسەر بەشی هەرەزۆری جیهان دا، لە قالبیکی هونەریدا و جیی سەرنجە و ریزی لیدەگیری. شوینەوارەکانی سەردەمی شورشی ئوکتوبر وەك:"دایك" و "نینا".... تا کاتیکی نیزامی چەوساندنەوە و زولم و زۆری سەرمایەداری بەردەوام بیت جیی سەرنج و دغدغەی تیکۆشەرانیکن بۆ ئەوەی بتوانن بە کردەوەیان دەربینن. دوای کارەساتی هەلەبجە "دەربەندی پەپوولە"ی شیرکۆ بیکەس لە سەرتاسەری دنیا لەهەر کۆییەك کوردیکی لیبوو یان ئینسانیکی خاوەن ویژدان و بتوانی بیخوینیتەوە، دەر بەدەر بەدوایدا دەگەران. خۆ زۆر لەسەر هەلەبجە وترابوو یان نووسرابوو بەلام ئەمەیان دەربرینیکی هونەرمەندانەی

دەرد و ئازارەکانی گەلیکی زۆرلیکراو بوو کە سەرنجی گشت ویژدانیکی زیندووی بولای خۆی راکیشا و دلنیام تا ئەیامیکی دوور هەر زیندووە. یان شیعرەکانی "ئەحمەدی شاملو" "فروغ فەروخ زاد" کە هەرکامیان باس لە زولم و زۆری و لایەنیکی ئەو ئاکارە نامرۆڤانە دەکەن کە کۆمەلگای ئیمە بە دەستیەوە دەنالینی. واتە دەمەوی بلیم هەرکام لەمانە، ئەگەر خزابانە قۆزاخەی تەنیایی خۆیانەوە و بە نزیك بوونەوەیان لە کۆمەلگا و دەرد و ئازارە کۆمەلایەتیەکان "شووشەی ناسکی تەنیایییان" درزی ببردایە، هەرگیز ئەم پلە و پایە خەیالییەیان بەدەست نەدینا.
شوینەواریکی کە دەیخولقینین چەندە لە ئیمان و باوەرمانەوە سەرچاوەی گرتیی بەو رادەیەش پر بایەخ و لەلای بەر دەنگ جیی ریز و سەرنجە. ئەو نموونانەی باسمان کردن هەرکامەیان غولی ئەندیشە و کردەوەی سەردەمی خۆیان بوون و بەرهەمەکانیان چۆراوەی هەستی عەدالەت خوازانەیان بوە. چون یەقینەن ئەگەر تەنیا مەبەستیان هەلویست گرتنیکی روالەتی بوایە، بەرهەمەکانیان ئەو کاردانەوە قوولەی لەسەر خوینەر دا نەدەنا.
ئایا ئەگەر ئیمە پیمان وابی دەبی بە بیانووی نویگەرایی و مۆدیرنیزم و پۆستمۆدیرنیزم و ...، خۆ لەباسی گشت موناسبات و نەخوشین و پەیوەندییە ناعادلانە کۆمەلایەتییەکان بدزینەوە و چاوپۆشیان لی بکەین، شانمان لەژیر باری ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە سەبارەت بە کۆمەلگاوە دەکەویتە سەر شانمان، دەر نەکیشاوە؟ ئایا ئیمەی نووسەر و شاعیر پیویستە ئەوە بسەلمینین کە لابردن و چارەسەری ئەو گرفتە کۆمەلایەتییانە، یان ئاماژە پیکردنیان کاری کەسانی سیاسییە و بۆ ئیمە بەزاندنی ئەو سنوورە، لادانە لە ئەرکە پالاوتە هونەریەکان؟ یان دەبی هونەرمەند وەك ویژدانی زیندووی پر هەست و حەساسی کۆمەلگا چاو لی بکەین و ئەرکیکی تریش جیا لە خۆلقاندنی شوینەواریکی هونەری، بخەینە ئەستۆی کە ئەویش تەعەهودیکی ئینسانیە سەبارەت بە خەلکی کۆمەلگاکەی؟

گەورەیی و ریزیکی کە "یاشار کەمال" "عەزیز نەسین" "شیرزاد حەسەن و .... بەلای خوینەرانەوە بە دەستیان هیناوە، جیا لەوەی سادقانە دەرد و ئازارەکانی خەلکیان دەربریوە و قامکیان ناوەتە سەر برینە تەشەن کردوەکانی ئەم کۆمەلگایانە، لە قالبیکی بەرزی هونەریدا، لە چیتردا دەکریَ بدۆزینەوە؟ بەداخەوە ئیستا بەشیکی بەرچاو لە شاعیران، نووسەران و هونەرمەندانی ئەم چاخە میژووییە گرینگ و پر کارەسات و ئالۆزە، کە بە بروای من لەهەر سەردەمیکیتر پیویستی بە هەلویستی وشیارانە و ژیرانەی نووسەران و هونەرمەندان و شاعیران هەیە، بە بیانوی هونەر لەپیناو هونەردا، جاری خۆ پاراستن لەباسی هەر چەشنە گرفتیکی سیاسی، کۆمەلایەتی و ... دەدەن. لە هەولی ئەوەدان بیر و زەینی بەرەی لاوی هۆگری هونەر و ئەدەبیات بە شیوەیەکی ئاشکرا بە لاریدا بەرن و ئەوان بە چەشنیك لە ئەدەبیات و هونەرەوە سەرقال بکەن کە جیا لە پوچ گەرایی هیچ شتیکیتری تیدا بەدی ناکری. ئەم کەسانە خۆیان لەهەر چەشنە تەعەهودیکی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی بیدەخل کردوە و خزاونەتە کونجی تەنیایی خۆیانەوە و چاویان لە حاند گشت دیاردە دزیو و رووداوە نامرۆڤانەکان نووقاندووە و هەست بە هیچ بەرپرسیارییەك ناکەن. زۆربەیان مرۆڤەکانی ئەم کۆمەلگایە، لە شوینەوارەکانیاندا، بە شیوەیەکی سەر سوورهینەر، بەشیت، نوقوستان، نەخۆشی دەروونی و گیان لەبەریکی نزمتر لە حەیوان دەشوبهینن و خوینەرەکانیان بەرەو چالی بیهیوایی و خۆکوژی پال پیوە دەنین. لە روانگەی ئەو بەناو هونەرمەندانەدا جیاوازییەك لەنیوان خەلکی هیرۆشیما و ناکازاکی و بکوژەکانیاندا نیە، سەدام و خەلکی هەلەبجە وەك یەك بە نەخۆش و ناسالم دەبینن، باس لە نابەرابەری و چەوساندنەوەی چینایەتی بیمانەیە. ئەوەی ئەسالەتی هەیە بەلای ئەوانەوە خولقاندنی شوینەواریکی هونەری چەواشەکارە کە پیویستە سەت جاری بخوینیتەوە و تیی نەگەی!! دیسان بەداخەوە ئەمە پەتایەکە کە بەرۆکی بە هونەر و ئەدەبیاتی ئیمە گرتوە، پیویستە بە چاویکی

کراوەوە بەر پەرچی بدەینەوە و هەولبدەین نەکەوینە بەر تەوژمی شەپۆلی ئەم بۆچوون و دیاردەیە.

ئەدیب و هونەرمەندیکی واقیع گەرا بەردەوام لە هەولیکی بەردەوام و مەبەستدار دایە بۆ خولقاندنی شوێنەواریکی پر بایەخی پیشرەو و بە لوتکەی بە کەمال گەیاندنی هونەری. ئەدیب و هونەرمەندی خاوەن هەلویست و بە دەروەست لەبیری بەدیهینانی فەرهەنگیك دایە کە خاوەنی ناوەرۆکیکی دیاریکراو و بەرزی ئینسانی بیت. نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی خاوەن هەلویست بە دریژایی میژوو گلۆپی بیریان داگیرساندوە بۆ رۆشنکردنەوەی ریگای بە کەمال گەیشتنی کۆمەلگاکەیان.

سەرچاوەکان:


١- برسمند نادر وزین پور

٢- بازتاب کار و طبیعت در هنر محمد تقی فرامرزی

٣- شیعر سهراب سپهری


## خوێنەری هێژا

**گۆڤاری پێشەنگ بۆ بەرەوە پێش بردنی ئەرکەکانی خۆی پێویستی بە یارمەتی ماڵی ئێوە هەیە. بە هەر رادەیەک و بە هەر شێوەیەک کە بۆتان دەکرێ یارمەتی ماڵی بدەن.**

# یەك ڕێژیم... دوو هەڵوێست!

ن: سەباح ئیسماعیل

ئـەدەب گەلـیك جار پیشرەوی تەكاندان و هاندەر بووە بۆ ژیانیكی بالاتـر و بـە سـۆراغی مـرۆڤانی گەشـە كردوتـرەوە چـووە و كـاری تـیكردوون و ئـاهی فیـنكی پشـووی بیر و دەروونیان بووە. گەلیك جـاریش مـاندوویی و سستـی و هـەنگاونان بـۆ دواوە و دەمامـكی بیٚشـەرمی داپۆشـینی رۆلـە نابـەجیٚ و ناقۆلاكـان بـووە و ویسـتوویەتی بـە تـیری بـیری كـۆن بـەگژ چـەكی بـیری تـازە و پیشـكەوتنخوازدا بچـیت. ئـەوەتا نووسـەری نـاوداری ئینگلـیز"ئەلیوت" بە ئاشكرا خۆشی خۆی بە سەركەوتنی فاشیزم لە ئیتالیادا دەربریبوو و لە وتاریكیدا وتبووی:

"زۆر پیٚخۆشـحال دەبـووم ئەگـەر بزووتـنەوەیەكی هـەمان جـۆر لە بەریتانـیادا رووی بدایـا". ئەمـە لـە نووسـەریكی وەك ئەلـیوتی ئەوپـەری راسترِەو و تاسـەر ئیٚسـقان كۆنەپەرسـت ناگیریٚت، چونكە هەلویسـتی رامـیاری و رۆشـنبیری و بـیری كۆمـەلایەتی ئەو شاراوە نـەبوو، ئەو بەم شیوەیە خۆی بە خەلكی دەناساند: "من كلاسیكیم لـە ئـەدەبدا، مـەلەكـیم لـە سیاسـەتدا، ئەنگلۆ كاسۆلیكم لە ئایین دا". لەگـەل ئەمانەشـدا ئـەدەب هەمیشـە بەرەوپـیش چـووە و لـە خەونـەكانی ئینسـانەكان نـزیك تـر بووەتـەوە و تـیكەل بـە ئـیش و ئازارەكانیان بووە و تروسكەی گەشی ئومیدی رەش بینیان بووە.

جـاك لـەندەن و گـۆركـی و بریخت و ئۆرویـلٚ و بـیٚهرەنگی و سابت رەحمـان و شـاملو و گەلـیكی دی نموونـەی دیـار و بەرچـاوی ئـەم مـەیدانـەن. هەمـیشـە ئەدەبەكـەیان پـیدا گـرتن و سـوور بوون بووە لەسەر داكۆكی كردن لە مـەسـەلە گەورەكەی چەوساوەكان. یەكیكی وەكو ئەزنشتاین دەرهینەری فیلمی "زریٚ پۆشی پۆتۆمكین" كاتیٚ



كە "ئیڤانی ترسناك"ی دەرهینا، خرایە ژیر فشار و زەخت و زۆری رژیمەوە.

ئەلیكسـاندەر ڤـادیڤ لـە پـاش گەرمـەی سـەركەوتنی شۆرشـی ئۆكـتوبەر، رۆمـانی "شكسـت"ی نووسی، تیایدا رۆلی حزبی تیدا كـەم رەنـگ دیـار بـوو، ئـەویش خـرایە ژیـر فشـاری بـۆرژوازی دەسەلاتدارەوە و ناچار لەپاش جەنگی نیشتمانیدا "گاردی جەوان- الحـدس الفـتی"ی نووسـی. ئەو رۆمـانەش دلی نارازی ئەوانی ئاشت نەكـردەوە و هـەر بـە نووسـەریكی رەزا قـورس و دژ بـە شۆرشـیان دەژمـارد، ئیدی هیچ بواریكی نەما تەنیا خۆكوشتن نەبیت.

جـیگەی سـەر سـوورمان نـەبوو كاتـیك، كـە سـتالین مـرد لەنـیو كاغـەزەكانـیدا لیسـتیك دۆزرایـەوە، كـە تایـبەت بوو بەوانەی جیی دلٚگـرانی رژیـم بـوون، بەدەسـتی خۆی لە سەری نووسیبوو (دەست لـیدانی قەدەغـەیـە)، نـاوی (چـیۆكاكۆڤیچ)ی مۆسـیقاژەن و (ئیزنشـتاین)ی دەرهیـنەر و (باسـترناك) و (ئـیٚهرە نبـیٚرگ) و گەلیكی دی تیدا دەبینرا.

سـتالین لـە چـلەكاندا لەگەرمـەی رەگ داكوتـان و بەهـیز كـردنی بـناغەی كۆنكریتی دەسەلاتی بوو، كرابوو بە خوای دەسكردی سەر زەوی، گەیشـتبووە رادەیـەك ئاگـای لـە ورد و درشتی رووداوەكانی نـاوخۆی ئەوسـای شـوورەوی هـەبوو. لە ئەدەبیشدا بە هەمان شیوە تارمـایی سانسـۆری رەشـی رژیـم هەمیشـە سـیبەری بەسـەر

نووسـەرانەوە دەبیـنرا. بۆیـە ناچـار دەکـران لـە بەرهەمـەکانـیاندا ستایش و پیدا هەلگوتن کرۆکی نووسینەکانیان بیت.
سـابت رەحمـانی ئـازەری یەکـیکە لەو نووسەرانەی هیچ کات پلە و پایـە و ترسـان لـە رژیمی ئەوسای ستالین چۆکی لەراستی لانەدانی پیّدانـەدا و جگـە لـە نـاو هینانی ئەو وەکو هەر ئەندامیکی حزبی ئەوکاتـە و بـیّ پـیداهەلگوتن و بـەرز کـرنەوەی، زۆر بە جورئەت و بـەبیّ تـرس و هیّمـنانە نووسینەکانی بەرەوپیشـەوە دەبـرد و دژ بە شەپۆلی ئەو رەوتە مـەلەی دەکرد.
بۆیـە هـەتا سـتالین لـە ژیـاندا بـوو ئـەو نووسەرە مـەزنە پیشتگویّ خـراوە نـرخی نەزانـرا و گـرنگی پیّنـەدرا. ئەمــە لــە کاتــیکدا بیرەوەریـەکانی ئەم مـارشال و ئەو جەنەرال لەسەر جەنگی نیشتمانی بـازاری چـاپەمەنی پـر کـردبوو و نووسـەرانی وەکـو (شۆلۆخۆڤ) و (پۆریــس بۆلــیڤۆی) و (پۆریـــس ڤاســـیلیڤ) و (قوســـتەنتین سـیمینۆڤ) و زۆری دی ئەدەبەکـەیان تـەرخان بـوو بـۆ سـتایش و پـیاهەلدان بـە جـەنگی نیشتمانیدا و نووسەریکی وەکو (میخائیل شـۆلۆخۆڤ)، کـە یەکـیك لـە هـەرە پیشـرەوانی پـیدا هەلگوتنە بە قونـاغی سـتالین و جـەنگی نیشـتمانی و سـەرتاپای ئەدەبەکـەی تـەرخان بـوو بـۆ ئـەو قوناغە مـەییوە. هەر لەبەر ئەمە بوو لەلایەن دەولەتەوە برەوی پیّدرا و گەیەندرایە کەشکەلانی فەلەك. خۆ ئەگەر لیکۆلیـنەوەیەکی جددی و وردی ئـەدەبی ئەم نووسەرە بەرز بە بالاّ بریوە بکەین، چ لەلایەن شیواز و چ لەلایەن ناوەرۆکیشەوە، دەبینین زۆر لـەوە نـزمترە کـە پیی گەیشتووە، یا خود ئەگەر بالای ئەدەبی ئـەو لەگـەل هی نووسەریکی وەکو سابت رەحماندا بەراوەرد بکەین، ئەوا قەزەم و کلۆلّ و مـایە پووچ دیتە بەرچاو. بۆیە دەبینین تەنانەت نـەك هـەر مـیژووی ئینسـانەکان بـەلکو مـیژووی ئەدەبـیش، کـە بەشیکی دانەبـراوە لـە مـیژووی ئەوان بە هەمان شیوە دەستکاری کراوە و بەپیی ئارەزو و خەیالی دەسەلاتدارانی نووسراوەتەوە.
شـاعیری چـیلی (پـابلۆ نیرۆدا)، کە بە گەورە شۆرشگیر و هەمیشە دلسـۆزی ئینسـانەکان ناسـراوە و هەلبەسـتی ئـەو بـیّ پەسـاپۆرت سـنووری ولاتـانی بـریوە. ئـەویش لـە جیی خۆیەوە هیچ دریغی لە پـیداهەلگوتن بە (ستالین)دا نەکردووە. لە کاتیکدا ئەو لە دەریای خویـندا سـەولی کەشـتی دەسـەلاتی لـی دەدا و لـە داوەتی خوانی لـەناو بردنی دلسۆزان و رۆشنبیران بووە و هاوکاری چینایەتی ساز دەکـرد و گاسـنی دەسـەلاتی رەش و خویـناوی لـە کیلگەی تاوانی پاکســازی حــزبەکەیدا دەگــیّرا و گــەلی ئینســانی هۆشــیار و شـەرافەتمەند مـووی سـەر و ریشـیان لـە زیـندانە تاریکـەکانی سیبیریادا چـەرموو دەکـرد و ئاوات و ئارەزووەکانیان لەژیر خاکدا دەمردن. نیرۆدا بە شانازییەکی لە رادەبەدەر گەورەوە شیعری بۆ ئەم (پیاوە لاتە) دەهۆنییەوە:

ستالین،
ستالین پشت و پەنایە
نموونە و کەمالی مرۆڤ و میللەتانە،
هەمووی فیر کرد گەورە بن، گەورە بن.

ئەگـەر بەمــەندە وازی بهینایا رەنگە باجی تاوانەکەی کەمتر ببوایا، بـەلام چونکە دۆگاتیزم میشکی وشکی بروای بەستبوو، کاتیك کە شـوورەوی هیرشی بردە سەر چیکۆسلۆڤاکیا، ئەم شاعیرە سەلەفییە نەیدەتوانی ئەو هیرشە زالمانەیە تاوانبار بکات و دەست نیشانی ئەو سیاسـەتە بکـات، کە بەسەر هیرشەکەدا زالە، تەنیا ئەوەندەی گوت کە:
"چیکۆسـلۆڤاکیا پـووری مـنە، شـوورەویش مـامەمـە، کـاریکی نارەوایە برازایەك رەخنە لە خیزانی خۆی بگریت".
کەچـی هـەر لـەو کاتـەدا بـوو بریختی ئاوارەی ولاتان، خەلکانی لە وەحشیەتی شەر ئاگادار دەکردەوە:

گەورەکان لە ژووریّکا کۆبوونەوە
تۆ ئەی پیاوی سەرجادەکە
مـال ئاوایی لە هەموو هیواکان بکە
***
شەر بەریوەیە

**ئەمە یەکەم شەر نیە**

**زۆر شەری بەر لەم رووی داوە**

**کاتێ دوایین شەر تەواو بوو**

**سەرکەوتوو و بەزیو هەبوو**

**لای بەزیوەکان تەواوی خەلك برسی بوو.**

**لە لای سەرکەوتووەکانیش هەر تەواوی خەلك برسی بوو.**

**لەبری ئەوەی زیاتر نیرۆدا تاوانبار بکەین و بیخەینە بەر دادگای ویژدان و لیپرسینەوەوە، ئەم هەلبەستەی (فەرەیدونی موشیری)ی شاعیری ئیرانی بە باشترین وەلام دەزانم:**

**دەنگی گوللە بەرزە و هاوار و نالە نال بەردەوام و**

**بریقەی چەك هەتاوی خەجالەت کردووە!**

**چۆن ئەم هەموو بیدادگەریە نابینی؟**

**چۆن ئەم هەموو هاوارە نابیسی؟**

**دەنگی نالەی خویناوی مندالی "عەدەنی" و**

**هاواری لەرزۆکی دایکی "ڤێتنامی"یە**

**کە لە ماتەمی ئازیزانیاندا دەگرین!**

**چەند رۆژیکی کەش نۆرەی من و تۆیە**

**کە یا ببینە شینگیری مندالەکانمان**

**یا رۆلەی خەلك بکوژین و!**

**یا بەرەو کەژ،**

**بەرەو جەنگەك،**

**بەرەو ئەشکەوت،**

**هەلبێین!**

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- د.عبدالله دەباغ. بەیان ژ (١٤٧)ی ١٩٨٨.

٢- مزکرات بابلو نیرودا. ت/ محمود صبح- بیروت- ت- ١٩٧٨ ص ٤٦٠

٣- پاش چەند سالیك کە ستالین لە کونگرەی بیستی حزبدا بەر هیرشی رەخنەی خرۆشۆڤ کەوت، ئەم یەکسەر پاشگەز بووەوە و بە هەلبەستیکی دی ئەوەی پیشووی رەت کردەوە و بە (ئەم پیاوە لاتە)ی ناوی دەبات.

٤- گۆڤاری ئاییندە. ژمارە و سال(؟).

٥- قصائد من برتولت بريخت. ت: د. عبدالغفار مكاوي. القاهرە. ١٩٦٧ ص ١٠٠- ١٠١

٦- و: ئازاد وەلەدبەگی. رامان. ژ (٥٤)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠ ل ١٤٢- ١٤٣

# مێژوویەکی دەستکرد و سەنگەرێکی دژ بە ئەدەبیاتی پێشرەو
# "وڵامێك بە کاك حوسین بەفرین"

**رەخنەی مارکسیستی، ئەدەبیات لەسەر ئەساسی بارودۆخی مێژوویی ئەو لێك دەداتەوە، لەم رووەوە بۆ ناسینی خودی ئەم رەخنەیە، ناسینی بواری مێژوویی ئەو پێویستە. (تری اینگلتون)**

ن: یونس.م

## پێشەکی:

دوابەدوای دەرچوونی یەکەمین ژمارەی دەوری دووهەمی گۆڤاری پیشەنگ، بەریز حوسین بەفرین شاعیر و نووسەر نامەیەکی بۆ پیشەنگ نارد لەژیر ناوی "نامەیەکی کراوە دەربارەی پیشەنگ". دەقی ئەو نامەیە کە لە ژمارەی دووی پیشەنگ دا چاپ و بلاو کراوەتەوە و هەموو کەس دەتوانی بیخوینیتەوە، بێ‌گومان نە تەنیا راو و بۆچوونی کاك حوسین بەفرین وەك تاکەکەس نیە، بەلکو مەیلیکی کۆمەلایەتیـیە کە ئاوا بەرداشت و لیکدانەوە و تیگەیشتنیکیان هەیە سەبارەت بە رەوتی هونەر و ئەدەبیاتی شۆرشگیرانە، جابۆیە پیویست بە ولامدانەوەیە. نامەکەی حوسین بەفرین گەلیك هەلەی فکیر و خراپ لیٚ تیگەیشتنی تییدایە، کە بێ‌شك ئەو هەلانە بە ریکەوت و ریزمانی نیە، بەلکو بۆچوون و هەلەیەکی گەورەی فکری و زانستیانەیە کە لایەنگری زۆری لەناو کۆمەلگادا هەیە و کەسانیکی وەك کاك حوسینیش شیلگیرانە نوینەرایەتی ئەکەن و هەولی جیددی و چروپر بۆ لق و پۆپ هاویشتنی زیاتری دەدەن.

بۆ دژایەتیکی ئیدئولوژیکیانە لەگەل ئەم جۆرە بیروبۆچون و هەلە فکریانە، من لە نامەکەی کاك حوسین چەند خالیکم دەست نیشان کردوە و لە ریگای ئەوم بابەتەوە بەپیی تونا ولامیکیان پیی دەدەمەوە ولە روانگەیەکی بە پیچەوانەی ئەم مەیلە کۆمەلایەتی‌یەوە نوکی رەخنە دەگرمە ئەو هەلانەی کە کاك حوسینیش باوەری پییانە و وەك خالی دەست پیکی رەخنەکانی لە پیشەنگ چاویان لی دەکات.

### مێژووی راستەقینەی پیشەنگ

حوسین بەفرین لە بەشیك لە نامەکەیدا بە زمانی بێ‌زمانی ئاماژەیەك دەکات بە رەوتی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان، کە بێ‌گومان کاك حوسین بە هەلە بۆ ئەو رەوتە چووە و تەنانەت ئاگاداری مێژووکەشی نیە، هەر بۆیە دەنوسی:

*کاتی خۆی لە دۆلێکی گەورەی نیوان مالوومە و چۆخماخ دا کە پیی دەوترا "قولی گۆمی لەنیوان بریك نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی هەردوو بەشی کوردستانی ئەمدیو و ئەودیودا قسە*

*وباسیك لەپیناوی هینانە کایەی ئەدەبیکی کوردی تازە و شۆرشگیر خۆی سەپاند و ئەیەویست دەرگایەك بۆ خۆی بکاتەوە.*

سەبارەت بە چونیەتی سەر هەلدانی ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان کە دواتر کانونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستانی لی کەوتەوە و پیشەنگیش بو بە گۆڤاری ئەم کانونە، ئەم لیکدانەوەیەی کاك حوسین ریك ئەو هەلە میژوویەیەکە تووشی هاتوە. میژووی هاتنە ئارای ئەدەبی کریکاری لە کوردستان و خۆسەپاندنی ئەدەبیکی کوردی تازە و شۆرشگیر ناگەریتەوە بۆ لەدەوری یەك کۆبوونەوەی ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەندی کوردستانی ئیران و عیراق کە بەهۆی زال بوونی دەسەلاتی دیکتاتوریانە لە هەر دوك ولات لە دۆلی "قولی گۆمی". بێگومان میژووی ئەدەبیاتی پێشرەو لە کوردستانی ئیران میژوو خەبات و ئەزمونی چینیکی واقعیی کۆمەلگای لە پشتە کە لەدریژەی رەوتی بەرەوپیش چوونی خۆیدا ئەم چەکە مەعنەوی‌یەی چینەکەشی واتە چینی کریکاری لی کەوتۆتەوە. جا لیرەدا بۆ راست کردنەوەی ئەم هەلە فکری و میژوویی‌یەی بەریز حوسین بەفرین من بە کورتی ئاماژەیەك دەدەم بە رەوتی واقعیی ئەدەبی پیشرەو و شۆرشگیرانە لە کوردستان و چونیەتی لەدایك بوونی گۆڤاری پیشەنگ.

لە دەیەی ٤٠ی هەتاوی‌دا لەئیران لەپال ئەوەی کە چینی کریکاری کوردستان بە مانای واقعی شکل و پیکهاتەی خۆی بەدەست دینی و میژوی ئەو چینە لەوێوە دەست پیی دەکات. لەنیو کۆر و کۆمەلی کەسانی شورشگیری ئەو سەردەمە کە بە لانی زۆرەوە کەسانیکی خۆیندەوار بوون لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان وەك تاران و ئیسفەهان و تەوریز دەرسیان دەخویند، بزووتنەوەیەکی هونەری نوێ کە بە ئاشکرا خالی جیاوازی زۆری لەگەل ئەدەبیاتی تا ئەوکاتی هەبوو کەوتە جولە و سەری بەرز کردەوە. ئەو بزووتنەوە هونەری‌یە هەر لە سەرەتای سەرهەلدان و گەرابەستنی‌یەوە، خۆی مەتەعەلیق بە چینی بەش مەینەت و زەحمەتکیش و کریکار و چەوساوە دەزانی و ئەو ئەرکەی بۆ خۆی دەست نیشان کردبوو کە دەربری هیوا و ئاوات و داواکاری‌یەکانی چینی بەش خوراو و چەوساوە بیت. لەسەرەتادا گرسینەرانی ئەم بزووتنەوەیە بە شیعر و چیروك دەستیان پیی‌کرد. بەهۆی فەزای پرلە خەفەقان و سانسوری رژیمی پاشایەتی ئیمکان و مەجالی بلاوبوونەوەی بە ئاشکرا بۆ ئەو بەرهەمانە نەرەخسا. هەر بۆیە بە شیوەی دەست نووس یان لەسەر کاسیت ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد و دەگەیشتنە دەست هۆگرانی ئەم رەوتە. دیارە ئەمە سەرەتای ئەم رەوتەیە کە ئیستا ئیمە پیی دەلین هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەوی کوردستان کە کاك حوسین بەفرین و زۆر کەسی‌تر حاشای لی دەکەن و بە مەیلی خۆیان شەرح و تەفسیری دەکەن. ئەو بەرهەمانەی کە خولقاوی ئەو سەردەمە دیاری کراوەن هەروەك وتمان باس کردن لەژیان و خەباتی چینی کریکاری کوردستان تییان دا رەنگی داوەتەوە. بەلام بێگومان بەو پاراویەی کە دواتر و ئیستاش هەیەتی نەبوو کەم و کۆری فکری تایبەت بە خۆی هەبووە. بەلام بەوانەشەوە ئەدەبیکی نوی و جیاواز لە ئەدەبیاتی باوی ئەو سەردەمە بوون. ژمارەیەك لەو بەرهەمانە ئەگەر بە تەعبیری ئیستاشمان لە ئەدەبیاتی پیشرەو بیاندەینە بەرباس بێگومان خال و لایەنی بەهیزیان زۆرترە لە خالی لاواز یان کریکاری نەبوون. دوای یەکەمین گەرا خستنەکانی کۆمەلە و پیکهینانی ئەم ریکخراوەیە ئەم ئەدەبە هۆگری بوو بۆ بەشیك لەم رەوتە. ئەو ئەدەبە و ئەو رەوتە بونە یەك و ئەو ئەدەبیاتە بوو بە ئەدەبیاتی ئەوسای کۆمەلە. کاك حەمە حوسینی کەریمی کە یەکیك لە رابەران و بونیات نەرانی کۆمەلە لە شیعری دارینەدا بەو ئەدەبیاتە قسە دەکات. بەرای من ئەمانە بە سەرەتاکانی میژووی واقعی ئەدەبی پیشرەوی کوردستان و لەدایك بوونی پیشەنگ دەزانم. بێگومانم کە حوسین بەفرین شیعری دارینەی گوێ لی بووە. جا هەر بۆیە لەو شیعرە چەند نمونەیەك دینینەوە بۆ ئەوەی کە ئەو بەریزە لەگەل هەلە میژوویەکەی خۆی ئاشنا بیت و لەدەوری یەك کۆبوونەوەی ژمارەیەك لە نووسەران و هونەرمەندان لە "قولی گومێ" بە سەرەتای لەدایك بوونی ئەم رەوتە و پیشەنگ نەزانی هەر رەوتیك و دیاردەیەکی واقعی کۆمەلایەتی زەمینە و پیشینەی میژوویی خۆی هەیە کە لیکولەری شارەزا و ئاگا دەبی سەرەنجی بداتی.

لە بەشیك لە شیعری دارینەدا هاتووە:

*... بەر لە هەموو ئەوانە ئیمە چەکمان هەلگرتووە، چەکمان هەلگرتووە کە ئەو دەولەتە بروخینین و لەسەر کەلاوەی دەولەتیکی دی ساز کەین کە هەژار سەردار بێ، کریکار و جوتیار حوکمیان بەدەست بی کوردەواریش تییدا بەش خوراو نەبێ. ئیمە زەوی و زار مال و دەولەت لە چنگی دەولەمەند و ئاغا دەردینین و دەیدەینەوە بە ساحیبی خۆی، بە خەلکی زەحمەتکیش و کریکار و جوتیار...*

دیارە دەبی لە بیرمان نەچی کە هەم کۆمەلە وەك رابەری بەرەی کریکار و بەش خوراوی کوردستان و هەم ئەو بزووتنەوە هونەری‌یە نوی‌یە لەژیر کاریگەری حاشا هەلنەگری شورشی چەکداری لە کوبا و چین بووە و کەم و کۆری تایبەت بە خۆیان هەبوو بەلام هیچ کەس ناتوانی نکولی لەوە بکات کە رویان لە ئاسویەکی روون بۆ کۆمەلی مرۆڤایەتی نەبووە. هیچ کەس ناتوانی ئەو ئیدعایە بکات کە ئەو بزووتنەوە هونەری‌یە لە چوارچیوەی تەسکی ناسیونالیستی‌دا پەنگی خواردبوو ئاسوکەی ئاسویەکی کورت خایەن بوو کە هەرکە کەسیکی تییدا چووە ئاسوکەی لیل و تەم گرتو بووە. ئاسوی ئەم بزووتنەوەیە بە پیچەوانەی کاك حوسین کە پیی وایە ئیستاش هەر دەبی گەل و نیشتمان بێ، نەبووە و بەلکو ئاسویەکی رونتر و جیهانی هەبووە. ئەوەیە کە ئیستاکەش گۆڤاری پیشەنگ پیی پابەندە و هەول بۆ بەهیز کردنی دەدات. ئەوساش و ئیشتاکەش کریکار و دوان لە واقعی ژیانی ئەو چینە هەوینی ئەو ئەدەبە بووە و هەیە.

لە بەشیکی‌تر لە شیعری دارینەدا هاتووە:

*دەبی مەکینەیەك دروست بکەین کە لە هەموو شاریك و لە هەموو دێیەکی بنکە و پەلی هەبی. ئەگەر مالی ئاغا پەلی دەولەتە، کریکار و هەژاری شاریش پەنای ئیمە بن، ئەگەر دەولەت و دەولەمەند و ئاغا دەستیان لەدەستی یەك ناوە و پشتیان بە یەك بەستووە، کریکار و جوتیار و ئیمەش دەبی دەست لەدەستی یەك نین و بە تەواوی پشت بە یەك ببەستین...*

لە بەشیکی‌تری‌دا هاتووە:

*ئەگەر هەموو پیکەوە پێ لە عەرز دەدەین گەورەترین بومەلەرزە دەخەینە ولاتەوە، کە قەلای دوژمن دەروخینی، کی ئەو هەموو حاسلە پەیدا دەکا، کی چەرخی هەموو دونیا هەل دەسورینی، کریکار و فەلا و هەموو خەلکی رەنجبەر...*

هەر لە شیعری دارینەدا هاتووە:

*ئیمە خەلکی خەباتکەر کە ئیمان و بروامان هەیە بە هیزی خەلك و چەکمان هەلگرتووە، هەتا هەتایە بروامان وایە کە هیزی خەلك بەحریکی بەر بەرینە، بنەی نایە، هیچ هیزێ باشاری ناکا...*

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لە شیعری دارینە لە نووسینی کاك حەمە حوسینی کەریمی. ماهیەت و پیناسەی ئەو بزووتنەوە هونەری‌یە نوێیەی کە لە دەیەی ٤٠ هەتاوی‌دا لە کوردستان لە ئارادا بووە لەو چەند فاکتە میژوویی‌یەدا کە هیناومەتەوە دەردەکەوی. دیارە ئەو بزووتنەوەیە نە تەنیا کپ نەبووە و بە لاریێدا نەرویشتووە بەلکو لە دریژەی رەوتی بەرەوپیش چوونی خۆیدا خاراوتر و زمانی دوانیشی لەئاست دەرد و ئازارەکانی خەلکی چەوساوە و هەژار پاراوتر بووە و بە وردبینیەکی باشترەوە بۆ ریشەی پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەداری چووە. ئەم رەوتە لە کوردستان هاوکات بووە لەگەل رەوتیکی سەراسەری‌تر لەئاستی ئیران دا. دیارە میژوی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری و پیشرەو لەئیران دور و دریژترە و قوناغی جۆراوجۆرتری ناوەتە پشت سەر، هەر لەو کاتەوە کە کریکارانی کوچبەری ئیرانی لە باکۆ لەگەل کۆمۆنیزم و بولشویکە شۆرشگیرەکان ئاشنا بوون وە تا ئیستاکەش رەوتی هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو هەروا بەردەوام بووە. کریکارانی کۆچبەر لەپال ئەوەی کە ئەزمونی بەنرخی خەباتی چینایەتی لە بولشویکەکان فیر دەبوون، لەگەل ئەدەبیاتی ئەو چینەش وەك چەکی مەعنەوی خۆیان ئاشنا دەبوون. دیارە لەگەل گەرابەستنی خەباتی کریکاران بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لە ئیران بە حوکمی زال بوونی سیستمی سانسور و خەفەقان و ئیعدام بەسەر کۆمەلگای ئیران دا دوان و خولقاندنی بەرهەمیکی پیشرەو و کریکاری باسی سەر بووە و پاداشتەکەیشی مەرگ بووە. هەر کاتیك بە حاستەم سۆزی هونەریکی پیشکەوتنخوازانە و کریکاری و دژ بە نیزامی لەسەر کار هەلی کردبی دەسەلاتداران و حاکمان چیخیان لە دەوری داوە و شەو خنکینیان کردووە. شەوەی سانسور و تەمەی ژەهراوی چوکی نگریسی لەسەر سینگی هونەرمەندانی

شورشگێردا گرتووه و پشوی لی بریون. هەمیشه و دایم حاکمانی ئیران هەولیان داوه بە پشتیوانی مادی و مەعنەوی و بە کەلك وەرگرتن لە ئامرازی مەزهەب و ناسیونالیزم فەرهەنگ و هونەریك رایج بکەن کە بەگشتی لە خزمەت مانەوه و دریژەدان به ژیانی نیزامەکەیان دا بی. چ لە کوردستان و چ لە ئیرانیش فەرهەنگ و ئەدەبیاتیان لە چوارچیوەی پیدا هەلکوتن بە عیشقیکی مەسنوعی و ماخولیاییدا بووه یان بەپیی بیری بەرتەسکی نەتەوەخوازی شاخ و کیوەکانی و ئاو و کەسانیکیان لە خەلك زل کردۆتەوه و قەسیدە و شانامەی چەند سەد و بگرە هەزاران لاپەرەیان لە وەسفیان دا نووسیوه، بەشیکی بەرچاویش لە هونەر و ئەدەبیات لە خزمەتی مەدح و سەنای ئیمامان و شیخ و مەلاکان دا بووه. دەولەت و سیستەمی زال بەسەر ئیران و کوردستان دا هەولی داوه ئەو ئەدەبیات و هونەرنەماییە رایج و پەرە پێ بدات کە ئینسانەکان لەجیاتی بیر لە ریشەی ئەو زوڵم و زۆریە بکەنەوه کە لییان دەکری و ریگا چارەیەکی ئینسانی و یکگرتوی بۆ بدۆزنەوه، دەست بەرەو ئاسمان هەلبرن و شوکرانە بژیر بن، چونکە ئەوه باری حەق تەعالایە و لەسەر تەختی نیو چاوانیان نوسراوه. ئەمە چەك کردنی چینی کریکارە لەباری مەعنەویشەوه.

هەروەك وتم لەو کاتەوه کە یەکەمین گەرای بزوتنی چینی کریکار لە ئیران وەك چینی سەرەکی لە کۆمەلگادا و وەك چینیك کە بەرهەم هینەری هەموو سەروەت و سامانەکانی کۆمەلگایە، وەك چینیکی جیهانی کە بۆ بە گۆر سپاردنی نیزامی سەرمایەداری رەوتی بەرەوپیش چوونی خەباتەکەی دەپیوی پیکهات، هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری لەئیران سەرەتای لەدایك بوونی خۆی جەژن گرت. دیارە باس کردن لەسەرجەم ئەو بەرهەمە کریکاریانەی کە لەو کاتەوه تا ئیستا خولقاون و ناوی نوسەرانیان لە حەوسەلەی ئەم بابەتە بەدەرە، بەلام بێگومان میژووی چینی کریکاری ئیران پرە لەناوی ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە لە بەرهەمەکانیان دا، ئاوات و ئارمانەکانی ئەو چینە رەنگ دەداتەوه. رەوتی هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو لە ئیرانیش هەروەك کوردستان تا سالی ١٣٥٧ ی هەتاوی شۆرشی کۆمەلانی خەلك هەروا دریژەی بە رەوتی بەرەوپیش هاتنی خۆی داوه.

کاتیك کە دەریای بەرینی خروشانی جەماوەری لە مانگی ریبەندانی سالی ١٣٥٧ی هەتاویدا دام و دەزگای رژیمی گەندەلی پاشایەتی رامالی و لەسەر جوغرافیای ئیران پاکی کردەوه، بزووتنەوەی هونەری شورشگیرانە و کریکاری هاوری لەگەل خەبات و تیکوشانی کریکاران و جەماوەری ئازارچیشتو بالای هەلبری و بۆ بە بەشیك لە بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی ئەو سەردەمی کۆمەلگای ئیران. زۆرن ئەو بەرهەمە هونەریە شورشگیرانەیە لە شیعر و چیروکەوه بگرە تا شانۆ و سرود و فیلم کە لە جەرگەی ئەم خەباتەدا لەدایك بوون و گەلیکیش کۆر و کۆمەل و مەحافلی ئەدەبی کریکاری و شورشگیرانە پیك هاتن. بە تیپەر بوونی هەرچی زیاتری زەمان ئەم بزوتنەوه هونەرییە ئیتر خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی واقعی کە خاوەن پیشینەو پال پشتی مادی و مەعنەوییە کیشایە ناو ئەم عەرسەیە و بە کۆمەلیك بەرهەمی شۆرشگیرانە خۆی پیناسە دەکرد. واقعی بوونی ئەم بزوتنەوەیە و بەهۆی ئەوەی کە پیگەی مادی بەهیزی هەبوو هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ولامی بە خواستیکی واقعی جەماوەری کریکار دەدایە توانی زۆر زوو بەرەوی زیاتر بە هەلسوورانی خۆی بدا و پەرەیەکی بەرچاو بستینی. بەرهەمەکانی ئەو دەورەیە تا ئیستا ویردی سەرزاری زۆریك لە خەلکی کوردستانە و دەیانلینەوه.

لیرەدا بۆ ئاگاداری حوسین بەفرین یەکیك لەو شیعرانە دینمەوه کە ئەوکات وتراوه و سەلاکەی بە گویی کریکاران دا دراوه:

## بریاری یەکی ئەیار

پونگی خوارد مونجی دەریای کریکار
دژی سەرمایە ئەوەلی ئەیار
سوور بوو بە خوینمان شەقامی شاران
شەقی برد قەلای سەرمایەداران
زنجیری کۆنی هەزاران سالە
دەپچری و جادو حوکمی بەتالە
کریکارم
هاتوومە مەیدان

ئەلیم هەرکارە ئینسانی خولقان
سەد سالە ئەلیم
ئەمە بریارە
بریاری رۆژی یەکی ئەیارە
کریکارانی جیهان یەکگرن
چەرخی چارەنووس لەدەس خۆ گرن
بەرهەم هینەری بژیوی ئینسان
پرولتاریام چینی شۆرش- وان
سەدسالە سەرجار کەوتم و هەستام
دیسان قایم تر هەستام و وەستام
شۆرشی مەزنی ئوکتوبری خوینین
شورشی من بوو ریبازی لینین
تەنوورەی ئاخرە هەستاوە، هەستین
چی دوژمنانی کۆنەپەرستین
پشتم بەر مەدەن دەس دەنە دەستم
بەرەو سوسیالیزم لوزەو ئەبەستم
سنوور نامگرێ لەسەر ئەم ئەرزە
سەرمایەداری دینمە لەرزە
خەباتی شیلگیر کارخانە ومەزرا
لەژیر رابەری پیشەنگی خۆما
رێ دەخەم چەرخی دەولەت دەشکینم
دەولەتی تازەی کریکار دینم
هەموو سالیکیش ئەوەلی ئەیار
هەلی دەبژیرم گشت دەسکەوتی پار
سال بە سال زەینم روشنتر ئەکەم
لە بۆ رابەری خۆم حازر ئەکەم
ئەمپریالیست و فورسەت پەرستان
کە پییان وایە میژوویان وەستان
بلەرزن گەشە و رووناکە ئاسۆ
یەك دەگرین لەدەوری ئالای سووری خۆ
بە لافاوی سوور هەروەك بەهاران
جیهان دەکەینە جیژنی هەژاران

(ریبوار)

ئـەم دەورەیـەش لـەو بزووتنەوە هونەریە نوێیەی کە لە دەیەی ٤٠ی هـەتاویدا سـەری هـەلدا و دریـژەی گەیشـتە شورشـی سالی ٥٧ی هەتاوی لە ئیران من بەو شیعرە پیناسەی دەکەم.

بـا لـیرەدا جەخـت لەسـەر ئـەو راستی‌یەش بکەین کە ئەو بزووتنەوە هونەریـە کـریکاری‌یەی لەنـیو دلـی ئـەو جـەماوەرە کـریکار و زەحمەتکیشـەدا رەوتـی بەرەوپـیش چـوونی خۆی دەپیوا کە کۆمـەلە وەك جەریانـیکی خـاوەن پـیگەی بەهـیزی کۆمـەلایەتی ریبەرایەتی دەکـرد. دیـارە ئـەو کاتیش ئەو بزووتنەوەیە بۆ برەودانی گەرایش و ئامـانجی شورشـگیرانە و کۆمۆنیسـتی لـەناو دلـی جـەماوەردا، بزووتـنەوەیەکی هەسـت پیکراو گەلیك کاریگەریشی لەسەر فەزای ئـەدەبی ئـەوکات لـە کوردستان دانا. خۆ کاك حوسین وەك کەسیك کە ئیدعا دەکات لەمیژ سالە لەگەل دەنگە ناسراوەکانی ئەم رەوتە ناسـیاوی هەیـە و لەگەلـیان تـیکەلاو بووە، دەبی ئاگاداری ئەوەش بـێ کـە چـەندین شـاعیری شورشـگیر خۆیان لەو رەوتەدا دەبینی و گەلـیك بەرهەمی چاپکراویشیان هەیە کە لەو سەردەمەدا خولقاون و ئیسـتاش هـەر مـاون، بـەلام دوای هاتنی بەشیك لە نووسەران و هونەرمـەندان بـۆ دەرەوە و گیرسـانەوەیان لـە "قولـی گومـێ" ئەو کەسـانە لـە ئیران مانـەوە و ئیسـتاش هـەر لـە ئیرانـن، نمونە هەرە بەرچاوەکانیشـیان کـە بێ‌گومـان حوسـین بەفریـنیش دەیانناسـی شـاعیرانی شورشـگیر "زاگـروس"، "ئابـیدەرن" کـە زۆربـەی شیعرەکانیان کراونەتە سرود و هەر لە سەرزاری جەماوەری خەلکن.

با نمونەیەکی‌تر باس بکەین:

سرودی ئەنترناسیونال کە سرودی هاوپشتی جیهانی چینی کریکارە هـەر لـەو دەورەیـەدا لەلایـەن شاعیری شورشگیر موسلیحی شیخ و ئیسـلامی ناسـراو بـە ریـبوار وەرگیردراوەتـە سـەر زمـانی کـوردی سالی ١٣٥٩ لە میتینگیکدا لەشاری بۆکان لەلایەن هونەرمەندی گیانبەخـت کـردوو جـەمالی مفـتی بـۆ یەکـەمین جار بـە زمـانی کـوردی وتراوە. هونەرمەند جەمالی مفتی تا ئەو جیگایەی کە من ئاگـادار بم زیاتـر لـە بیسـت سـرودی شورشـگیرانەی وتـووە کـە ئیسـتاش لـە رادیوکـانی کۆمـەلـە بـلاو دەکریـنەوە، بەفـرین دەبی بـزانی کـە کـاك جەمالی مفتی رۆژی ١٢/٤/١٣٦٠ لە شەریکدا

لەشاری مهاباد گیانی بەخت کردوە و بەرهەمەکانیشی دەچنە خانەی هونەر و ئەدەبیاتی پێشرەوەوە، ڕەنگە جەمالی مفتی لە ژیانیشیدا ناوی "قولی گومێ"ی نەبیستبی و چەند ساڵ دوای گیانبەخت کردنی کاك جەمال ئەو نووسەر و هونەرمەندانە بەهۆی بارودۆخی کوردستان پەرەوازەی ئەوێ دەبن. با بۆ ڕاست کردنەوەی مێژووە دەستکردەکەی حوسێن بەفرین نمونەیەکی مێژوویی دیکە بینینەوە.

هەر لە سەرەتای ئازاد بوونی شارەکانی کوردستان لە پائیزی ١٣٥٨ی هەتاویدا لە سەرجەم شارەکانی کوردستان و بە تایبەتی لەشاری سنە هونەری شورشگێرانە پەردەی دیلی دری و خۆی دەرخست. لەشاری سنە چالاکییە هونەرییەکان تا داگیر کرانەوەی شار هەروا بەردەوام بووە.

هەر لە سەرەتای ئازادبوونی شاری سنەدا نەواریکی سرود بە دەنگی نەجمەی غولامی لەلایەن تیپی موسیقای هاناوە بلاو کرایەوە پیشانگایەکی وینە و پوستێر لە سالونی پاریزگای ئەو شارە کرایەوە کە بە هەزاران کەس سەردانیان کرد. فیلمی جۆراوجۆر لە سالونەکانی شاردا، سەبارەت بە خەباتی کریکاران لە شورشەکانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ی روسیە نیشان دەدران.

فیلمیك لە ریپیوانی خەلکی شاری سنە بەرەو مەریوان کە لەلایەن هاوری کەمالی رەحیمانەوە ساز کرابوو پیشانی جەماوەر درا.

لەو سەردەمەدا هونەری شانۆ گەشەی باشی کرد. بێجگە لەو شانویانەی کە هونەرمەندانی شاری سنە پیشانیان دەدان، تیپیکی شانۆگەری ئاماتوریش لە مەریوان شانۆگەریەکی سەبارەت بە راوەستانی دلیرانەی ٩ کەس کە لە هیرشی یەکەمی کۆماری ئیسلامیدا لە پادگانی مەریوان تیرباران کران هینایە سەرشانۆ.

لە دریژەی ئەم هەولدانە هونەریانەدا هونەرمەندان بیریان لە یەکگرتن کردەوە و بەم بۆنەوە لە تیپی موسیقای هانا و تیپی شانۆی شار و شاعیران و کەسانی هونەرمەند کۆریك بەنیوی "کۆری گەشە پیدانی هونەر و فەرهەنگی کورد" پیك هات. ئەو کورە هەیئەتیکی ناوەندی بۆ خۆی هەلبژارد و گەشەدان بە هونەری شورشگێرانەی وەك پیناسەی خۆی دیاری کرد.

دیارە لە شارەکانی دیکەی ئیران و کوردستانیش کوری دیکە دامەزرابوون لە شارەکانی مهاباد، سەقز و مەریوان کوری هونەری هەبوون پەیوەندی پتەویان پیکەوە هەبوو. ئەو کورەی کە لە سنە پیك هاتبوو لەگەل باقی کورەکانی شارەکانی دیکە پەیوەندی دەگرت و بۆ یەکگرتن بانگەوازی دەکردن.

نەورۆزی ٥٩ شاری سنە میوانداری هەزاران میوان بوو کە بۆ دیتنی کوردستان هاتبون. لەم کاتەش دا کۆری گەشە پیدانی هونەر و فەرهەنگی کورد دەوری خۆی گیرا. چەندین فیلم و پیشانگای وینە و نەقاشی نیشان دران. لەم مەراسماتەدا هونەرمەندانی تورکەمەن و قەشقایی بە دەعوەتی کور... بەشداریان کرد و بەرهەمیشیان پیشکەش کرد.

کوری... بۆ راگەیاندنی بەرینی ئامانجەکانی و بۆ گەشەدان بە هونەری شورشگێرانە لە کوردستان بلاو کردنەوەی گۆڤاریکی لە دەستوری کاری خۆیدا دانابوو.

گۆڤاری هەرگیز دەرنەچووی"گەشە" ئورگانی کۆری گەشەپیدانی هونەر و فەرهەنگی کورد، یەکەمین ژمارەی لە مانگی خاکەلیوەی سالی ٥٩دا لەلایەن "کور..."وە ئامادە کرا و بە خەتیکی جوان تایپ کرا و ئامادەی چاپ بوو کە هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی گەیشتنە دەروازەی شاری سنە. ئەندامانی کۆر، هەموو توانای خۆیان نایە پیناوی گەشەدان بە بزووتنەوەی جەماوەری و موقاومەتی شورشگێرانەی شار و بە بۆنەی دەسپیکردنی شەری ناوشارەوە نەیانتوانی کۆرپەی "گەشە" پەروەردە بکەن و بەوجۆرە "گەشە"ش بوو بە یەکیك لە قوربانیانی پیناوی ئازادی و شۆرش.

هاورێیانی ئەو کۆرە لەکاتی شەردا وەکو پیشمەرگە شەریان دەکرد و وەکو هونەرمەندیش لە مەراسمی ریزگرتن لە گیانبەخت کردوان دا بە بابەتی هونەری بەشداریان دەکرد.

دواتر و دوای داگیرکردنەوەی شارەکانی کوردستان لەلایەن رژیمی ئیسلامییەوە زۆر لە ئەندامانی ئەو کۆرە لە شار هاتنە دەر و بوونە ئەندامانی کانوونی هونەری کریکاری کوردستان و گۆڤاری پیشەنگیان دەرکرد.

دوای ئەوەی ژمارەیەك لە شارەکانی کوردستان کەوتنەوە دەست رژیم جم و جۆلی هونەریش تا رادەیەك کپ بوو. هونەرمەندان و

نووسەران نەیانتوانی بە شیوەی پیشو دریژە بە چالاکی‌یە هونەری‌یەکانی خۆیان بدەن. زستانی سالی ٦١ ژمارەیەك لە هونەرمەندانی شورشگیر کە لە ریزەکانی کۆمەلەدا بوون و زۆربەشیان ئەندامانی پیشووی کوری گەشەپیدان بە هونەر و فەرهەنگی کورد بوون هەستان بە دەرکردنی گۆڤاریك بەنیوی "هونەری ئینقلاب" بە زمانی فارسی، کە بە داخەوە هەریەك ژمارەی لی دەرچوو.

ئەم گۆڤارە کە پاشکوی خەبەرنامەی ژمارە ١٧٨ی دەنگی شورشی ئیران "رادیوی کۆمەلە" بوو بە ریکەوتی ٢٧ی رەشەمەی سالی ١٣٦١ی هەتاوی دەرچوو.

بە پیویستی دەزانم بۆ ئاگاداری کاك حوسین و خوینەرانی ئازیزی پیشەنگ چەند بەشیك لە سەروتاری ئەم گۆڤارە بینمەوە:

لەم وتارەدا کە لەژیر ناوی "وتەیەك بە بۆنەی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی هونەری ئینقلاب"دا چاپ کراوە هاتووە:

*یەکەمین ژمارەی هونەر و ئینقلاب لە رۆژگاریك دا بلاو دەبیتەوە کە بزووتنەوەی ئیمە لەگەل گەلیك ئاسۆ و ئەرکی نوی هەم لە بواری نەزەری و هەم لەلایەنی عەمەلی‌یەوە بەرەورویە. لە دەربرینیکی گشتی‌دا ئەم ئەرکانە جیا لە بەشداری هەمەلایەنە لە خەباتی چینایەتی و ریبەری کردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینی کریکار شتیکی‌تر نیە. ئەو ئەرکانەی کە لەسەرجەم بوارەکانی خەباتی چینایەتی‌دا چاوەدریە بەسەر وەدی هاتنی سەربەخۆیی هەمەلایەنەی نەزەری و عەمەلی چینی کریکار.*

*... لە بارودۆخیك دا کە هونەرمەندانی شورشگیر زۆرتر لە جاران بەریزی ئیمە پەیوەست دەبن و لەم ریگایەوە هونەر و لی‌هاتویەکانی خۆیان لەگەل بزووتنەوەی بەهیزی سەردەمی ئیمە یانی بزووتنەوەی چینی کریکار جۆش دەدەن و سەرنجام لە سەردەمیکی نوی‌دا کە هونەری شورشگیرانە بووە بە بانگەشەی رزگاری مرۆڤ لە بەندی سەرجەم ستەمەکان و لە بەندی کویلەتی کرێگرتە...*

*ئیستا لە کوردستانی شورشگیردا، لە هەل و مەرجیك دا کە کۆمەلە وەك نوینەری بەرژەوەندی‌یەکانی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان ریبەرایەتی بزووتنەوەیەکی شورشگیرانە و هەلسووری بەدەستەوەیە و بواری راستەقینە بۆ شکوفا بوونی هونەری شورشگیرانە تەیارە، بە سەرنج دان بەو شتانەی کە لە سەرەوە وتران، پیویستی دەرکردنی گۆڤاریکی هونەری کە بتوانی چەکیك بی بۆ خەباتیکی ئیدئولوژیك لە بواری هونەر و هەروەها ئامرازیك بی بۆ خستنە روی بەرهەمی هونەری هونەرمەندانی شورشگیر، زیاتر لە هەرکاتیکی‌تر هەست پێ دەکری.*

*ئیمە بە دەرکردنی یەکەمین ژمارەی "هونەری ئینقلاب" ئەو کارە دەست پیی دەکەین و بەوجۆرە بانگەشەی هەموو ئەو نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانەی کە دلیان بۆ ئازادی و دیموکراسی و سوسیالیزم لیدەدا دەکەین کە هەلسووراوانە هاوکاریمان بکەن و... بە ناردنی نەزەرات و پیشنیارەکانی خۆیان گۆڤاری هونەری ئینقلاب بکەن بە بواریکی هەلسوور لە خەباتی فکری لە جەهەت شکوفا بوونی رئالیزمی پرولیتری و جۆشدانی هەرچی پتەوتر و بەربلاوتری هونەر لەگەل شورش...*

بۆ ئاگاداری حوسین بەفرین گۆڤاری "هونەری ئینقلاب" دوو سال و نیو پیش پیك هاتنی کانونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان و دەرچونی گۆڤاری پیشەنگ لە "قولی گۆمێ" بەو خەت و ریبازە دەرچووە. دەبی بەریز بەفرین چاك ئاگاداربێ کە بەریوەبەرانی گۆڤاری "هونەری ئینقلاب" دواتر بوون بە بەریوەبەرانی گۆڤاری پیشەنگ و کانوونی..."

بۆیە دەلیم کاك حوسین دەبی باش ئاگادار بی چونکە ئەوکات ئەو بەریزە نزیکایەتی لەگەل کۆمەلە هەبووە و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەوکاتی ئەو بزووتنەوە هونەریە شورشگیرانەیە بووە و تەنانەت هاوکاری گۆڤاری خەبەرنامەشی کردووە کە ئەوکات کۆمەلە دەری کردووە. بۆ وینە لە خەبەرنامەی ژمارە ١٣٨ بە ریکەوتی ١٣٦٠/٦/٨ شیعریك بە ئیمزای ح: بەفرین چاپ کراوە لەژیر ناوی پیشمەرگەی کاروانی نوێ بۆ شەهید ناسر و هاورێکانی.

دیارە هەروەك وترا "هونەری ئینقلاب" بە داخەوە هەر تەنیا یەك ژمارەی لی دەرچوو.

هیرشی دژی شورشی ئیسلامی بۆسەر دەستکەوتەکانی خەلك کە لە جەرگەی ئەو شورشەدا بە دەستیان هینابوو، هەر لە سەرەتای

سـەقامگیر بوونی‌یـەوە دەسـتی پێی کرد. شارەکان کەوتنەوە دەست رژێمـی ئیسـلامی و دەورەیـەك لە خەفەقان و ئیعدام و کوشت و بر بـالی رەشـی بەسـەر ئیران بـە کوردستانیشـەوە داگرت. خەلکیکی یـەکجار زۆر لـەو شورشـگیرانەی کـە پیناسە و ناوەرۆکی ئەو رژیمە تـازە بـە دەسـەلات گەیشـتویەیان بـۆ دەرکەوتـبوو تەبلـیغ و بانگەشـەیان لـەدژی دەکـرد گیران و راپیچی بەندیخانەکان و ئیعدام کـران. دیـارە لەریـزی ئـەو کەسـانەدا هونەرمـەندانی شورشگیر کە خۆیـان بە ئەندامیکی بزووتنەوەی هونەری شورشگیرانە و پرولیتری دەزانـی بەرچـاو دەکـەون کـە بـە دەسـتی ئینسـان کوژانی کۆماری ئیسـلامی کـوژران. وەك هـاوری کـەریمی بلـوری و هاوری کەمالی رەحیمـیان و چـەند کەسیکی تر. لایەنە سیاسی‌یەکان وردە وردە لە شـارەکان پاشەکشـەیان پـیکرا و زۆربەشـیان پەریـنەوە ئـەودیوی سـنووری عـیراق. بەشـیك لـە هیزەکانی کۆمـەلەش هاتنە ئەودیوی سـنوور لە شوینیك بەنیوی "قولی گۆمێ" سەقامیان گرت. دیارە پیشـەنگانی ئـەو بزووتـنەوەهونەریە شورشـگیرانەیەش هـەروەك وتم ئـەندامـانی کۆمـەلـە بـوون، بۆیـە ئەوانـیش ویرای هیزی پیشمەرگە هـاتن و لـەو شـوینە گیرسـانەوە کـە مـیژووە دەسـکردەکەی کـاك حوسینی لی دەست پیدەکا.

بـە سـەرنج دان بـەوەی کـە هونەر و ئەدەبیات و فەرهەنگی پیشرەو لـەدریژەی رەوتـی بەرەوپـیش چـونی خـویدا دەبـی بـە روانگـە و بۆچـوونی خـەباتی لـە ئاشتی نەهاتوی چینایەتی و ئامانجی بەرزی کۆمـۆنیسـتی و کـریکاری بخـاری و پـەروەردە بکـری، ژمارەیەك لە هونەرمـەندان و نووسـەرانی شورشـگیر و کۆمۆنیسـت کـە پیشـینەیەکی پرشـنگداریان پـال پشـت بـوو خـاوەنی پـیگەی مەعـنەوی بەهـیز بـوون و لـە گۆرەپـانی شورشـی سـالی ٥٧ی هـەتاویدا گەلـیك ئـەزمونی بەکەلکـیان وەرگرتـبوو توانیـبویان هونـەری کـریکاری وەك واقعـیکی کۆمەلایـەتی چـینی کـریکار دەسـت نیشان بکەن و گەلیك بەرهەمیشیان خولقاندبوو لە هەمان حالیشـدا بـە لەبەر چاو گرتنی ئەم راستی‌یە کە چینی کریکار وەك بەرهەم هینەر و هەل سورینەری کۆمەلگای مرۆڤایەتی و وەك تاکە چـینیك چارەنووسـی بەشـەر دیـاری دەکـات، ئـەرکی مـیژوویی و ئـیدئولوژیکی ئەوەیـە کـە بـۆ پیکهیـنانی ئـال وگـۆری بـنەرەتی لەسـەرجەم پەیوەندی‌یـەکانی سیسـتمی ناعادلانەی سەرمایەداری و ئـال وگـۆر لـە سـەرجەمی ئـەو موتابولیسـمانەی کە سەرمایەداری پـیی پابەندە تیدەکۆشی و لەم ریگاوە دەبی خاوەنی دەنگی رەسا و ئەدەبـیاتی تایـبەتی خۆی بی، لەدریژەی کاریك کە لە دەیەی ٤٠ی هـەتاوی‌دا شـانیان نـا بۆژیـر، هەسـتان بە دانانی ناوەندیك بەنیوی "کـانونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان" کە ئەو ناوەندە گەلـیك چـالاکی هونـەری ئـەنجام دەدا و گۆڤاریکیشـی بەنـیو پیشەنگ دایە دەرەوە.

بەیانـنامەی کـانونی هونـەر و ئەدەبـیاتی کـریکاری کوردستان بە ریکـەوتی جۆزەردانـی ١٣٦٤ بـلاو دەکریـتەوە و یەکـەمین ژمارەی پیشەنگیش بە ریکەوتی پائیزی هەمان سال لە چاپ دەردەچی.

دیـارە هـەروەك بەفرینیش ئاماژەی پیدەدا بلاو بوونەوەی بەیاننامە هـەم لایەنگـر و هـەم نەیار پەیدا دەکات. بەرچاوترین ناوەندیك کە ئـەوکات بـە خشـکە موخـالفی ئـەم رەوتـە ئەدەبی‌یـە بووە یەکیتی نووسەرانی کوردستان بووە کە لە خری ناوزەنگ بوون. دیارە ئەوان پـیـان وابـووە کە دەبی ئەو رەوتەی کە دامـەزرینەرانی "کانوونی... " گـرتویەتە بەر زیاتر سەرنج بدەنە مـەسائیلی نەتەوایەتی و گەل و نیشـتمان تـەوەری چـالاکی‌یەکانی کـانوون بـێ. دیـارە ئاغـای بەفرینیش دەچیتە ئەو خانەوە کە ئەوساش و ئیستاش بە چەند قات زیاتـر نەیاری رەوتیکە کە نیوی ئەدەبی کریکاری و پیشرەو بووە و مـەسـائیلی نەتەوایـەتی و چوارچـیوەی بەرتەسـکی فکـر و بۆچـوونەکەی هـانی داوە کـە بـە قـەولی خـۆی خالـە جیاوازەکانی لەگـەل بـرادەرانی هەلسـووری ئـەو رەوتـە دەربـبری. بەلام ئەگەر لە دنـیای واقـع دا بـە دوای ئـەم جـۆرە بیرکـردنەوەیەدا بگـەرین، ئـەو راسـتی‌یەمان بـۆ دەردەکـەوی کـە کـاك حوسین و کەسانی وەك ئەو ئیسـتاش نایانهـەوی ئـەو راسـتی‌یە قـبول بکـەن کـە خـەلکی کوردسـتان لـە سـەروی سـتەمی نەتەوایـەتی ستەمیکی چەند قات زیاتـریان لـی دەچـیت ئـەویش سـتەمی چـینایەتی‌یە. کوردسـتان کۆمـەلگایەکی چینایەتی‌یە کە راست و چەپی خۆی هەیە. وە ئەگەر کوردسـتان چـینی کـریکاری هەیـە دەبـی ئەدەبـیاتی تایـبەت بـە خۆشـی هـەبی. بۆ دەبی ئەم چینە واقعی‌یە لە بواری مـەعنەوی‌یەوە چـەك بکـەین.مەبەستی من لە هینانەوەی ئەو بەلگانە و زۆر لەسەر

رویشتنی ئەوەیە کە کاك حوسین بەفرین لێی حالی بێ کە کاکی خۆم ئەو میژووەی کە جەنابت بۆ ئەدەبیاتی بە قەولی خۆت "مایە پوچی" کریکاری کوردستانی ئێران و هەروەها گۆڤاری پیشەنگ دایدەتاشی و بە "بریاریکی حیزبی" هەلدەسەنگینی، دەستکردی خۆتە و لە دایك بووی بیر و خەیال و لیکدانەوەی ناواقعی خۆتە و ئەمرۆکەش زۆر ناشارەزایانە تەبلیغی پیوە دەکەی و تیئوری بێبناغەی بۆ دادەریژی و دەیهینی‌یە سەر کاغەز.

لە بیرمان نەچی هەر رەوتیك و دیاردەیەکی کۆمەلایەتی کاتیك دەکەویتە جولە و دەبیتە خاوەنی پیگەی مادی بەهیز کە خاوەنی بواری میژوویی خۆی بی و لە پروسەیەکی میژوویی‌دا ئەو ئیعتباری بەدەست هینابێ. هیچ رەوتیك و دیاردەیەك کە پیی لەسەر عەرز بی و ولامی خواستیکی دیاری کراوی چینیکی کۆمەلگا بداتەوە، لەخۆوە ناتوانی بچیتە خانەی پروسەی رەوتیکی رەسەن و خاوەن پیگە و ناتوانی رەوتی گەشە و بەرەوپیش چوونی خۆی بپیوی ئەگەر کۆمەلیك فاکتەر و هۆکاری عەینی و کۆمەلایەتی پال پشتی نەبی و میژووکەی پیك نەهینن. خۆ بەپیی ئیدعایەك کە کاك حوسین دەیکا دەبی بەسەر ئەدەبیاتی مارکسیستی‌دا زال بی، جا بۆیە لێی دەپرسم ئایا پیت وانیە ئەم تەحلیلە گەرمە میژوییەی جەنابت لەگەل ئەسلی دیالکتیکی هەر دیاردە و رەوتیکی کۆمەلایەتی کە هەیانە ناتەبایە و نەگونجاوە.

داکیشانی رەوتیکی ئەدەبی نوێی کوردی کە نزیکەی ٤٠ سال میژوی پال پشتە و گەلیك بەلگەی زیندوشی هەیە بۆ بریاریکی حیزبی، یان داکیشانی میژووی چینی کریکاری کوردستان بۆ بریاریکی حیزبی بۆ کاك حوسین کە ئیدعا دەکات لەناو جەرگەی رووداوەکان دا بووە و لەرەوتی بەرەوپیش چوون و پاشەکشەکانی ئەم رەوتەدا چاوەدیر بووە و ئاگای لە مار و میرو هەیە چ دەگەیەنی بیجگە لەوە کە بەریزی بەهۆی ئەودیوە و دیو کردنی سنوری ئێران و عیراق ماندویەتی دایگرتبێ و خەویکی قورس ئیختیاری لەبیر و چاوەکانی زەوت کردبی. ئاخر ئایا بریاری حیزبی لە کاتیك دا کە خۆی لە تاراوگەیە دەتوانی ببیتە موتوری رەوتیك و وەرێی خا.

دیارە کۆمەلە ئەو رەوتەی بەهیز کرد و ئەو رەوتە لەگەل ئال و گۆرەکانی کۆمەلە توشی ئال و گۆر هاتووە و پاراوتر و بە زمانیکی خالستر دواوە بەلام بێگومان ناتوانی بریاری کۆمەلە بی. جا ئەگەر بە بریار بایە کۆمەلە وەك جەریانیك کە خاوەنی پیگەی بەهیزی کۆمەلایەتی‌یە و دەتوانم بلیم ئیستا بۆ بەشیکی بەرچاو لە خەلك بۆتە ئیدئولوژی، بریاری دەدا شورشیك بەرپا بی و حکومەتیکی دلخوازی خۆی دامەزرابا. با کاك حوسین لەبیری نەچی کە رەوتی ئەدەبیاتی پیشرەو لە کوردستان بەو ئاستە گەیشتبوو کە کانون دامەزری و گۆڤاری پیشەنگ دەربچی نەك بریاریکی حیزبی بی و ئەندامانی ئەرکی حیزبی‌یانە دەبی بەریوە بەرن.

ئەگەر کاك حوسین وەستانی چەند جاریکی پیشەنگ بۆ بەلگەی ئەم ئیدعایە دینیتەوە، دەبی بلیم کە ئەمەش خۆی بە پیچەوانە لی حالی بوونی مەسەلەکەیە. رەوتیکی وەك هونەری پیشرەو بێگومان لە سەرکەوتنەکان، پاشەکشەکان، و هەوراز و نشیوەکانی خەباتی کریکاران لەئاستی جیهانی‌دا کاریگەری وەردەگری. لە قوناغیك دا کە چینی کریکار ئاوا بەهیز دەبی کە ئیدعای دەسەلاتی سیاسی بکات وەك شورشی ئوکتوبر و کۆمۆنی پاریس رۆمانی نینا و سرودی ئەنترناسیونال لە دایك دەبن. جابۆیە بێگومان ئال و گۆرەکانی ناو کۆمەلە بە تایبەتی و ئەو وەزعیەتەی کە بەسەر کۆمۆنیزم لەئاستی جیهان دا هاتووە بەگشتی کاریگەریان لەسەر پیشەنگ و رەوتی هونەری کریکاری لە کوردستان و جیهان داناوە. وەستانی جارجارەی پیشەنگ نەك بۆ هۆی ئیکس پایەربوونی بریاری حیزبی و چونی دامەزرینەرانی کانوون و بەریوەبەرانی پیشەنگ بۆ دەرەوە کە ئەوەش خۆی کاریگەری ئال و گۆرە جیهانی‌یەکانە، بەلکو کاریگەری ئەو رکود و پاشەکشەیەی کە دوای روخانی ئوردەگای سوسیالیزم بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاری لەئاستی جیهان دا سەپا. بەلگە میژوویی‌یەکان ئەوەمان پێ دەلین کە هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری و پیشرەو وەك چەکی مەعنەوی چینی کریکار بەرەوپیش چوون و پاشەکشەکەی پەیوەندی بە ئەو بارودۆخەوە هەیە کە چینی کریکاری لەهەر ولاتیك یان جیهان تییدایە.

بە کورتی دەتوانم بلیم ئەو بریارە میژوو و دەستکردەی کاك حوسین بەفرین سەبارەت بە میژووی ئەدەبی کریکاری کوردستانی

ئیران بازاری کەسادە و فیشەکی بریارەکەی مەرمی تیدا نیە و دلی پیشەنگ و میژووکەی هیچ کات ناپیکی.

## جیاوازی پیشەنگ لەگەل گۆڤارە کوردی‌یەکانی دیکە!

یەکیکی‌تر لەو مەسەلانەی کە بەریز حوسین بەفرین لە نامەکەیدا باسی دەکا و لەم بوارەش دا قژی هەلەیەکی‌تر شانە دەکات، ئەوەیە کە بەریزی پیی وایە کە گۆڤاری پیشەنگ هیچ جیاوازیەکی لەگەل ئەو گۆڤارە کوردی‌یانە نیە کە تا ئەوکات دەرچوون و پیشەنگیش هەر بە هەمان مەجرادا ری دەپیوی کە باقی گۆڤارەکانی‌تر تا ئەوکات پیواویانە و دەشی پیون. ئەوەتا بۆخۆی دەلی:

*... رۆژگار دواتریش سەلاندی کە ئەوان هیچیان بۆ نەکرا و شتیکی جیاوازیان بەرهەم نەهینا و گۆڤاری پیشەنگیش لەچاو گۆڤارە کوردی‌یەکانی‌تر جگە لە ناوەکەی جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نەبوو.*

بەداخەوە کاك حوسین سەبارەت بەم مەسەلەیەش زۆر راستگویانە بۆ مەوزوعەکە ناچیت و لەم بابەتەشە و قەناعەت و تیگەیشتن و هەلسەنگاندنی شەخسی خۆی تیئوریزە دەکات و دەیهەوی بەرامبەرەکەشی باوەری پیٚ بینی. هەر کەسیك کە تەنانەت زۆر سەرەتائیش لەگەل ئەدەبیات و شیوازەکانی ئاشنایەتی هەبی، لە یەکەم چاوخشاندنی‌دا بەسەر لاپەرەکانی ژمارەکانی دەوری یەکەم و دووهەمی پیشەنگ دا بەو ئاکامە دەگات کە جیاوازی بنەرەتی هەیە لەنیوان پیشەنگ و گۆڤارە کوردی‌یەکانی دیکە. ئەو خەت و ریباز و ئامانجانەی کە پیشەنگ بۆخۆی دیاری کردون ریك بە پیچەوانەی ئەو ریبازانەن کە گۆڤارەکانی‌تر بۆ خۆیانیان تاریف کردووە. ریبازەکەی پیشەنگ ریبازیکی تەواو چینایەتی بوە و لەم دید و بۆچوونەوە بۆ ئەدەبیات چوە و بەرەنگاری کیشە هونەری‌یە رایجەکان بۆتەوە، ئەمە ئیتر خەت و ریبازی گۆڤاری پیشەنگ و کانونی هونەر و ئەدەبیاتی کوردستان بوە و کاك حوسینیش نەدەبوایە ئاوا ناشارەزایانە بە پیچەوانە باسی بکات.

با نمونەیەك هەر لە خودی گۆڤاری پیشەنگ بینینەوە. لە بەشیك لە بەیاننامەی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان دا، ئامانجەکانی پیشەنگ ئاوا پیناسە کراون.

*ئامانجی هونەری ئەم سەردەمە، ئامانجی هونەریکە کە بتوانی لە خەباتی کۆمەلا یەتی سەردەمی ئیمەدا بەشدار بی، ناتوانی شتیکی کەمتر لەرەت کردنەوەی مەوجودییەت و ئەرزشەکانی کۆمەلی بورژوایی، وە موژدەدانی سبەی رۆژی بەدوور لە ستەم و چەوسانەوە و دەسەلاتی چینایەتی بیٚ...*

*هونەری کریکاری دەبی ریبوارانی ریگای هونەر، لا یەنگرانی و داهینانی هونەری و هونەرمەندانی هوشیار و خاوەن فەرهەنگی کۆمەل کە لەو هەل و مەرجە مەینەت بار و کپ و نزمە غەیرە ئینسانی‌یەدا و لە دەسەلاتی فەرهەنگی کۆنەپەرەستانەی بورژوایی‌یەوە سەرچاوەی گرتووە، گیرودەی بۆچوونی رەنگارەنگی هونەری گەندەلی بورژوایی بوون، لە زەلکاوی ئەم بوچوونە و لە خۆ خەریك کردن بە هونەریکەوە کە لە ئەنجام دا خزمەت بە پتەو کردنەوەی و دریژەپیدانی ئەم دنیا دیلیەتی و کویلەتی‌یە دەکا، وەگیریتەوە و دەستیان بگری کە بینە سەر شاری هونەریك کە لە خزمەت گۆرینی کۆمەلی بەشەری دایە.* (پیشەنگ ژمارە ١)

ئەوەیە ئەو خەت و ئامانج و ریبازە فکری‌یەی کە گۆڤاری پیشەنگ لە باقی ئەو گۆڤارە کوردی‌یانە کە ئەوکات لە ساحەی ئەدەبی‌دا بوون بە روونی جیا دەکاتەوە و حالەتیکی تایبەتی‌تری پیی دەدات. بەلام چاو قوچاندنی کاك حوسین لەئاست ئەم مەسەلەیە بۆ چی‌یە دەبی خۆی بزانی. دەست بردن بۆ چەواشە کردنی ئیدئولوژی کەس یان گروپ و رەوتیکی کۆمەلایەتی بڤەیە و نەکری باشترە.

بە پیچەوانەی گۆڤارەکانی دیکە گۆڤاری پیشەنگ تەواو بە دیدێکی رەخنەگرانەی زانستیانەوە روانیویەتە ئەدەبی ئەوکات و هەر بەم روانگەشەوە چۆتە شەری ئەو موتابولیسمە رایجەی کۆمەلی سەرمایەداری. نووسەران و قەلەم بەدەستانی پیشەنگ بە چاویکی ئاسایی سەیری کۆمەلیان نەکردووە، بەلکو هەولیان داوە واقعی کۆمەلگا، ئاسۆ و ئامانج و هەوراز و نشیوەکانی ژیانی کۆمەلانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش لە بەرهەمەکانیان دا تەرسیم بکەن. بیری نەتەوایەتی بەرچاوی لیل نەکردون و ماخولیا و ئەفسانەیان لە شاخ و کیوی کوردستان نەخولقاندووە. ئەساسی کاری پیشەنگ بەگژدا چوونەوەی سەرجەمی ئەو پەیوەندی‌یانە

بوون کە نیزامی سەرمایەداری بە حوکمی ئەوان بەشی هەرە زۆری کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو کویلەتی موتلەق پەل کیش دەکات. با بزانین دیدی رەخنەگرانەی پیشەنگ لە زمان بەریوەبەرانی دەوری یەکەمی چۆن پیناسە کراوە و لەسەر چ ئەساسیك سەقامگیرە:

*رەخنەی ئیمە لە جیاتی ئەوەی لە چوارچیوەی کیشەی فەننیدا قەتیس بمینی و بە دەوری خویدا هەڵسووری، دەبی پی بنیتە مەیدانی شی کردنەوە و لیکدانەوەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی بەرهەمەکان. رەخنەی ئیمە دەبی دەستکەوتە بەنرخەکانی جوان ناسی و رەخنەی مارکسیستی بەدەستەوە بگری و بیانکاتە چرای ریگای خۆی. رەخنەی مارکسیستی راستی‌یەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و واقعیەتی عەینی میژوویی بە پیوانەی حەقیقی بوونی زەینی هونەرمەندانە بە پیوانەی حەقیقی بوونی رەنگدانەوەی ئەدەبی و هونەری ئەو راستی‌یانە دادەنی.*

(پیشەنگ ژمارە ١)

بە کورتی ئەمانە ئەو خالانەن کە جیاوازی دەخەنە نیوان پیشەنگ و باقی گۆڤارە کوردی‌یەکانی‌تر.

بەرچاوترینی ئەو گۆڤارە کوردی‌یانەی کە لەو سەردەمەدا دەردەچوون و خوینەریان هەبوون و دەکری ئیشارەیەکیان پیی بکەین بریتین لە: گۆڤاری سروە کە قەرارگای رەمەزانی کۆماری ئیسلامی ئیران لەشاری ورمێ دەری دەکرد و ئیستاکەش هەروا دەردەچی، گۆڤاری کاروان بوو کە لە عیراق دەردەچوو. لەشاخ گۆڤاریك دەردەچوو بەنیوی نووسەری کوردستان کە یەکیتی نووسەرانی کوردستان لە خرپی ناوەزەنگ دەریان دەکرد. هەروەها لە ئورووپا لەلایەن مەلبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن گۆڤاریك دەردەچوو بەنیوی پەیف. ئایا کاك حوسین بەفرین وەك کەسیکی خاوەن ئەزموون و شارەزا لە ئەدەبی کوردی‌دا وەك کەسیکی سەربەخۆ کە ئیدعا دەکات سەر بە هیچ ریکخراویکی دیاری کراوی کوردستانی نیە تاکو تەعەسوبی سازمانی بیگری،پیی وانیە لەنیوان هەر بە تەنیا ئەو ٥ گۆڤارەدا جیاوازی فکری و بنەرەتی هەیە.

من خۆم بە کەسیکی مارکسیست دەزانم و کەسیکی ئەنترناسیونالیسم و باوەرم بە دروشمی کریکارانی جیهان یەکگرن و ئازادی و بەرابەری و حکومەتی کریکاری هەیە، کاتیك لەگەل برادەرانی ریکخراوە کوردی‌یەکانی‌تر دادەنیشین بە زەردەخەنەیەکەوە دەلین مەسەلە ئەوەیە ئیمە هەموومان هەر کوردین و بە زمانی کوردی قسە دەکەین و دەنوسین، بەلام من پیم وایە وانیە راستە هەردوکمان کوردین بەلام خۆ خاوەنی ئیدئولوژی جیاواز هەین یان نا، ئایا روانگەکانمان سەبارەت هەر بەو زمانە کوردی‌یەش کە جەنابتان وەك خالی هاوبەشی نیوانمان چاوی لی دەکەن و دەیکەنە ئەساسی و بنەما بۆ نزیکایەتی زیاتر جیاوازی هەیە یان نا. جابۆیەمن پیم وایە کاك حوسینیش ئاوا بۆ مەسەلەکە دەچی هەر ئەوەی دیوە گۆڤاریك بە زمانی کوردی دەردەچی ئەوەی پی‌باشە و وەك نوقتە عەتفیك بۆ میژووی رۆژنامەگەری کوردی هەلیدەسەنگینی. بۆی گرینگ نیە خەت و ریبازیان چ بی و بە چ زمانیك بنوسن سوور یان... هەر بە تەنیا بە کوردی دەرچی.

بی‌گومان دەرکردنی گۆڤاری پیشەنگ هەر ئەوە نەبوو کە گۆڤاریکی‌تر بە زمانی کوردی دەرچی و نیوی بە لیستی رۆژنامە کوردی‌یەکان زیاد بی، بەلکو گۆڤاریك بە زمانی کوردی دەرچوو کە ئامانج و ریبازی چینایەتی و مارکسیستی هەبوو. گۆڤاریك بو کە ئەو فکرە پال پشتی بوو کە لانی کەمی خواستەکانی روخاندنی نیزامی سەرمایەداری‌یە. گۆڤاریك دەرچوو کە چنگی خستە ناودلی کۆمەل و لاپەرەکانی خۆی بە دەربرینی دەرد و ئازارەکانی کریکاران پر کردەوە. گۆڤاریك بو کە پاریزەری چەکی مەعنەوی کریکاران بوو. گۆڤاریك بوو کە بە هەلکردنی ئالای ئەدەبی پیشرەو گەلیك نووسەر و هونەرمەندی شورشگیری لە گیژاوی ئەدەبی زال و باو ئەدەبی دەستە وەستان و رازی بوون بە هەر چارەنووسیك کە سەرمایەداری تەبلیغی بۆ دەکات رزگار کرد. دەنگیکی تایبەت لەنیو باقی دەنگەکان و بە زمانی سور دەدوا.

هەرکام لەو گۆڤارانەی کە تا ئەوکات دەرچوون بە پیشەنگیشەوە بەپیی خەت و ریبازی نووسەران و بەریوەبەرانیان پاریزەری بەرژەوەندی جەریانیك یان کۆر و کۆمەلیك و چینیکی کۆمەلایەتی بوون، جا بۆیە بەو ئاکامە دەگەین کە بی‌شك جیاوازیشیان تەنانەت لە زمانی دەربرینی شتەکانیش دا هەبوبی.

ئەوە تەنیا بە پیوانەکەی کاك حوسێن کە هەمووی ئەو گۆڤارانە وەك یەکن و جیاوازی فکری و نەزەرییان نیە و ئامانجێکی دیاری کراوی هاوبشیش کە بریتی بێ لە خزمەت کردن بە "گەل" و "نیشتمان" دەپێکن.

## مەسەلەی گەل و نیشتمان!

مەسەلەی گەل و نیشتمان بۆ کاك حوسێن زۆر گرینگە و دەستەی بەڕێوەبەرانی پێشەنگ ئاموژگاری دەکات کە دەستم بە داوێنتان گەل و نیشتمان لەبیر نەکەن ئامان. هەڵبەت نەك ئەوەی کە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ئیمە گرینگ نەبێ و ئەهەمیەتی پێ نەدەین نەخێر وانیە و کاك حوسێنیش بۆخۆی زۆر بە باشی ئەوە دەزانێ، بەڵام بۆچوون و ڕوانگەکانمان سەبارەت بە نەتەوە و نەتەوەی کورد کە جەنابی مەبەستێتی جیاوازە تەنانەت ڕێگا چارەکانیشمان یەکتر ناخوێننەوە، دوو ڕوانین و چارەسەر بۆ مەسەلەیەکی دیاری کراوی کۆمەڵایەتی.

بەڕێز بەفرین لە بەشێکی‌تری نامەکەیدا دەنوسی:

*بۆیە هیوادارم لەمەوبەدوا ئەم گۆڤارە لەسەر ئەرزی واقع جێی پێی خۆی بکاتەوە و بیروبۆچوونێکی ڕیبازی واقعی (ڕیالیستی) خۆی گۆش بکات و خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات و...*

کاك حوسێن مافی بێ ئەم لاو ئەولای خۆیەتی کە چۆن بیر دەکاتەوە و بە چ شێوەیەك بۆ مەسەلەکان دەچێ، ئەوە مافی هەر تاکێکی کۆمەڵە. بۆ جەنابی مەسەلەی نەتەوایەتی و خزمەت کردن بە زێد و نیشتمان لەسەروی مەسەلە چینایەتێ‌کەیە کە من باوەرم پێیەتی. ئەو پێی وایە کوردە بۆیە ئەوە وەزعیەتی، بەهۆی سیاسەتی دیکتاتورانەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ئەو چارەنووسەی پێی براوە بەڵام من پێم وایە بەرلەوەی کە مرۆیەك بم ناوم کوردیی و لە گۆشەیەکی جوغرافیای ئەو جیهانە بەنێوی کوردستن بژیم ئینسان و بەدەستی بونەوەریکی وەك خۆم بەنێوی سەرمایەدار دەچەوسێمەوە. من بەرلەوەی کە بیر لەوە بکەمەوە کە خۆم و زێدەکەم لەدەست دیکتاتوریکی داگیرکەری وڵاتەکەم ڕزگار بکەم، هەوڵم ئەوەیە کە خۆم و هاوچینەکانم کە کریکار و هەڵسورینەری تەواوی جیهان و تەواوی ناز و نیعمەت و ئیمکاناتی بەرینی جیهان بە دەستەکانی ئیمە دیتە بەرهەم لە چنگ دیکتاتوریکی گەورەتر بەنیوی سەرمایە ڕزگار بکەم، هەر ڕیك ئەو کاتەش کە زێد و نیشتمان و گەلەکەی کاك حوسێنیش ڕزگار دەبێ داری بریای دیتە بەرهەم. لەو مەقولاتە سیاسی وزانستیانە کە دور کەوینەوە دەتوانین بە دروستی ئاماژەیەك بکەین بە دوو شکستی گەورەی چینی کریکار لەئاستی جیهانی‌دا بۆ ئەوەی کە مەسەلەی "گەل و نیشتمان"ەکەی کاك حوسێن جوانتر ڕوون بێتەوە. ئەجۆرە قەناعەتەی بەریزی پێشینەی میژوویی هەیە و زۆری وەك جەنابیشی بەو قەناعەتە گەیاندوە کە بە ئاشکرا ئاوا هەڵویستیك سەبارەت بە هونەری چینی کریکار بگرن کە سنوورەکانی نەتەوایەتی و فەرانەتەوەیی و گەلیك دەستەواژەی لەم جۆرە دەنیتە پشت سەر و ڕەوتی جیهانی خۆی دەپیوی.

بۆ کەسیك کە ئال و گۆرەکانی سەدەی بیستەمی خویندبێتەوە و شارەزایی بەسەر میژووی سەرمایەداری و هەروەها میژووی چینی کریکار و هەوراز و نشێوەکانی بێ دەزانێ کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ئەو کاتەی کە ئابووری ئەمپریالیستی ئەوەی کە ئەمرۆکە ئابووری جیهانی و گولوبالیزاشین ناوزەد دەکری هاتە گۆری و بالی بەسەر بەشیك لە وڵاتان دا کیشا، بەشیك لە چینی کریکار بە دارشتنی تیئوری جۆراوجۆری دژی کریکاری بەهۆی ئەوەی کە لە سامانی سەرمایەداری بەشیان پێ دەبرا، شانیان دایە بەر ئاشبەتالیك لەریزی کریکاران و شورشی کریکاری. ئەمان بە کردەوە بوون بە موبەلیغی سەرمایەدار و بانگەشەی کریکارانیان دەکرد کە لە دەوری سیاسەتی دەوڵەتان کۆبنەوە. لەکاتی شەری یەکەمی جیهانی‌دا ئەو بەشە لە کریکاران، کریکارانی بانگەواز کرد بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ئالای بورژوازی وڵاتەکەی خۆی و بوونە هۆی ئەوەی کە کریکاران لەشەری مان و نەمان دا بەگژ یەکدا بچنەوە. ئەو بەراستی ناسیونالیستە لە جل و بەرگی سوسیالیزم دا توانی کاریگەری لەسەر لایەنە جۆراجۆرەکانی ژیانی مادی و مەعنەوی کریکاران دا بێ. لە مەیدانی هونەریش دا تەنگی بە بۆچوونی پاراوی کریکاری هەڵچنی و بەرهەمەکانی خالی لە ناوەرۆکی کۆمۆنیستی کرد.

لەو بەرهەمە هونەریانەی کە لەو سەردەمەدا خولقاون و بلاو بوونەتەوە ئەگەریش لەئاست موناسبات و سوخت و سازی نیزامی سەرمایەدار نارەزایەتی‌یەك دەربراوە بە مانای واقعی ئیعترازیکی شورشگیرانە نیە. بۆ نموونە لەو بەرهەمانەدا ئەگەر باس لە کریکاریکی بیکار دەکات، تەنیا و تەنیا نالەی ئەو کریکارە لەو بەرهەمەدا رەنگ دەداتەوە نەك سیاسەتی دژی ئینسانی سەرمایەداری. ئەو بەرهەمانە هیرش ناکەنە سەر ئەو فەزا وەحشیانەیەی کە ئەو نیزازی سەپاندنی بەسەر چینی کریکاردا بەرەوا دەزانی.

میژوو ئەوەمان پیٚ دەلی کە دوای شورشی ئوکتوبر لە روسیە ئەو بۆچوونە پاشەکشەی پیکرا و مەجالی سەر بەرز کردنەوەی پیی نەدرا، بەلام بەداخەوە ئەمەش خۆی کاتی بوو دوایی سەر لەنوی زال بوونی سەرمایەداری لە روسیە و پشت کردنی حیزبی کۆمۆنیست لە ئامانجە کۆمۆنیستی و کریکاری‌یەکانی، دیسان ئەم بۆچوونە ناسیونالیستی‌یە لە بەرگی سوسیالیزم دا سەری هەلداوە و برەوی سەند و نووسەران و پیشرەوانی کریکاری کە بۆ رزگار کردنی هونەر و مەعنەویاتی چینی کریکار لە خوارفە و بەندی کویلەتی هەولیان دەدا و بەرهەمیان دەخولقاند دایە بەر گالتە. ئەو بۆچونە ئەوکات و ئیستاکەش شکستی ئیمە لە شورەوی بە چاومان دا دەدەنەوە. ئەم بۆچوونە فکری‌یە باوەری بەوە نیە کە چینی کریکار بە ئاسۆی سوسیالیزم و کۆمۆنیستی‌وە دەتوانی ئال و گۆری بنەرەتی لە ژیانی مادی و مەعنەوی کۆمەلگای ئینسانی‌دا پیك دینی، بۆیە دەکەویتە مەدح و سەنای سەرمایەداری.

دووهەم بۆچوونی ناسیونالیستی کە لە بەرگی سوسیالیزم دا سەر هەلدەدا و خۆی دەکیشیتە ناو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کریکاران بە هونەر و فەرهەنگیشە هەلدەگەریتە بۆ پاش شکستی گەورەی چینی کریکار لە شورەوی. دوابەدوای مەرگی رابەری گەورەی کریکاریمان لنین دەسەلاتی حیزبی کۆمۆنیست کەوتە دەست ئیستالین و پەیرەوانی، ئیستالیێی روانگەو بۆچوون و لی تیگەیشتنی خۆی لە کۆمۆنیزم بەسەر حیزب دا زال کرد و بەمجۆرە ئەو حیزبە نە تەنیا کریکاری و کۆمۆنیستی نەما بەلکو پشتی کردە هەموو بۆچوونەکانی لنین و باقی ریبەرانی و بو بە حیزبیکی دژی کریکاری.

سەرمایەداری دەولەتی لە شورەوی، ئەگەر لە مەیدانی مادی و چەوسانەوەی کریکاران دا، بە گرتنی ژیستیکی سوسیالیستیٚوە بەخۆی، لەجیاتی ئەوەی هەنگاوی بە کردەوە بۆ نەهیشتن و لەناو بردنی چەوسانەوە و ژیانی کولەمەرگی چینی کریکار، کریکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بۆ کار کردنی زیاتر و خزمەت کردنی زیاتر بۆ پیشکەوتوتر کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هینان بانگەشە دەکرد و تەنیا و تەنیا رەقەبەرایەتی لەگەل ئامریکای لەبەر چاو بوو وە پیی وابوو دەبی لە بەرهەم هینانی خەلوز و پولا و چەك و چولی نیزامی وەپیش ئامریکا بکەوی و بەمجۆرە گەرای ناسیونالیستی‌یەکی دەمار گرژانەی بەسەر ئەوان دا زال کرد و بەردەوام فەزای بۆ دووبارە بەرهەم هاتنەوەی دەخولقاند، لە مەیدانی مەعنەوی و فەرهەنگیشەوە بە روالەتیکی سوسیالیسیٚوە، هەر بیر وباوەر و خەت و ریبازی ناسیونالیستی و سەرمایەدارانە بوونی خۆی رەواج پیٚ دەدا و بۆ ئەم کارەش ئیمکاناتی بەرینی تەرخان کرد و بە کردەوە ژیر پیی ئەدەبی پیشرەوی راستەقینەی خالی دەکرد و پیشرەوانیشی خستە بەر زەبر و زەنگ.

سەرمایەداری دەسەلاتدار لە روسیە لەجیاتی ئەوەی کە بوار و ئیمکاناتی گونجاو و شیاو بۆ گەشەی هونەری پیشرەو و کریکاری، بۆ رەخنە گرتنی شورشگیرانە لە نیزامی کویلەتی سەرمایەدار و بۆ ئیعتراز کردن بە سەراتاپای سەرمایەداری، ریگا بۆ رەخنەی قوول لە چەوسانەوە و نابەرابەری خۆش بکات و مەجالی سەر بەرز کردنەوەی پیٚ بدا، لەجیاتی ئەوەی کە ریگا بۆ هونەری کریکاری ئاوالەتر بکات تاکو روحی ئومانیستی و ئینسان دوستی کۆمۆنیستی جیی پیی هونەری رایج کە ئینسانەکان بۆ ژیر دەستە بوون بانگەشە دەکات و ناسیونالیزم پەرەپیٚ دەدات، لە جل و بەرگی سوسیالیستی‌دا، هەولی چروپری دەدا تاکو ناسیونالیزمی روسیەی سەنعەتی و پیشکەوتوو لە بواری ئابووری و نیزامی‌یەوە بکاتە ئامانج و خەت و ریبازی هونەری و فەرهەنگی. ئەمجۆرە کردەوانە دەولەتی سەرمایەداری لە شورەوی بیجگە لەوەی کە

کریکارانی تووشی سەر لێشیواوی و سستی دەکرد و لە دەروونەوە سەرکوتی دەکردن، بەرهەمە هونەریەکانیشی پڕاوپڕ دەکرد لە درۆ و ریاکاری و جوانناسی لە روانگەی کریکارانەوە بەرەوپێش نەدەچوو.

بەرهەمە هونەرییەکانی روسیەش لەگەل باقی ولاتانی سەرمایەداری جیاوازی نەبوو ناسیونالیزمی روسی لە بەرگی سوسیالیستیدا روحی سەرمایەدارانە بوونی خۆی بە ئەوکی هونەردا کرد و کردی بە هونەری باو و رایج.

دیارە ئەم میراتە ناپیرۆزە پەل و پۆی خۆی هاویشت و پەلی هاویشتە ولاتانی جیهان، بە ئیران و کوردستانیشەوە. لەلایەن حیزبە چەپە ناسیونالیستەکانی ئیرانەوە وەك تودە و چریك و شاخە جۆراوجۆرەکانی ئەم بۆچونە هاتە نیو کریکارانی ئیران. دیارە لە کوردستانیش دا رەنگی دایەوە. ئەو دوو بۆچونە لە عالەمی واقع دا هەر دووکیان ناسیونالیستین و لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا کیشەیەکی زۆریان لەسەرە. لە گۆرەپانی پان و بەرینی فەرهەنگ و هونەردا لایەنی جۆراوجۆر دەستیان داوەتە هەلسووران، بیجگە لە ژمارەیەکیان کە بە ئاشکرا دیفاعی سەرسەختانە دەکەن لە نەزمی مەوجود و بەشان و بالی هەلدەلین و بۆ ئەم کارەش ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی بەرچاویان لە ئیختیار دایە، چەندین جۆر هونەرمەند هەن کە خۆیان بە سوسیالیست دەزانن و پییان وایە ئالای سوری کریکاری بەهۆی بەرهەمەکانی ئەوانەوەیە کە بەردەوام دەشەکیتەوە، بەلام بە کردەوە بە هەموو وجودیانەوە لە خزمەت "گەل و نیشتمان" و ناسیونالیزمی چەپ دان. هەلبەتە ئەمە بۆخۆی هۆی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی بە دریژایی تەمەنی خۆی کاریگەری بەرچاوی لەسەر کۆمەل داناوە بۆیە ئەمرۆکە ژمارەیەك لە نووسەران و هونەرمەندانی وەك کاك حوسین بەفرین لەژیر ناوی سوسیالیزم و کریکارەوە ناسیونالیزمی خۆیان دەشارنەوە و فیزیکی رادیکال بە خۆیانەوە دەگرن.

بیگومان گۆڤاری پیشەنگ ناچیتە ئەو خانەوە و هەروا باوەری بە مارکسیزم وەك عیلمی رزگاری دەری مرۆڤایەتی و سنووری بەندی تەواوی هەیە لەگەل ئەم گەرایش و بۆچوونە و تا ئەو جیگایەش کە بۆی دەکری لەقاوی دەدا و رسواشی دەکات.

## هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو و شۆرشگیر چییە؟

دیارە ئەگەر خوینەر نامەکەی بەفرین بەوردی بخوینیتەوە بە سەنگ وسوك کردنیکی تەنانەت سەرەتایی بۆی دەردەکەوی کە ئەو نامەیە بیانوویەکە بۆ جەنابی تاکو لەم ریگایەوە دژایەتی توندی خۆی کە دژایەتیکی بن کۆل و بیئەساسە لەگەل هونەر چینی کریکار دەربری و دیارە ئەمە بۆ کاك حوسین سونگەیەکە کە دەتوانی لەوێوە دژایەتی لەگەل گەلیك مەسەلەی ئەساسیتر دەربری.

نەفی کردنی ئەدەبی چینی کریکار بۆ بەریزی نە بە هەلکەوتە نە بەهۆی هەلەی لەفزی و زمانەوانی، بەلکو مینبەریکی دیکەی لەپشتە و دەیهەوی بەمجۆرە ریگە خۆشکەری بکات بۆ دەربرینی. جا بەو چەند هۆیە من لەم بەشەدا لەنگەریکی توند دەگرم و بە کورتی ولامی هیندیك لەو مەسەلانە دەدەمەوە.

کاك حوسین ئیدعا دەکات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان و دەرچوونی گۆڤاری پیشەنگ دژایەتی قولی هەبووە لەگەل ئەو خەت و ریبازەی کە بەریوەبەرانیان گرتبویانە بەر. بەلام ئیستا دوای نزیکەی ٢ دەیە لەو کاتە ئاشکراتر و بە کردەوە دژایەتی ئەو خەت و ریبازە فکرییە دەکات. هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری دەداتە بەر گالتەجار و بە توندی دژایەتی دەکات. پیناسە یان خود ئەو تەعریفانەی کە بەریزی بۆ هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری دەیان دات بە دەستەوە بەمجۆرەن.

*چونکە کیشەی لەدایك بوونی ئەدەبیك بەناوی ئەدەبی کریکاری زۆرتر قسەو باسیکی سیاسی هەلئەگرت تا ئەوەی داهینانیکی رەوتی ئەدەبی بیت.*

یان دەلی:

*چونکە زاراوەی ئەدەبی کریکاری قسە وباسیکی بیبناغە و مایە پووچە و لە قسە وباسیکی توندرەوانەی وردە بورژوازی زیاتر نیە و....... تەنیا لە قسە وباسی سیاسەت و حیزبایەتیدا قابیلی*

*قسە لەسەر کردنە، بەلام لە بواری ئەدەبی و هونەری ئەدەبی‌دا هەر قابیلی باس نیە.*

ناوبراو دوای ئەوەی کە لەبیر و خەیالی شیواوی خویدا ئاوا هونەری پیشرەوی پیناسە کرد و دایە بەر لۆمە و هێرشیکی ئیدئولوژیکیانە، دەکەویتە ئاموژگاری و نەسیحەت کردنی بەریوەبەرانی گۆڤارکە و لەدەوری ناجی و رزگار دەری ئیمەدا خۆی دەر دەخا و هوشدارمان پیی دەدا و پیمان دەلی:

*... هەندیك قسە و باسی خۆمتان بۆ دەنووسم، بە ئومیدی ئەوەی شایەتیکی بێ‌مەبەستی سەر ئەو گۆڤارە بیت دەرهەق بە رابردوش و بۆ ئایندەش ئەگەر ویستی درزیك بخاتە سەر کردنەوەی دەرگایەکی ئەدەبی مرۆڤانە.*

ئەوجار هیوامان بۆ دەخوازی دەستی دوعامان بۆ هەلدەبری بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو بین و دەلی:

*بۆیە هیوادارم لەمەوبەدوا ئەم گۆڤارە لەسەر ئەرزی واقع جیی خۆی بکاتەوە و... سەرجەم ئەم دروشمە بریقەدارانەی وردە بورژوازی گەرەکی‌یەتی ئەم وەلای بنێ پەردەی خەیالی رەنگاورەنگ توور بدات و ژیان و ژیانی چینایەتی بەچاوی واقعی سەیر بکات و...*

من دواتر دەچمە سەر ئەو بەشە لە قسەکانی کاك حوسین بەلام با ئیستا بزانین هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو کریکاری چی‌یە کە جەنابی ئاوا لێی قەلسە و ئەو سوننەتانەی دەداتە پال، کە لە عالەمی واقع دا وانیە.

لەو رۆژەوە کە بوونەوەریك بەنیوی ئینسانی ئیستا لەسەر گوی زەوی پەیدا بوو جەبری سروشت و رەوتی هەلدان و گەشەکردنی میژوویی بەوەی گەیاند کە دەبی بۆ زیندوو مانەوەی خۆی کاریگەری لەسەر دەوروبەر و سروشت دانی، لەدژی بارودۆخیك کە تییدا دژی ئەو هۆکارانەی کە بەرەومەرگی بەشینەیی و تییدا چوونی یەکجارەکی دەبەن ئالای بەرامبەرکی کردنی بەرز کردۆتەوە، بۆ ئەوەی کە بتوانی بەسەریدا زال بی و بۆ بەدەست هینانی پیداویستی‌یەکانی مانەوەی ئال و گۆر تییدا پیك بینی، ئەمە رەوتی بەرەوپیش چوونی سروشتە کە قوناغی جۆراوجۆری ناوەتە پشت سەر. جا باسەکەی ئیمە دەگەریتەوە سەر ئەو قوناغەی کە نیزامی فیئودالی مەلزوماتی تییداچوونی خۆی بەرهەم هینا و پەیوەندی‌یەکانی کار و بەرهەم هینان کاریکی وای کرد کە سەرمایەداری جیگای نیزامی فیئودالی بگریتەوە. مەکۆی سەر هەلدانی ئەم نیزامە تازەیە ولاتی ئینگلیسە. بەمجۆرە سەرمایەداری جیگای نیزامی پیش خۆی گرتەوە و دەسەلاتی بەسەر ئامرازەکانی کار و بەرهەم هینان دا بەدەست هینا. سەرمایەداری وەك نیزامیك کە لەسەر ئەساسی کار و سەرمایە پیك هاتووە لە هەناوی خویدا چینیکی دژ بەخۆی پەروەردە کرد کە ئیمەین واتە کریکاران. ئەو دوو چینە دوو بەرژەوەندی جیاواز و دژ بە یەکیان هەیە و شەریکی لە ئاشتی نەهاتوویان لەنیوان دایە. کریکاران گۆر هەلکەنانی نیزامی سەرمایەدارین.

چینی کریکار وەك هەلسوورینەری کۆمەلی ئینسانی لە موناسبات یان خود پەیوەندی‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری نە تەنیا هیچ قازانج و بەرژەوەندیکی نیە، بەلکو پەیوەندی‌یەکانی ئەو نیزامە و هەولی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی زیاتر کریکارانی بە تاك و بە کۆمەل مەحکوم بە تییدا چوونی بەشینەیی کردووە.

دیارە چینی کریکاریش لەئاست ئەو چارەنوسەی کە سەرمایەداری رەقەمی بۆ لیدان بیدەنگ نەبوون و دەستیان داوەتە خەباتیکی دور و دریژ. ئەو چینەش هەولی داوە کاریگەر خۆی هەبی لەو سوخت و سازانەی کە لە کۆمەلگادا هەیە و هەولی داوە بە قازانجی خۆی بیگۆری، هەولی داوە ئەو پەیوەندی‌یە زالمانەیەی کە نیزامی سەرمایەداری لەسەری دامەزراوە و سەرگوی زەوی بۆ زۆربەی دانیشتووانی کردۆتە دۆزەخ. ژیر و ژور بکات و لەسەر ویرانەکانی موناسباتیکی ئینسانی و عادلانە لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی و فەرهەنگی دامەزرینی.

پیشرەوانی ئەم بزووتنەوانەش میشکیان بە ئایدولۆژی مارکسیستی زاخاو دراوە و بەپیی ئەم ئیدئولۆژی‌یە ئالترناتیوی ئینسانیان دارشتوە. سەرمایەداری نەتەنیا لە بواری ئابووری و سیاسی‌وە بەلکو هەولی داوە لە بواری مەعنەویشەوە کریکاران چەك بکات و فەرهەنگ و هونەریك رایج بکات کە ئینسانەکان دەستەمۆ و گوی رایەل بارین و ئیعترازو نارەزایەتی دەربریان بۆیان بقە بی. بەلام لەپال ئەوەی کە پیشرەوانی بزووتنەوەی کریکاری و

کۆمۆنیستی کریکارانیان بۆ گەیشتن بە عەدالەت و ئازادی لەدژی سەرمایەداران بانگەواز و ریکیان دەخستن، هونەرمەندان ونووسەرانی شورشگێر و کریکار هەولیان ئەوە بووە فەرهەنگ و هونەری پیشرەو کە دەربری دەرد و ئازار و ئامانجەکانیان بێت برەو پێ بدەن و هونەر وەك چەکیکی بەکەلکی مەعنەوی چینی کریکار بینە ناو جەرگەی خەبات و تیکۆشانی کریکاران. ئەدەبی پیشرەو لەگەل یەکەمین چەخماخەکانی بەرهەلستکاری کریکاران لەبەرانبەر سەرمایەداران لیدرا و بە دریژایی ئەو میژوویەش گەلیك بەرهەمی هونەری بە پیز خولقاون کە هیچ کات کۆن نابن چونکە تا کاتیك کۆمەلگای چینایەتی‌یە ئەو بەرهەمانە تازەیی و مەوزوعیەتی خۆیان لەدەست نادەن. کاتیکیش سیستمی سەرمایەداری جیهانی بە گۆری میژوویی خۆی سپیردرا ئەو بەرهەمانە و سەرجەمی میژووی چینی کریکار لە مەدرەسەکان و زانکۆکان دا وەك وانەی میژووی راستەقینەی کۆمەلگای ئینسانی دەوتریێنەوە. دیارە ئەدەبیاتی کریکاری و پیشرەو وەك خەباتی چینەکەی گەلیك هەوراز و نشیوی بریوە و گەلیك سەرکەوتنی بەدەست هیناوە و گەلیك جاریش پاشەکشەی زۆری پیکراوە و تەنانەت کپیش بووە، بەلام سکلی ئەو ئەدەبیاتە هەر کە چکولەترین شنەی ئال و گۆر بە قازانجی کریکاران یا نەسیمی ئازادی هەلی کردبی بووە بە گریکی بەتین و توان و وزەی بەخشیوە بە کریکاران لەسەنگەری شورشی سوردا. نمونەکەشی شورشی کریکارانی فەرانسە واتە کۆمۆنی پاریس و شورشی کریکاران لە شورەوی واتە شورشی کریکاری ئوکتوبر، کە گەلیك بەرهەمی ئەدەبی باش خولقاون.

بێشك هونەر و ئەدەبیاتی کریکاریش وەك سەرجەم شیواز و سەبکە ئەدەبی‌یەکانی‌تر کۆمەلیك شوناس و پیناسی هەیە کە بەپیی ئەو تایبەتمەندی و پیناسانەیە کە بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان دەچنە ناوخانەی ئەدەبیاتی پیشرەوەوە. من هەول دەدەم بە کورتی باس لەو پیناسە مارکسیستی‌یانە بکەم.

### ئەلف. نارەزایەتی:

ئەدەبیاتی پیشرەو، ئەدەباتیکی نارازی‌یە، نارازی بە هەموو ئەو یاسا و ریسا دژی ئینسانی‌یانەی کە بەشی هەرەزۆری کۆمەلی خستۆتە دوای کویلەتی نوی سەردەم ئیمە. ئەو ئەدەبیاتە لەئاست هەموو کردەوە و موناسباتی نیزامی سەرمایەداری جەسورانە نارەزایەتی توندی خۆی دەردەبری و جەماوەریش لە دەوری ئەو نارەزایەتی‌یەی خۆی کۆدەکاتەوە. روحیەی ئیعتراز و نارەزایەتی دەربرین لە بەرامبەر چەوسینەران و تالانکەرانی داهاتی رەنج و ئارەقەیان لەنیو جەماوەری کریکاردا بەهیز دەکات. ناهیلی خەلك رازی بەوبەشە بن کە سەرمایە بوی بریونەتەوە. بۆیە ئەدەبیاتی چینی کریکار ئەدەبیاتیکی دەستەمو و گیژ و ویژ نیە کە شەپولەکانی چەوسانەوە هەموو گیانی ورد بکات بەلام هیچ نەلی، بەلکو رەوتیکی سەر بزیوە و هەمیشە دەنگی نارەزایەتی هەلدەبری.

### ب: ئال و گۆر

ئەدەبیاتیکی نارازی بەردەوام لەبیری ئال و گۆری ئەو وەزعیەتە دایە کە پیی نارازی‌یە، بۆیە ئەدەبی چینی کریکار بە ستونی فوقەراتی مەسەلە کۆمەلایەتی‌یەکان دا دەچیتە خوار و رەخنەیان تیدەگری و بە حوکمی ئەوەی کە نارازیشە هەول بۆ ئال و گۆر لە ژیرخان و سەرخانی کۆمەلگا دەدات. دەیهەوی ئال و گۆر لەسەرجەم پیکهاتە کۆمەلایەتی‌یەکان دا پیك بینی. ئال وگۆر لە وەزعی مەوجود لە وەزعی ژیان و چارەنووسی جەماوەری خەلك لە ئامانجەکانی ئەدەبی شورشگیرە. ئەدەبی شورشگیر لەئاست دیاردە زیانبارەکانی کۆمەلگادا دەستەو ئەژنو دانانیشی و بیر لەوە دەکاتەوە کە ئال وگۆری ریشەیی بە قازانجی چینی کریکار پیك بینی. ئال وگۆر ئەساسی کاری مارکسیستەکانە ئال وگۆر لەدنیای عەین و زەین. ئیستوان مەزارش دەلی: کەسیك کە بەردەوام لەبیری ئال وگۆری بنەرەتی‌دا نەبی ناتوانی مارکسیست بی. بۆیە خولقاندنی فەزای ئال و گۆر پیکهینان لە نیزامی مەوجود لە بەرهەمە ئەدەبی‌یە پیشرەوەکان دا پیش شەرتیکی سەرەکی‌یە.

### پ: دژایەتی لەگەل گەرایشاتی دواکەوتوانە

دەکری بەرهەمیك هەم نارازی بی هەم لەبیری ئال وگۆردا بی بەلام نەچیتە خانەی ئەدەبیاتی چینی کریکار. بەرهەمیکی هونەری شورشگیر دەبی لەئاست مەیل و بۆچون و گەرایشاتی عامە پەسەند و دواکەوتوانەی ناو کۆمەل دژکردەوە لەخۆی نیشان بدات.

دەبــی لەئاســت ناســیونالیزم و مەزهــەب، کلــتوری پــیاوەمەزنی و سـەرجەمی ئەو بۆچوونانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئینسانەکان دەکیشیتە ژێر باری بچوکترین چەوسانەوە هەلویست بگرێ.

روحیاتی ناسیونالیستی لـە ئینسـانەکان دا کـە دەبنە هۆی چەند دەستەگی لەنێوان ریزی کریکاران دا، خلتەی بۆچوونی مەزهەبی کـە روحـیەی قەناعـەت هیـنان بـەو وەزعـیەتە و وەعـدەی ژیـانی خۆشـتر بـە جـەماوەر لەنـێو خـەلکدا بـلاو دەکاتـەوە، دەبـی لـە ئەدەبـیاتی پیشـرەودا هێرشـی ئیدئولوژیکییان بکریتە سەر. دەبی گەرایشـاتی پیاوەمەزنی و عادەتی پیاوانە بوون و ژێردەستەیی ژنان و ئەو فەرهەنگەی کە خزمەت بە مالەوەی ئەم گەرایشاتە دەکەن لە ئەدەبـیاتی چینی کریکاردا لەقاو بدرێن. دەبی هونەری پیشرەو ئەو بانگەشـەیە بکـات کە کریکاران خواستی هاوبەشیان هەیە و دەبی وەك پەیکـەرێك لـە بەرامـبەر نـیزامی ناعـادلانـەی سـەرمایەداری راوسـتن. ئـەوەش یەکـێك لـە تایـبەتمەندییە هـەرە گرینـگەکانی هونەری چینی کریکارە.

## ت: روحیەی کاری بەکۆمەل

بزووتـــنەوەی کـــریکاری و کۆمۆنیســـتی، بزووتـــنەوەیەکی کۆمەلایەتی‌یە کـە بـە پانـتایی جیهان لـە ئارادایە. لە سەردەمی ئیمەدا سـەرمایەداری لـە دریـژەی رەوتـی خۆیدا جیهانی بۆتەوە و بـەهۆی پیشـکەوتی تکـنولوژی و ئامیرەکـانی پـەیوەندی گشـتی جیهان بۆتە ئاوایی‌یەکی چکولە، لەهەر گۆشەیەکی ئەم ئاوایی‌یەدا بزووتـنەوەیەك بـۆ قازانجی سەرمایە مەترسی بەبار بینی دەولەتانی سـەرمایەداری ناکۆکیەکانیان لەسـەر قازانجی زیاتر دەخەنە لاوە و هـوروژم دەبەنـە سـەر ئـەم بزووتـنەوەیە و سـەرکوتی دەکـەن. دەبـی ئالترناتـیوی کریکارانـیش ریکخستنی کریکارانی جیهان لەدەوری ئالایـەکی واحد بی، کاری کۆمۆنیستی بەتاك سەمەرەی نابی. بۆیە دەبـی ئـەدەبی چـینی کـریکار لـەم قوناغـەی خۆیدا کریکاران بۆ یەکگـرتن و هاوپشـتی زیاتر بانگەشە بکات. شورشی کریکاری و بنـیات نانی کۆمەلگایەکی ئازاد و بەرابەر پیویستی بە یەکگرتنی سـەرجەمی کـریکاران هەیـە. هونەر و ئەدەبیاتی چینی کریکار لە سـەردەمی ئیمەدا دەبـی سـنووری هەرچی نەتەوە و نژاد و رەگەز و جنسـە بشـکینی و لـە پـەنا هەلسـووراوان و پیشـرەوانی کریکاری پیکەوە مەلـزوماتی ئـەو یەکگرتـنە بینە مەیدان. ئەمە ئەرکیکی جـیهانی‌یە کـە ئـەدەبی شورشـگیر دەبـی کاری رۆژانە و جیددی بۆ بکات.

## ج: زمانی نووسین

ئەدەبیاتی پیشرەو نەتەنیا لەبواری فکری و بنەمایی‌وە دەبی لەگەل ئەدەبـیاتی بـاو و زال جـیاوازی هـەبی، بـەلکو لـەبواری زمـانی نووسینەوە دەبی لەگەل ئەو ئەدەبیاتە رایەجە جیاوازی ریشەیی هەبی. دەبـی زمـانیك بـی تیـیدا ریـزی بەرامـبەر، عاتفـە و ریز گرتن لە ئینسانەکان تیبدا دەستی بالای هەبی. دەبی لە زمانی بەسوك چاو لی‌کـردن، زمـان عـەوام و دەرك و کۆلان، زمانی ئاغا و رەعیەتی، گـەورە و بچـوکی، نوکەرمەنشـانە و بەرگـەراجی دوورەپەریـز بیـت. زمانـیك بی کە ئینسانەکان بە بەکار هینانی هەست بە ئەوە بکەن لـە بەرامـبەر یـەکتردا یەکسـانن، هەموو ئینسانەکان دەبی لە یەك ئاسـتی ژیـان و گـوزەران دا بـن، زمانـیك بـی کە بەدور لە لەحنی تـەحقیر و سـوکایەتی پـیی‌کردن. بـە کورتـی زمـانی ریزگـرتن لـە ئینسانیەت بی بەبی لەبەر چاو گرتنی پلە و مەقام و جنسیەت.

ئەمەیـە ئـەو پیناسـانەی ئەدەبیاتی چینی کریکار کە کاك حوسین پـیی وایـە هەرنـەبووە و هـەر نیشە. ئایا ئاوا ئەدەبیاتیك کە لەسەر ئەساسـی ئومانیسـمی سوسیالیسـتی و عەدالـەتی کۆمەلایـەتی دامـەزرابی بێ‌بـناغە و مایە پوچە. ئەدەبیاتی چینی کریکار چی‌یە بـیجگە لـەوەی کـە راستـی‌یەکانی ژیـانی ئینسـان بـە باشـترین و راسـتگۆترین شـیوە دەردەبری. بە پیچەوانەی کاك حوسین کە پیی وایە ئەدەبیاتی چینی کریکار قسە و باسیکی سیاسی‌یە، من پیم وایـە ئـەدەبی پیشـرەو ئەسـل و بـنەماکەی لە کۆمەلگادایە. ئەگەر بـاوەرت بـەوە هـەبی کـە چـینیکی کۆمەلایـەتی هەیـە کـە نـاوی کـریکارە و دژایەتی لەئاشتی نەهاتویان لەگەل سەرمایەداری هەیە و ئـەو چینە خاوەنی میژوو و خەت و ریبازی خۆیەتی دەبی باوەرت بـەوەش هەبی کە ئەو چینە خاوەنی ئەدەبیاتی خۆیەتی. ئەدەبیاتیك کـە بـەزمانی ئـەو قسە دەکات و راستی‌یەکانی ژیانی کۆمەلایەتی خـەلك دەخاتـە روو. سەرمایەداری ئەدەبیاتی تایبەت بەخۆی هەیە، مەزهـەب ئەدەبـیاتی تایبەت بەخۆی هەیە، ناسیونالیزم ئەدەبیاتی تایبـەت بەخۆی هەیە، کریکاریش خاوەنی ئەدەبیاتی خۆیەتی. کاك

حوسێن خەریکە لەژێر ناوی ئەدەبیاتی ڕیالیستیدا خزمەت بە ئامانجێکیتر دەکات. باشە ئەگەر گۆڤاری پێشەنگ هەروەك خۆی لە سەرەتای دەرچوونی یەکەمین ژمارە دەوری یەکەمیدا ڕایگەیاندوە کە وەك چەکێکی مەعنەوی کریکاران بەرەنگاری نیزامی سەرمایەداری دەبێتەوە چون نەیتوانیوە درزێك بخاتە سەر کردنەوەی دەرگایەکی ئەدەبی مرۆڤانە. مەگەر ئەدەبیاتی پێشرەو تا ئەو ڕادەیە لەبەر چاوی کاك حوسێن دژی ئینسانی‌یە کە ئاوا قسەیەك دەکات. دەبوایە کاك حوسێن بۆ ئیسپاتی ئەو قسەیەی نمونەیەکی لە بابەتە چاپکراوەکانی نێو پێشەنگ هێنابایەوە. من پێم وایە تاکە گۆڤارێکی کوردی کە تا ئێستا بە زمانێکی پاراوی کۆمۆنیستی دەرگای ئەدەبێکی ئینسانی خستۆتە سەرپشت پێشەنگ بووە.

من پێم وایە پێشەنگ لەسەر ئەرزی واقع سەقامی گرتووە چونکە خەباتی چینی کریکارم پێ‌ڕەوایە. نە جیهانی لەخۆی کردۆتە ماخولیا و نە کۆمۆنیزم، بەلکو بەپێی واقعگەرایەکی سوسیالیستی یا خود ریالیزمێکی سوسیالیستیانە هەنگاوی هەلگرتوە و ئەگەر قراربێ ئەو پەردەیەی کە کاك حوسێن پێی خەیالی‌یە لەخۆی تور هەلدات، یانی ئەوەی کە ببێ بە گۆڤارێك وەکو ئەو هەزاران بە هەزار گۆڤارەی کە بە زمانی تایبەتی خۆیان پاساو بۆ سەرمایەداران دێنەوە و ئەو نیزامە دژی ئینسانی‌یە بە ئەبەدی و ئەزەلی لەقەلەم دەدەن، کە بێ‌گومان هیچ کات پێشەنگ تووشی هەلەیەکی ئاوا گەورە نایەت.

ئاموژگاری‌یەکانی کاك حوسێن نە تەنیا نابنە لایەلایە بۆ ئەوەی لەسەررانی ئەدەبیاتی بورژوازی تووشی گێژوی و سستی‌مان بکەن بەلکو دەبنە هۆی ئەوەی کە زیاتر لەسەر پەرەپێدان بە ئەدەبی پێشرەو کە بانگەشە بۆ مرۆڤایەتی و بەرابەری و ئازادی و کۆمەلگایەکی یەکسان دەکات سورتر بین و لەگەل ئەدەبی باو سنوور بەندیکمان هەروا بەردەوام بن، با جەنابی کاك حوسێنیش پێی وابێ لە عالەمی خەیال دا دەژین و پێمان بە عەرزەوە گیرنابێ.

## پێشەنگ هەنگاوێکی بەکردەوە!

ئێمە کە هەستاین بە دووبارە دەرکردنەوەی گۆڤاری پێشەنگ نە لە سەرەتادا و نە ئێستاکەش کە ژمارە ٣ی دەردەچێ هیچ کاتمان پێمان وانەبوو و نیشە کە ئەو گۆڤارە وەرزی‌یە دەتوانی مەلزوماتی ئال وگۆری قول و بنەرەتی بە قازانجی زۆرینەی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی پێك دێنی و مارکسیزم و ئەدەبیاتی چینی کریکار وەك جەریان و ڕەوتێکی کۆمەلایەتی کە بە بارستانی جیهان لە ئارادایە بناسێنی و ئال وگۆری گەورە و بەهێز و ریشەیی لە جیهانی عەین و زەین دا پێك دێنی و ئێمە دەتوانین نەقش و ڕۆلی مونجی کریکاران لەریگای گۆڤارەکەمان بگێرین. بەلام لەبیرمان نەچێ کە پێمان وایە هەنگاوێکی بەکردەوەیە و لەو بارودۆخەدا گرینگیشە کە دەتوانی ولامی ژمارەیەك لەو پرسیارانەی کە کەسانی وەك حوسێن بەفرین دەیانهێنیتە ئاراوە بداتەوە. ئێمە ناتوانین وەك بورژوازی کە ئیمکاناتی بەرینی تەبلیغاتی و فکری هەیە و هەر ڕۆژەش تەبلیغاتی دژی کریکاری و کۆمۆنیستی بەرهەم دێنیتەوە و هێرش دەکاتە سەر کریکاران و بە بیانووی جۆراوجۆر خەلکی سەر گۆی زەوی قەتلی عام دەکات، بۆ ئامانجە ئینسانی‌یەکانی خۆمان هەولبدەین و کریکاران لە دەوری ئالاکەمان بەسیج بکەین، بەلام پێم وایە هەر بەو ئیمکاناتە کەمەوە کە هەمانە لانی‌کەم دەتوانین وەك ڕەوتێکی زیندوو کە پشت ئەستور بە زۆرینەی کۆمەلە لە بەرامبەر ئەدەبیاتی بورژوازی کە مرۆڤ بەرەو تێیدا چوونی بەشینەیی دەبات و تەبلیغاتی ڕەوا بوون ئیدعا بوونی خۆی دەکات، دەنگ هەلبرین و ئەدەبیاتی چینی کریکار بناسێنین.

چاندنی تووی ئاگاهی سوسیالیستی لەنێو جەماوەردا بە هەر رادەیەکیش بێ، بێ‌گومان کاریگەری خۆی دادەنی و ئامانجی چینایەتی خۆی دەپێکی. ئێمە پێمان وایە لە ئاست سەمپاشی گەرایشی ناسیونالیستی و لیبرالیزمی سەرمایەداری و سەرمایەداری کە بە ئەدەبیاتی خۆیان دەیکەن بۆ زۆر هونەرمەند و نووسەر کە باوەڕیان بەهێزی کریکاران و ڕوخانی سەرمایەداری هەیە هیوایەك بین. دیسان تەئکیدی دەکەینەوە کە ئێمە پێمان

وانیە پیشەنگ و چەندانیکی وەکو پیشەنگ دەتوانن شورشی کریکاری وەری بخەن و مەلزوماتی هاتنە مەیدانی جەماوەری خەلك بە شیوەیەکی یەکانگیر دابین بکەن، بەلام هەنگاویکە کە هەلمان گرتووە تاکو بتوانین ئەرکی چینایەتی خۆمان بەجێ بگەیەنین.

### وتەی ئاخر

مـن هەولم داوە بە کورتی میژووی واقعی پیشەنگ بدەمە بەرباس کە بێ‌گومان لەکاتی خۆیدا و لە سەردەمیکی دیاری کراودا بەپیی بنەما فکری سەنگ و سوکی بابەتەکانی کاریگەری بەرچاوی داناوە لەسەر هۆگرانی ئەدەبیاتی پیشرەو لە هەردووك دیوەکەی کوردستان (ئیران و عیراق). ئیمە هەر دید و بۆچوونیکمان بێ و هەر روانگەیەکی رەخنەگرانەمان بیت نیسبەت بە هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری ناتوانین میژووەکەی چەواشە بکەین. من وەك خۆم پیم وایە پیشەنگ لە دەوری دووهەمیدا ئال وگۆری تیدا پیك هاتووە، ئەو ئال و گۆرە بێ‌گومان ئەوە نیە کە کاك حوسینەکان ئاواتیانە و بۆمانی دەست نیشان دەکەن ئەوەی کە ئەم دەورەیەش گۆڤارەکەمان جەختی لەسەر دەکات خۆ قەتیس نەکردنەوە لە چوارچیوەی باوەر و بیرۆکەیەکی بەرتەسکی ناوچەییە. ئاسۆی ئیستامان هەمان ئاسۆی پیشووی پیشەنگە کە ئیستاکەش بۆمان قابلی دیفاعە. ئیمە هەر نیویك بۆ ئەدەبیاتەکەمان دانین چ هونەر وئەدەبیاتی کریکاری، ریالیزمی سوسیالیستی و هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو و... لەم واقعیەتە کەم ناکاتەوە کە ئیمە خۆمان سەر بە هونەر و ئەدەبیاتیك لە قەلەم دەدەین کە لانی‌کەمی داخوازەکەی نەمانی نیزامی لەسەر کارە. جا هەر نیویکی بۆ دابنین بە بروای من ئەگەر لەم راستایەدا هەنگاو هەلینین فەرقی نیە.

تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە سەر سوننەتی مارکس و ئینگلس، ئەوان هەموو بەرهەمیکیان (لە یونانی کۆنەوە هەتا سەردەمی خۆیان) دەخویندەوە و دەیانناسی کاتیك کە لە مارکسیان پرسی کە هۆگری کام شاعیری، ئاماژەی بە هاوریێیانی نیزیکی خۆی وەك: هاینە، ویرس و فردیناندفریلگراس نەکرد، بەلکوو ناوی شکسپیر، ئاشیلوس و گوتەی برد. مارکس بۆ خویندنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە دەیانخویندەوە ئەو خالانەی لەبەر چاو بوون، مەسەلەی جوان ناسی، سەرنج دان بە بەریوە بردنی یاسا و پروسە میژوویی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان، رادەی سەرنج دان بە مرۆڤایەتی و دژایەتی لەگەل مەزهەب، کە لەو بەرهەمانەدا رەنگیان داوەتەوە، نەك کریکاری و غەیرە کریکاری بوونی بەرهەمەکان.

من وەك خۆم پیم وایە کە پیشەنگ لەم دەورەیەدا لەم پیناوەدا هەنگاو هەلگرێ کە مارکس لەبەر چاوی بوو، بێ‌گومانیش هەروا دەبێ.

## سەرچاوەکان:

١- بەیاننامەی کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردستان
٢- دوو وتار بە نیوەکانی:"رەمزی بەهیز بوونمان بناسینەوە" و "چەند دیمەنیك لە هونەر لە کوردستانی شۆرشگیردا (بەیادی نەورۆزی ٥٩)" ن: شاعیری شۆرشگیر ریبوار
٣- چینی کریکار و هونەر و ئەدەبیات ن: فەرەیدون نازری

**روون کردنەوە:**

**لەگەل داوای لیبوردن لە خوینەرانی پیشەنگ کە چەند هەلە لە جەریانی کاری فەننی ژمارە ٢ی گۆڤارەکەماندا روویدا بە مجۆرە هەلەکان راست دەکەینەوە**

**١-بابەتی "شاملو لەبەر خۆیەوە "**
**سەرچاوە گۆڤاری سەردەم سەر بە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**٢-لەناو جەرگەی خەباتی کریکاران دا...،**
**سەرچاوە پەیامی کۆمۆنیزم**



# کولتووری کوردەواری و پێشێل کردنی مافی ژن

ن: عوسمان رەحمانی

بە لێکۆلینەوە و لیکدانەوەی پیوەرەکان، نرخەکان، دیاردە کۆمەلایەتی‌یەکان، نیشانەکان و ئەو سومبولە هاوبەشانەی کە کولتووری میللەتیك یان ولاتیك پیك دینن و هەروەها بە تویژینەوەی رەوتی گورانکاری‌یەکانیان و بە لەبەر چاو گرتنی جۆری حاکمیەتەکان و هەلس و کەوتی حاکمان، تا ئاستیك جیّ و شوین و مافی تاك و کۆمەلایەتی ئینسانەکان بەگشتی و بە تایبەتی ئینسانی ژنمان بۆ دەردەکەویّ. تان و پۆیەکانی پیکهینەری کولتوور وەك ئورگانیسمیك هاوکات لەگەل گورانکاری‌یەکانی کۆمەل دا بەردەوام لەحالی گۆران دایە و بە تیپەر بوونی زەمان و پیداویستیە نویّیەکانی ئینسان شیوە و شیوازی نویّ بەخۆیەوە دەگریّ. ئەم شیوەیە بە خویندنەوەی وردی لایەنەکانی کولتوور و سومبولە هاوبەشەکانی مەوجوود لەهەر سەردەمیك دا تا ئاستیك سیمایەکی کەم تا زۆر روون لە کولتووری ئەو سەردەمە و جیگا و بەرژەوەندی تاك لە کۆمەل و پیوەندی ئەو لەگەل دەسەلاتی حاکم دا نیشان دەدا.



بۆ نموونە کولتووری سکۆلاری رۆژئاوا، لە سەردەمی رۆشنگەری‌دا دەستی پیکرد کە بیروبۆچوون و باوەری نویّی فەیلەسوفەکان و زانایان و گەشەی ئابووری بنەمای ئەم کولتوورەی بنیاد نا. لەدریژەی ئەم رەوتە نویّیەدا بە خەباتی دریژماوە و بەردەوامی کریکاران، کۆمۆنیستەکان، زانایان، تویژەران و نووسەرانی شۆرشگیر، هونەرمەندانی ژن و پیاوی پیشرەو و پیشکەوتنخواز و

ئینسان دۆست، دەستی رژێمە مەزهەبییەکان و حاکمیەتی کەنیسە لە دەست دریژی بۆسەر ماف و ئازادی‌یە تاك و کۆمەلایەتی‌یەکان کورت کرا. هەروەها ژنان و پیاوانی بەرابەری خواز و ئازادیخواز بە خەباتی سەختی خۆیان توانیان بەشیك لە مافی بەرابەر بەسەر حکوومەتەکان، بە تایبەت لە رۆژئاوا بسەپێنن. ئەم کولتووره بە دەرکی ئازادی "تاك" و کەرامەتی ئینسانی تاك دەستی پێکرد. کولتووریك کە مافی تاك و ریزگرتنی لەتاك لەناوەند و بەرنامەی کولتوور و داهێنانی کولتووریدا دانا. بیرو باوەریك کە ئینسان و ئازادیە تاك و فەردیەکانی لەکۆمەل دا بە رەسمی ناسی.

کۆمەل و کولتووری کۆمەلگا بەرهەمی ئینسان و رەوتی بەرەو پێش چوون و ئاکامی هەلسوورانی فکری و زەینی ئینسانە. ئەساس و چۆنیەتی یان ئاستی پێشکەوتوویی کولتوور و فەرهەنگی هەر میللەتیك لەدابین بوون و لەبەر چاو گرتنی ماف و جێ و شوێن و ئاستی ئازادی‌یەکانی تاك دایە. لەم پێوەندیەدا تەنیا بزووتنەوەی کریکاری و سوسیالیستی ئەمێندار و گرانتی ئازادی و مافی بەرابەری ئینسانەکانە! چونکە بزووتنەوەی کریکاری و سوسیالیستی، پێوەری ئازادی کۆمەلگای بەشەری بە پێوەری ئازادی ژن هەلدەسەنگێنی.

کولتووری زال بەسەر کۆمەلگای کوردەواریدا، بە تەواوی نا ئینسانی و دژ بە سەربەستی و ئازادی تاك داریژراوه و پەیرەو دەکرێ. بە خوێندنەوەی کولتووری کوردەواری کە پیاوسالاری سەرمایەداری‌یە و تا ئاستیکی زۆر پاشماوەی کولتووری فیوداڵیش باو و بەردەوامە، جیاواز لە پێشیل کردنی ماف و توندوتیژی بە ئاشکرا لە دژی ژنان، بە شیوەی نهێنیش ژنان قوربانی بێدەنگی توندوتیژی کولتووری نائینسانی حاکمن. توندوتیژی‌یەك کە لە هەموو لایەکەوە بەسەر ژنان دا سەپێندراوه، لەلایەن کۆمەلگا، بنەماڵە، یاسا، داب و نەریت و تەنانەت لەلایەن خۆشیانەوه. بەهۆی زال بوونی باوەرە سوننەتیەکان و حاکم بوونی مەزهەب و بە تایبەتی دەخالەتی مەزهەبی ئیسلام لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی‌دا، پیاوان بە خاوەن ئیختیار و بەهیز دادەنرین و لە لایەکی دیکەوە چونکە دەسەلاتی ئابووری لەدەست پیاو دایە، بوارەکانی ئەنجام دانی توندوتیژی لەدژی ژنان، لەخۆیدا ئامادە و رەخساوە.

دیاردەی توندوتیژی لەدژی ژنان کە رەنگدانەوەی کولتووری زالی پیاوسالاری، سەرمایەداری‌یە، لە هەموو کۆمەلگاکان دا هەیە و بەریوە دەچێ. ئەم ستەم و توندوتیژی‌یە لە کولتووره جۆراوجۆرەکان و داب و نەریتە جۆراوجۆرەکان دا، جۆر و شیوازی جیاوازی هەیە. بەلام بە هەر شیوەیەك بێ، یەك ئامانج رەچاو دەکا. ئەویش ئەوەیە کە پیاوان توندوتیژی وەك ئامرازیك بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بە کاری دینن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ستەم و توندوتیژی لەسەر ژنان جیاواز لە شیوەی میکانیکی، واتە لیدان، بە شیوەی دەروونیش بەریوە دەچێ. بە هەمان رادە کە توندوتیژی جسمی زیانی جسمی بە ژنان دەگەیەنی، توندوتیژی دەروونیش زیان بە روح و نەفس و رەوانیان دەگەیەنی و تووشی گیروگرفتی جۆراوجۆریان دەکا.

## شیوەکانی توندوتیژی و هەلاواردن لەدژی ژنان

### توندوتیژی جسمی:

لیدان یەکیك لەو نەریتە بەردەوام و باوەی کۆمەلگای کوردەواری‌یە کە لەلایەن پیاوان واتە باوك، برا، میرد و تەنانەت دۆست یان دلدارەوه دژ بە ژنان بەریوە دەچێ. لە بنەماڵەدا تەنانەت برا چکۆلەش لە خوشکی گەورە دەدا و ئەمری بەسەردا دەکا. لیدان لەخۆیدا ئەوه دەگەیەنی کە لیدراو بە ئینسان دانانرێ و حیسابی حەیوانی مالی بۆ دەکری کە سەرپیچی لە فەرمانی خاوەنەکەی کردووه. ئەگەر ئەم هەلویستەی پیاو بەرانبەر بە ژن لەباری ئینسانیەوه لیك بدەینەوه، ئەوا لیدەر دووره لە ئینسانیەت چون ئینسان بریتی‌یە لە بوونەوەریکی خاوەن شعوور و دەرك و هەستی ئینسانی و بۆ چارەسەری کیشەکان پەنا بۆ شعوور و مەنتیق دەبا نەك لیدان. لیدان مانای لاوازی و نەبوونی دەرکی ئینسانی و

ئەخلاقی ئینسانی‌یە. لیدان جیاواز لە ئازاری جسمی و شکاندنی دەست، لاق، پەراسوو و هتد بووەتە هۆی سەقەت بوون و کوشتنی ژنانیش.

### توندوتیژی دەروونی:

توندوتیژی دەروونی وەك سووکایەتی، ئیعانە، بەکار بردنی لەفزی ناشیرینی وەك سەلێتە، سۆزانی، قاحبە، پەتیارە، بەرەلا، زەعیفە و بێ‌عەقل و...، زیاتر لە توندوتیژی جسمی باوە. توندوتیژی دەروونی بە پێچەوانەی توندوتیژی جسمی وەك لیدان، شوێنەوارەکەی خێرا دەر ناکەوێ، بەلکوو لە درێژماوەدا شوێنەوار و ئاسەواری روخێنەر و زیانبار دادەنێ. بۆ نموونە باوترین توندوتیژی دەروونی نەدواندنی ژن و ئیهمال کردنی لەلایەن پیاوەوەیە کە ژنان عەزاب دەدا. هەروەها خانە گومانی یان هەمان دلپیسی پیاو، بێ‌بەش کردنی ژنان لە پێکەوە خەوتن، نەبوونی ئیجازەی چوونە دەرەوە، بەرگری لە کار لە دەرەوەی مال، یان دەرکردنی ژن و ناردنەوەی بۆ مالی باوك، بەشێکی دیکەی توندوتیژی دەروونی‌یە کە لەلایەن پیاوەوە بەسەر ژن دا دەسەپێ و بەردەوام بەرێوە دەچێ.

هەرچەندە پیاوان بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆیان دەست دەدەنە کردەوەی توندوتیژی بۆ مەبەستەکانیان، بەلام ئەمە تەنیا توندوتیژی نییە کە دەسەلاتیان بۆ دابین دەکا، بەلکوو خودی ژنانیش بە جۆرێك یارمەتیان دەکەن. ژنان لە ترسی پیوەری دەستکرد و ریاکارانە و یەك لایەنەی ئەخلاقی، واتە لەترسی ئابرو و یان ترس لە تەنبێ و توندوتیژی، تەسلیمی خواستە نارەوا و نامەنتیقیەکانی هاوسەرەکانیان دەبن و لە ئاکام دا ئەمە خۆی دارمان و زیانی سەختی دەروونی بە دواوە دەبێ. بێجگە لەمانەی کە باسمان کرد، کولتووری باو و حاکمی کوردەواری بە رەسمی ژن بە ئینسانی تەواو و سەربەخۆ ناناسێ و سیفات و پیوەر یان نیشانەی ناسینەوەی بۆ داناوە. ژنان وەك ملکی پیاو یان خاوەندار پیناسە دەکرێن. وەك دایك، خوشك، براژن، ئامۆژن، خالۆژن، مەلاژن، باوەژن و خیزان و ... هتد.

بەکار هێنانی وشەی سووك وەك سەرکۆنە کردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لەلایەن کۆمەلگاوە ویردی زمانی گەورە و بچووکە وەك: قاحبە، لەچك بەسەر، زەعیفە، بێ‌حەیا، پەتیارە و روهەلالاو و... پیوەری نرخاندن یان بە باش دانانی ژنانیش لەخۆیدا سووکایەتیە بە ژنان. بۆ نموونە ژن و کچێك کە گوێ رایەلن و بە تەواوی لە ئەمر و نەهی باوك و برا و مێرد دان و مەوجودیەتی خۆیان لەبەر هێنانەدی پیوەرە پیاوسالارانەکان نەفی دەکەن، بەم پیوەرانە پیناسە دەکرێن: خانم، پاکداوێن، شەرمن، نەجیم، بەحەیا، بەشەرەف، هەلویستەکەی پیاوانە و مەردانەیە. کاتێك کە پیاوان و کوران بەشەرِ دێن، هیچ کامیان پەلاماری کەسایەتی یەکتر نادەن و بەلکوو جنێو بە ژن و دایك و خوشك و کچی یەکتر دەدەن و ئەویش رەنگدەرەوەی ئامراز بوونی جنسی ژنان و زەبوونی و دارمانی باری ئەخلاقی کۆمەلگایە.. هەروەها بۆ سووکایەتی بە یەکتر هەمان ئەو وشە سووکانە بەکار دێنن کە بۆ ژنانیان داناوە وەك: ژنانی، کراسی ژنان لەبەر بکە، ژن سفەت، لە ژن کەمتر، بەژن بم و ژن رەنگ و...

ژن لە هونەر و شیعر و ئەدەبیات و گۆرانی کوردیدا، جیاواز لەوەی کە بووەتە پەسا و کەرەسەی هۆنینەوە و رازاندنەوەی شیعر و بابەتەکانیان، ئەو راستیە حاشا هەلنەگرەش بەیان دەکا کە وەسیلەی خەملینەر و نەوازشکەری جنسیەتی پیاون. بەشی زۆری شیعر و گۆرانی‌یەکان پێکهاتووە لە وەسفی ئەندامانی لەشی ژن و تەنانەت جنیودان بە مێردەکەی و هیوای هەتیو کەوتنی مندالەکانی. ئەمە لە حالێك دایە کە ژنان نەك هەر مافی بەرابەریان لەم بارەیەوە نیە، بەلکوو بە تاوان دادەنرێ و ئەگەر ژنێك بە پیاوێك بلێ خۆشتم دەوێ، هەزاران سووکایەتی پێ‌دەکەن. ژنان دەبێ گۆرانی پیاوەکان بلێنەوە و خۆشیان وەسفی خۆیان بکەن بۆ پیاوان. مانای ئەم نەریتە ئەوەیە کە ژن کالایەکی جنسی‌یە بۆ کەلك لێ‌وەرگرتن، بۆ رابواردن و بوونەوەریکە لە خزمەت هەوەسی جنسی پیاوان دا. لە شانۆ و سینەمادا ژن نەك

وەك كەسایەتیەكی سەربەخۆ، بەلكوو لەویش دایك و خۆشك و كچ و ژنی ئەم و ئەوە و دەوری مالدار، خزمەتكار، چیشت لینەر و فیتنە و ناموس پاریز دەبینی.

**چەوساندنەوە و هەلاواردنی ئابووری و كۆمەلایەتی ژن:**

هەروەك ئاماژەی پیكرا، ژن لە كۆمەلگا و كولتووری پیاوسالاری كوردستان دا، وەك مرۆڤی سەربەست و سەربەخۆ ناناسرێ و یان دایك، ژن، خوشك، هاوسەر، براژن یان دەزگیران و دلداری ئەم و ئەوە. مافیك كە ژن هەیەتی تەنیا بۆ زیندوو مانەوە و خزمەت كردنی پیاوە. ژنان لە كولتووری كوردەواری‌دا نەفەقە وەردەگرن، بەخیوكەری مندالی پیاون، سیغە دەكرین، كلفەت و كارەكەر و مەیتەرن، ناموس پاریزی بنەمالە و نەتەوەن، مالدار و كاسەی هەوەس و كەرەسەی رامینەری جنسی پیاون، كالای جنسین و دەفرۆشین، دەكردرین و دەگۆردرینەوە ژن بەژنە و گەورە بە بچووكیان پێدەكرێ، بەهەشتی نادیار لەژیر پێیان دایە، خانم و پاریزەری سامانی پیاون.

ئەگەر رێ و رەسمی زەماوەند كە بەشیكە لە كولتووری كوردەواری بخەینە بەر لیكۆلینەوە و حالەتەكانی باس بكەین، بە روونی بۆمان دەردەكەوێ كە ژن ئامراز و كالای جنسی‌یە و لە هیچ مافیكی ئینسانی و كۆمەلایەتی بەهرەمەند نیە. مەزهەبی ئیسلام لیرەدا دەوری سەرەكی دەگیرێ و بە تەواوەتی دژ بە ئینسان بوونی ژنە. ئیسلام ژن بە سەرچاوەی فەساد دادەنی و بە توندی كونترولی دەكا. لە ئیسلام دا ژن وەسیلەیەكە بۆ جێبەجێ كردنی مەیل و هەستە جنسیەكان و خواستەكانی پیاو و ئەركی سەرەكی مندال بە دنیا هینانە. لە ئیسلام دا جنسیەت و نیازی جنسی ژن پیس و چەپەلە و دەبی سەركوت بكرێ. نابی بە دەنگی بەرز پێبكەنن، قسە بكەن، نامەحرەم نەیان بینێ، بە بێ‌ئیزنی مالەوە نەچنەدەر، خەتەنە بكرین و ئەگەر دلداری‌یان كرد دەبی بەردەباران بكرین و بدرینە بەر قەمچی و شەلاق. لەزەتی جنسی كە بەشیكی گرنگە لە سروشتی مرۆڤ، بە پیسترین و شەیتانی‌ترین پیوەندی دادەنرێ و پاش جووتگیری دەبی ژن و پیاوەكە خۆیان بشۆن و لەش پیسی دەر بكەن.

لەم كولتوورەدا ژن مەوجوودیكی حەرامە و دەبی مەلایەك حەلالی بكا (مارە كردن). تا میرد نەكا، لە مافی لەزەتی جنسی مەحروومە و تەنانەت تاوانە و ئەگەر شتی وا بكا و پیی بزانن، ئەوا سووك و ریسوا دەبی و بە زۆریش بۆ ریزگرتن لە ناموسی بنەمالە دەكوژرین. ئازادی هەلبژاردنی هاوسەری نیە و جیا لە باوك و برا، دەبی ئیزنی عەشیرەكەشی لەسەر بێ. بەهۆی ئەوەی كە ژن لە باری ئابوورییەوە خاوەنی معاش و مافی خۆی نیە و بەستراوەتەوە بە باوك و براوە، باوك وبرا بەرانبەر بە پارە دەیفرۆشن بە كریار كە باوكی كور بێ و ماوەیەك چەقە چەقی مەعامەلەیە تا ریك دەكەون. پاش ریكەوتن و دوای ماوەیەك زەماوەندی بۆ دەكەن. كچ دەرازیندریتەوە و وەك كالایەكی جنسی بە سواری ماین یان دوو پیاو دەستی دەگرن و دەیبەن بۆ مالی زاوا. سەر و چاوی بە قوماشیكی سوور داپۆشراوە و حەقی نیە لایبا تا جەنابی زاوا هەلی دەداتەوە. جگە لەمەش، ئەگەر ئەم كچە پەردەی بەكارەتی نەبێ، لە بان بەربووبیتەوە یان كەوتبی و یان بە جۆریك لەدەستی دابێ، ئەوا ریسوایە و دەبی چاوەرێی قەمچی و بەردەباران و مەرگ بێ. ئەمە لە حالیك دایە كە هیچ جۆرە مەرجیك بۆ كور نیە و سەربەستە. ئەگەر پەردەی هەبوو، وەردەگیرێ و دواتر ئەگەر لە ئیمتحانی كاری ناومال و ولامدانەوە بە هەموو خواستەكانی پیاوەكەی و مالی خەزوورانی دەرنەچوو، دەكەویتە بەر لیدان و سووكایەتی و لە ئاكام دا یان دەری دەكەن و یان دەتۆری و دەچیتەوە مالی باوكی. ئەوانیش چوون پارەیان وەرگرتووە، بە هەمان شیوە و بە توندوتیژی بەرەو رووی دەبنەوە و بە زۆر دەینیرنەوە بۆ جەهەننەمی مالی میردەكەی. ئەمجارە دەبی كۆیلەیەكی تەواو بێ و هەموو ناوەرۆكی كولتووری پیاوسالاری قەبوول بكا. بەلام سەرپیچی كرد، هیندەی لی دەدەن تا دەمری و یان چونكە هیچ پەنایەك بۆ خۆی نابینی، خۆی دەسووتینی و یان

خۆی دەکوژێ. خۆکوشتن بووەتە دیاردەیەکی باو و ریگای رزگاری لە ژیانی ژنانەی ژێر حاکمیەتی کۆمەلگا و کولتووری ئیسلامی، پیاوسالاری سەرمایەداری کوردستان دا.

دزیوترین و نائینسانیترین هەلاواردن و ستەم لەسەر ژنان و پیشیل کردنی ئازادی و سەربەستی و مەوجوودیەتی ژن وەك ئینسان، بەریوە بردنی نەریت و یاسای کۆنەپەرەستانەی حیلەی شەرعیە کە بە کوردی "جاش" بۆ کردنە و لە ئیسلام دا هاتووە. ئەگەر کەسیکی هەژار لە حالی تووره بوون دا هەلەیەك بە زاریدا بێ و وشەی تەلاق بەکار بهینی، مەلا و شیخ و دەسەلاتدارانی هەلپەرەست بە هەلی دەزانن و دەلین تەلاقی کەوتووە و ژنەکەی لی حەرامە و دەبی جاشی بۆ بکرێ. بەم شیوەیە ژنی کابرای داما و بۆ مادیەك لە کەسیك یان لە خودی مەلا مارە دەکرێ و پاش چەند رۆژیك تەلاقی دەدا و دیسانەکە لە میردەکەی خۆی مارەی دەکەنەوە. لیرەدا مەلا هەم بۆ تەلاق دان و هەم بۆ مارە کردن پارە وەردەگرێ و زۆر جاری واش بووە کە جاشەکە ژنی کابرای تەلاق نەداوەتەوە و یاسا و شەرعیش ئەو حەقەی پێدەدا.

ناسینی ریشەی توندوتیژی لەسەر ژنان و پەی بردن بە هۆکارەکانی ئاوا دیاردەیەکی نائینسانی، دەتوانی دەوریکی گرنگ و کاریگەری هەبی لە دۆزینەوەی ریگاچارە و ریگاکانی بەربەرەکانی کردنی و کۆتایی پێهینانی. چونکە هەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی هۆکاری کۆمەلیك هۆی جۆراوجۆرە و توندوتیژی لەسەر ژنان ریشەی لە هۆی جۆراوجۆر دایە. لیرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆیەك بکەین کە رای دەروونناسەکانیشی لەسەرە، هۆی تاك، بنەمالەیی و کۆمەلایەتی. هۆکارەکانی تاك لە راستیدا گیروگرفتی روحی و دەروونی تاکی ئازار دەرە و حەزی لە توندوتیژیەی. ئەمجۆرە کەسانە لەبار قەوارەی کەسایەتیەوە تووشی خەلەل و نەخۆشی هاتوون کە بەرەو توندوتیژی خولقاندن دەیانبا. ئەم حالەتە بەرهەمی باری پەروەردە و فیرکردنی کۆمەلایەتی و رەنگدەرەوەی کولتووری باو و حاکمە و هۆی نەبوونی بەرنامە و پەیرەوی زانستی و ئەخلاقییە.

هۆکاری بنەمالەیی توندوتیژی لەسەر ژنان ریشەی لە پەروەردەی بنەمالە و دەورانی مندالی دایە، کە گەورە بوون، وەك رەوش و عادەت بەکاری دینەوە. زۆربەی کەسانیك کە هاوسەرەکانی خۆیان ئازار دەدەن یان لەگەل ژنانی دیکەدا رەفتاری توندوتیژیان هەیە، لە مندالیدا شاهیدی توندوتیژی جۆراوجۆر بوون. بارودۆخ و چونیەتی ژیانی تاك لە دەورانی مندالیدا دەوری گرنگ و کاریگەری هەیە لەسەر داهاتووی. ناکۆکی نیوان دایك و باوك، کیشەی نیوانیان و لیدان لە دایك، دەبیتە هۆی ئەوە کە مندالیك کە شاهیدی ئەم رەفتارانەیە لە تەمەنی گەورە سالی خۆیدا دووپاتیان بکاتەوە و بەرانبەر بە هاوسەرەکەی خۆی دەست بداتە توندوتیژی جۆراوجۆر. هەروەها کەسانیك کە لە مندالیدا بەردەوام لەلایەن دایك و باوك و یان کەسانی گەورەوە سووکایەتیان پێدەکری و ئازار دەدرین، چونکە لەو کاتەدا لاوازن و بێدەسەلات و کاتیك گەورە بوون و بە ژن هینان دەگەنە دەسەلات، تیدەکۆشن عوقدەکانی مندالی خۆیان هەلریژن و قەرەبووی بکەنەوە.

دەور و نەقشی کۆمەل لە پیکهاتنی توندوتیژی جۆراوجۆر دژ بە ژنان و کاریگەری نائینسانی لەسەر ژیان، زادەی باوەری حاکم و پیویستی قازانج و بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدارە. باوەرە نائینسانیە کولتووریەکان و داب و نەریتە مەزهەبی و پیاوسالارانەکان کە یاسای ئیدارە کردنی ولات و کۆمەلگان، ژنانیان کردوەتە کویلە و گوێ رایەلی میرد و ئینسانیکی بێئیختیار. ئەم باوەرە ئیسلامی و دواکەوتووە دژی بەشەرییانە سەرەکیترین کاریگەرییان لە خولقانی ئەم گرفت و دیاردەیەدا هەیە. بەپیی یاسا ئیسلامیەکان کە حاکمە، ژن بە نیوە ئینسان، بێعەقل، زەعیفە، سەرچاوەی فەساد و مەلکی پیاو و پیاوان بە خاوەن ئیختیاری تەواو و مالکی ژن دادەنی. یاسای حاکم و یاسا ئیسلامیەکان دەستی پیاویان لە ژیردەستە کردن و چەوساندنەوە و

ئازاردانی ژن دا ئاواڵە کردووە و تەنانەت بووەتە شعووریکی کازب بۆ ژنانیش و ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ئەم ستەمانە بە ڕەوا دەزانن. بۆ نموونە زۆربەی ئەو ژنانەی کە لەلایەن مێردەکانیانەوە دەکەونە بەر توندوتیژی و ئازاردان و سووکایەتی، لەبری ئەوەی کە پێ لەسەر مافی خۆیان داگرن و بۆ وەدەست هێنانی تێبکۆشن، بە شێوەیەك و بە بیانووی جۆراوجۆر حاشای لێدەکەن. ترسان لە گوناە و سزای بێبناغەی خوا و ڕۆژی قیامەتی دەستکردی حاکمانی پیاوسالار، ترس لە پەرەسەندنی گرژی و ناکۆکیەکان، قەبوول کردنی بێحورمەتی و لێدان و توندوتیژی بۆ نیگەران نەبوونی دایك و باوك و برا و خزمان و کەس وکار، پاراستنی نهێنیەکانی بنەماڵە کە هەمان پێشیل کردنی خودی ژنان و مافی ژنانە بەشێکن لەو هۆ و هۆکارانە کە ڕێگا لە ژنان دەگری دەست لە مافیان هەڵبگرن.

دیارە سەرەرای سەرکوت و کوشتار، شەلاق و بەردەباران، شکەنجە و زیندان و سووکایەتی بە ژنان لەلایەن تاك و بنەماڵە و کۆمەڵ و دەوڵەتەوە، ژنانی کوردەواری وەك ژنانی وڵاتانی دیکە درێژەیان بە خەبات داوە و ئەم خەباتە بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە. ژنانی کورد لە بەشە جۆراوجۆر و پارچەکانی کوردستان دا جیاواز لە خەباتی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە خۆیان، شان بەشانی پیاوانی کۆمۆنیست و شۆرشگێر و ئازادیخواز لە خەباتی سیاسی و چەکداریش دا بەشداریان کردوە و بە کردەوە بێبناغە بوونی یاسا و نەریتی مەزهەبی و پیاوسالاری و بوونی خۆیان وەك ئینسانی داهێنەر و بە توانا سەلماندوە. دیارە خەبات بۆ پاشەکشە بە کولتوور و یاسا و نەریتی پیاوسالاری و سەپاندنی یاسای نوێ کە پشتگیری مافی ڕەوا و بەرابەری ژنان لەگەڵ پیاوان بکا، بە شێوازی جۆراوجۆر پێویستە. لە هەمان کات دا دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە تەنیا بە لەناو چوونی سیستەم و حاکمیەتی نیزامی پیاوسالاری سەرمایەداری کۆتایی بە ستەم و چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان بەگشتی و ژنان بە تایبەتی دێت. لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەساس و ڕیشەی ستەم لەسەر ژنان لە سیستەمی سەرمایەداری دایە و ئەم سیستەمە بەردەوام بۆ کەڵەکە کردنی هەرچی زیاتری سەرمایە لەدەست سەرمایەداران و پاراستنی نیزامی سەرمایەداری، بەردەوام کولتووری مەزهەبی- پیاوسالاری بەرهەم دێنێتەوە. هەتا ئەو ڕۆژەی کە یاسا مەزهەبی و قانوونە دژی ئینسانیەکانی سەرمایەداری لەژیان و چارەی خەلك دا دەخالەتیان هەبێ، ئازادی و ڕزگاری ئینسان بەگشتی و ژنان بە تایبەتی نامومکینە. تەنیا ڕێگای ڕزگاری یەکجاری لە کۆمەڵگای سوسیالیستی و سوسیالیستی کردنی ئامرازی بەرهەم هێنان دایە. ئەمەش تەنیا لە ڕێگای بزووتنەوەی کریکاری و سوسیالیستی و بە خەباتی بەردەوام و یەکپارچەی ژنان و پیاوانی کریکار و زەحمەتکیش وەك چینی کریکار و بە هاوپشتی و پشتگیری کۆمۆنیستەکان، ئازادیخوازان، فەرهەنگیانی ئینسان دۆست و بەرابەری خواز دەستەبەر دەبێ.



رشاد. نازمی

# رۆڵی ڕووناکبیر
# "لە یادی ئیدوارد سەعید"




و: ب- مازیار

ئیدوارد سەعید، توێژەر، ڕەخنەگری ئەدەبی و بەرگری‌کەری شێلگیری مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی‌خەلکی فەلەستین، ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی٢٤ سپتەمبەر پاش بەربەرەکانی‌یەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی سەرەتان، لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ئیداورد، لە فەلەستین لە دایك بوو، لە ساڵی ١٩٨٤ پاشی کوچ پێکردنی زورەمەلی لە زیدەکەی، لە گەڵ بنەماڵەکەیدا چووە قاهیرەی پێتەختی ولاتی میسر ولەوی نیشتەجی بوو. ئیدوارد لە سەردەمی تازە لاویدا ڕێی‌ئامریکای گرتەبەر و پاش ئەوەی خوێندنی لە بواری ئەدەبیاتدا تەواو کرد، دەستی‌کرد بە ووتنەوەی وانەی ئەدەبیاتی پراتیکی وئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکوی کلۆمبیایی نیویورکدا.

ئیدوارد، وەك یەکێك لە سیماناسراوەکانی ڕووناکبیری پێشکەوتنخواز، یەکسانی خواز، مرۆڤ دۆست و مۆدیرن لە ڕاگەیەنەگشتی‌یەکانی ڕۆژئاوا وجیهاندا دیار بوو. ئیدوارد، یەکیك لەو ڕووناکبیرە دەگمەنانە بوو کە هەتا دواساتەکانی تەمەنی دیفاعی لە مافی‌مرۆڤ و ئازادی بیرکردنەوە کرد و هەرگیز لە ئاست هیچ دەوڵەتیکدا سەری دانەنواند، لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە ئیدوارد، هیچ پلەوپایەیەکی دەوڵەتی وەرنەگرت هەتا وەك توێژەر، ڕەخنەگرو بیرمەندێکی ئازاد، لە بەرامبەر دەسەلاتداران و زالماندا دیفاع لە حورمەتی بەهامرۆییەکان بکات و ڕای‌گشتی کومەڵگای مرۆڤایەتی بە دژی نابەرابەری، زۆڵم وزۆر، ڕەگەزپەرستی، خورافاتی نەتەوەیی و ئایینی، فاشیزم، شەروچەوسانەوەی نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم هان بدا. لەم ڕووەوە دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین کە ئیدوارد، یەکیك لە پێشرەوترین و بوێرترین ڕووناکبیرانی جیهان بوو.

ئیدوارد، یەکیك لەوسیما بەناوبانگە ڕەخنەگرانە بووکە سیاستەکانی ئیمپریالیزمی ئامریکا و کوودەتاکان و دەستدریژی‌یەکانی لەو ولاتانی جۆراجۆری جیهان و داگیرکرانی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە دەدایە بەر ڕەخنە. لەبوارەکانی لێتوێژینەوە، ڕامیاری، کۆمەلایەتی وئەدەبی، کتیب، ووتاربێژی و ووتاری پڕبایەخی لە پاش خۆی جیهێشتووە.

ئیدواردسەعید، لەریزی یەکەمین نووسەر گەلێکدا بوو کە ڕاشکاوانە فتوای خومەینی بۆکوشتنی سلمان روشدی ئیدانە کرد و دیفاعی لە ئازادی نووسین و دەربرین، کرد.

ئیدوارد، وەك ماموستایەکی میوان لە زیاتر لە ١٥٠ زانکۆ و پەیمانگای وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئورووپا وکانادا وانەی ووتۆتەوە. ئیدوارد لە بواری مۆسیقاشدا یادگاری گەلێکی لەپاش خۆی بەجی‌هێشتووە و پیانۆ ژەنیکی زۆر باش بوو.

سەعید تاکاتی ڕیکەوتننامەکەی ئۆسلۆ، نوینەری ئیفتخاری مەجلیسی فەلەستین و ناسراوترین و شیلگیرترین ڕووناکبیری

پارێزەری مافی دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین بوو. ئیدوارد بۆ نارەزایەتی دەربرین بە ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆ سازشی نوێنەرانی فەلەستین، لەگەڵ نوێنەرایەتی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، دەستی لە نوینەرایەتی مەجلیسی فەلەستین کێشایەوە. سەعید خوازیاری ئەوە بوو، دەوڵەتێکی سەربەخۆی سێکولار و دیموکراتیك لە فەلەستین پێك بێت و بەردەوام لەگەڵ ئەوەی کە بەدژی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل نارەزایەتی دەردەبڕی، تاقم وگروپە ئایینیەکانی ئیسرائیلی و فەلەستین دەدایە بەر رەخنە.

ئیدوارد سەعید، وەك توێژەر، ئیدئۆلۆگ و یەکێك لە تیوری دارێژەکانی مەسائیلی سیاسی نێونەتەوەیی، زۆر کتێبی نوسیوەو لە پاش خۆی بە جێی هێشتووە.

بۆ وێنە" رۆژهەلات ناسی"، " راپۆرت گەلیك لە مەر ئیسلام"،" جیهان، دەق ورەخنەگر"،" لۆمەی زوولم لێکراو" ،" پاش عەرش"، سیاسەتی نەهێشتنی خاوەنداریەتی"،" کەلتوری وئیمپریالیزم"،" بیرەوەریەکان"،"خوێندەوەیەك لەمەر ئۆپێرا"،" رۆلی رووناکبیر"و...

ئیدوارد، لە کتێبی " رۆڵی رووناکبیردا ، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر رۆڵی گرینگی رۆشنگەری کۆمەڵایەتی رووناکبیری پێشرەو و پێشکەوتنخواز پێدادەگرێ، ئەم رووناکبیرانە دەداتە بەر رەخنە کە هزر و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە بەرامبەر پلەوپایە و پارە و دەسەڵاتدا مەزاد دەکەن. سەعید، ئەو رووناکبیرانەی کە بە گوێرەی هاتنی با شەن دەکەن دەداتە بەر رەخنە. ئەو رووناکبیرانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، زۆر و زەوەندن. رووناکبیر گەلێك کە رۆژێك دیفاع لە خومەینی، رۆژێکیتر لە خاتەمی، زیندووکردنەوەی پاشایەتی لە ئیران و، یان دیفاع لە هێرشی سەربازی خۆیناوی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق و داگیرکردنی ئەو وولاتانەو دیفاع لە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆسەر ئیران دەکەن. بەم پێیە ئەم کتێبەی ئیدواردسەعید، پڕبایەخ، فێرکەر، لەبارە و بۆئەوە دەبێ بخوێندرێتەوە. بۆ رێزلێنان لە ئیدواردسەعید، رووناکبیرێکی خەباتکار کە بیروباوەر گەلێکی جیهان داگری هەبوو، پێکەوە چاوێك بەسەر کتێبی " رۆلی رووناکبیر" ی سەعیدا دەخشێنین.

* * *

هەوڵدان بۆ پێوەرێکی جیهانی و دانسقە، وەك بنەمایەی سەرەکی، لە پێناسە کردنی من بۆ رووناکبیر رۆڵکێی گرینگی هەیە: یان واباشترە پێوەندی دوولایەنەی نێوان جیهانی و خۆجییی، تایبەتی و ئیستا. کتیبە سەرنج راکێشەکەی" جۆن کری"، بە ناوی رووناکبیران و جەماوەر: شانازی بەخۆەکردنە و جیاکاریەکانی لە نێوان رووناکبیرانی ئەدەبی١٨٨٠-١٩٣٩، پاش نووسینی گووتارەکانم، لە ئامریکادا بلاوکرایەوە. بەڵام سەرەرای تەواوی ئەنجامە دڵساردکەرەوەکانی، ئەم کتێبەم بە تەواوکەری کارەکەی خۆم زانی. لە روانگەی (کری)دا، رووناکبیرانی ئینگلیزی وەك گسینگ، ولز، ویندهام لیوایز، رقیان لە پێکهاتنی کۆمەڵە جەماوەریەکان، بوو، و بەداخ بوون بۆئەم کۆمەڵانە وەك"خەڵکی ئاسایی"، پەراویزنشین، کە زەوقی چینی مام ناوەندیان هەیە، بە پیچەوانەوە برە و بە ئەرستۆکراتیەتی زاتی، رابردوویەکی" باشتر"، و کەلتووری چینی سەرەوە دەدەن. بە بڕوای من، رووناکبیر( لە جیاتی لۆمەو تەشەرلێدان) تائەوجێگایەی کە دەگونجێ دەگەرێتەوە بۆ گشت، کە بە هەرێمی سروشتی رووناکبیر دەژمێردری. گرفت بۆ روناکبیر وەك ئەوەی کە کری دەڵێ بە گشتی گرفتی کۆمەڵگای جەماوەری نیە، بەڵکوو زیاتر نیزیکەکان(محرم ها)، پسپورەکان، گروپە هاوبیرەکان و پیشەییەکانن (ئەوانەی کە لە شیوەکانی پێناسەکردنی والتەر لیپمەن دا، بە بیرمەندانی سەرەتای ئەم سەدەیە، و دارێژەرانی رای گشتی ناوبراون) کە دەکەنە گشت گەرا و کۆمەڵ هان دەدەن بۆ ئەوەی پشت بە تاقمێکی گچکەی مەزنتر لە کەسانیکی هەمووشت زان کە لەسەر کورسی دەسەڵاتن، ببەستن. مەحرەمەکان (خودیەکان) بەرژەوندی تاقمیکی تایبەت پەرە پیدەدەن، بەلام رووناکبیران دەبێ کەسانیك بن کە ئیمتیازی

ناسیونالیزمی نیشتمان پەروەرانە، بیرکردنەوەی گشتی و، هەستی چینایەتی، ڕەگەزی یان نژادی بخەنە ژێر پرسیارەوە.

جیهانی بوون، بە واتای قەبوول کردنی مەترسیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو باوەرە سادانەی کە، رابردوو(پێشینە)، زبان و نەتەوە بۆی دەستەبەر کردووین و لەزۆر بواردا ناهێڵن لە راستی کەسانیتر تیبگەین. هەروەها جیهانی بوون، ئەوکاتەی کە باسی سیاسەتی دەرەوە و کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە، واتای گەران بە دوای و پشتیوانی کردن لە پێوەریکی دانسقە بۆ هەڵس وکەوتی مرۆڤ دەگەینێ،...

ئەمە گیانی دژایەتیە کە، لە جیاتی هاوئاهەنگی و گونجان منی زۆر سەیر بۆلای خۆی کێشاوە، لە بەرئەوەی کە بەسەرهاتی حەماسی، ویستەکان و، ململانی ژیانی رووناکبیری لە دژایەتی کردنی پاراستنی هەل و مەرجی ئیستا دەژمیردرێ. کاتیک کەوا دێنە پیش چاو قورسایی خەبات لە پێناو گروپە بێبەشەکان و ئەوانەی وا نوێنەری تەواویان نیە، بە شیوەیەکی نارەوا لە دژی خودی ئەوانە. رابردووی من لە سیاسەتی فەلەستینییەکاندا، ئەم هەستە قولتر و پتەوتر دەکا. هەم لە رۆژئاوا هەم لە جیهانی عەرەبیدا، مەودای نێوان هەژارو دەوڵەمەند بەردەوام روو لە زیاد بوونە و، ئەم مەسەلەیە کەمتەرخەمیکی بیرتەسکانەی لە ناو ئەو رووناکبیرانە دا خولقاندوە کە پشتیان بە کورسی دەسەلات بە ستووە، ئەمە بەراستی ترسناکە.

چ شتیک دەتوانی ئەوەندەی"کۆتایی میژوو"ی فۆکۆیامایان"وەن بوونی چیروکە رەسەنەکان" لیۆتارد یەك دووسال دوای ئەوەی بە تووندی مێشکی هەموانیان داگیر کرد، بێ رەونەقتر و دوورتربێ لە راستی؟ دەکری هەر ئەم خاڵە سەبارەت بە پراگماتیست ( کردەوەگەراکان) و واقیع گەرا سەرسەختەکان بلێین کە ئەفسانە گاڵتەجاریەکانی وەك" سیستەمی نویی جیهانی" یان"رووبەرووبوونەوەی شارستانیەکان" یان داهێنا......

ئایا رووناکبیران بەشیکی زۆر لە خەلکن یان تاقمیکی بچووك، بەڵام هەڵکەوتوو لەوان پێك دەهێنن؟ لە هەناوی وەڵام بەم پرسیارەدا، دوو پێناسەی بەناوبانگی سەدەی بیستەم، کە ناکۆکیەکی بنەرەتیان لە گەڵ یەکتردا هەیە، خۆی حەشارداوە. ئانتونیۆ گرامشی مارکسیست کردار گەرا(پراکتسیت)، رۆژنامە نووس و یەکیك لە فەیلەسووفە پربایەخە سیاسیەکانی ئیتالیا، کە لە نیوان سالەکانی١٩٢٦-١٩٣٧ لە زیندانی مۆسۆلینیدا بوو، لە" یاداشتەکانی زیندان"ی دادەنووسی:"بەم پیێیە دەکری بلیین کە گشت مرۆڤەکان رووناکبیرن، بەڵام هەموویان لە کۆمەڵگادا رۆلی رووناکبیر نابینن". شیوە ژیانی گرامشی خۆی، دەرخەری رۆلیکە کە ئەو بۆ رووناکبیرانی داناوە. گرامشی وەك زمانناسیکی پراتیکی بە ئەدەب، هەم ریکخەری بزوتنەوەی چینی کریکاری ئیتالیاو هەم، لە کاری رۆژنامە نووسی خۆیدا، هوشیارترین رەنگدەرەوەی تۆیژەرە کۆمەلایەتیەکان بە حیساب دەهات کە ئامانجیان نەك تەنیا وەری خستنی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی، بەلکو دروست کردنی ریکخستنیکی کەلتووری بوو کە لەگەل ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتییەدا بیتەوە.....

رۆلی رووناکبیر، دەربرینەکانی، ئامانج و بیروراکانی ئەو بۆ کۆمەلگا، زیاتر بە مانای بەهیز کردنی حەزە نە فسیەکان لەریگای ستایش کردنی پیگە و پلەو پایە نیە. ئەوان زیاتر مەبەستیان خزمەت کردن لە داوینی برۆکراسیە بەهیزکان و جیگیر بوون لە تەنیشت کاربەدەستە، دەست و دل ئاوالەکان نیە. رۆلیرووناکبیر خودی پراکتیکە و پیوەندی بە جۆریك هۆشیاریەوە هەیە کە بە گومان، دەستە و یەخە و بێوچان خەریکی لیکولینەوە و تویژینەوەی ئەقلانی و دادوەری سۆرالیە(ئەخلاقی)......

بەریوە بردنی ئەرکیکی لەم چەشنە زۆر گرانە: رووناکبیر بەردەوام لەنیوان تەنیاییو وابەستە بوون دا وەستاوە. لەکاتی دوایین شەری کەنداوی فارسدا، بەدژی عیراق، زۆر گران بووکە لە هاولاتیانی ئامریکایی تیبگەینن کە ولاتە یەکگرتوەکانی

ئامـریکا نـە هـێزیکی بێتـاوان و بێلایـەن بـووە(سیاسـەت داریژەرەکـان هـێرش بـۆ سـەر ڤیتـنام و پانامایـان لـە بـیر خۆیـان بـردبۆوە) و نـە لەلایـەن هـیچ کـە سـیکەوە جـیا لـە خۆیـان وەك ژاندارمـی جـیهان دیـاری نەکراوە. بەڵام، بە بڕوای من، لەو کاتەدا ئەمـە ئەرکی رووناکبیران بوو کە خاك و خول لەسەر لەبیرکراوەکان لادەن، پیوەندییە حاشا لیکراوەکان دامەزرینن و، سەرنجی خەڵکی بـۆ شـیواز گـەلی دیکـەی جـیا لـە شـەر راکێشن کە دەیتوانی بەر بەشـەر وئامـانج و دەرئەنجامـەکانی شـەر، واتە لە ناو بردنی مرۆڤ، بگرێ.

لـە بوارگـەلی لیکولیـنەوە وەك زانسـتە مرۆیـیـەکان و زانسـتە کۆمەڵایەتیـیـەکان، دەسـتەیەکی گـەورە لـە لـیکوڵەرەوە بـە ناوبانگـەکان روویـان کـردە ئەمـریکا. هەندیك لە وانە، وەك زمان ناسـانی گـەورەی لاتـین و لـیکوڵەرەوەکانی ئەدەبـیاتی پراتـیکی، لیوسپیتزەر و ئەریك ئاورباخ، بە لێوەشاوەیی خۆیان و زانیارییەك کە لەسەر دنیای کۆن وەدەستیان هینابوو، زانکۆکانی ئامریکایان دوڵەمـەند کـرد. کەسانیکی تر لە نیویاندا دەکرێ ئیدوارد تیەلەرو ورنـەر فـون بـراون نـاو بـەرین، وەك ئامریکائیگەلـێك کـە خۆیـان تـەرخانی ئـەوە کـرد بـوو کـە لـە کێبەرکـێی سـەربازی و فـەزایی(ئاسمانی) لـە بەرابـەر سۆڤییەتدا براوە بن، چوونە لیستی شـەری ساردەوە. هـەروەها، هـەر بـەو شـیوەی کـە بـەم دواییـانە دەرکـەوتووە، دوای شـەر، نـیگەرانی رووناکـبیر بـە نـاو بانگـە ئەمریکییـەکان لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوە بوو کە نازییە ناسـراوەکان وەك بەشـێك لـە خـەباتی مـەزنی سـەربازی و بـە ئیعتـباری(بـە لەبـەر چـاوگرتنی) دژە کۆمۆنیست بوونیان بۆ کار کردن لە ئامریکا لکیان لیوەرگرن......

لـە سـەدەی بیسـتەمدا، بـە زیـاد بوونـی ژمارەیـەك لە پیاوان و ژنـانی سـەر بـە گروپـیکی گشـتی بـە نـاوی رووناکـبیران و یـان رووناکـبیر(بـەرێوە بەران، مامۆستایان، رۆژنامە نووسان، زاناکان، ووتـار نووسـەکانی سـەربە یەکیتیە پیشەییەکان، ئەو راویژکارانەی کەلـە بەرامـبەر وەرگـرتنی حەقدەسـتدا بیروراکانـیان پێشـکەش" کـەن) مـرۆڤ ناچـارە بـە گومانـەوە بروانیێتە ئـەو مەسـەلە کە ئایا بەراسـتی کەسـێکی رووناکـبیر دەسـت دەکـەوێ کـە هەڵگـری پەیامێکی سەربە خۆبێت، یان نا.

لـە ئاکـامدا، ئەمرۆ رووناکبیر زیاتر لە مامۆستایەکی ئەدبیاتی تـەرك کـەوتوو بە، داهاتیکی باشەوە دەچێ، کە هیچ حەزناکات لە گـەل جیهانی دەرەوەی پۆلـی وانەوتنەوەکەی خۆی دەرگیر کات. جا کووبـی بـە لگـە دەهێنیـتەوە کـە کەسـانی لـەم چەشـنە خـاوەن نووسـینکی بێخوینـەرن کـە زۆرتـر بـۆ چونەسـەر لـە شـوێنە ئەکادمیەکان دەنووسرین نەك بۆ گۆرینی کۆمەڵگا.

هـەروەك لـە قسـەکانمدا ئامـاژەم پـێ کـرد، رووناکـبیر نموونـەی پەیکـەریکی بێگـیان نیە، بە لکوو پیشەیەك، وزە و هیزی شیلگیر و خودرەیـی تاکە کە وەك دەنگدانەوەیك دیار و مولتەزیم، لە زبان و لـە کۆمـەڵگادا، لـە گـەڵ بـاس وخواسـت گەلـێکی فـراوان کـە تەواوەتـیان لە کۆتاییدا لە گەل تیکەلەیەك لە رۆشنگەری، رزگاری و ئـازادی دا پیوەندیـیان هەیـە، دەسـتەو یەخەیـە. مەترسیەکی بێ هاوتـا کـە ئەمـرۆ کـە، چ لـە رۆژئـاوا و چ لـە جـیهانی ناروژئـاوا، هەرەشـە لـە رووناکـبیر دەکـا، نە زانکۆ و قوتابخانەیە، نە پەراوێزی شـارەکانە و نـە سـات و سـەودای ترسـناکی رۆژنامـە نووسـی و دەزگاکـانی بـلاو کـردنەوە، بە لکوو مەیل و شێوازی مامەلەیەکە، کـە من ناوی دەێنم پیشەگەریی. مەبەستم لە پیشەگەری ئەوەیە کە ئیوە کاری رووناکبیری خۆتان بە کاریك بزانن بۆ خۆ بەخیو کردن، کـاریك کـە لـە نـیوان سـەعاتی ٩ی بـەیانی و ٥ی ئیوارەدا بیّت، ئـەویش بـە چـاوێك لـە سـەعات و چـاوێکی دیکە لەوشتەی کە لە بـارەو وەك کـرداروو رەفـتاری پیشـەیێ لـە قەڵـەم دەدری، نـە بارودۆخەکـە دەشـیوینی و نـە لـە رێرەوی و چوارچـێوە پەسـنە کـراوەکان لادەدەی، بـەلکوو تەنـیا خۆت وەك شتیك بۆ فروشتن لە بازارو، لە شایستەتر لە هەموان، دەناسێنی و، بەم پیێە کەسیکی بـی گیچـەڵ و، ناسیاسـی و وەك دەڵـین" واقعـی" ت. سێیەمین

گوشاری پشەگەری بریتیە لە کشانی ناچاری بە رەولای دەسەلات و فەرمانرەوایی. پەیوەست بەوەوە و، بەرەولای داواکارییەکان و ئیمتیازەکانی دەسەلات و، راستەو خۆ کارکردن بۆ دەسەڵات.

مەسەلەکە بەمە کۆتایی نایەت. دەسەڵاتە چربووەکان لە کۆمەڵی مەدەنی ئامریکا، وەك حیزبی کۆماری خواز و دیمکرات بە پیشەسازییەکان یان تایبەتیەکانی وەك ئەوان کە لە لایەن پیشەسازی، نەوتی و کۆمپانیا هاوبەشەکانی جگەرە و تووتن دادەنرین و پاریزگاریان لیدەکریَ، ون ئەو دام و دەزگا گەورانەی کە لە لایەن رۆکفلیرەکان، فوردەکان و، ملۆنەکانەوە دامەزران، هەموویان پسپۆرە ئەکادمیەکانیان بۆ لیکولینەوە تویژینەوەی بەرنامەکانی داهاتووی پروپاگەندەی سیاسی، خستوتە کار. هەلبەت ئەم مەسەلەیە، لە سیستمیکی بازاری ئازادا، بەشێکە لەوشتەی کە بە کرداری ئاسی ناودەبریَ و، لە هەموو ئورووپاو رۆژهەڵاتی دووریش روو دەدات.

بۆرسەکانی لیکولینەوەیی و فیرکاری، بوارەکانی تویژینەوە و یارمەتیە مالیەکان بۆ بلاوکرانەوەی نوسینەکان و، هەروەها پیداویستیەکانیان بۆ پیشکەوتنە پیشەییەکان و بە رەسمی ناسینی ئەم پسپورە ئەکادمیانە لە لایەن کۆمپانیا و دامەرزاوەکانی لیکولینەوە، بۆیان دابین دەکریَ.

رۆناکبیری ئەمرۆ دەبیَ ئاماتور بیت، کەسیك کە بروای وایە بۆ بوون بە ئەندامیکی بیرەوەرو دڵسوزی کۆمەلگایەك، ئەرکی سەرشانیەتی مەسەلە ئاکادمیەکان تەنانەت لە هەناوی فەنیترین و حرفەییترین کاریك کە وولاتەکەی بەرەورووی بۆتەوە( لەپیوەند بە دەسەڵاتەوە، شیوەی رەفتاری دوولایەن لەگەل هاوولاتیاندا و، هەروەها پیوەندی گرتن لە گەل کۆمەلگاکانی تر) بینیتە گۆریَ. سەرەرای ئەمە، گیانی روناکبیر وەك ئاماتوریَك، دەتوانی دەست وەربداتە یەك نەواختییەکی حرفەیی ئاشکرا کە زۆربەمان لە گەلیدا بەرەو رووین، و ئەو کارە شتیکی زیندوتر بنچینەییتر، بگۆریَ. تا فیردەبیَ لە جیاتی ئەوکارەیکە داوایان لی کردۆە، لەخوی بپرسیَ کە ئەم کارە بۆ چی بکەم، کیَ قازانجی لیَ دەبا، چۆن دەکری سەرلەنۆی ئەم کارە لە گەڵ پروژەیەکی شەخسی و ئەندیشە نوییەکاندا گریَ بدریَ......

لە دووسالی رابردوودا، راگەیەنەکان، چەند جاریك داوایان لیکردووم تا وەك راویژکاری مەعاش خۆری ئەوان کاربکەم. ئەم داواکاریانەم قبوول نەکرد، چوونکیَ ئەم کارە بۆم مانای قەتیس مانەوە لە چوارچیوەی کەنالیکی تەلەفزیونییا گۆڤاریك و، هەروەها کارکردن لە چوارچیوەی زمانی سیاسی باو و چەمکە لە قالبدراوەکانی هەمان بازاری فرۆشتنە، دەگەیەنیَ. هەر لە بەرئەم هۆیانە، من هەرگیز هۆگریم بە راویژکاری دەولەت بۆ وەرگرتنی مەعاش نەبووە، چوونکی نازانی پاشان چ کەلکیك لە بیروراکانی تۆ وەردەگیریَ. دووهەم، ئەم مەسەلەیە بۆ من روون و ئاشکرایە کە، بۆ وەرگرتنی حەقدەست، جیاوازیەکی زەق لەنیوان راستەوخۆ پیشکەش کردنی زانست دا هەیە، ئەگەر، لە لایەك، زانکویەك داوات لیبکات قسە بۆ هەمووان بکەیت، وەیان لە لایەکی ترەوە، داوات لیبکەن کە بۆ کۆمەلیکی دیاری کرا لەبەرپرسانی رەسمی قسە بکەیت. هەربە هۆی ئەم جیاوازیەوەیە کە هەمیشە من ووتار بیژیەکانی زانکوم پەسند کردوەوو و وەلامی رەدم بەوانی تر داوەتەوە. و سییەم، بۆ سیاسی تر بوون، هەرکات داوایان لیکردبیم بۆ گرووپی فەلەستینییەکان، ویان لە لایەن زانکویەکی ئەفریقای باشووروە بانگیهشت کرابم تا بەدژی رەگەز پەرستی ویان ئازادی ئەکادمیك قسەبکەم و ووتار بخونیمەوە( ووتار بیژی بکەم)، ئەو شتەم وەك مەسەلەیەکی ئاسایی پەسند کردوە.

لە کۆتاییدا، مەیل و بیرۆکەگەلیك دەبزوینن کە بەراستی جیگای پەسەندم بەن، لە بەهاو بنەما گەلیك دەکەن کە بروام پییانە. لەم رووەوە، من خۆم لە چوارچیوەی کاریکی ئەدەبی کە دەورەی پسپورییەکەیم بینیوە قەتیس ناکەم.

ئاکامی وەها چوار چیوەدار بوونیك، تەنیا بەو هۆیەی کە بەلگەنامەی وانە ووتنەوەم لە بواری ئەدبیاتی مودیرنی ئورووپا و

ئامریكام هەیە، بەر بەستیكە بۆ خۆم كە خۆ بە مەسائیل و بابەتەكانی سیاسەتی گشتی‌یەوە خەریك نەكەم. من لەسەر بابەت گەلی بەر بلاوتریش قسە دەكەم و دەشنووسم، چوونكی وەك ئاماتوریك، بەلێنی گەل و ئیلزاماتیك هانم دەدەن كە لە كارێیك كە پسپوریم تیبیدایەو بەرتەسكە، واوەترن.

هەلبەت من بە ئەنقەست هەولّ دەدەم هەتا گۆیگری تازە و زۆرتر بۆ ئایدیاگەلیك(روانگەگەلیك) پەیدا بكەم كە هیچ كات ئەوانم لە پولی وانە ووتنەوەدا، نەووتۆتەوە...

لە راستیدا من تا ئەو جێیە دەچمە پیش كە بلّێم، دەبێ رووناكبیر بە دریژای تەمەن دەستەویەخەی شەریك بێت لە گەل هەموو خاوەن هۆشیارییەكان یان كتیبە پیروز كراوەكان كە تالانكاریان لە رادەبەدەر و سەرە رۆییەكەیان تەحەموولی هیچ دژایەتیەك، و بە دلّنیایشەوە هیچ جۆرە هەمەچەشنی و جۆراوجۆرێكە ناكەن. ئازادی لە ئاشتی نەهاتووی بیرورا و دەربرینیش، سەنگەرە سەرەكییەكەی قەلەمڕەوی نائاینی رووناكبیرە: بەرگری نەكردن لەوە یان تەحەموولی دانووستانی ژیر بە ژیر لە گەل هەر كام لە بنەماكانی ئەودا، لە راستیدا خیانەتە بە پیشەوكاری رووناكبیری. هەر بەم هۆیەوەیە كە بەرگری كردن لە كتیبی"ئایە تە شەیتانیەكان" ی"سەلمان روشدی"، هەم لە بەر نووسراوەكە خۆی و هەم لە بەر هەرێمەكانی‌تری دەست دریژی كرانە سەر ئازادی رادەربرینێ رۆژنامە نووسەكان، چیروك نووسەكان، ووتار نووسەكان، شاعیران ومیژوو نووسەكان، وەك مەسەلەیەكی گرینگ و سەرەكی هاتۆتە گۆرو دەركەوتووە.

ئەمە تەنیا بابەتیكی پیوەندیدار بە دنیای ئیسلامەوە نیە. بە لكوو بابەتیكە كە لە جیهانەكانی مەسیحیەت و مووسایشدا بوون و وینەی هەیە. ناكری بە شیوەیەكی كە بۆنی هەلاواردن و جیایی لێ بێت، لە هەرێمكیدا بە دوای ئازادی بەیاندا بگەریی و لە هەرێمیكی دیكەدا پشت گوێی خەی. چوونكی لەگەل ئەو فەرمانرەوایانەی ئیدعای دنیایی بۆ پاریزگاری لە خواوەندن، لەهەر كوییەك بن، نا توانری هیچ منازرەیەك بكرێ، لە حالیكدا كە بو رووناكبیر، گەران بە دوای مونازەری ئاستەم و دژواردا بنەمای سەرەكی پراتیكە. لەم گۆرەپان و پیگە دایە كە رووناكبیران بە راستی بە بێ سرووش و ئیلهام دەست بە كار دەبن...

من خۆم لە یەكیك لە دژوارترین مەسەلە هاوچەرخەكان، فەلەستین، لەگەل ئەم خووە دەستەویەخەبووم، لە جیگایەكدا كە ترس لە دەربرینی روانگەی راستگۆیانە لە مەر یەكیك لە گەورەترین بێدادیەكانی میژووی نوێ بۆتە هۆی ئەوەی كە زوریك لەو كەسانەی كە ئاگاداری راستین و لە پیگەو شوینیكدان كە دەتوانن خزمەتی پیكبەن، بە لەرزوكی و دلەتپەوە هەنگاو هەلدەگرن، و چاو و زمانی خۆیان دەقۆچێنن.

سەرەرای فەوتان و بەدناو بوون، كە هەموو لایەنگریكی راشكاوی ماف و خودموختاری فەلەستین بۆ خۆی دەستی دەكەوێ، راستی شایستەی ئەوەیە كە لە لایەن رووناكبیریكی بویر و دلسوزەوە بوترێ و پەردەی لەسەر لابرێ. تەنانەت ئەو ئاكامە ئوسولیەی كە لە راگەیندراوەكەی ئۆسلۆ، لە سیزدەی سپتەمبەری ١٩٩٣، لە لایەن ریكخراوی رزگاری بەخشی فەلەستین و ئیسرائیل مۆر كرا، زیاتر ئەم راستیە دەسەلمینی. ئەو دلخۆشیە گەورەیەی كە لە ریی ئەو قەلەمبازە زۆر بەرتەسكەوە دروست بوو، ئەو راستیەی شاردەوە كە، لە جیاتی دابین كردنی مافەكانی فەلەستینەكان، لە راستیدا ئەم بەلگەنامەیە بەردە وامی دەست بە سەراگرتنی ئیسرائیلی بە سەر، سەر زەوییە داگیر كراوەكاندا جیگیر كرد. رەخنەگرتن لەم راگەیندراوە، لە راستیدا بە واتای وەستان بە دژی" هیوا"و"ئاشتی" دادەنرێ.

لە میانەی سێیەم سالّی راپەریندا، كە سیاسەتەكانی بەرپرسە رەسمیەكانی فەلەستین لە ئامریكا ببونە مایەی پەریشانی و ئالوزی من، روانگەكانی خۆم بە شیوەی روون و ئاشكرا لە كۆبوونەوەكانی عەرب دا باس كرد. من هەرگیز خەباتم جێ

نەهێشت، و روون و ئاشکرایە کە لایەنی ئیسرائیل یان ئەمریکام نەگرت و، هاوکاری ئەو دەسەلاتانەم نەکرد کە ئێستاش ئەوان بە سەبەبکاری سەرەکی خەم و مەینەتیەکانی خۆم دەزانم. بەم جۆرە، هەرگیز پشتگیری سیاسەتەکانی دولەتە عەرەبیەکانم نەکرد و تە نانەت بانگهێشتنە رەسمیەکانی ئەوانیشم قبوول نەکرد.

تەواوی سیستەمە گووتاریەکان، لە قوتابخانەی بە قەرار پراکتیکی(کردارگەرایی) کۆتایی ئایدئولوژییەوە بگرە هەتا میراتگرە لە ناو چوو، و تیۆرتیپەرەکانی ئەم چەند سالەی دوایی ئەو، واتە قوتابخانە کۆتایی مێژوو، لە دژایەتی کردنی کۆمۆنیزم سەرچاوەیان گرتبوو. بە دوور لە بەرگریەکی ناکارامە لە ئازادی، دژە کۆمۆنیزمی پیکهاتوو لە ئامریکا، دەبیتە مایەی پشتگیری نهینی و پەلامارەدەرانەیCIA لەو گرووپانەی کە وەك پێویست نائاورتەیی نەبوون.

دەکری دروست بوونی گرووپ گەلیکی وەك گورپی ئازادی کەلتووری کە نەك تەنیا بلاوکردنەوەی جیهانی کتیبی" خوای ناکام" چالاکییەکی بەرچاوی هەبوو. بە لکوو یارمەتی مالی بەرچاوی بە بلاوکراوە گەلیکی وەك EncoYter "یش کرد"، دزە کردنە ناو یەکیەتیە کریکاریەکان، ریکخستنە زانکۆیەکان، کلیساکان و زانکۆکان، لەوانە بژمیردری.

بێ گومان زۆریك لەوکارە سەرکەوتوانەی کە لەژێرناوی دژایەتی کۆمۆنیزم دا بەریوە چوون، لە لایەن پشتیوانەکانیانەوە وەك بزووتنەوەیك تۆمار کران. ئەو لایەنانەی کە سشتایشیکی" کەمتریان دروست کرد بریتی بوون لە: یەکەم، نە بوونی بنەما لە گفتوگوو مناقشەی رووناکبیری کراوە و گفتوگویەکی کەلتوری پیشکەووتوو کە لە ریگای کەرەسە سیستمیەکانی ئینجیلی و، لە کۆتاییدا (لەوپەری) ناعەقلانیدا، دەبێ و نابێکان(پیشرەوانی" تەندروستی سیاسی، ئەمرۆ) دەرکەوت، دووەم، سیما جۆراوجۆرەکانی خود-چەواشەکاری ئاشکرا کە هەتا ئەمرۆکە دریژەی هەیە. ئەمانە هەردووکیان، لە گەڵ نەریتە قیزەوونەکانی وەرگرتنی پاداشت و ئیمتیاز گەلیك لە گرووپیك، پیکەوە رێ دەکەن، مەگەر ئەو کاتەی کە تاکە ریگای خۆی بگۆرێ کە لەو حالەتەدا پاداشتی خۆی لە پشتیوانیکی نوێ وەردەگرێ.

من زۆر جاران دووپاتم کردوتەوە کە رووناکبیر بە شیوەیەکی ئارمانی، رۆلی رزگاری دەری و رۆشنگەری دەگیری، بەلام هەرگیز وەك ئەمبیتراکت یان خوادیانی بێگیان و دەست پێ رانەگەیشتوو کە دەبێ خزمەتیان بکرێ، رۆل ناگیرن.

لە پر ژمارەیەکی کەم لە رووناکبیرانی عەرب پەییان بە رۆلی تازەی خۆیان لە ئەورووپا و ئامریکا، برد. ئەوان سەردەمانیك مارکسیست گەلیکی خەباتکار(زوربەیان لایەنگری تروتسکی بوون) و پشتیوانانی بزوتنەوەی فەلەستین بوون. پاش روودانی شۆرشی ئیران، ژمارەیەکیان بوون بە ئیسلامی. ئەم رووناکبیرانە سەرەرای هەندێ گەرانی تازە، لیرە و لەوێ، کە بە دوای خودایانی تازە وە بوون بۆ خزمەت کردن، بەو رادەیەی کە خواکان رایان دەکرد ویان دەخرانە لاوە، لاڵ و بێ زمان دەکەوتنەوە.

***



لە دەست دانی بیرمەندیکی وەك ئیدوارد سەعید، بۆ کۆمەلگای مرۆڤایەتی و تەواوی کریکارانی کەلتووری پیشرەو، مولتەزیم، خەباتکار و وەفادار بە ئامانج و بنەماکانی خەباتی مرۆیی و کۆمەلایەتی و ئازادیخواز، بە خەساریکی گەورە

دژمـیردریێ. چـوونکی بە داخەوە، کەسانی وەك ئیدوارد سەعید، کە تـەواوی ژیـانی خۆیـان بـە سـەر بەرزیـیەوە تـەرخانی خـەبات و روشنگەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوری بکات، بە تایبەت لە وولاتـە یەکگـرتووەکانی ئەمـریکا، لـە پـەنای گوپچـکەی C-I-A و موسـاد، بـە ئازایـەتی و بویـریەکی زۆر و بـەر دەوام پێداگرانە بەرگری لـەمافی دیاری کردنی چارەنووسی خەلکی بێ بـەش و زۆلـیکراوی فەلەسـتین هەسـتێ، سیاسـتە نامرۆیـیەکانی دەولـەتی ئامـریکا و ئیسـرائیل و رژیمـە، زالم و تروریسـت و دیکـتاتورەکانی دیکـە، وەك کۆمـاری ئیسلامی بداتە بەر رەخنە و لە قاویان بدات ژمارەیان زۆر نییە.

ئیدواردسـەعید، سەربە جیهانی یەکسانی خواز بوو، وبێ گۆمـان لـە دەسـت دانیشـی هـەموو بیرمـەندان و مـرۆڤە رادیکـاڵ و پێشـکەوتوو وئـازادیخوازو وەشـوێن کـەوتوانی یەکسـانی و تـەواوی خەباتکارانی رێگای ئازادی و بەرابەری ماتەم بار کرد.

**بەرز و بە رێز بێت یادی ئیدواردی خۆشەویست.**

رۆلی رووناکبیری، نوسەر: ئیدوارد سەعید: وەرگێر: دوکتور حەمیدی

عزدانلو: ناشر: ئینتشاراتی ئاموزش، تاران، چاپی یەکەم ١٣٧٧

# سەردانیك لە شاعیرانی تەبعیدی

**ن: برتولت برێشت**

**سـەردەمیك کـە لـە خوولیاکانـیدا سـەردانی مەنـزلگەی شـاعیرانی تەبعـیدی هەلکـەوتوو لـە لـیواری مـالی ماموٚسـتایانی دوور خـراوە کـە دەنگـی قسـەوباس و پـیکەنین دەبیسـترا، کـرد، لـە ریگـادا بـە "ئویدیـوس" گەیشت کە بە دەنگیکی تا رادەیەك بەرز دەیوت:"باشتر وایـە کـە دەسـت لەسـەر دەسـت دانەنـیی، تـۆ هیشـتا نەمردووی، کێ چ ئەزانی؟ رەنگە دیسانیش بگەرێیتەوە بۆئەوەی کە هیچ شتیك گۆرانکاری بەسەردابێ، بیجگە لە خۆت".**

**بەلام ئەوکات دیتی کە "بی‌جویی" کە غروری لە چاوان دەبـاری نـیزیك کەوتـەوە و بـە پیکەنیـنەوە وتـی:"بـەلا بەسـەر ئـەو کەسـەدا دەبـاری کـە بـاس لـە بێعەدالـەتی دەکـات" و هاوریکـەی "تـۆ- فـو" بـە هیواشـی وتـی:"دەزانـی کە تەبعید، شوینیك نیە کە "برتنی" لەبیر بەریـتەوە". "ویـون" لیـبراوانەتر رووی لـەوان کـرد و پرسیاری کرد کـە "مالیك کە تیی‌دا دەژی چەند دەرگای هەیە؟".**

**دانتە دەنگی هەلبری و وتـی:"شیعرەکانت پـرن لـە هەلە هاوریکـەم، چاو لێبکـە چ کەسـیك دژی تۆیـە؟" و ولتر لـە دوورەوە هاواری کرد:چاوەدیری پوولەکانت بکە، ئەگینا پشـتت تێدەکـەن کە لـە برسـان بمـری!". هایـنە دەنگـی هەلبری وتی :" جاروباریك گالتەش بکە". شکسپیر بانگ دەکات "سوودی نیە، کاتیك یەعقوب هات ئیتر ئیجازەی نووسینم نیە". اوریپید ئامۆژگاری کرد کـە: ئەگـەر کار کیشایە دادگا، کەسیك بـەناوی وەکیل بدۆزەوە چونکە کەس گوی بە یاسا نادا" دەنگی پیکەنین بۆ ساتیك برا و لـە سـووجیکی تاریکـەوە دەنگـیك هـات کـە "ئـای، کەسیکیش شیعرەکانی هەموو لەبەرە و کەسیك کە بزانی ناخریـتە ژیـر چاوەدیری" دانتە بە هیوری وتی:"ئەوانە کەسانیکن کە لەبیر کراون. نەتەنیا لەش و گیانیان بەلکو کارەکانیشیان لـەناو چوە." دەنگی پیکەنیـنکە برا هیچ کـەس توانـای دیـتنی ئەوبـەری نـەبوو، ئەوکاتـە بـوو کـە سیمایەکی تازە خۆی دەرخست.**

# دوو جۆر ئەدەبیات

**ئەو باسە قسەکانی ژان ریکاردۆیە لە ئەنجوومەنیکدا کە لەسالی ١٩٦٤ لەسەر بانگهیشتی رۆژنامەی "کلارتە" لە پاریس ساز درابوو و کۆمەلیك لە نووسەرانی بە ناوبانگی جیهان و خاوەن رایانی فەرانسە بەشداریان تیدا کرد. لە جەریانی کاری ئەو ئەنجوومەنەدا کۆمەلیك مەسەلەی جۆراوجۆر هاتنە بەر باس بەلام گرینگترین تەوەری باسەکان وەلام بەو پرسیارە بوو کە ئەدەبیات دەتوانی چ بکات؟**

**زۆر بوون و پەرەگرتنی ئامرازەکانی راگەیاندن و میدیا ( رادیو و تلویزیون و سینەما و چاپەمەنی و... ) بلاو کردنەوەی کتیبی جۆراوجۆری لیکۆلینەوەیی سەبارەت بە خەلك ناسی و کۆمەلناسی ئەم پرسیارەیان خولقاندوە کە ئایا لە جیهانی ئەمرۆدا ئەدەبیات، داستان و شیعر کاریکی لەدەست دێ یان نا؟ ژان ریکاردۆ لەم وتارەیدا هەول دەدا وەلام بە چەند لایەنیکی ئەم پرسیارە بداتەوە.**

ن: ژان ریکاردۆ

و: بێستون

ئەدەبیات دەتوانی چ بکات؟ ئەوە پرسیاریکی باشە، بەلام باشترین پرسیار نیە. سەرەرای ئەوەش ئەگەر پرسیاریکی باشە، بە بروای من لەم رووەوەیە کە لەسەر چەمکی ئەدەبیات نیشانەی "استفهام" دادەنی و رەنگە سەرجەمی ئەو رستانەی کە "استفهام" و "ئەدەبیات" لە شوینیك کۆ دەکاتەوە گەلیك پرسیاری بە کەلك بن، بەلام تیکرای ئەم پرسیارانە بە بروای من پالپشتی پرسیاریکیترن کە شیاوتر و گونجاوترە، سەرەکیتر و ئەسلیتر ئەوەیە و پیش ئەوانە دەبی بیتە گۆری ئەویش ئەوەیە "ئەدەبیات چیە؟"

کە وابی بە تیگەیشتنی من پرسیاری "ئەدەبیات دەتوانی چ بکات؟" رستەیەکی روون نیە. چونکە هینانە گۆری پرسیاری دووهەم بەستراوەتەوە بەو گریمانەیە کە ولام بە پرسیاری یەکەم بدەینەوە. پەیوەندی بەم گریمانەوە هەیە کە ئیتر هیچ گرفت و ناروونییەك سەبارەت بە "ناوەرۆکی" ئەدەبیات بۆ ئیمە بەجێ نەمابی و ئیستا کاتی ئەوە هاتوە کە باس لە کاریگەری و توانایی ئەدەبیات بکەین. واتە بە مانایەکیتر، ئەگەر مەسەلەیەك دەبی چارەسەری بکەین، بە چاوکراوەیی لیی بروانین و بەجۆرە دەست بدەینە چاوپۆشی کردنیکی پسپۆرانە.

شکم لەوەدا نیە کە مەبەستی بەڕیوەبەرانی ئەم کۆڕە بەجۆرە بووبێ و ئەگەر باس لەم گریمانەیە دەکەم بۆ ئەوەیە کە بە خێرایی ڕەدی بکەمەوە و مەسەلەکە بە هەموو پانتایی ڕاستەقینەی خۆی لەبەر چاو بگرم کە:

- ئەدەبیات چیە؟
-ئەدەبیات دەتوانی چ بکات؟
- لە جیهانیك دا کە ئەدەبیات هەژارە، دەتوانی چ بکات؟
- ئەدەبیات چیە؟

جیگای سەر سوورمان نیە کە وەلامی ئەم پرسیارە لە خودی ئەدەبیات دا بێ: واتە نووسین و خویندنەوە. بەلام شیاوی ئەوەیە کە بەمجۆرە باسیکمان هەلخراندوە لە دەرەوە بۆی بڕوانین و بە شیوەیەکی دامالدراو لیی بکۆلینەوە. ئەوە هەر ئەو باسەیە کە "ژان پل سارتر" لە کتیبی بە ناوبانگی خۆیدا بە ناوی "ئەدەبیات چیە" مەترەحی کردوە. باسی سارترم کرد و دەمەوێ کە ویرای قسەکانم گەلیك جاران یادی بکەمەوە. بەم هۆیە چونکە ڕووبەرووی خۆی گەلیك پرسیار سەبارەت بە ئەدەبیات دینمە گۆری ناتوانم لە دەربڕینی پیچەوانەی ئەو خۆم بپاریزم. ئەم جیاوازیە ڕوانگەیەش لەگەل ڕیزی زۆرم دا ڕوو بە خۆی دەری دەبرم و بەلام بەشی کردنەوە و تۆژینەوەی گونجاو.

"ڕولان بارت" کە لەڕیزی ڕەخنەگران و خاوەن ڕایانیکە کە ئەگەر بمانەوێ لە ڕەوتی ئەورۆی ئەدەبیات ئاگادار بین نابی کارەکانی پشت گوێ بخەین، لە یەکیك لە وتارەکانی دوایین کتیبی خۆیدا دەلی کە لە بواری زمان دەتوانی دوو جۆر شیواز هەلبژیرێ.

یەکەم شیواز ئەوەیە کە زمان وەك ئامرازیك سەیری بکەین. لەم ڕوانگەوە زمان دەربڕین و گواستنەوەی شاهید، یان شیکردنەوەیان پەروەردە کەلکی لی وەر دەگیری. هەر بۆیە بنەمای کار لەو پەیامەدایە کە دەردەچی. کە وابی بنەڕەتی کار شتیکە لە دەرەوەی زمان و زمان تەنیا پالپشتی گواستنەوەیە. نووسەران واتە کەسانیك کە شیوازیکی ئەوتۆ لە بەرانبەر زمان دا دەگرنە بەر ناوی "نووسەر" یا "ڕوناکبیر" یان لەسەر دابنێ و پیشنیار دەکات کە ئەوان وەك "نویسا" چاوگی "نووسین" بناسینین. بەلام خودی من بەهۆی ئەوەی کە زمان لەم پەیوەندیەدا وەك ئامرازیکی ئاشکرا بۆ گواستنەوەی هەوال کەلکی لی وەرگیراوە، پیشنیار دەکەم کە وەك "ڕاپۆرت چی" و بەرهەمی کاریشیان "هەوال" یان "ڕاپۆرت" نیودیر بکەین.

شیوازیکیتریش شیوەی کەسانیکە کە بە هیچ جۆر زمان وەك هەلگری گواستنەوەی شاهید یان شیکردنەوە یا پەروەردە حیسابی بۆ ناکەن و وەك ئامرازیك سەیری ناکەن بەلکو وەك جۆریك لە "مصالح" قەبوول دەکەن و لەم "مصالح"ەش دا بە وردبینی و تاقەتی لە ڕادەبەدەروە کار دەکەن. بە بڕوای ئەوان بنەڕەتی کار، لە دەرەوەی زمان نیە، ئەسلی کار خودی زمانە.

نووسین بۆ ئەوان لە حوکمی ئیرادە بە گەیاندنی فلان هەوالی لەپیش دا ئامادە کراو نیە، بەلکو هەمان گەلالەی بەهرە وەرگرتن لە زمان وەك فەزایەکی تایبەتی نووسین و دارشتنە.

بە پەیڕەوی لە ڕولان بارت پیشنیار دەکەم کە ئەم دەستەیە بە نووسەر و بەرهەمەکانیشیان بە "ئەدەبیات" بناسینین.

بەم پێیە، لیرەدا من بە گشتی لە بارودۆخیکی نالەباردا بەسەر دەبەم، نەك لەم ڕووەوە کە دەبی پیچەوانەی ڕوانگەکانم لەگەل یەکیك لە هەلکەوتەترین کەسایەتیەکانی ئەمرۆیی بە ئاشکرا بینمە گۆری، زیاتر بەم هۆیەوەیە کە پاش دەربڕینی ئەم ئیدیعایە کە بنەڕەتی کار لەناو خودی زمان دایە، ئیستا هەر ئەو زمانە وەك ئامرازی گەیاندنی ئەو هەوالە بەکار دینم. بە واتایەکیتر لەم ڕووەوە کە من لە "زمان" کەلك وەردەگرم هەتا بلیم کە نووسەر کەلکی لی وەرناگری. ڕەنگە بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی خوینەران زمانی نووسەر لە حوکمی شتیك دا چاو لی دەکەن کە وا نیە، نووسەر ناچار دەبی کە لە زمانیکیتر کەلك وەربگری هەتا زمانی خۆی، بەوجۆرە کە هەیە لە دەرەوە نیشانی بدات، واتە ناچار بی کە

لە ئەدەبیات بترازی هەتا بۆ کەسانیک کە رەنگە لە ناوەوە هەستی پێنەکەن بیناسینی.

بەلام مەبەستی من ئەوەیە کە لە پەرەگرتنی هەلەیەك پیشگیری بکەم. پیش دەست پیکردنی بابەت، ژمارەیەك لە وتەکان و دەستە واژەکان شی بکەمەوە بۆ ئەوە بوو کە پاش بیستنی زۆربەی قسەکانی ئەم کۆرە تیگەیشتم کە لە بابەتی وێکچو و بە دەمزەدی جۆراوجۆر قسە دەکری و یان لە بابەتی جۆراوجۆر بە دەمزەدی وەك یەك.

بۆ وینە "ژان پل سارتر" لە کتیبی ئەدەبیات چیە؟ جیاوازی لەنیوان شیعر و پەخشان دادەنی. پەخشان یان (ئەدەبیات)ی زمانی لە روانگەی "سوود"ی ئاشکراوە لیك داوەتەوە. سارتر دەلی:"مەبەست لە پەخشان هەر بۆ سوود وەرگرتنە، من پەخشان نووس بەمجۆرە تاریف دەکەم، کەسیك کە لە وشەکان کەلك وەردەگرێ" و لە چەندین پەرەیەکیتردا دەلی:"ئەگەر دەمزەدەکان بە شیوەی رستە و بە مەبەستی ئاشکرا کردنی مانا شان بە شانی یەکتر کۆببنەوە، بە ناچار تەسمیمیکی دوورتر لە دۆزینەوە و تەنانەت لەوپەری زمانەوە، دەخالەتی تیێدا هەبوە. تەسمیم لەسەر ئەسپاردنی ئاکامی وەدەست هاتوو بۆ کەسانیتر. وە هەر لەو تەسمیمەوە کە دەبی سەبارەت بە هەر شتیك هۆکار و بورهان هەبی و هەر ئەو هزرە کەمالەی کە بە ئاسانی لەبیر دەبەنەوە، بەردەوام ئەو حوکمە دەکات. ئەگینا قاعیدە ئەوەیە کە لە تیکرای لاوانیك کە مەبەستی نووسینیان هەیە ئەم پرسیارە ئووسولییە بکری. ئایا شتیکیان بۆ وتن هەیە؟ کە ئامانج لەوە ئەوەیە "شتیك کە بایەخی وتنی هەبی". تاریفی پەخشان لە روانگەی سارترەوە بەمجۆرەیە و بەلام شیعر زمان وەك ئامراز و کەرەسە حیسابی بۆ ناکات و سارتر خۆی دەلی:"شاعیر لە وشە کەلك وەرناگری" کە وابوو دەتوانین ئاکام وەرگرین شتیك کە من ناوی دەنیم ئەدەبیات، سارتر ناوی دەنی "شیعر" و شتیك کە من بە "هەوال" یان "راپۆرت" لیکی دەدەمەوە، سارتر بە "ئەدەبیاتی" دەزانی.

رەنگە ئەم هیما و مولاحزاتانە وەك وردەکاری بێبایەخ و ململانیی دەمزەدی بە حیساب بیت، بەلام لە راستیدا لە بنەرەتی بابەتەکە نیزیك دەکاتەوە. سارتر لە شوینیکیتری ئەو کتیبە واتە "ئەدەبیات چیە؟" دەلی کە لە روانگەی شاعیرەوە شیوازی روالەتی و هەیئەتی وشە گرینگی هەیە ئەوکات نموونەیەك دینیتەوە.

"فلورانس" ناوی شارە و ناوی گول و ناوی ژن. کە وابی دەتوانی لە یەك ساتدا هەم گولشار بی و هەم ژنشار و گولزار بی و شتیکی سەرسوور هینەر کە بەمجۆرە سیمای دەردەخا، سیلاوی رووباری دەبی و گەرمایەکی کەم و سووری ئالتوونی و سەرەنجام خۆی بە خەجالەتی و رازاوەییەوە تەسلیم دەکات و بە دەرکەوتن و لەناو چوونی شینەیی و بەردەوام، بە پشکوتنی پر لە خوبایی خۆی بۆ هەتا هەتایە دریژەی دەدا. کاریگەری شاراوە و کانوونی ژیانی تایبەتی بەسەر ئەو کۆمەلەوە زیاد دەکات. بۆ وینە بۆ فلورانس سەرەرای ئەوانەش ژنیکە، ژنیکی ئەکتەری ئامریکایی کە لە فیلمە دەنگدارەکانی سەردەمی کۆرپەیی مندا دەور دەبینی و منیش هیچم لەو لەبیر نەماوە بیجگە لەوەی بەرز بوو، وەك ئەو دەستکیشە دریژە سپیانەی کە لە هیندیك سەما و هەلپەرکێدا لەدەست دەکرین و هەمیشە کەمیکیش ماندوو بوو، هەمیشە خۆپاریز و داوین پاك بوو، هەمیشە میردی هەبووە وە نمەك نەشناس بوو، من خۆشم دەویست و ناوی فلورانس بوو.

سارتر دواتر ئاکام وەردەگری "چونکە وشە، کە بۆ پەخشان نووس ئامرازیکە هەتا خۆی پی دەربخات و خۆی بخاتە ناو جیهانەوە، بۆ شاعیر ئاوینەیەك کە سیمای ئەو بۆ خودی ئەو دەگەرینیتەوە."

گەورەترین رۆمان نووسانی ئەو سەدەیە وەك مارسل پروست، کلودسیمون، الن روب گرییە، رمون روسل، جیمز جویس، هەر بەم شیوەیە رەفتاریان لەگەل زمان کردوە. ئیستا ئایا دەکری ناوی "شاعیرییان" لەسەر بنین؟ بێگومان ناو نانیکی ئەوتۆ "سست و لاواز بێ"، بەلام ئەم نووسەرانە هەموویان خۆیان بە "رۆمان نووس" دەزانن، لەم روەوە ئیمەش، بە ریزگرتن لە بەرهەمەکانیان،

وەك رۆمـــان نـــووس ناویـــان دەبـــەین و رۆمانەكانیشـــیان بـــە "ئەدەبیات" دەزانین.

## ئەمرۆ ئەدەبیات دەتوانی چ بكات؟

بەدوور نیـە كـە ژمارەیـەك لـە هۆگـرانی نـزیك لـەو قسـەیەی من بـرەنجین، بـەلام هەرگـیز مـن لـەبیری ناكـەم كـە ژمارەیـەك لەوانـە ماوەیـەك ئـیدیعایان دەكـرد كـە زەوی بێجوولەیە و خۆر بە دەوری ئەودا دەسووری.

ئیسـتا كـە بۆ خولقینـەری ئەدەبیات، واتە نووسەر، بنەرەتی كار لە خودی زمان دایە و ئیستا كە ناوەرۆكی كتیب لە هیندیك لایەنەوە هـەر "پـیكهاتە"كەیـەتی، كـە وابـی هـیچ ناوەرۆكـیك لـە پیش دا نـەبووە و هـیچ ناوەرۆكـیك بەسـەر بابەتـیكیتردا زال نـیە. مـەرگی مرۆڤـیك یـان دەهـەزار مـرۆڤ زیاتر لە جوولەی توپەلە هەوریك لە ئاسمان گرینگی نیە.

ئـەم دەربرینـەی رولان بـارت دەبـی بـەم دیدەوە چاو لی بكری:"بۆ نووسـەر، نووسـین، بكـەری لازمـە." واتە نووسەر شتیك نانووسی، بـەلكو تەنیا دەنووسی و تەواو. رەنگە مـەبەستی موریس بلانشوش هـەر ئـەوە بیـت كـە دەلـی: دەبـی لـە قوولایـی بوونـیدا ئەم خالە هەست پێبكەی كە شتیكی بۆ "وتن" نیە.

وا تـیدەگەم كـە ئـەو كـۆر و كۆمەلـە بـەوجۆرە كـە پیویسـتە لـە مەبەسـتی ئـیمەش تێناگـەن. بـۆ وینـە ئەگـەر وابـیر بكریتەوە من دەمـەوی روانگەیـەك لـە بـواری هونـەر بـۆ هونەر دەربڕم، بە هەلە دەچن. لـە كۆتـایی قسـەدا ئیشـارە بەو بابەتە دەكەم. دوو بۆچوون هەیـە كـە بـە بـروای من بۆ قەبوول كردن نابی: هونەر بۆ هونەر و هونـەر بـۆ ئینسـان. بەلام ئەگەر نووسەر پیش نووسینی كتیبەكەی شـتیكی بـۆ وتن نیە ئەم قسەیە بەو مانایە نیە كە كتیبیش شتیك دەرنابـڕی، روون تـر بلـیم: پـیكهاتەی زمـان بـە روالـەت لەگـەل پـیكهاتەی فـیزیكی جـیهان گونجاو نیە، یان ئەگەر بمەوی بابەتەكە ئاسـانتر بكـەم دەلـیم كـە "شـتە سروشـتیـیەكان" و "شـتە نووسـراوەكان" خـاوەنی پـیكهاتەیەكی وەك یـەك نـین: ئەمـیان پیكهاتەیەكە بێواسیتە و ئانی و ئەوەشیان پیكهاتەیە بە واسیتە و بۆ داهاتوو.

كـە وابـێ بیجگە لە شیوەی نووسین، بیجگە لە شیوەی هەولدان بۆ دروسـت كـردنی زمـان بەپـیی كاركـردیكی تەواو، چۆن دەكری لە پـیكهاتەی زمـان بكۆلدریـتەوە و بدۆزریـتەوە؟ بـەلام ئـەم شـیوە نووسـینە جیهانـیكی نـوی هەلدەخـرینی كـە ریكخـراوەكەی هـەر پـیكهاتەی زمانـە وئـەم جـیهانە خەیالـیـیە كە لەریگای نووسینەوە بەدەسـت هـاتوە ریكخـراوەكەی خـۆی دەخاتـە بەرانـبەر پـیكهاتەی جـیهان و پرسـیاری لەسـەر دەخۆلقـینی. ئەدەبـیات شـتیكە كە بە جـیهان دەلـی:"ئایـا تـۆ هـەر ئـەوەی كـە دەنویـنی؟" یـان بـە واتایەكیتـر، هـەروەك وتوومانـە باشـتر جیهانمان پـێ دەناسـینی و ئاشكرای دەكات.

ئەدەبـیات شـتیكە كـە جـیهان بـە مەكـی زمـان هەلدەسەنگینی و پرسـیاری لەسـەر دەخۆلقینی. هەر بۆیە بە بروای من ئەگەر نووسەر زمـان لـەبیر بكـات واتـە ئەگـەر وەك ئامـراز سـەیری بكـات یـان تێبكۆشـی كـە كـاولی بكات، بە هیچ شیوەیەك ناتوانی پرسیاری لەسـەر دروسـت بكـات بـەلكو بـە پیچەوانە خۆی لە پرسیار كردن بێبەش كردوە.

نموونەیـەك دینـمەوە. ژان پـل سـارتر لـە وت و ویژیكـدا لەگـەل رۆژنامـەی "لومونـد" ئـیدیعا دەكـات كـە دەتوانی بەرهەمەكانی كافكـا لـە ولاتـی گینە بخوینیتەوە بەلام بەرهەمی "روب گرییە" نـاتوانی. لـە روب گـرییە دەگـەریم، چـونكە بـە بـروای مـن بەرهەمـەكانی ئەم نووسەرە گەورەیەی سەردەم بەوجۆرە كە پیویستە نەخویـندراونەتەوە بـەلام سەبارەت بە كافكا لانیكەم دەبی بلیم كە هیچ كـەس بەو رادەیە هەولی نەداوە كە تەنیا نووسەر بێ، هەروەك لـە نـاورۆكی ئـەو نامەیـەدا كـە لـەم دواییانـەدا دۆزراوەتـەوە دەردەكـەوێ:"پیشـەی كارمـەندی بـۆ مـن قـورس و گرانە، چونكە

کۆسپی سەر ڕیگای گەیشتن بە گەورەترین ئارەزوو و ئامانجی ژیانمە کە ئەدەبیاتە. چونکە من هیچ نیم مەگەر تەنیا ئەدەبیات نەبی و نامەوی و ناتوانم شتیکی‌تر بم، کار و پیشەکەم هەرگیز ناتوانی هاندەرم بێ، بە پیچەوانە تەنانەت ئیمکانی هەیە هەست و هۆشم بە تەواوی بشیوینی. "و لە چەند رستەی دواتری‌دا دەلی:"هەر شتیك کە ئەدەبیات نیە، ئازارم دەدات و لیّ بیزارم، تەنانەت لە وت و ویژیش سەبارەت بە ئەدەبیات." هەربەم هۆیەیە کە کافکا پرسیاری لەسەر جیهان خولقاندوە.

## ئەدەبیات لە جیهانیك دا کە برسی‌یە دەتوانی چ بکات؟

ژان پل سارتر لە وت و ویژیکدا لەگەل ڕۆژنامەی لوموند بە دلنیایی تەواوەوە دەلی:"لەئاست منالیکدا کە دەمری کتیبی "تهوع" قورسایی‌یەکی نیە." بە ئاشکرا دەلیم: ئەم تەرازویەی کە لە لایەکی‌دا کتیببەکان و لەلایەکی‌تریشی‌دا منالانی مردوو دادەندرین بە بڕوای من ڕاست نیە. چونکە ڕەنگە کە من بە قسەی نووسەریکی‌تری وەك هوسیمانس، هەر ئەو خالە بە شیوەیەکی پیچەوانەی ئەو دەربرم:"لەئاست بەرهەمیکی هونەری، مەرگی منالیك چ گرینگیەکی هەیە؟" بە تیگەیشتنی من پیوانەیەکی ئەوتۆ لانی‌کەم دەتوانی تیت بگەیەنی کە ئەم دوو دیاردەیە کە لەئاست یەکتر دادەندرین لە ڕاستی‌دا بۆ بەراوەرد کردن نابن.
پیشتر وتم کە دوو ڕوانگە بە لای منەوە وەرناگیری: هونەر بۆ هونەر و هونەر بۆ ئینسان. چونکە هونەر هەر ئینسانە، سەرفەسلیکی لیکترازاوە کە بەهۆی ئەوەوە یەکیك لە جۆرەکانی شیردەرە بەرزەکان بە پلەی ئینسان گەیشتبێ. کە وابی لەو واتایەدا کە مەبەستی منە، نووسین چیە؟ ئایا بیجگە لەوەیە کە ئینسان دەبی بوونی هەبی (یان بە دەربرینیکی ساکارتر ئینسان دەبی بتوانی بخوینیتەوە)، واتە دەبی لە برسان نەمری؟ ئەدەبیات تەنیا بەهۆی بوونی‌یەوە هەر ئەو شتەیە کە نیشان دەدات برسیەتی ئینسانەکان، سەرشۆری و ڕیسوایی‌یە.

هەروەها ئاشکرای دەکەم: ئایا ئیمە بەرانبەر بە بوونەوەرانیك کە لە دەرەوەی ئەدەبیاتن، هیچ هەست بە نیگەرانی دەکەین؟ مەگەر ئەوەی کە ڕۆژانە هەزار هەزار لەو بوونەوەرە بێ‌بەزەیی‌یانە لە کوشتارگای "ویلت"ی پاریس دەکوژرین؟

بەلام سارتر لە دریژەی قسەکانی خۆیدا دەلی:"ئەدەبیات پیویستی بە گشتی بوون و جیهانی بوونی خۆی هەیە. کە وابی نووسەر ئەگەر دەیەوی کە ڕوو بە هەمووان قسە بکات و تیکرا بەرهەمەکانی بخوینەوە دەبی لە ریزی زۆرایەتی‌دا قەرار بگری لەریزی دوو میلیارد کەسی برسی."

هەروەك ئیشارەمان پیکرد ئەگەر ئەدەبیات ناوەرۆکیکی لەپیش دا داریژراوی نیە، کە وابوو خوینەرانیکی لەپیش دا ئامادە کراویشی نیە و شیوازی گشتی و جیهانی بوونیشی هەر لەوە دایە. بەلام نابی ئیمە "گشتی بوون" و "زۆرایەتی" مان لی تیك بچێ.

بە هیچ جۆریك بە ڕیکەوت نیە، کە ئەدەبیات بۆ چەوساوەکان هەست پێ‌نەکرێ. چونکە ئەدەبیات بیجگە لەوە دەتوانی چ شتیك بەوان بلی کە بەهۆی ئەو کەلەبەرە هەست پینەکراوە، ئەوان ڕەگەزیکی دواکەوتوون و نابی کە بەجۆرە بێ؟ بەجۆرە بە بڕوای من، نە تەنیا ئەدەبیات دژی ئازادی ئینسانەکان نیە، بەلکو تەنانەت وەك هونەر هەر ئەو شتەیە کە، مانای ڕاستەقینە بەو ئازادی‌یە دەبەخشی.

بەلی ئەدەبیات، ئەدەبیات وەك هونەر دەتوانی گەلیك کار بکات، دەتوانی ئینسان بخولقینی و بەم هۆیەیە کە ئەگەر بەردەوام، بوونی نەبی پیتان دەلیم کە لەم حالەتەدا بوونی ولاتانی دواکەتوو، سیاسەت، ژیان مانەوە یا مردن، هیچ گرینگیەکی نیە.

سەرچاوە: کتیبی ئەرکی ئەدەبیات کۆمەلیك وتار
وەرگیران و ئامادە کردنی بۆسەر زمانی فارسی ئەبولحەسەنی نەجەفی

# هەڵوەدای وت و وێژ، پێکەنین و ئازادی پوویەندە

ن: نەسیر کووشا

و: پەیمان

### وە وتەی ئالکۆس:

"بینە بەرچاو کە ژیان بەردەوامە و تۆ ونی بەهار بەگشت پەنجەرە کراوەکانیەوە لە ریدایە و تۆ ونی کچان بە کراسە رەنگاورەنگەکانیانەوە لەسەر نیمکەتی باخە گشتیەکان دانیشتوون و تۆ ونی لاوان لەکاتی نیوەڕۆدا مەلە دەکەن و تۆ ونی داری گوڵ کردوو بەسەر ئاودا دەچەمیتەوە و تۆ ونی ئەم هەموو ئالایە بەسەر گویسوانەکانەوە دەشەکینەوە لە شەقامی "ئوستاد Stade" سان ئەبینن جەماوەریکی بێ‌ئەژمار ئالا سوورەکان بە دەستەوە دەگری واتە خەونەکانی بەدەستەوە دەگرێ بە بانگی بەرز وشەی هاورێ دەلیتەوە و تۆ ونی. دواتر کلیلیک کە با ئەدریت و هۆدەیەکی تاریک دوو زار کە لە تاریکیدا بە یەکەوە پەیوەست دەبن و تۆ ونی دوو پەیکەر بینە بەر زەین کە یەکتری ئەگرنە ئامیز و تۆ لەژیر گلدا ئارامت گرتووە وە دوگمەکانی کۆتەکەت کە ماوەیەکی دوور و دریژ پتر لە خۆت لەژیر گلدا دەوام دینن وە ئەوکاتەی دلت کە ئەم هەمووە دنیای خۆشویستوە جیا بوویبیتەوە گوللەیەکی کە ریگای کەوتە دلتەوە، جیا نابیتەوە.

...

هەر ئەو شەوە ئەوان "ئالکۆس"یان قۆلبەست کرد. "ئالکۆس" کەسی ئاشکرا نەکرد. "ئالکۆس" سێ‌شەو و سێ‌رۆژ بە هەلواسراوی مایەوە "ئالکۆس" وەك تیکۆشەریك مرد. ئەو وەك هاورێیەکی راستەقینە مرد. ئەو لە ئاخرین ساتەکاندا هاواری کرد:"هەزاران ئەستیرە لە قوولایی وجوودی ئیمەدایە. ئیوە ناتوانن بیانکوژن" وە "ئالکۆس" ئەستیرەکانی بەخشییە ئالای شەر.

### ........... وە وتەی یانیس ریتوس

ئاە ئەم با ساردە سرە وتنی نیە ئەلوورینێ و ئەلوورینێ و ئەلوورینێ. دەنگەکان و سەفحەی میژوو تیك هەلدەلین و تیکەل دەبن بلیسەی گشت گڕکانەکانی دینا پیکەوە دەلکینێ لیرەواریکی گەورەی هیواکان ئەجوولینێ ئالای وەزارەتخانەکان ئەدرینێ ساتیك دەویستێ بۆ ئەوەی قەیتانی کەوشەکانی لەپشت مالیکی سووتاوەوە توند کاتەوە و دەڕوات، دەڕوات، دەڕوات. وە چ سالانیك رۆیشتوون و ئەو ئیستاش هەر کۆتایی نەهاتووە بە هەنگاوی بلیند لە پەنجەرەی مالە سووتاوەکانەوە تیدەپەری ئەو کەوشی نا قۆلای کوژاوەکانی لە پیدایە لە شەقامە قیل تاو کراوەکاندا دەنگی پییەکانی دەبیستریێ. هەنگاوەکانی لەو بیابانە رووتەنەدا کە تۆوی ئیسقای تیدا چیندراوە هەنگاوەکانی بەسەر کویستانی گەورەی پر لە کەللە سەر و قەل و دال، هەنگاوەکانی لەناو سەرنگەر و سەربازخانەکاندا لە کاتی شەودا وە لە کاتیکدا کە شەپیوورەکان کاتی خامۆشی لە سەربازخانەکاندا رادەگەیەنن دەنگی هەنگاوەکانی باشتر دەبیستریێ. وە دایە گەورە "لنی" دەست لە کارەکەی هەلدەگری و سەر بەرز دەکاتەوە و گوێی بۆ رادەدیری وە سیبەری دەستی کە دەرزییەکەی راگرتووە بەسەر دیوارەکەوە نەخش دەبەستی سیبەری دەستی دەمانچەیەکە کە لەودیو دیوارەوە دلی "فاشیست"ی کردۆتە نیشانە.

بالا بەرز، رەش تالە کراسیکی چینی زۆر خاوین و شەروالیکی جینی کالەوە بوو لەبەردا. پاییز و زستان کۆتیکی سوورمەیی یەخە بچووك و یەخە هەلگەراوە، قەد باریك و گەردەن فەراز.

گەردنیکی کە هیشتا جیگای هیچ تاسمە و برینیکی پیوە دیار نیە. پیدەکەنی پیکەنینەکەی هاوڕیکە. لەگەل پیکەنینەکەیدا ئاسمان شین دادەگەری. ئیستا هیچ کەس نازانی کە خویندکاری دەورەی کۆمەل ناسی لە یەکێ لە دانشگاکانی فەرانسە بوە و بە هەوای شورش و بەشداری کردن تیدا بە نیوەچلی بەجیی هیشتوە. ئیستاش کەس نازانی کە ئەو دەیتوانی قازییەکی پایەبەرز و یان پاریزەریکی لیهاتوو بیت. فەوقی لینسانسی لە دانشگای تاران وەرگرتوە، و هەر رۆژە لە شوینیك کاری کردوە و هیچ رەنج و ئازاریك چۆکی پیدا نەداوە. زمانی فەرانسەوی بە لای خۆیەوە و لە ئەنجوومەنی ئیران و فەرانسە فیر بوە و رووی کردۆتە ئەو ولاتە، لە فەرانسە پیش خزمەت بوە، کریکاری کردوە و لە هۆدەیەکی تەنگ و تاریك دا زەردە لەسەر لیوو چاوە گەشەکانی بریوەتە هیواکانی سبەینیی داهاتوو، چاوەروانی ئەوە بوە ئاسمان ساوبیتەوە و یان لەگەل ... شایەد ئەستیرەیەك سوور و گەش بە بەرۆکییەوە. بۆ دابین کردنی بژیوی رۆژانە لە هیچ کاریکی پر لە ئازار و رەنج ناپرینکیتەوە. ئیستا جیگای هیچ چەشنە تاسمە و برینیکی بە ئەستۆوە دیار نیە. مەگەر بەهۆی نووشتانەوە بەسەر کتیبەکاندا جار جارەیەك بیشێ.

ئەو هاوینە لە سەرانسەر ئوروپا لە دارستانە چرەکانی ئالمان، ئەو سەفەری دارستان و دەریا. ئەو کە زادەی بیابان و کەویرە باش دەزانی دەریا یانی چی. تەرایی چ تامیکی هەیە. گەردنی بەرزی بە دوو چاوی کراوەوە و بە پیکەنینیك لەسەر لیو بە گشت لایەکدا دەگیرێ. نا! ئیستا جیگای هیچ چەشنە تاسمە و برینیکی پیوە دیار نیە.

بە ئارامی کتیبەکان لەسەر شتەکانی هاوڕێ برایم دادەنێ. دەکشیتەوە. چاوم تیبریوە. پیدەکەنم. پیدەکەنێ.

بە شۆرش پەیوەست بوە لەگەل گشت شۆر و پیکەنینیدا لە ئیمە گەورەترە، ریش و سمیلی هاتووە ریش دەتاشی و بەغیلیان پیی دێ. سیگار ناکیشی و ئیمە دەکیشین. کە لە یەك نزیکتر دەبینەوە، دەلی: "هاوڕێ ئەگەر بتوانی وەلای نیێی..." دەلیم ئەگەر وەلای نەنیم؟ پیم دەلی:"خۆ ئیمە وەلا نانیێی" دەلیم....

هیشتا زووە تا فرمیسك لەچاومدا کۆ ببیتەوە، گریان سەر بدەم. نازانم واتای تەرك یان جیا بوونەوە یانی چی. دواتر پیدەزانم. کاتیکی کە ئەمیر و مەجید و بیهرووز و داریوش و باقی هاوڕێیان ئیعدام دەکرین، پیی دەزانم کە جیابوونەوە یانی چی. وە یان ئەوکاتەی کە جەعفەر بە جیگای تاسمەوە چەند برین بە گەردنەوە دەبینم.

سالی ٦٠ هەموو چاوەری بوون. دەلی: رەفیق زۆر دژوارە ئینسان دۆستەکەی لە شەقام ببینی و رووی نەداتی. وە یان هەر وا سەربنیتەوە و براوت. بەلام ئەو تاقەت ناهینی و پیدەکەنی. بە دەنگی بەرز. دیتە پیشێ. کاتیك دەگریم، کاتیك کە بیهروز و ئەمیریان ئیعدام کرد و داریوش مرد، دەگریم. دەگرێ. دەلیت: رەفیق هیندیك لە شتەکان لە دەرەوەی ئیرادەی ئیمەن. یانی کە دەبی لە بەرانبەریاندا چۆك دادەین؟، دەلیت: نا، خۆراگر بە و هەول بدە بیگۆری، بنەرەتی شتەکە ئەوەیە کە دەبی ببی. بنیادەم دەبی هەول بدات بیی بمرە و ببە. ئەوان بوون. وە پوویەندە مرد وبوو. رەفیق بمرە و ببە. سالە سەختەکانی سەرتای شەست تیپەر دەبی، ماوەیەکە کە نەمدیوە. لە نزیکی مەیدانی بەهارستان کاتیکی کە چاوم بریوەتە کتیبی حەلاج ماسینیون لەناو ویترینی کتیب فرۆشی مەنووچهری، دەستیك دەکەویتە سەرشانم. لە ئامیزی دەگرم. ماچی دەکەم. شەش مانگ بو کە گومم کردبوو.

...

خۆزگە هەر گوم دەبوو. کاتیکی گوتیان شوینەواری نیە، هاوسەرەکەم وتی: گوم بووە، شوینەواری نیە، نەیان کوشتوە، سیماش وتی جەعفەر دوو رۆژە کە دیار نیە. سەد خۆزگە گوم دەبوو. ئەی نازانین.

لە چاپخانە کار دەکەین. کاتیك کە دێ و لە پلیکانەکان دیتە خواری هەموو گەش دەبینەوە. لە داریوش دەکوتم. دەلی: چیە؟

دەلیم: هات پیم دەلی مەیکە بە هەرا، رووی مەدەیە. بۆتە بەرپرسی کرینی چاپخانە. شەوانە وردە کاغەزەکان دەباتە ناو لیتۆگرافی و لە سەریان دەخەوێ.

مـن تەنیا شەوانە کار دەکەم، ئەویش رۆژانە. شەوانەش نایەلم بخەوێ. مـن بـە رۆژدا لەنیو عەمباری کتیب فرۆشی‌یەکەی ئەکبەردا دەخەوم و ئەویش بە شەو لەنیو لیتۆگرافی‌یە سارد و شیدارەکەدا دەنوێ. تا دەمەو بەیانی کتیب دەخوینیتەوە. لە سالی ٦٢وەوە دەستی بە وەرگیران کرد. یانی پیشتریش ئەو کارەی کردبوو بەلام نەك رۆمان و فەلسەفە. "بابا گوریو" هەوەلین وەرگیرانیتی کە بە چاپ دەگات.

دوای وەرگیرانی چەند شوینەواریکی‌تر سپیدە دەمانی فەلسەفەی بورژوازی هۆرکهایم هەوەلین کتیبیکی فەلسەفی‌یە کە تەرجمەی دەکات و کۆتایی ئەو کتیبانەشە کە بە چاپیان دەگەیەنیت وە یان بە چاپ دەسپیردرین. ئیستا ئیتر گلدمن و باختین بە تەواوی زیهنیان داگیر کردوە. تەواوی هەست و هۆشی چۆتە سەر کۆمەلناسی، رۆمان (ئەدەبیات)، هاورێ! لەژیر عەرزیش بێ فیلمی سووکایەتی "ژان لۆك گدار" بەدەست بینە ببینین. بەهۆی گلدمنەوە ئیمەش گشت شوینەوارەکانی مالرو دەخوینینەوە. وە بەهۆی جەعفەرەوە دەبینە ئەوینداری سەر نەویشتی بە شەر و دژی بیرەوەری. رەفیق ئیتر تەنیا بە چەك و تەنیا بە توند وتیژی ناکری ئەمانە بگۆرین. مەسەلەکە لەوە ئالۆزترە. بۆ هەرچی روونتر هەست کردن بە نەزمی چەپەلی سەرمایە و گشت بۆن و بۆسارەکانی ئەو "ماموت"انەی ئەمرۆ دەسەلات دارن پیویستە لە ئەسلی مەسەلەکە حالی بین. پیویستە سەرەتا خاوەنی بۆچوونیکی غەنی و تەواو عەیار و مۆدیرن بین. پیویستە بزانین مەسەلە چیە و دوایی لەم کەرەسەیە واتە: (مارکسیسم) کەلك وەربگرین.

بە توندی سەوداسەری لوکاچ و گلدمن و کۆمەلناسی رۆمانی (ئەدەبیات) بوە. زۆر شاد بوو کاتی بیستی کە کۆمەلناسی رۆمانی (ئەدەبیات) وەکوو گرایشیك لەنیو کۆلیجی کۆمەلناسی‌دا بە رەسمی ناسراوە و بۆتە کتیبیکی دەرسی.

پیدەکەنی. باختینی دۆزیوەتەوە. سەوداسەری وت وویژ، پیکەنین و ئازادی. رەفیق! پیویستە مارکس ئیپیکووری (بە چیژ و هۆگریەکی تایبەتی‌یەوە) بخویندریتەوە. پیدەکەنی. و ئیستاش جیگای تاسمە و برینیك بە گەردنیەوە دیار نیە. لە چایی خانەیەکی بێ‌ناو کە ئیمە ناوی مستەفا پایان مان لیناوە چاوەرێیە. شەممە و سێ‌شەممە زۆرکەس رویشتن بۆ دەرەوە وا!. دەلیم: بریویانەیان ماندوو بوون؟ دەلی: نا رەفیق. پیدەکەنی. لەسالی ٦٤دا هەوەلین مال بەکرێ دەگری و کەل و پەلی بۆ بەدەست دینی. بەلام لە کەمتر لە سێ‌مانگ دا زیاتر لە دە مال، دەگۆری. لە زۆر شوین خەریکی کارە، زۆربەی کارەکان لە پەیوەند لەگەل شوینە چاپەمەنیەکان دایە. شەوانەش ئارام دادەنیشی و سەرگەرمی وەگیرانە. بۆ ریك و پیك کردنی رستەیەك چەندین جار سەردانی ئەبولحەسنی نەجەفی، رەزا سەید حسینی و کەسانی‌تر دەکات. هیچ کات لەکاری فیربوون ماندوو نابیت. نەسریکی رەوانی بە دەست هیناوە. سەرگەرمی وەرگیرانی فەلسەفە و رەوشی رۆمانە. شیرین و سەرنج راکیش. تۆدرۆف، ئیپکا، باختین، دریدا، یاکوبسینی... بۆ وەرگیرانی خەتیك جاری وایە دەبی بیست کتیب بخوینیتەوە و سەردانی چەندین سەرچاوە بکات.

کاتیك بە یەکەوە چاو لە فیلمی نوستالژی تارکوفسکی دەکەین بە بەزەردە خەنەیەکەوە فرمیسك لە چاویدا حەلقە دەبەستی. پیی دەلیم زۆرکەس رەنگە لە دنیایەدا وەك تۆ غەریبە بن! لە غەریبە بوونی دلت گیرا، وانیە؟ ئەلیت نا رەفیق، یەك رستەی، تەنیایەك رستەی "..... دایکی هەوا ئەو شتەیە کە بە پیکەنینی تۆ سافتر ئەبیت" دواتر لە سالی ١٣٧٦ دایکی بەهۆی سەکتەی قەلبی‌یەوە گیانی لەدەست دەدات و خوشکیشی سەرەتان دەگریت و هەر لەو کاتەدا کە فرمیسك لە چاویدا پۆنگی خواردوە پیدەکەنی بە

گەردنیکی بەرزەوە کە جیگای هیچ تاسمە و برینیکی پیوە دیار نیە.

جیا لە دەستیك مۆبلی حەسیری و تەختوخابیك کە نازنینیشی لەسەر دەخەوێ شتیك لە مالە چووکەکەیدا نیە. کتیبی ئەگەر مندالی کچتان هەیە (لەلایەن کچانی مندالەوە) وەردەگێرێ بۆ دایکی و کچە بچکۆلانەکەی نازەنین، رەفیق! حەیفە درۆ و دەلەسە لە میشکی نازەنین بئاخنن. دەبی بچیتە قوتابخانەی مۆسیقا. حەتمەن ئیستا نازەنین زۆر گەورە بوە و زۆریش تەنیایە. قەد وبالای لە بابی دەچیێ، بالا بەرزە. لەسەری کۆلانیك لە نزیك مەیدانی شۆرش رووبەرووی ژاندارمەی پیشوو کە جیگای دەست بە ئاوی موعتادان و شەوزیندەداران و کۆپین فرۆشەکان و دەلالەکانە، مالیکی چووکەی فەقیرانەی بە کری گرتوە کە شەو تا بەیانی چرای دیوەکەی دایسێ. کات ژمیر دووی شەو بە بترییە کی چووکە لە پەنجیرەکەی دەدەم. سێجار، دەرگا دەکاتەوە، هیچ کات دەرگا داناخاتەوە. دواتر شوینی نەهینی کلیلەکەم پێنیشان دەدات. کاتیك تەواوی دەرگاکان داخرابین، کاتیك تمەنیکت پوول لە گیرفاندا نەبیت یان پیویستیت بە زەردە خەنەیەك، چشتیکی گەرم بیت، پیویستە تەنیا چەند کەرەت بە قامك لە شووشەی پەنجیرەکەی بدەی. حەتمەن دەیکاتەوە. بە زۆر کارگم دەرخوار دەدات. بە نازەنین دەلی: "بابە گیان! تاریفی باشیەکانی کارگی بۆ بکە".

ئەگەر هەستت بە مەترسی کرد، فرمیسکت چاوی تەر کردی، پیویستە تەنیا چەند پەلەپیتکە لە شووشەی پەنجیرەکەی بدەی. دەیکاتەوە. هەموو خۆشیان دەوێ: کریکارەکانی چاپخانە، لیتۆگرافی و سەحافی کاتیك ماوەیەك دیارنا بیت هەموویان....

سەد خۆزگە گوم دەبوو. سەد خۆزگە قەت نەیان دەدۆزیەوە. هەر نەبیت دلمان بەوە خۆش بوو کە رۆژیك دەگەریتەوە. ئەو ناکەسانە بەبێ هۆ لە ئیرانشارەوە بردیانە شەهریار. شەهریار، ئێرانشار، ئارمانشار، ئدیپ شەهریار، ماکیاولی، سپیدە دەمانی فەلسەفەی بورژوازی، ئاخوندی بورژوا، سەودایی پوویەنەدە، وت و ویژ، پیکەنین و ئازادی، سەودایی پیکەنین، ئازادی و دوایەش جگای تاسمە بە گەردنیەوە و ئەودەستانەی بە گوشینی گەرووی دەیانەوێ بیگریەنن. ئەگەر لە رووسیە باختینیان سانسۆر کرد، ئەگەر لە مەجارستان لۆکاچیان وادار کرد بچیتە ژیر فەرمانی حیزبەوە تا بتوانی زیندوو بمینیتەوە و هەروا فیلسوف، لە ئیرانیش موختاریان بە نەهینی کوشت و پویەندەیان خنکاند، غەفاری حوسەینی، زالزاد، سەعیدی سیرجانی، سولتان پوور و زۆر کەسی دیکەش ...نا... زانیاری و تیکۆشانی چینایەتی لەژیر توندترین فشاری چینایەتیدا لە چاپ دەدرێ و پوویەندە هیچ کات کتیبەکەی لەپشت ویترینی کتیب فرۆشیەکانەوە نابینیت. دەستی کریکارانی سەحافی بە شیرازەوە ویشك دەبی کاتیك کە موحسینی ئەوی لە ئیدارەی پزشکی قانوونی دۆزیەوە بە گەردنیکی بەرزەوە بەهۆی گوشاری تاسمەوە رەش هەلگەرابوو وە پیکەنینیك، پیکەنینیکی کە ئاسمانی دەکردە سامال پیکەنینیکی کە زۆرجار نازەنین نەقاشی کردوە و سروودی جیهان بەریوەیە. پیکەنینیکی پر زایەلەی کە کۆمەلگای دژی پیشکەوتن و حاکمیەتی عەدلی ئیسلامی وەلەرزە دینێ و رۆژیك دەیرووخینی. پیکەنینێ کە دنیا دادەگریت. پیکەنینی، پیکەنینەکانی پویەندە.

سەرچاوە: گۆڤاری "ئافتاب"

# دوژمنایەتی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لەدژی هونەر

ن: ا.س. واسکز

و: ب.سوهەیل

بەرهەم هینانی سەرمایەداری لەگەل زۆربەی لقەکانی بەرهەمی مەعنەوی دوژمنایەتی هەیە، بۆ وینە دوژمنایەتی لەگەل شیعر و هونەر.

مارکس لە سەرتاسەری بەرهەمەکانیدا زۆرجار باسی پەیوەندیەکانی نیوان هونەر و نیزامی سەرمایەداری کردوە. لەم رووەوە کە بۆ ئەو لایەنی جوانکاری ناسینی حەوزەکانی بنەماکان، بوونیەتی ئینسانی بوو، سروشتییە کە عەلاقە بە چارەنووسی هونەر وەك رەنگدانەوەی هیزی داهینەرانەی ئینسان لە کۆمەلگای سەرمایەداریش دا هەبوو. مارکس پاش دەستنیشان کردنی ناوەرۆکی چەوسینەرانەی بەرهەمە مادییەکانی نیزامی سەرمایەداری، وەبیر دێنێتەوە کە بەرهەم هینانیکی ئەوتۆ، لەگەل چەند بەشیکی دیاری کراوی بەرهەمی مەعنەوی لە چەشنی هونەر و شیعر دوژمنایەتی هەیە و لە روانگەکانیدا سەبارەت بە زیدەبایی لەسەر دوژمنایەتی سەرمایەداری لەگەل هونەر پیی داگرتوە کە پەیوەندی نیوان بەرهەمی مادی و بەرهەمی ئەندیشەکان ئەوەندەش سادە نیە. چونکە ئەم دوانە وەك دوو جۆر لە بەرهەم پەیوەندییان بە شیوازە جۆراوجۆرەکانی سازمانە کۆمەلایەتییەکانەوە هەیە، مارکس لەسەر ئەم بروایە بوو کە بەرهەمی مادی لەژیر هەل و مەرجی سەرمایەداریدا نەتەنیا هەنگاویك بۆ گەشەی هونەر هەلناگرێ، بەلکو بە ئانقەست کۆسپی دەخاتە سەر ریگا. بە دەربرینی ئەم مەسەلەیە کە بەرهەم هینانی سەرمایەداری لەگەل بەرهەمی ئەندیشەکان دوژمنایەتی هەیە، پی لەسەر ئەوە دادەگری کە ئەم دوژمنایەتیە تەنیا تایبەت بە هونەر نیە، شاراوە نیە کە ئاستی ئەم دوژمنایەتیە لە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەندیشەدا بە شیوەیەکی یەکسان ئاشکرا نابی. لیرەدا دەتوانین بەپیی لیکدانەوەکانی بناغەکانی مارکسیزم ئیشارە بەم خالە بکەین کە بەرهەمە مادییەکانی سەرمایەداری لەگەل سەرجەمی بەشە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمی داهینەرانەی بیر کردنەوەکان بە رادەیەك دوژمنایەتیان ناکات، بەلکو چەند بەشیك لەم بەرهەمە لەو دوژمنایەتیە دەپاریزرین و تەنانەت بەرهەمی مادی بەشیك لەم بەرهەمانە لەبیر ناکات بۆ وینە سەبارەت بە زانست و بە تایبەت زانستی سروشتی، کە لە بواری موناسباتی سەرمایەداریدا بەرهەمەکەی گەشە دەکا و پەرە دەستینی. زانست لە روانگەی مارکسەوە، ئەم هیزە لە ئەندیشەیە کە پشتیوانی گەشەی بەرهەم و مەرجی پیویستی گەشە کردنیەتی و لەم لایەنەوە بەرهەمی مادیش هۆکاری چارەنووس سازی پیشکەوتنی زانستە. داواکارییەکانی بەرهەمی سەرمایەداری، هۆیەکانی گەشەکردنی زانست مسۆگەر دەکات. رەنگە بتوانین بلیین کە چارەنووسی زانستی نوێ بە توندی بە گیروگرفتەکانی زانستییەوە گری دراوە، واتە ئەو گیروگرفتانە کە خۆیان بەرهەمی رەوتەکانی سروشت لە سەردەمی سەرهەلدان و زال بوونی سەرمایەداری دان. دواتر دەبینین کە لقیك لە بەرهەمی ئەندیشە واتە زانست هەروەك ئاکامی گەشەکردوی بەرهەمی مادی پیشکەوتن بە خۆیەوە دەبینی. بەهەر رادەیەك بەرهەمی مادی گەشە کردووتر بێ ئاستی

گەشـە کـردنی زانستیش زیاتر دەچیتە سەری. واتە کارگەرییەکانی سروشـت بـە قوولایی‌یـەکی زیاتـرەوە دەتوانـین لـێ یـان تێبگـەین زانست پێبەپیی بەرهەمی مادی پیشرەفت دەکات و ئەگەر گەلیك ناهەماهـەنگی لـە نـیوان زانسـت و بەرهــەمی مـادیدا هەیـە بـەو رادەیـە بەرچـاو نـیە کـە لـە بەشـەکانی‌تری بەرهەمی ئەندیشەکاندا بەرچـاو دەکەوی. بەهۆی پەیوەندی نیزیکی نیوان زانست و بەرهەم، هەماهەنگی نیوان ئەم دوانە زیاتر دەبی.

هونـەر و ئەدەبـیات بـە شـیوەیەکی راسـتەوخۆ وەلامـدەرەوەی داخوازییـەکانی بەرهــەمی مــادی نـیە و بەرهــەمی مــادیش بـە شیوەیەکی راستەوخۆ کـار ناکاتە سەر دیاری کردنی ناوەرۆك یان روالـەتی بەرهـەمی هونـەری و مـەسیری گشـتی گەشـەی هونەریش دیاری ناکات کە نیشان بدات ئایا هونەر لە کۆمەلگایەکی دیاری کـراودا گەشە دەکات یان نا؟. هەلبەتە مەبەست ئەوە نیە کە هونەر کـاریکی بە هیزەکانی بەرهەم هینەرەوە نیە. ئەم هیزانە لە ئاخرین لـیکدانەوەکاندا شـوینەواری تایبەتی خۆیـان هەیـە. بـەلام گەشـە کـردنی بیرکـردنەوە هەرچـەند لـە ئاکام دا بە ژیرخانی ئابوورییەوە بەسـتراوەتەوە بـەلام هونـەر و ئەدەبـیات بەشـیك لـە تەواویـەتی کۆمەلگایەکی چـروپر دروست دەکەن کە لـەو کۆمەلگایـەدا بە شیوەیەکی زاتـی هـەم بـە بـنەماکانی ئـابووری و هـەم بە تیکرای بەشـەکانی سـەرخانی ئـیدئولۆژییەوە گـریی خـواردوە. بەرهـەمی ئەوەی کە هونەر و ئەدەبیات لە حالیکدا کە ئیستاش لەژیر قەید و بـەندی ئـابووری دان، بـە رادەیەکیش سەر بەخۆیی خۆیان هەیە کە زۆر لـە سـەربەخۆیی زانسـت بەرینـترە. ئاسـتی ئـەم سـەربەخۆیی‌یە راسـتەوخۆ بـە ژمـارەی ئالقـەکانی نـیونجی گـری خـواردووی نیوان هونـەر و بـنەماکانی ئابووریشی دەکریتەوە، لە ئاکام دا بەرهەمی بیرکـردنە وە و ئەندیشـە هەرچـی لـە بەرهــەمی مـادی دوورتر بێ، لەنـیوان گەشـەی هونەری و گەشە کردنی ئابووریدا ناهەماهەنگی زیاتـر سـەر هـەلدەدا. ناهەماهەنگیـەکی ئەوتۆ دەتوانی بە کۆتایی بگات کە نموونەکەی هونەری یونانیە.

هۆکارەکـانی ئـەم گەشـە کردنە نایەکسانە کە مـارکس نەتەنیا هەر لە هونەری یونانیدا بەلکو بە هونەری شکسپیریش روونی کردەوە، دەبـی لـەناو سروشـتی ئالقـەکانی نیونجی ژیرخان و سەرخاندا بۆی بگـەریی، نـەك لـەناو هیزەکانی بەرهەم هینەری ماددیدا. واتە لەم ئالقـە گـری خواردووانـەدا کە مارکس سەبارەت بە هونەری یونانی ئیشـارەی پـیدەکا، مـەفهوومیکی تایبەتیە لە سروشت لە روانگەی یونانیـیەکانەوە و هـەروەها ئـەو موناسـباتە کۆمەلایەتـیەیە کـە بـە خسـتنەگەری هـیزی خـەیالی یونانیـیەکان، ئوسـتورە یونانیەکانیان خۆلقاند.

دوژمنایەتـیەك کـە مـارکس لەنـیوان بەرهــەمی سـەرمایەداری و هونـەردا دەیبـینی لەنـیوان بەرهـەمی مـادی و بەرهـەمی هونەری پەیوەندی‌یـەکی مەنفی بەرقەرار دەکا، بەلام لەم بارەوە، ئەو مەنفی بوونـە ئاکـامی گـری خـواردوی جۆراوجـۆر کـە گەشەی نایەکسانی هونـەر و ئـابووری دەسـت نیشـان دەکـات، نیە، بەلکو کەم تا زۆر ئاکـامی ئــەو هــەل و مەرجەیــە کــە خــودی بەرهــەم هیــنانی سـەرمایەداری تـیی‌دا قـەراری گرتوە رەوتیکی مەنفی بوونی ئەوتۆ لـە هەل و مەرجی بەرهەمی پیش لە سەرمایەداری بۆ وینە لە هەل و مەرجی کۆمەلگای یونانیدا، نابینین.

هەربۆیــە یاســای گەشــەی نایەکســانی هونــەر و ئــابووری لــە کۆمەلگایـەکدا کە ئاستی ئابوری نزمە، پشکوتنی هونەر دەتوانی زیاتـر لەو ئاستە بی کە کۆمەلگای گەشە کردووی ئابووری دەستی پـیی بگـات. نموونەیـەك کـە مــارکس لـە هونـەری یونـانی دەی هینیـتەوە بـە تـەواوی لـەم بـارەوە ئاشـکرایە و دروسـتە. لـە هـیچ کۆمەلگایەکی پیش لە سەرمایەداری، بەرهەمی مادی لە بنەرەتدا دوژمـنایەتی لەگـەل هونـەر نـەبوو، تەنانـەت مەبەستەکانیشـی لـە کۆمــەلگا ســەرەتاییەکانیش دا واتــە ئــەو کاتــەی کــە هونــەر راسـتەوخۆتر پـەیوەندی بـە بەرهـەمی مادییـەوە هـەبوو، بـەمجۆرە نـەبوو. لـە بـنەرەتدا دوژمنایەتی بەرهەمەکانی مادی لەگەل هونەر تەنـیا لــە نـیزامی سـەرمایەداریدا بەرچـاو دەکـەوی. بەپـیی

روانگەکانی مارکس، سەرمایەداری لەزاتی خۆیدا، شکل بەندییەکی کۆمەلایەتی- ئابوورییە کە لەگەل هونەر نامۆیە و لەدژیەتی.

کاتیك کە لە کۆمەلگای غەیرە سەرمایەداریدا بەرهەمی مادی ریگای دژایەتی بەرهەمی هونەری گرتەبەر، ئەم دژایەتیە خەسلەتی بنەرەتی نەبوو، واتە ریشەیەکی راستەوخۆی لە سروشتی سازمانی ئابووری ئەم دوانەدا نەبوو، بەلکو ریشەی لەو رایەلە چروپرە هەنگاو بەهەنگاوەوە هەبوو کە هونەری بە بناغەکانی ئابوورییەوە گرێ دەدا.

سەردەمیك کە مارکس وتی بەرهەمی سەرمایەداری دوژمنی هونەرە، ئەو دوژمنایەتیە دەیتوانی بە هەلە تەنیا بە رەنگدانەوەی یاسای گەشەی نایەکسانی هونەر و ئابووری لیك بدریتەوە، بەلام ئەم دیاردەیە بە هیچ جۆر رەنگدانەوەی ئەم یاسایە نیە. لە راستیدا، لازمەی ئەم یاسایە، بەمجۆرە کە مارکس روونی کردۆتەوە، ئەوە نیە کە چەندین جۆری تایبەت لە بەرهەمی مادی خۆی لە خۆیدا دوژمن یان بە گویرەی هونەر بی و ئەم یاسایە لیکدانەوەی هەل و مەرجیك نیە کە شیوازیکی تایبەت لە بەرهەم بتوانی بەم یان بەو شیوە لە هونەردا کاریگەری هەبی. تەنیا شتیك کە دەکری لەم یاسایە وەربگیری ئەوەیە کە چونکە هونەر لەسەر بەخۆییەکی نیسبی بەرخوردارە، لەم رووەوە ئیمکانی هەیە کە بێسەرنج دان بە جۆریك بەر لە زال بوونی بەرهەمی مادی هونەر بە پلەیەك لە گەشەکردن کە بەرزتر یان نزمتر لە گەشەی هیزەکانی کۆمەلایەتی- ئابوورییە بگات. روانگەی دوژمنایەتی سەرمایەداری لەگەل هونەر، پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنیوان ئابووری و هونەر دادەمەزرینی کە پەیوەندییەکی مەنفییە، بەو مانایە کە بەرهەمی سەرمایەداری بەپیی زاتی خۆی، لەگەل هونەر، نەگونجاوە.

گەشەی نایەکسانی هونەر بە سەرنج دان بە بەرهەم هینان، بە بوونی خۆی دریژە دەدا، چونکە هەرچەند راستە کە هونەر تەنانەت کاتیك کە بەرهەمی سەرمایەداری لە لوتکەی دەسەلات دایە، دریژە بە گەشە کردنی خۆی دەدا. بەلام ئەم گەشەکردنە بەهۆی ئابوورییەوە نیە بەلکو بە جیاواز لەو دەخولقی. بەلام ئەم راستییە کە هونەر دەتوانی بەمجۆرە دریژە بە ژیانی خۆی بدات بە مانای نەمانی دژایەتی نیوان بەرهەمی مادی و بەرهەمی هونەری نیە، چونکە دژایەتیەك کە ئیمە باسی دەکەین ئەو جیاوازییە بێبناغە و لەناو چوونە نیە کە ئیشارەی پێدەکری کە بتوانی بە گۆرانی ئاستی خەسلەتی بەرهەمی سەرمایەداری لەناوخۆی ئەو نیزامەدا بەسەریدا زال بێ. بە پیچەوانە ئیمە باس لە دژایەتیەکی بنچینەیی دەکەین و هونەر تەنیا هەر ئەوکاتە گەشە دەکات کە بتوانی خۆی لەژیر دەستی سەرمایەداری رزگار بکات.

بڵاو بۆوە:

ژمارە ٦ی گۆڤاری **هەنگاو** بە ریکەوتی زستانی ٢٠٠٣ چاپ و کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. **هەنگاو** وەرزە گۆڤارێکی وەرگێرانی فیکریی و کلتوریی پێشکەوتنخوازە.



# هونەر چییە و چۆن پێك هات

ن: عەباس سەماکار

و: سەعید ئەمانی

هونەر چیە؟ ئەمە ئەوەڵین پرسیارە، بەر لەمیش، ئەوەیە کە بپرسین هونەر بە چ شیوەیەك و بۆ بەدی هات و لە بنەرەتدا ئەم پیکهاتەیە لە کوێ و چۆن بەشەر کەلکی لێ وەرگرتوە؟

بە سەرنج دان بە پرسیاری دووهەم و دۆزینەوەی رازی پیکهاتەی هونەر، دەکری هیوادار بین کە ولامی پرسیاری یەکەم، واتە کلیلی دەرکی مەسەلەی هونەریش بەدەست بیت. بەلام بۆ ئاشکرا بوونی رازی دەرکەوتنی هونەر، پیویستە تەیار بین، لیباسی سەفەر لەبەر کەین بڕۆین بەرەو سەردەمە دوورەکان، بۆ زۆر دوور. بۆ سەردەمی چاخی بەردینە کە نزیك بە چل تا دە هەزار ساڵ بەرلە ئیستا دریژەی بوە.

هەوەڵین شوینەواریکی کە سەبارەت بە ئینسان بەدەست هاتوە هی ئەو سەردەمانەیە. کە لەنیو ئەشکەوتەکانی لاسکۆ لە مونتینیاك، لە ناوچەی "دووردوونی" فەرانسە، و نیو ئەشکەوتەکانی ئالتامیرا، خوارووی باشووری زنجیرە چیاکانی پیرنە کە دەکەویتە مەودای نیوان فرانسە و ئیسپانیاوە، هەوەڵین شوینەوارە هونەرییەکانی مرۆڤی سەرەتایی بەسەر دیوارە بەردینەکانیەوە دۆزراوەتەوە.

لەسەردەمی کۆنە بەردینەکان، لە زۆر ناوچەی تری دنیاش ئاسەواریك ماوە: لەوانە، ونوس و یلندورف و ئاسەواریکیتر بە لیوارەکانیدا نووبەوە، نەقاشی و کەندەکارییەکانی ولاتی ئیران و شتی وەك ئەمانە. بەلام ئاسەواری بەجیماو لە ئاشکەوتەکانی لاسکۆ و فون دوگوم لە ولاتی فەرانسە و ئالتامیرا لە ولاتی ئیسپانیا بەلگەگەلیکی پڕ بایەخی زیاتری بۆ تویژینەوەی مەبەست و نیازە سەرەتاییەکان و دەرك و حالی بوونی دەست پیکردنی بەشەر بە کاری هونەری بەدەستەوە ئەدات. ئەم شوینەوارانە بریتین لە وینەی جۆراوجۆری راوکردن و نەقاشیگەلیك لە دەستی ئینسان.

بە دیتنی ئەم وینە دیواریانە، ئەم پرسیارە دیتەپیش کە مەبەستی مرۆڤە سەرەتاییەکان لە کیشانەوەیان چی بوە؟ ئایا دار و دیوار و شوینی ژیانی خۆی پێڕازاندوونەتەوە، و بە نیازی یاری و چیژ وەرگرتن لەژیان، ئەم رەسمانەی دەکیشایەوە؟ ئایا پیی وابوە هونەر شتیکی زاتی و سەربەخۆیە. وا کە بتوانی سەربەخۆ لە هەل و مەرجی ژین و بەرێ چوونی ئەو بوونی هەبیت؟ ئایا ئەمانە شوینەواریکی هونەری بە واتای ئەمرۆییە؟ وە ئایا دەرك و حالی بوونی مرۆڤی سەرەتایی لە هونەر، لە بنەرەتدا، هەر ئەو دەرکەیە کە ئینسانە ئەمرۆییەکان لە هونەریان هەیە؟ یان ئەم نەقش و نیگارانە زۆرتر بە مەبەستی پیداویستیە ئینسانەیکانی سەری هەلداوە و شکاندنی تاسەی نیازە نارۆشن و خۆبەخۆییەکانی ئەوی بەدواوە بوە؟

سەبارەت بەمەیان جیاوازی بۆچوون هەیە. یەکیك هونەر بە شتیکی ئەزەلی و ئەبەدی کە لە زاتی بەشەر دایە، و ریشەی لە دەرەوەی سروشتا، دەزانی ئەویتر پیی وایە، هونەر رووداویکی میژوویی و ولامی بەشەر بە نیازی بیهۆی شتیکە کە، لە بنەرەت و هەوەڵین خۆدەرخستنەکانیدا، لەگەل ژیانی کۆمەلایەتی حەیاتی بەریچوونیدا گریدراوە. بۆ هەلسەنگاندنی ئەمەی دووهەمیان کە ئەم وتارە پیگەی بۆچونەکانی لەودا دەبینی، پیویستە کە، بە یارمەتی ئەو زانیاریانەی بەدەستەوەن، چاویك بە هەل و مەرجی ژیانی ئینسانە سەرەتاییەکاندا بگیرین.

با بچینەوە بۆ دەمەوبەیانی میژوو. بۆ ئەو دەم بەیانە تەم گرتو و خەفەی کە مرۆڤ لە کویلەیی چەندین سەدە شەوگاری سروشتی

حەیوانی خۆیەوە سەری بەرز کردۆتەوە و بە بەژنیکی راستەوە لە بارەگای جیهاندا، بۆ دەرگانەی کیوەکان، بە دیمەنگایەکی بەرین لە پیدەشتە مەترسی دارەکان لە بەرانبەریدا، بە پیوە ویستاوە و بە ترس و خۆفەوە سەرنجی داوەتە دنیا نوییەکەی بەرانبەری. بە دەیان هەزار سال بە واتای ئەمرۆیی "بەشەر" کات ماوە و ئەو ئیستاش لە خەوی قورس و قەدیمی، کال و کرچی و ساویلکەیی دەرباز نەبوە و لە ئەندیشەی رەمز و رازیك دایە کە لە بەرانبەریدا بە هەزاران رەنگ و روو بە خۆیەوە دەگری. بەراستی مرۆڤ لەم ساتەدا بیر لەچی دەکاتەوە و بیرکردنەوەی ئەو رۆژەی، سەبارەت بە هونەر، چەندە لەگەل ئەندیشەکانی ئەمرۆدایەك دەگرنەوە؟

لە دەورانی کۆنە بەردینەدا، ئینسان هیشتا دەستی بە وەرزیری نەگەیشتبوو و بەرهەم هینی پیداویستیە خۆراکیەکانی خۆی نیە. لەم دەورەیەدا بەشەر چاو لەدەست و میوانی سروشتە و تەنیا ریگای گوزەران و بەریچوونی، راوی ئاژەلی کیوی و کۆکردنەوەی بەری دار و بنی گیاخۆرسکەکانە. دیارە وەها ئینسانیك دەسەلاتی تەواوی ژیانی خۆی نیە. بەلکو چاو لە دەست و ترساوی سروشتیکە کە جاریك بەدەست ئاوەلایی بە پیریەوە دیت و ماوەیەکیش لە گیژەلووکەی قین و توورەیی خۆی دەپیچی. دەبی هەول بدری ژیانی ناسەقامگیری وەها بوونەوەریکی بێ پەنا و لەدەیان هەزار سال لەوەوپیشدا، لە ئەشکەوتەکانی لاسکۆ، ئالتامیرا و جیگاکانی‌تری لەم چەشنەدا بدۆزینەوە تا بتوانین پەی بە مەبەستی ئەو لە بەدیهینانی هونەردا ببەین. هۆگەلیکی زۆر لەبەر دەست دان کە نیشان دەدەن ئەم نەقاشیانەی بەسەر دیوارەکانەوەن بۆ مرۆڤی سەرەتایی رۆلی رازاندنەوەی نەبوە. و دەتوانین بیسەلمینین کە ئینسان ئەم رەسمانەی بۆ جادووکردنی ئاژەل و حەیوانە کیویەکان و زال بوون بەسەریاندا و لە ئاهەنگیکی تایبەت دا، دەی کیشانەوە. هەلبەت ئەم شیوە جادووگەریە شیوەیەکی کال وساویلکانە بوو وە لەگەل جادووگەری دواتری بەشەر لە سەردەمی نوی بەردینەدا، کە دەورەیەکی پیشکەوتووترە، جیاوازی بوە. بۆ نموونە، نەقاش و راوچی سەرەتایی پیی وابووە کە، بەدەست بەسەر داگرتنی وینەی ئاژەلەکە، خودی ئاژەلەکەش راو دەکات. بەلام مەسەلەی گرینگتر ئەمەیە کە چۆن فیری وینە کیشانەوە بوە و پەی بە توانایی "وینە" بردوە و لە چ رەوت و روانگەیەکدا ئەم وینانە کاردانەوەی رەوانیان لەسەر داناوە؟ کۆنترین ئاسەواری دۆزراوە، وینەگەلیك لەدەستی ئینسانە بەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە. ئەم رەسمانە بە دیواری ئەشکەوتەکان و لە دەورانیکی زۆر بەر لە وینەی راو کردنەکان کیشراونەتەوە. ئیستا پرسیار لیرەدایە کە ئەگەر وینەی راوکردنەکان بە مەبەستی جادوو دەکیشرانەوە، وینەی ئەم دەستانە بە چ نیەتیك بەدی هینراون؟ بەراستی ئەم سەرەتایی‌ترین شیوە رازانە چین کە زۆر لە رەسمی ئاژەلەکان بە دیواری ئەشکەوتەکانەوە کۆن ترن؟

بە سەرنج دان بەو وینانە دەر دەکەوی، بە شیوەیەکی سەر سوور هینەر لە ئەندازە و شیوەدا وەك دەستی مرۆڤ دەچن، بە لەبەرچاو گرتنی ئەم تایبەتمەندیە دەکری وا بیر بکەینەوە کە ئینسانی سەرەتایی، یەکەم جار، بە بێ ئیرادە دەستە رەنگاوی یان خویناویەکەی لە دیوار دابیت و بەم چەشنە یەکەم وینەی بەدەست هینابی. بەلام ئەو بە چەندپاتە کردنەوەی ئەم رەسمی دەستە بەسەر دیواری ئەشکەوتەکەوە بە چ ئاکامیك گەیشتووە و چ هەستیکی لە دیتنی ئەو وینانە تیدا بەدیهاتوە وا نموونەگەلیکی جۆراوجۆر لەم رەسم و وینانە بە دیواری ئەشکەوتەکانەوە دەبیندری؟ باوەر ناکری کە ئەمەش چەشنیك جادووگەری بیت. پیویستە بزانین کە مەودای میژوویی نیوان هەوەلین وینەکانی دەست بەسەر دیواری ئەشکەوەکانەوە تا رەسمەکانی دوایی کە لایەنی جادووگەری و بەریوەبردنی ئاهەنگی رامکردنی راوی هەیە، یەکجار زۆرە، ئارنۆلدهئاوزر دەلی:"دەزانین کە هونەری ناوبراو هی ئەورا و کەرە سەرەتاییانە بوە کە ئیمانیان بە خوا و دنیا و ژیانی دوای مردن نەبوو... مەودای نیوان وینەی دەست و بگرە سەرەتایی‌ترین ئاژەل کیشانەوەی سەردەمی کۆنینە بەردی، زۆر بەرینە و هیچ چەشنە

بەلگەیەکمان لە تیپەر بوونی یەکیان بەسەر ئەویتردا بەدەستەوە نیە... وابیر دەکریتەوە کە دەورەیەك بەر لە جادوو... لە پیشترەوەیە... فۆرمولە جادوویـیەکان بەر لەوەی کۆبکرینەوە، دەبی کارایی خۆیان سەلماندبیت... ئەوان وینەی دەستەکان بیشك بەبی تویژینەوەیەکی وشیارانە دۆزراوەتەوە و ئینسانی بەر لە جادوو رەنگە، پەیوەندی نیوان وینە و راستەقینەی بە شیوەیەکی تەسادفی بەدەست هیناوە." کە وابوو ئەم ئاسەوارە بە مەبەستی جادووگەری بەدی نەهاتوە، بەلکو دەست پی راگەیشتنی تەسادفی‌یە. لەم دەورەیەدا ئینسانی غارنشین ئیستاش بەو رادەیە لە بیرکردنەوە نەگەیشتوە کە لەنیوان بوونەوەری زیندوو لەگەل وینەکەیدا کە بە چەشنیکی تەسادفی پیی گەیشتوە جیاوازی دابنیت. وەها مرۆڤیك کە لەدەست بەیەخە بوون لەگەل ناهەمواریەکانی ژیاندا، مەجالی بیر کردنەوەی بە شیوەگەلیکی ئالۆز بۆ نەرەخساوە، هیشتا ئاشنایی لەگەل واتای جیایی جسم و گیان دا نیە. هیشتا شتیکی بەنیوی "گیان" بۆ دەرك ناکری. روانینی ساویلکانەی ناتوانی پەیوەندی ئەم دووە کە، لە پلەی بیرکردنەوەدا، لە ئاستیکی پیشکەوتووتر دایە حالی بیت. بۆ وینە بوونەوەری گیان دار و بی‌گیان وینەی دەست و دەستی راستەقینە یەکیکە. بەم جیاوازیەوە کە یەکیان دەجوولی و یەکیان ویستاوە. ئیستا بۆچی ئەمەیان ویستاوە و ئەویتریان دەتوانی بجوولی، لە روانگەی عاقلانی ئەوەوە بایەخیکی نیە. "نیبایش و ئاهەنگە ئایینیەکان بە تایبەت ناشتنی مردوو بە تەواوی دەریدەخات کە زۆر دواتر مرۆڤی نوی بەردینە گیان وەك گەوهەریك جیا لە لەش دەرك دەکات... لوویی برول لەمەر سوور پیستیك بەنیوی سبوکسی لە یەکیك لە هۆزە سەرەتاییەکانی ئەمرۆیی‌دا دەگیریتەوە کە ئەم سووریپیستە، کاتیك دیبووی تویژکاریك خەریکە وینەگەلیك دەکیشیتەوە، وتبووی: دەزانم کە ئەم پیاوە زۆربەی گاکۆپارەدارەکانی ئیمەی لە کتیبەکەیدا کیشاوەتەوە. خۆم لەلای بووم ئەوکارەی کرد. لەوکاتەوە ئیتر ئیمە گای کۆپارەدارمان نیە."

ئەم وەك یەك بوونی وینە و بوونەوەرە زیندوە، و چەندپاتە بوونەوەی رەسمی دەستانە بەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە، دەری دەخات کە وینەی بەدیهاتوو پیویستە لەلای خۆیەوە روانینیکی تایبەتی لە پیکهینەرەکەیدا بەدی هینابیت کە لەژیانی ویدا وەك دەرکەوتنی شتیکی تازە چاوی لیکراوە. زۆر ویدەچی، لەم رووەوە دەستی دابیتە دووپات کردنەوە کە دیاردەی "رەسم" بەباشی بناسی. ئەوەندە دەزانین کە ئەم وینە بی جوولەیە، ئەم "ویستانە"، ئەم پایەداری و مانەوەی بوونەوەری زیندوە لە چوارچیوەی ناسکی وینەدا، بە چەشنیك سەرنج راکیش و رەمزاوییە کە ئەو بە توندی جادوو دەکات. شایەد بکری ئەم ئەفسوون کردنە وەك گەرایەکی چیژ دابنیین کە دواتر "چیژی جوانی ناسی" لی بەرهەم دیت. لە راستیدا، بە کەشفی ئەم ئەفسوونەیە کە ئەو لەوە بەدوا بە ئانقەست دەست دەداتە کیشانەوەی نچیرەکانی بەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە تا ئەوشتەی لەنیو سروشتی بی‌رەحم دا لەگەل ترس و دژواریدا بەدەست دیت، لە چوارچیوەی وینە و رەسم دا کە لەگەل زیندوەکەی‌دا یەك دەگریتەوە بە چەشنیکی هاسان بەدەستی بینیت. ئەمە دەبی شیوەیەك رازی کردنی رەوانی بەدواوە بیت، چۆن ئەم ئینسانە کال و کرچە دیرینە، لەگەل گشت کال و بیرکردنەوەکانی‌دا، دەزانی کە دەست راگەیشتن بەو شتەی زگی تیر دەکات، لەگەل ئەو وینانەی سەبارەت بە راوکردن کیشاویتەوە جیاوازی هەیە. بەلام ئەو بە وینا کردنی نچیرەکەی بەسەر بەردەوە و پیکانی بە نیزە و بریندار کردنی پیی‌وایە نچیرەکەی لە سروشتیشدا بریندار کردوە و یان توانایی بریندار کردنی بەدەست هیناوە.

جورج لوکاچ لە رەخنەیەکدا لە "کروگر" ئاوا دەلی:

"هونەرمەند پیویستە مرۆڤیکی ئاسایی نەبیت، کەسیکی هەلکەوتە بیت. لەگەل ئینسانەیەتی ئیمەدا نزیکایەتیەکی دوور و بیگانەی هەبیت. تەنیا لە وەها هەل و مەرجیکدا وەسوەسە دەبیت کە ژیان بە باشترین شیوە نیشان بدات، بینوینی، دەری بخات.

توانایی لیهاتووی و سەبك و شیوە و دەربرین هیچ شتیك نیە جیا لەم بۆچوونە لەسەر خۆیانە و وردە رەخنانە لەژیان. دەکری بوتری کە تیکدان و پوچەلکردنەوە پیویستە وەك مەرجیکی سەرەتایی لە ئارادا بیت."

کە وابوو، دەتوانری باس لە بەرهەمی سەرنج راکیش، پەیوەندی بە شیوەیەك ئەفسوونی ژیان و وەرگرتنی هیزیکی ویرانگەر و پووچەلکەرەوە بکەین کە مرۆڤی، لە هەوەلین رووبەروو بوونەوەکانیدا لەگەل "نەخش"دا، بە توندی بۆلای خۆی راکیشاوە. ئەم کیشان و سەرنجە، ئەم سەرەتاییە وەرگریە پیچەلاو پووچانە، کە دەبنە هۆی یەکانگیری واتاکان و بەشەر دەگەیەننە جادووگەری، ئەم هونەرە خۆبەخۆ و ئەندیشە زایە، کە لە کال ترین شیوەیدا سەمەرەی فکری ئینسانە، هەستی هەلدەخرینیت. واتە هەر لەم رۆچنە میژووییەوە دەبینری کە مرۆڤ هەر لە بەرەبەیانی سەرەتادا تا ئیستا چۆن هەولی داوە بچیتەوە نیو مەنیەتە میژوویی‌یەکەی و بەدووی خۆیدا بیتەوە. لەم تیکەل بوونەدا هەولی ئەو بۆ رزگار بوون لە تەنیاییەکی ترس هینەر کە سیبەری بەسەر دنیاکەیدا کیشاوە، بگرە ئەگەر لە سەرەتای کاری ناخودئاگایشەوە بیت، دەبینری.

کەرەسەیەکی کە مرۆڤ ئیستا بۆ دەربرینی بی‌دەسەلاتی و ترس لە سروشت دۆزیویەتەوە چیە؟ لە راستی‌دا، هەر ئەو "وینە لە ناکاوەی دەست" و، لەژیر کاردانەوەی ئەودا، نەخشی لە چوارچیوە خراو و کەوتوە ژیر ئیرادەی سەر دیواری ئەشکەوت. بە واتایەکی‌تر، مرۆڤ، بەر لە بەدی هینانی زانستی رەوان، لە ریگای هەنەرەوە پیداویستیە رەوانیەکانی دابین دەکات و ترس لە سروشتیش لەخۆی دەتەکینی. مرۆڤ، بە ئەزموون کردنی هونەر، تواناییەك بەدەست دینی کە ئەساسی زانستی جادووگەرانەی ئەوە. هونەر، خۆی هەوەلین کەرەسەی بردنە سەری ئاستی رەوانی و دەست راگەیشتن بە دنیای بانتر و سەرکەوتن بەسەر دنیای حەیوانی و دەسەندە خۆری سروشتە: کەرەسەی رزگار بوون لە گیژاویکی سامناك و هەرەشە ئامیز. بەشەر بەرلەوەی دەستی بە دەرك و ناسینیکی رۆشن لەخۆی، کاریکی کە دەیکات و لە هەل و مەرجی ژینی، بگات، بەهۆی شاخە کە هەستیەکانی هونەر دنیا شناسایی دەکات و دواتر بە لووتکەی خۆناسی و زانستتا دەچیتە سەری. بەم چەشنە، ئینسان دەتوانی بە یارمەتی هونەر، بەسەر ترس لە سروشت و ترس لە دەرەوەی خۆی‌دا زال بیت. بەلام مەسەلەکە هەر لیرە کۆتایی پی‌نایەت. کاتی ئینسان بەم پلەیە لە ئال و گۆر دەگات، گرفتیکی‌تر لەم گۆرانە میژووییەدا روودەدات و دەردەکەویت. هەر بەو چەشنەی کە بەشەر هەنگاو هەلدینی بۆ ئەوەی بەر لە میژوویی خۆی لەسەر دەمانیکی زیریندا بە جیبلیت، تەنیاییە کە دوو لایەن بەخۆوە دەگری.

مرۆڤی سەرەتایی، بوونەوەریکە ژیانیکی بەناچار بە کۆمەلی هەیە کە، لەبەر دژواریە جۆراوجۆرەکانی، پیداویستیەکانی ژیانی، تەنیا لە بازنەی جیگای حەوانەوەو خۆراك و زا و زی‌دا دەخولیتەوە. ژیانی لەم روانگەیەوە بەناچار بەکۆمەلە کە تەنیایی، بۆ ئەو جیا لە تیدا چوون شتیکی‌تر نیە. لە ژیانگە پرمەترسیەکەی سەردەمی سەرەتاییدا، بگەرە بۆ گروپ و دەستە ئینسانیەکانیش، سەرکەوتن و زال بوون بەسەر نچیردا و کۆ کردنەوەی خۆراك کە بە شیوەی جەمعی و بەکۆمەل بەریوە دەچوو. هەمیشە سەرکەوتنی بە دواوە نەبوە: چ بگا بەوەی وەها ئینسانیك کە بە تایبەتی کاتی پیری هیز و توانایی‌یەکەی لەدەست دەدات و لە بەرانبەر هیزی سروشتا بی‌پشتیوان دەمینیتەوە بییەویت بە تەنیایی بەسەر ئەمانەدا زال بیت. بەم پییە، بەردەوامی ژیان، پیویستی بە زال بوون بەسەر هیزە سروشتیەکاندا، پیویستی بە پشتیوانی و ئەمنیەت و پیداویستیە رەوانیەکانی‌تر، ژیانی بەکۆمەلی بەشەری توند و تۆلتر کردوە.

لەسەر دەمانی سەرەتایی‌دا، لە بەرەبەیانیکی کە ئینسان لە کویلەیی چەندین سەدە شەوگاری دریژی سروشتی حەیوانی خۆی بە رادەی پیویست مەودای گرت، تەنیایی بەراستی هەراس ئەنگیزە.

ئەم تەنیاییە، بە واتای بێپەنایی لە بەرانبەر هێزە توورە و دەرکیەکانی سروشت، تەنیاییەکی بەکۆمەلە. لەم هەل و مەرجەدا هێشتا بەشەر رانەهاتوە کە، دوای راوکردن یان هەولدان بۆ کۆکردنەوەی خۆراك، لە تەنیاییدا، لە قسە کردنیکی بیدەنگ لەگەل خۆیدا رووبەروو بیت و دنیای تایبەت بە خۆی و ترس و هومیدە بی هاوتاکەی پیك بینی. لەم دەورانەدا، ترس لە دەرەوەی خۆی، یان بە واتایەکیتر لە دەرەوەی بەکۆمەلی ئەو دایە. ئەوەی کە کەسانیتر دەترسینی ئەویش هەر بەو شیوەیە دەترسینی. کۆی گشت ئەو هیزانەی کە حەیاتی راوکردن دەخەنە مەترسیەوە، تەنیا مانەوەی هەرکامیان لەگەل توند و تیژی و لەناو چووندا رووبەروو دەکات. بە لەبەرچاو گرتنی ئەمانە ئینسان، فەردییەتیکی بەکۆمەلە کە لە دەمەوبەیانی میژووەوە تیدەکۆشی بەسەر تەنیاییەکی گشتیدا زال بیت. وەها بوونەوەریکی ترساو، کە بگرە لەگەل خۆشیدا بیر لە شتیك ناکاتەوە، تاکوێ ئەگەری ئەوە هەیە کە بیر لە دیاردەیەکی وەك هونەر بە واتای ئەمرۆیی بکاتەوە؟

حالی بوون لە هونەر، وەکو نهادیکی سەربەخۆ و لەسەر پیی خۆ، دەگەریتەوە بۆ سەردەمانیك کە ئینسان لە دەستگای بیر کردنەوەیدا توانایی دەرکی شتە ئالۆزەکان بەدەست دینی. وەها ئینسانیکیش کەسیکە کە کات و ئیمکانی تەنیایی و دەرکی سەمەرە و کەلك وەرگرتن لەوی هەیە. ئینسانی سەرەتایی لەوەها کات و ئیمکاناتیك بێبەشە. ئەو لە تەنیایی خۆیدا بیجگە لە ترس لە سروشت نیگەرانیەکی دیکە شك نابات کە پییەوە سەرقال بیت. ترس و دلەراوکی سروشت شتیکی گشتییە، نەك تاکە کەسی. واتە "تەنیایی" ئەمریکی گشتییە و هەر کەسە و لە تەنیایی خۆشیدا لەگەل کەسانیتردا ژیان دەباتە سەر تا ئەمنیەتی پاریزراو بیت. بەم پییە، گۆشەگیری و خەلوەت کردنی، ئەو جۆرەی لە نەزەرمانگرتوە، بەلای ئەوەوە بێمانایە. بوونەوەریکی وەك "من" بۆ مرۆڤی سەرەتایی چ مانایەکیتری جگە لە تەنیایی لە بەرانبەر هیزە تورە و مەترسیدارەکانی سروشتا دەتوانی هەبیت؟

"من"ی، فەردییەتی هەر کەسیك، تەنیا ماندوەیەتی. قوول بوونەوە بۆ ناو دەروونی خۆی، دیاردەیەکی دواترە. "فەردییەت" خۆی سەمەرەی سەردەمیکی تایبەت لە وجوودی کۆمەلایەتی بەشەر دایە. "فەردییەت"، حاسلی بیر و میشکی مرۆڤیکی ئاسوودەیە کە شتیکی تەنیا بۆ بە تایبەت بەخۆ کردن پییە. کە وابوو، "من" دەبی مانایەکی سەر بە ئینسانی بەرهەم هین و کۆکەرەوە و کەلەکە کەری زیادە بیت. "من"، وەك مرۆڤیکی خاوەن ئیمتیاز، لە گەلکوو و لە تەنیایی دیتە دەری، ئیتر "من" نیە. بوونیکی ترە کە لە جەستەی ئینسانەوە سەر بەرز دەکاتەوە هەتا بگرە ناخی خودی ئەویش ویران کات. ئەم بوونەی "دیکە" کیە؟ ئایا "تەنیایی" ترسان و خۆف کردن لەخۆش ناژمیردریت؟ ئایا "من"، کاتێ تەنیایە، لەگەل خۆشیدا نامۆ نابیت؟

بەم شیوەیە، مرۆڤیکی کە پیدەنیتە مەلبەندی ئەمجۆرە چەمکانەوە هەم لە تەنیایی دەترسیت و هەم لەلای کەسانیتر پەنا دەباتەوە بەر خۆی، بۆ ئەوەی بە تەنیا بیت. واتە ئینسان هەم لە "تەنیا" بوون دەترسی و هەم دەکەویتە شیوەیەك بیگانە بوون لەگەل "خۆی بەکۆمەلی"دا. ئەمەش راست لە کاتیکدا پیش دیت کە ئەو، لە گۆرانیکی میژوویی‌دا، کاتی رەت بوون لە سەردەمی دەسەندە خۆری راوکەرانە، بەرەو سەردەمانی بەرهەم هینی و لەسەر پیی خۆ راوەستان، "خۆ بەکۆمەلە"کەی بە قیمەتی "خۆیەکی تاکی" تازە دۆزراوە و "خاوەن ئیمتیاز" ون دەکات. واتە دەورانیك دیتە پیشەوە کە دیاردەی گشتی بوونی ترس کال دەبیتەوە و لایەنی تاکەکەسی‌یەکەی بە زەقی خۆ دەنوینی. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە ئینسان لە زیادەی کەسانیتر، ئەوی خۆی دیوەتەوە و دەستی داوەتە پاراستنی "من"ەکەی. لەمەوبەدوا، روخساری دەچیتە تەم و غوباریکی دەورانسازەوە و لە پاریزگاری لەوەی کۆی کردۆتەوە بە "تاك" دەمینیتەوە.

لەم حالەتە دایە کە ئینسان دەتوانی لەترسی ئەو بوونەوەرە مەشکووکەی کە لەناخیدا هیلانەی کردوە وەزالە بیت و لەخۆی

بترسی. ئەم تەنیاییە بۆ زاتی بەکۆمەڵی ئەو کوشەندەیە و بەردەوام لە ناخەوە گوشار دینی. ئیستا، تەنیایی و ترس، لە دەرەوە، بۆ ناوەوە گویزراوەتەوە. لە راستیدا، لە گەڵکوو مرۆڤ لە ئاشنا و پشتیوانە راوکەرە پیشوەکەی، لە "وی دیکە" کە ئیستا وەك ئەو خوازیاری زیادەیە و بەم پییە، دوژمنیشە، دەترسی و هانا دەباتە بەر ناخی خۆی، تەنیاییەکەی دووبەر دەبیتەوە. ئەو، لە حالیکدا کە ئیستاش بەدەست بیرەحمی سروشتەوە رەنج دەکیشی، رووبەریکی تریش لە ترس دەناسیت: ترس لە "خۆی".

لیرەدایە کە دیسان هونەر دیت بە پی و سۆراغیەوە تا ئەو لەم ترسەش نەجات دات. بەلام ئەمجارە، ئاویزانی هونەر بوون، لەخۆرا نیە. ئەمجارە، بە جیگای نەقاشی، "هونەری بە ریکەوت"، شیعر، "هونەری ئاهەنگ و مەبەست دار" دیتە یارمەتی ئەو تا لەم گیژاوەی رزگار کات. مرۆڤ، لەژیانی بە ناچار بە کۆمەڵی خۆیدا، پیویستی بە کەسانی ترە. بەم پییە، لە جیگا و شوینی نویشیدا هەوڵدەدات لە دەرگای ئاشتییەوە بچیتە ژوور و جاریکیتر "خۆی بە کۆمەڵ"ی بدۆزیتەوەز وە لەم ریگا پر کۆسپەدا، ئاویزانی شیعر دەبیت.

ئەگەر وینەکیشانی سەرەتایی ولام بە دەرەوە "ترس لە سروشت" بوو، شیعر، ولام بە ناوەوە و ترس لەخۆیە. روالەتی یەگانەی مرۆڤ، لایەنیکی میژوویی هەیە. بەلام هەر ئەوەندە بەسە پەردەکە لابدەین و تماشای چاوە زیتەکانی بکەین تا فەورەن لایەنی میژوویی یەکەی بدۆرینی و ببینە شتیکی پر لە خوین و حازر و هەست پیکراو کە ئەمرۆییە. لە راستیدا، مرۆڤ بەردەوام "ئەمرۆییە". لەهەر دەورەیەکی میژووییشدا چاوی لیکەین، هەر سەر بەو سەر و دەمەیە. میژوو پیکهاتوە لە کۆبوونەوەی ساتەکان، و بەردەوام گشتییە. بەلام تەنیا هەر ئەم "ساتانە"یە کە دەژیتەوە. بیجگە لەو، هەرچی هەیە ئەفسانەیە، شتیکی هەلینجراو گشتی و مردوو، کە تەنیا لە گۆرەپانی دەرك و فام دا دەکری سەرنجی بدریتی. لە مەودای ژیانی مرۆڤ دا، جیا لە هونەر، چی لە میژوو ماوەتەوە؟

ژرژ دوهامل دەلی:"گشت یادداشتەکانی سەرفەری شەرکەرانی تروا، لە پیچەلاو پووچی سەدەکاندا لەناو چوە. تەنیا ئیلیاد و ئودیسەیەکە ماوەتەوە."

بە یارمەتی ئەمانەیە کە ئینسان میژوو و رابردووی خۆی دەناسیت. میژوو "رابردوو"وە. ئەم "رابردووە" تەنیا لە هونەردایە کە شیوەی "ئیستا" بە خۆیەوە دەگری. ژیان لە بنەرەت دا خۆی لە هونەردا دەدۆزیتەوە و ئەساسی ئارمانی یان راستەقینەی خۆی دروست دەکاتەوە. هونەر کەرەسەیە کە دروستی کردوە تا خۆی پی رزگار بکات، میژوو رزگار بکات. هونەر شوین پیی ئینسان لە میژوودایە. بەبی ئەو، میژوو لە تاریکی سەدەکاندا ون دەبیت. لەگشت مەودای میژوودا، لەگەل هونەردایە کە بەشەر هەست بە ئەمنیەت دەکات. میژوو و رابردووی بەشەری، بەبیّ هونەر، لایەنیکی تاریك و ماتەمین بە خۆیەوە دەگری: تاریك و رەش. ئاوینەیەکی بیقوولایی، بە وینەیەکی لیل و نارۆشن: ئاوینەیەکی کە مرۆڤ ناتوانی روالەتی پیشووی خۆی تیدا تماشا بکات. ئینسان لە هونەردا ئارەزوەکانی ئەزموون دەکات: ئەو ئاواتانەی کە لە ژیاندا کەمتر بواری بەدەست هاتنیان هەیە. لە هونەردا، گشت خاسیەکان، بەو چەشنەی کە دەبی بن، ئەزموون دەکرین گشت دزیویەکانیش، بەو شیوەی کە هەن. لە هونەردا، راستەقینە ئەزموون دەکری: ئەوەی کە لە ژیانی تاکەکەسیدا رووی نەداوە، بەلام بەشیك لە راستەقینەی ژیانە. خەلك ژن بە بووکۆکە دەشوبهینن. واتە "راستەقینە" لەگەل شتیکی "دروست کراو و خەیالیدا" بەراورد دەکەن تا لووتەکەی جوانی هەست پیّبکری، یان، لە ئەفسانەدا، ونوس نموونەی جوانییە. ئایا ئەو لە راستیدا بوونی بوە؟ یان پەیکەری لە رادەبەدەری جوانییە؟ ئاواتیکی، کە بەشەر لە میشکیدا پەروەردەی دەکات؟ بیرۆکەیەکی کە جوانتر لە راستەقینەکانە؟ لووتەکەی کەمال خوازی؟ شتیکی بزووتنی خواکانیتری ئەفسانەیین؟ بە چەشنی خواکانی المپ کە غەرقی لووتکەی بزووتن و جوانین؟ یان خوای ئازار، یان ...؟

هەمموو ئەوانە دەری دەخات ئەوەی کە لە هونەردا پێش دێت بە هەلکەوت لەژیانی سروشتی‌دا روو دەدات و هەیە. هونەر دەربڕی بێ‌ئەوپەری جوانی و بزووتنی دڵخوازانەی ژیانە. بەم پێیە، بوونی ئەم جیهانە لە هونەرەوە بە کەمال دەگات و هونەرمەند بەبێ پرینگانەوە لە گۆرەپانی قەرەبالغی پیکهاتە پیچەلاو پیچەکانی‌دا دەرواتە پێش و گوم نابێ. میشکی پڕە لە بیرۆکە و خەیالی راستەقینە. هیندیك جار لە خەیالدا راستیەکی داغتر لە خودی راستی حەشار دراوە. کە وابوو، هونەر، کە جیا لە خەیال شتیکی‌تر نیە، راستەقینەتر لە راستی دیتە بە زەین و لەگەل راستی‌دا هاوشان دەبێت. مرۆڤ لە گەنجینەی هونەردا کاکل و چوراوەی باشترین ئاواتەکانی بۆ بەرەکانی داهاتوو پاشەکەوت دەکات. لە هونەردا ژیان بە چەشنیك راستەقینە دەکولێ کە، دەرەوەی ئەو، شتیکی ساکار و بێبایخ و نیگەران کەرە. و سروشتیە کە ژیانیکی گەشەدار و رازاوە و نوی زۆر شکۆدارترە لە ژیانیکی یەك دەست و بی‌بایەخ. بەبی هونەر، ئینسان لەژیان و راستی ئەم دینایە ئەترسی. توانایی زمان لە ویناکردنی ئەو رۆحە سەرشیت و داگیرکەری مرۆڤ حاشا هەلنەگرە. هەر چەشنە من یەتیکی دنیایی، خۆی وەك تویژالیکی ئەم کولیەتە (میژوو)، لە حالەت گەلیکی جیاواز و نوی خوازدا، ئەزموون دەکات. "من"، بە بینینەوەی خۆی لە حالەتە نوییەکاندا، دەستی دەگاتە هیندیك لە زانیاریە میژوویەکان. ئەگەر لەژیر زەرەبینی هونەردا چاویك بە قوولایی میژوودا بگیرین، تویژالیك لەم جیهانە کە "من" بیت، وەك لاپەرەیەك لەم دەفتەرە مەزنە، لەبەرچاوە. چەندە ئەم چەمکە، لەگەل دەرکی یەگانەی "مرۆڤ"دا، کە خۆی کولیەتیکی میژوویيە، لەگەل چەمکیکی "یەگانە"ی کە بەشەر دەتوانی سەبارەت بە بوون و نەبوونی ئەو بی خەیال بیت، جیاوازە فەردیەت بە شیوەیەکی سەر سوور هینەر زەریفە و دەورونەقشیکی گەورەی لە ئال و گۆری هەستی یەگانەی میژوودا هەیە. مرۆڤ کاتی بوو بە تاك و توانی لەگەل خۆیدا بکەویتە راویژ و بە ناخی خۆیدا شۆر بیتەوە، توانی بەرە و پیشەوە بچیت. لە راستی‌دا پەیکەری خۆیناوی و شیاوی هەست پیکردنی فەرد بەردەوام لە هەولدایە خۆی لە تەم و غوباری یەگانەیی کە سیبەری خستۆتە سەر بوونی میژوویی ئەو دەربکیشی و، لەهەر تویژالیکی زەمانی‌دا، خۆی بدۆزیتەوە. تەنیا لەم ریگایەوەیە کە کولیەتی ئەو لە یەگانەیی‌یە کال و کرچە میژوویيەکە رزگار دەبیت و "من"یەت بەدەست دینی. مرۆڤ، بۆ ئەوەی لەلایەنە میژوویيەکاندا گوم نەبیت و لەزاتی پرشکۆ و رۆحی ساف و زولالی دوور نەکەویتەوە، لەهەر کوی کە پی‌دەنیتە گۆرەپانی گوتارەکانەوە، تیدەکۆشی دەستی بگاتە ئەو گەوهەری پەیوەندیە هونەر کە ئەوی بەزاتی تاقانەی وەفادار دیلیتەوە. کە وابوو، هونەر رووداویکی میژوويیە. بەم چەشنە و لەم تیپەرینە پر کۆسپەدا، هەستی لە هونەردا بە شیوەیەك لەژینی کال و کرچی راوکەرانە دوور دەکەویتەوە و بە واتاکان دەگات و بەزەین دا شۆر دەبیتەوە کە پیت وایە گشت هەوینی ژین لەو دایە. هەر دەلین ئەو توانایيە سەرنج راکیشەی کە لە وینەی دەستە کیشراوەکانی سەر دیواری ئاشکەوتە سەرەتاییەکان، بەرزە بووە، لەنیوان گشت سالەکان و ئەو رووداوانەی کە بە میژووی بەشەردا تیدەپەری، گشتی لە میشك و زەینی مرۆڤ دا کۆدەبنەوە و گۆزەی نەخش و وشە دەیدەلینی و ئاژین دەبیتە گیانی ئەم جیهانەوە.

بەم چەشنە، هونەرمەند بە کەشف دەگات. کەشف واتە خولقاندنی هونەری. دۆزینەوەی حەقیقەت دروست کردنەوەی ئەو شتانە نیە کە بوون یان هەیە، بە ئانقەست و ئاگایانە: دۆزینەوەیە کە لەپشت هەولیکی تاقەت پروکینەوە، لە تویی نارۆشنیەکانی ژیاندا لە بەرانبەر مرۆڤ دا خۆ دەردەخەن. کە وابوو، تا ئیرە، هونەر هیچ کات هەلویست گیرانە نابیت. هەلویست گرتن بۆ کات و شوینکە کە ئینسان سەبارەت بە جیهان خاوەن دەسەلات بیت. لە دنیایەکی کە لەهەر ساتیکی‌دا نەناسراویك دەروێ، هونەر تەنیا توانی راز دۆزانە بیت. رازی رەخنەکردنی هونەریش هەر لەم شتە دایە: واتە، وەك مرۆڤی راستەقینە، لەگەل ژیاندا هەلس و کەوت دەکات و بۆ

ڕیگاکەی دەگەری. وینەگەری ئەوەیە کە ڕۆحی مرۆڤیکی ڕاوکەر و غارنشین دەردەخات کە لە بەرانبەر وینەی دەستی خۆیدا وەهم و خەیال دایدەگری. و شیعر ڕۆحی بۆ خۆ گەرانیکە کە "خۆی ئاشنا" لە گومبوەکاندا دەدۆزیتەوە و لەم ڕاستایەدا پیدەنیتە بەستینی واتا و شتە زاندراوەکانەوە تا تەوایەتی گوتاری و شیوەی دەستەبەندی کردن ببینیت. لەم ڕەوشەدا ئینسان لەگەل دیاردەیەکیتردا بەناوی "منی سێیەم" ڕووبەروو دەبیت.

دانتە دەلیت:"مەبەستی هەوەلین کەسیکی کە دەست بۆ کرداریك دەبات، جا لەهەر کاریك دا بیت ئاشکرا کردنی وینەی خۆیەتی".

مرۆڤی سەرەتایی، بە دروست کردنی وینەی دەستی خۆی، دەست بۆ کاریکی ئالۆز دەبات کە ساکارترین مانای ئەمەیە کە دەیەوی، خۆی تیدا وینە دەکات. بەلام ئەم "خۆ و وینەییە" تەنیا ئەو نیە. شتیکی جیاواز لەویشە. "ئەو"ی لە جیگا و شوینی تایبەتی دایە. "ئەو"یکیترە کە پایەدار ماوەتەوە و بزووتنی بە شیوەی نوور پڕانیکی تایبەتی لی پەخش دەبیتەوە. بەلام میزان و ڕادەی ئەم "من"ە نوییە لە کوییە؟ چ لایەنیك دەتوانی بەخۆیەوە بگری؟ ئایا بە گۆرینی "ڕوالەت" دەگۆردریت؟ مرۆڤی سەرەتایی، کە نەیتوانیوە هەموو خۆی لە ئاوینەدا ببینی، بۆچوونی سەبارەت بەم "من"ە چ بوە؟ و ئایا ئەساسەن بۆ بیرکردنەوە لە "من" ئاوینەیەك پیویستە؟ ئایا وینەی دەستی بەسەردیوارەوە خۆی شیوەیەك ئاوینە نیە؟ ئاوینەیەکی کە ئەو لە دەرەوەی ناخیەوە دەنوینی؟ "من"ی لە جیگا و شوینیکی نویدا؟ ئایا ئەم وینەیە ڕاستەقینە نابەخشیتە "لایەنی کال و کرچی من"؟ سەرەتایەك نیە بۆ دەرکیشانی "من" لە قوولایی نارۆشن و نەناسراوی بوونی گشتی، لەناخی "مرۆڤی ڕاوچی"، بۆ ئەوەی لە بەرانبەر "کۆدا" کەسایەتییەکی نوی بەقەدەر "تاکی کال و کرچی سەرەتایی" بداتی؟

مرۆڤ دەکۆشی، بە سەرنج و وردبوونەوە لە وینەی دروستە "خۆی" پیك بینی. بەلام ئەم وینەیە لەو ناچی. واتە شتیکی کەمتر یان زیاتر لە "دەست"ە و لەگەل "ئەوە"کانیتری ئەودا کە بە شیوەیەکی زیندوو بە دەروبەریەوە دەجوولین جیاوازیەکی بنەرەتی هەیە. "من" تەنیا لە پەیوەند لەگەل "ئەویکە" دایە کە مانا بەدەست دینی، دەنا دنیا سەرانسەر ئەبیتە "ناخ". و لەوەها جیهانیك دا ئیتر "من" مانا نادات. وینەی دەست تەنیا ڕاست وەك دەرەوەی "من" نیە، هاوتای سروشت و زاتی ئەو لە بەردەم "کۆ"ش دایە. لەم ڕووەوە، ئینسان بۆ بەدەست هینانی "من"ەکەی پیداویستی بە وەها وینەگەلیك هەیە. مرۆڤ لەم ئاوینەیەدا "خۆی" دەبینی. بەم چەشنە "من"یکی نوی دەدۆزیتەوە. وە بۆ هەوەلین جار "من"ەکەی بە جیا لە کۆ، و لە دەرەوەی ناخیدا، تاقی دەکاتەوە. ئیستا ئیمە لەگەل سی من یەت دا ڕووبەرووین. "من"ی لەناخدا، "من"ی لە دەرەوە، و "من"ی هونەری: کە دروست کراوە، بەلام هیندیك زیاتر لە دوو "من"ەکەیتر ڕاستەقینە بەرچاو دی. چونکە هیزیکی تایبەتی لە زات دا کە لەسەر جیهان شوینەوار دادەنیت. لە ڕاستیدا، ئەم "من"ە نوییە، دەبیتە هۆی ناسینی "من"ی دەرەوە لەلایەن "من"ی ناخەوە. لە ڕەوتی پرۆسەی ناسیندا، واتە ناسینی "من" لەخۆی تاك و بە کۆیدا، "نەخش" دەبیتە هۆی یەك بوون و دژایەتی ناخ و دەرەوە. لەم ڕووەوە، "هونەر" نەك هەر کاردانەوەی ژیان، بەلکوو شتیکی زۆر لەوە زیاترە. ڕاستەقینەیەکی پشکندراو و شکل و بۆچوونیك سەبارەت بە ئاواتەکانی مرۆڤ و ژیانە.

دواتر، مرۆڤ دەگاتە شیعر. تیپەر بوون لە وینەگەری هونەری بە ریکەوت بۆ شیعر هونەری بە ئانقەست واتە ڕەتبوون لە "ڕەنگاوی کردنی دەست و بەجیمانی جیپەنجەکان بەسەر دیوارەوە" بۆ شیعر لە گەران بە شوین ئەو تایبەتمەندیە لە ڕاستەقینەی ژیانەوەیە کە بۆ خۆشی بەشیك لەو شیلەیەیە. هەر لەناخی ئەم ڕاستیەوەیە کە "من" دنیا دەناسیت. بە شیوەیەکی کە هیندیك جار لە خەیالی "من"دا ڕاستەقینەیەکی سووتینەرتر لە خودی ڕاستەقینە حەشار دراوە: ڕاستەقینەیەکی ڕۆشن و جادوویی. و ڕاستی ئەمەیە کە کۆشکی جادوویی شیعر تەنیا بە خشتی زیرینی وشە هەلناچندری.

پۆیەکی نادیارو جادوویی سەرەتایی، مەیلیك بە زولالی سەرەتا و قوری هەستیکی دیرین لەنیویدا دەبزویَ تا دیواری کۆشکەکەی میچی ئاسمان کون کا و سەفایەکی نوی بدات بە گیانی بەشەر. لەراستیدا ،هەر کە مرۆڤ زانستی لیکدانەوەی سروشتی بەدەست هینا و توانی دنیا بە شیوەیەکیتر لە نەخشی دەست دا ببینی، دەستی دایە هەلینجان. هەر لیکدانەوەیەك، بگرە وەفادارانەترین لیکدانەوەکانی سروشت (وینە کیشانەوە بەسەر دیواری غارەکانەوە)، شیوەیەك هەلینجانە: ناراستەقینەیە و لەگەل عەسل دا جیاوازی هەیە. "هەلینجان" بە هەر رادەیەکیش سەرنج بداتە شتە وردەکان، دیسانیش بابەتەکە گشتی دەکاتەوە، لق و پۆپ و پەر و پۆکەی لادەبا و کاکلی شتەکە دەردەخات. ئەوەی کە ئیمە وەك هەلینجراو دەیبینین لەگەل عەسلیدا جیاوازە و، بەپیی دەرك و زانیاری هونەرمەند ویان لیکدەرەوە، بۆتە ناسروشتی. بەم چەشنە، ئیتر لەنیوان هونەری هەندەسی و شیعردا مەودایەکی ئەوتۆ نیە. هونەری هەندەسی سەرەتای دەست پیکردن و هی مرۆڤی خاوەن ئیمتیاز، کە وینە لەلایەنە سروشتیەکەی دەردەهاوی و لە عەلامەت و نیشانە رەمزی و پاك کراوەکاندا کۆی دەکاتەوە، بەگشتی هەمە لایەنە و هەلینجراوە.

شیعر لەم لایەنەوە پیشکەوتوە کە هەم سروشتیکی هەستی هەیە و هەم لە پالاوتە و هەلینجراوە بیرمەندانە بەشرەیەکان بەهرەمەندە. شیعر، زاتەن، کوللیەتە، شیعر لە دەربرینی تایبەتیترین حالەت شاعیرانەکانیش دا کوللیەتە. شیعر، بە بیَرەحمانەترین شیوە، سەرنج دەداتە "تایبەتمەندیەکان" لەم رووەوە، قەت "فەردی" نیە. بەلکوهەولیکە بۆ گشتیدان بە "فەردییەت". چاو لە مەولەوی بکەن. کی دەتوانی بلی ئەو لەگەل گشت هەستە "تاقانە"کەی "فەرد"ی‌یە. ئینسان بە شیعر، تەنیاییەکەی دەکاتەوە هی هەمووان تا بەهەست کردن بەوەی کە تەنیا ئەو نیە کە "تەنیا"یە، ئەمجار بەسەر ترس لە تەنیاییە بیرمەندانەکەیدا زال بیَ. بەم هۆیە، شیعر دەبیتە دەربری زاتی گشتی ژیان. شیعر لە هەولی مرۆڤ بۆ زیندوو مانەوە دەچیت: هەولی مرۆڤیکی کە ئیتر دەست بەزار و کویلەی بژیو نیە. بەلکو هەولی ئینسانێکە کە بە یارمەتی کەرەسەی دروست کراوی دەستی خۆی دەتوانی زگی تیر کاو ئیستا توانایی و کاتی ئەوەی هەیە کە بیر لە شتیکیتری جیا لە تیرکردنی زگ بکاتەوە. واتە شیعر هونەری سەردەمی تیری مرۆڤە، و بە بەرەکەتی ئەم توانایی، هەولەیە کە بەشەری خاوەن پلە و پایە، ئینسانی دەست بەسەرداگری  زیادەکان، لەخۆی نیشان دەدات تا لە شەریکی شاراوەدا کە گەرەکیەتان و پۆی گەوهەرە بە کۆمەلیەکەی لەناو بەریت رزگار بی و دنیاش لەگەل خۆیدا رزگار بکات. مرۆڤی سەرەتایی بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەوەی بەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە دەیکیشیتەوە هونەر بیَ، شوینەوارەکەی بۆ ئەو نە هونەر بوو، نە زانست و نە میژوو. ئەو تەنیا دەیکشاوە و هیچیتر. بەلام شاعیری دوای ئەو بە "مەبەست" بەپیی خواستیکی دەروونی دەیوت: داخوازی زال بوون بەسەر پەریشاندایە.

مرۆڤ، هەر کە توانی بە پلەی بەدیهینانی زمانیکی پالاوتە وپاك کراو بگات، بگرە بەرلەوەی دروست کردنی پیتەکان دەست پیَبکا، بۆتە شاعیر. ئەگەر وینەکیشی، لە سەرەتاوە، هونەری "بەریکەوت"ە ئەگەر وینەکیشی لە هەوەلەوە، لەگەل هونەردا لیکدەدرین، ئیستا شیعر بە تەواوی "مەبەست"ە. لەناخی شیعردا مەبەستیکی وشیارانە جیگیرە. کەسیکی کە شیعر دەنووسی مرۆڤیکی بیرمەند و پایە بەرزە. لەم پلە و پایەدا هیچ هونەریکیتر ناگاتە پایەی شیعر.

هونەر هەمیشە لە نواندنی ئال و گۆرە میژووییەکاندا پیشەنگە. رەگاژۆی "رنسانس"، بەرلەوەی بتوانی وەك بۆچوونیك بیتە گۆری، لەناخی ئال و گۆری هونەری وینەکیشی و پەیکەر سازی و بیناسازی سەدەی ناوەراستەوە شکلی گرت. بەرلەوە کە تایبەتمەندی رەگاژۆی ژیانی مرۆڤ بە شیوەی رەسمی رابگەیەندری، وینەکیشی، پیشەنگی هونەرە تەجەسومیەکان، ئەوی لە نواندنەوەی مرۆڤی

تازە لە دایك بووی ناخی سەدە تاریکەکانی دەسەلاتی کلیسا، لەبەر ڕۆشنایی و بواری سروشتی نوێدا، راگەیاند: و سەدەی ڕۆشنایی دەستی پێکرد.لەوە بەدوا، دوابواری ژیانی مرۆڤ لە وینەکیشیدا، دیسان، سروشتی زیندوو وە ئال وگۆر دیتووی رزگار بوو لە سەدەی کلیسایی و بەپێی نویگەری و سەوداگەری مرۆڤ بوو. ئابسترەش هەر ئەو رۆلەی لە چاخی نویدا گیرا. ئال و گۆری دنیای سدەی نۆزدە تەنیا لەگەل زەینیەت و دەرکیکدا دەهاتەوە کە بی‌هاوتایی ئابسترەی بزانیبایە. لەوە بەدواوە، مرۆڤ لە گۆرەپانی وینەکیشی‌یە وە کۆچی کرد بۆ دنیای هیل و تەرحی رووت. لە راستی‌دا، دۆزینەوەی راستەقینەی تەرح، لەگەل دۆزینەوەی بینای سەرەکی شتەکە، ئەساس وینەکیشی لەنیو ئابسترەدا قەراری گرت. بەم هۆیە، شیعر خۆی مەبەستە، کە هەم لە سەرەتاوە، جیهانی مەبەست دار چاو لیکردوە و بە شوین دەربرینی راستەوخۆی ئەوەوە بوە. بە چەشنیکی کە خۆی ئەیدوزیتەوە. ئینسانیکی کە شیعر دەنووسێ مرۆڤیکی بیرمەندە، مرۆڤیکی مەبەستدار و خاوەن فامە. زەینیەتیکی گشتی کە لەم دەورەیەدا بە دەستی هیناوە شورشیك لە میژوویی بیرکردنەوە دایە. بەم پییە فەلسەفە شتیکی جیا لە کاکلی شیعر نیە و هەوەلین فیلسوفەکانیش شاعیرانن. "گشتی" بوونی شیعر، دەرکی روانگەیەك لە جیهانی، کە پیویستی بە ناسین و دەرکی "کەم و گشت" و بەش بەندنی کردنی چەمکەکانە، لیدەکەویتەوە. مرۆڤی دەرەکی، ئیستا، ناوەکی بۆتەوە. ئینسان، لە کاتیکەوە کە توانی بیر لە مەسەلەی گیان بکاتەوە و ناخی خۆ لە روالەتی جیا بکاتەوە، بواریك دەرەخسینی تا تەنیاییەکەی بەریتە ناخەوە. بەلام ئەو بوونەوەرە تەنیایەی کە، لە قوولایی ناخی‌دا دەستە و ئەژنۆ دانیشتوە و غەمیکی قورس دایگرتوە بەتوندی دەیترسینی. و شیعر، هونەری مەبەست دار، رادە پەری تا رزگارکەری جیهانی وشیاری ئەو بی. شیعر یەکەمین ناوی شەوە: کلیلی قوفلی دەروازەی رووناکیەکان. مرۆڤ بەهۆی شیعرەوە پی‌دەنیتە بارەگای راستیەکان و رازاوەییەکانەوە.

کەلامیکی پالیوراو و پاك. کاکلی بیریکی رەوان و رابەر. نوانگەیەکی شورش و یەکەمین پلە و پایەی بەشەر. لیرەوەیە کە مرۆڤ بەرەو دنیاکانی‌تری دەرك و فام سەفەر دەکات و هەلینجانە شیعریەکان لایەنیکی نوی لە وینەکیشی‌دا بەدەست دینی. هونەرەکان تەواوکەری یەکترین. سەرنجی هەرکامیان، لە پانتای ئەندیشەدا، لەوی‌تردا بە چەشنیکی گۆراو خۆ دەنوینی. وە باوەر بەم دنیا پر لە نیشانانە زەینییەتیکی ئالۆزتر لە خودی نیشانەکان پیویستە. لە راستی‌دا هونەر، سروشتی شیکراوە، لەچنگ عەینیەت راستەقینەی روالەتی خۆی رزگار دەبیت تا، بەپێی بۆچوونی هونەرمەند، راستەقینەیەکی پالاوتە دروست بکاتەوە. بزووتنیکی نوی بۆ دەرکی ئالۆزیەکانی هەستی. ئەزموونیکی بەشکۆ و شاعیرانە بۆ دەربرینی جیهان. و فەلسەفە لە دایك دەبیت. بەم پییە، شیعر بەرد ئەستیی شۆرشە: چوونە ناو ناخی بەشەکانی بوون و گەران لە قوولایی زاتی مادە و رۆح دایە. شتەکان، کەلام، مەرام و چەمکەکان ویستگاگەلیکی بێ‌ئەژمارن لەریی سەفەری دژواری دۆزینەوەی راستی‌دا. وە ریکەوتن لە ویستگای یەکەمەوە، بە بالی نەخش، دۆزینەوەی مرۆڤ دریژماوە و لەسەرخۆ و ئارام کە لە سنوورەکانی راستەقینەی نزیك دەکاتەوە، بە کامل بوونیکی سەر بەرزانە کە ئیستا سەری ئەوی بەرز راگرتوە و تیشکیك کە چاوەکانی بە ئاسۆی روونەوە دووریوە، لە قوولایی میژووەوە دیارە.

ئەم وەرێ کەوتنە بەپیی کامل بوونیکی تەواو، شیعر، مرۆڤ وادار دەکات بەخۆی‌دا بچیتەوە. ئینسانی شاعیر بۆخۆی لەدەست چووی لە تاریکی کال و کرچی پیشودا ناگەری و بە شوین ئەوەوە نیە کە بگەریتەوە بۆ رابردوەکان، بەلکو بەردەوام لەنامۆ بوونی "من"ی لای "کەسانی دی" کەم دەکاتەوە. ئەم بوونەوەرە خوینی و هەست پیکراوە لە هەولدایە خۆی لەو تەنیایی‌یە مەزنەی کە سیبەری خستۆتە سەر هەستی میژوویی و تاقانەی رزگار کا و، لەهەر برگەیەکی زەمانی دا، بوونی شیاوی هەست پیکراوی بەدەست

بینی. هەول و تیکۆشانی بەم چەشنەیە کە بەسەر ئەم نیگەرانیە مێژووییەدا زاڵ بێ و لەگەڵ خۆیدا ئاشت بێتەوە. تەنیا لەم ریگایەوەیە کە ئەو خۆی دەدۆزێتەوە و گشتیەتە مێژووییەکەی مانایەکی ئینسانی بەدەست دینی. گشتیەتیکی کە مرۆڤ ئیتر هەرگیز سەبارەت بە مردنی ئەو نامۆ نابیت و هونەر پشتیوانی ئەو لەم تیپەرینە دایە.



## بەرهەمی خۆتان

**شیعر، چیروك، شانۆگەری، وینە، بۆ پیشەنگ بنیرن.**

# لە یەکیەتی و ڕێکخراو بوون دایە کە دەسەڵات بە گشتی مسۆگەر دەبێ

## (یەکیەتی زامنی سەرکەوتنە)

**عەزیز نەسین تەنز نووس و نووسەری بەناو بانگ و سوسیالیستی جیهان لە جیهاندا زۆرتر بە تەنزە کۆمەلایەتیەکانی ناسراوە، بەلام جاروبارەش وتاری سیاسی نووسیوە. ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە یەکێک لەو وتارە سیاسییانەیە.**

ن: عەزیز نەسین

ڕووداوەکانی ئەم دوایانە نیشانی دەدەن کە ئیعترازات و جم و جوولی جیاییخوازای و سەر بەخویی لە ئاستیکی تایبەت دا گەشەیان کردووەو هەر دیت و بە شیوەیەکی گشتی پەرە دەستینی و لایەنی جۆراوجور بە خویەوە دەگری.

نمونەی بەر چاوی سەرجەمی ئەم ڕووداوانە دەتوانین لە دروشمی ئەم دواییانەی دەولەت دا ببینین کە دەلی:

"لە یەکیەتی و یەکبوونی گشتی دایە کە دەسەلات بە شیوەیەکی گشتی مسۆگەر دەبی."

دەولەت بە پشت بەستن بەم دروشمە لە میژینەی خوی، تەنیا لە هەولی ریکخستن و یەکگرتووتر کردنی تەواوی سەندیکاکان و ریکخراوەکانی کریکاری دایە. کەواتە پیویستە کریکارانی گشت شوینیك کە وەها بریارکی دەولەت دەیان گریتەوە، لە ریزی ریکخراوەیەکی سەر بەخۆ تەشکیلاتیکی سەر بەخۆی خۆیان دا یەکبگرن.

ئەگەر بیت و کریکارەکان خویان لاینگرو پشتیوانی وەها دروشمیکی لە میژینەی دەولەت نەبن و لە دەوری یەك کۆنەبنەوە، ئەوا هیزەکانی سەر بە دەولەت بە پال پشتی یاسا، مەجبوور بە ریکخراو کردنیان دەکەن! ئەگەر بیت و ئەم بیروکەیە بە کردەوە دەربیت ، ئەو کات کریکارانی یەکگرتوو لە ریگای یاسایییەوە، بۆ گەیاندنی داخوازییەکانی خۆیان بە گویی کار بەدەستانی دەولەت، هەنگاو دەنین. هیچ شك لەوە دانیە کە ئەمە خوی دوور لە راستییەو هیچ کات بەم شیوەیە نابی هەر لەم پەیوەندیەش دا کریکارەکان مەجبوور دەبن لە ریکخراوەکەی خویاندا، مل کەجی هەر ئەو یاسایە بن کە بەسەریان دا زالە. پیش هەر شتیك دەبی تیشك بخریتە سەر ئەم مەسەلەیە کە ئایا بەراستی مەبەستی دەولەت لەم دروشمە چییە و بۆچی بەر دەوام دەلین و تەبلیغیشی بۆ دەکەن. یەکیەتی و یەکبوون لە دەسەلات بە شیوەیەکی گشتی؟

سەرنج بدەن. بازۆریش مەسەلە کە ئالوز نەکەین و نموونەیەکی سادە باس بکەین.

کارخانەیەك یان هەر ناوەندیکیتری بەرهەم هینان بیننە بەر چاوی خۆتان. لەم ناوەندانە دا کومەلیك کریکار بەردەوام خەریکی هەلسورانن. هەندیك پارەشمان هەیە و دەمان هەوی ئەم برە پارەیە لە نیوان کریکاراندا بەش بکەین و هەرکامیان تاقە لیرەیەکیان بدەینی. دەش زانین لە خوا بە زیاد بێ وەزعی بازاریش زۆر باشە نیە و ئاوسان و گرانی ئەمروکە بۆەتە کیشەیەکی سەرەکی ناو

بازار. ئایا بەراستی ئەم تاقە لیرەیەی کە باسمان کرد، دەتوانی لەوەها بازاریکی بێ‌ڕەحم دا وەلام دەرەوەی پیداویستی‌یەکانی ژیانی هەر ئەو کریکارە بێ کە تاقە لیرەیەکمان پێداوە.

قسەی خومان بی ئایا ئەو لیرە دەردیك دەرمان دەکا. ئایا کەلینیك پر دەکاتەوە. بەلام ئەگەر بیت و ئەم لیرانە گشتیان کۆبکرینەوە و ئەوجار بخرینە گیرفانی کریکاریك چی دەبینین؟ دەبینین کە کریکارەکەمان خاوەنی کومەلیك پارەیە. بێ بیرکردنەوە بۆمان روون دەبیتەوە کە ئەم شیوازە لە دابەش کردن دەتوانی کاریگەری خۆی بێ و کریکارەکە ئەو جار بە خاتر جەمی‌یەوە دەرواتە ناو بازار و بە پال پشتی ئەم لیرانە بەشیك لە داخوازی‌یەکانی خۆی دابین دەکا.

لیرە دایە کە هیزی دەسەلاتی پول واتە ئەو پارەیەی کە کومان کردەوە، دەر دەکەوێ.

ئیستا ٥٠ لیرە بخەنە گیرفانی هەر کریکاریك. پاش ماوەیەك هەر ئەو لیرانە کۆبکەنەوە و بیدەن بە یەك کریکار. بەم شیوەیە ئەم کریکارە لە باری مالی‌یەوە تارادەیەك بارو دۆخی ژیانی بۆ ماوەیەکی کاتی دەگوردرێ و ئەو جار هەر بەم ماوە کورتەش کە باسی لی دەکرا بە خەیالیکی ئاسوودەوە دەتوانی کومەلیك شت بۆ بنەمالەکەی بکری.

لیرەدایە کە دەتوانین بلین: " بەراستی کە لەیەك بوون دایە هیزی دەسەلات مانای راستەقینەی خۆی پەیدا دەکا."

نمونەیەکی تر باس بکەین:

ئەکەر لە بەرامبەر هەر یەکیك لە ئیمە سینی‌یەکی پر لە ساندویچ دابندری و بریاریش بێ هەرکام لە ساندویچەکانیش لە نیوان کریکارەکاندا، دابەش بکەین، دیسانەکانی شتیکی ئەو تۆ بە کریکارەکان نابری و هەموویان برسیەتی گلۆلەیان دەکا. بەلام ئەگەر بیت و سەرجەمی ساندویچەکان بدەین بە کەسیکی دیاری کراو، ئەم کەسە بە تەواوی دەتوانی خۆی بەباشی تیر بکات و ببیتە خاوەنی هیزو توانایەکی زۆر.

یان ئەگەر جاکەتیکمان بی و بمان هەوی ئەم جاکەتە لە بەر هەموو کریکارەکان بکەین، شتیکی سەیر دەبێ. چوونکە نەك بەکەلکیان نایە و هیچ زەرەریەك لە ئەندامی لەشیان داناپوشی، بەلکو جاکەتەکەش پچرپچر دەبێ و بەشی هەموویان ناکا. بەلام بینن هەر ئەم جاکەتە بدەن بە کریکاریك . دەبینین کە هەر ئەو جاکەتە بە تەواوی بەکەلکی کەسەکە دێ‌و تەواوی لەشی دادەپوشی‌و لە سەرماو گەرماش دەی پاریزی و بە تازەیی‌ش دەمینیتەوە.

مەسەلەکە بەم ئاسانی‌یەیە و زۆر ئەم لاو ئەولای ناوی و تەنیا بە بیرکردنەوەیەك دەتواندری چارەسەری کیشەکان بکری و وەلامی شیاوی پێ بدریتەوە. بێ‌هۆ نیە کە ئاگری یەکبوون و یەکگرتن تەشەنە دەسینی و ئاگرەکەی باوەشین دەکری‌وهەولی تایبەتیشی بۆ دەدری. چوونکە لەوەها کردەوەیەك دایە کە دەسەلات دیتە دی.

بۆچی ئامریکا گەورەترین و زل هیزو بەهیزترین ولاتی جیهان و ناوچەکەیە؟

وەلامەکەی زۆر ئاسانە، چون یەکی گرتووە مەگەر ناوی ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا نیە. ئامریکا ولاتیکی لیك هەلپیکراو لیك جیانیە. سەرمایەداریش بۆئەوەی هیز و توانایی‌یەکانی بە فیرو نەروات و پرش و بلاو نەبێ، لە شوینیکی کۆنترول کراوو و لە دەس کەسیك دا رای دەگری و بەم شیوەیە سەرمایە کەلەکە دەکەن.

مەگەرنەیان وتوە:

دلوپ دلوپ کو دەبیتەوە تا سەرەنجام دەریایەکی پان و بەرین بەدی دێ.

کاپیتالیست بەم شیوەیە دیهەوێ بە کەلك وەرگرتن لەم دروشمە، خۆی پێ بگەینێ.

ئیستا بۆتان دەرکەوت کە بۆچی سەرمایەداری و لە سەرەوەی هەموویان ولاتی ئامریکا. لیرە ئەوندەە لایەنگریان هەیە و چ بەلا و نەهاتەمەتیکیان بەگژ کومەلانی خەلك دا کردووە و ئاگرەکەش خوشی دەکەن؟

ئەگەر لیم تێ‌گەیشتن.... ئاخرین و بارەکەلا بۆ هەرکام لە ئیوە....!

## پێرست

* تیشکی بۆسەر جێگا و شوێنی گوتاری ژنانی کورد له دیداریك لەگەل خاتوو سەمیرە عەلی رۆژنامەنووسدا 67

* مەك کارتیزم: سەردەمی رەشی مێژووی ئامریکا وت وویژیکی سەعیدی مستغایی لەگەل مایکل چاپلین 72

# تیشکێ بۆ سەر جێگا و شوێنی گوتاری ژنانی کورد

**لە دیدارێك لەگەل خاتوو سەمیرە عەلی رۆژنامەنووسدا**

سازدانی: پێشەنگ

❖ تکایە هێندیك سەبارەت بە ژیان و کارە ئەدەبیەکانت بدوێ

❑ سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە،

من لە پائیزی سالی( ١٩٧٢)دا لە شاری سلیمانی لەناو خیزانیکی زەحمتکیشدا چاوم بۆ ژیان هەلهیناوە، هەر لەو شارەشدا پلەکانی خوێندنم بڕیوە، بروانامەی دیپلومم لە پەیمانگانی مەڵبەندی مامۆستایان لە هەولیر بەدەستهیناوەو دواجاریش بروانامەی بکالیوریوسم لە زانکوی سلیمانی کولیژی زمان بەشی کوردی بە دەستهینا، ئیستاش ماموستای زمان و ئەدەبی کوردیم لە یەکیك لە ناوەندەکانی ئەو شارەدا و هاوکات سەرقالی کاری رۆژنامەوانیم لە رۆژنامەی ریوان. وەك خولیا و ئارەزوویەکی ناخی خۆم هەر لە ساڵی (١٩٩٨) ەوە لەبواری رۆژنامە و رۆژنامە نووسیدا دەستبەکار بووم، ماوەی دووساڵ لە رۆژنامەی رێبازی ئازادی وەك سەرپەرشیاری (ریبازی ئەدەبی و هونەر) کەپاشکویەکیمانگانە بوو کارم دەکرد، جگە لەوەیبەرپرسی لاپەرەی ٨ی رۆژنامەکەش بووم، تا دواجار سالی



(٢٠٠٢)ەوە چوومە رۆژنامەی ریوان ئیستاش وەك بەرپرسی لاپەرە ٤ی ئەو رۆژنامەیە و هەڵە بڕیکی ڕۆژنامەکە کاری رۆژنامەوانی دەکەم.

لە بارەی کاری ئەدەبیشمەوە، تا ئیستا من ناتوانم بە خوم بلێم نووسەر و خاوەنی کاری ئەدەبیم، بەڵکو تەنها خوێنەریکی جددی ئەو بوارەم، هەرچەندە لە سالی(١٩٩٥)ەوە ناوبەناو کورتە چیروك و پەخشانی ئەدەبی بە دوو ناوی خوازراوەوە (ویژە، روزا، و هەندێ جاریش( دنیا) دەنووسم و تاك و تەرا لە رۆژنامە و گوڤارەکاندا بڵاوەم کردونەتەوە، ئەمانە لە هەوڵدانیکی سەرەتایی بەو لاوە چیتر نین و ناتوانم ناویان لێبنێم دەقیکی جددی ئەدەبی، هەروەها خاوەنی هیچ بەرهەمیکی چاپکراونیم ئەو سستیشەم تاڕادەیەك دەگێرمەوە بۆ بوێرنەبوونم، جگە لەوە من زیاتر وەك رۆژنامەنووسێك هاتوومەتە بوارەکەوە، خاوەنی دەیان رێپورتاژ و چاوپیکەوتنی ئەدەبی و کەسایەتی و کومەلایەتیکانم، هەروەها چەند کورتە وتاریك و سەرەنج و تیبینی و خوێندنەوەم بۆ چەند دەقیکی ئەدەبی کردووە، چەند کورتە بابەتیکم لەزمانی عەرەبیەوە بۆ رۆژنامەکان وەرگیراوە،جارجارەش شیعر دەنووسم بەڵام تەنها بۆ خۆمی دەنووسم.

❖ بۆچی دەنگی ژن لە بواری رۆماننووسیندا هێندە لاوازە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چ کوسپ گەلێک، واتە هۆی چییە ژن کەمتر خۆی لە قەرەی رۆماننووسین داوە؟

❑ رۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی، بەگشتی کایەیەکە لەو کایە مەعریفیانەی کە نمایشی کەلتور و فەرهەنگ و جۆری بیرکردنەوەی هەر نەتەوەیەك دەکات، گوزارشتە بۆ هەموو ئازارو کوژانو بەهاو پێوانە مروڤایەتیەکان بە تایبەتی. هەروەها یەکێکە لە هەرە ژانرە زیندووەکانی ئەدەب، ئەگەر بێت و لە رووی مێژووییەوە لە و ژانرە بڕوانین هەمووی دووسەد ساڵێك دەبێت لە ئەوروپادا رومانی هونەری سەری هەلداوە، بۆیە دەکرێت بڵێین: بە چاو ژانرەکانی ترەوە ئەو مێژووە نوێیە، لای کوردیش لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە ئەو ژانرە سەری هەڵداوە، بەڵام بە شێوازێکی هونەری و زانستیانەتر، زیاتر دەتوانین هەشتا و نەوەدەکانی ئەو سەدەیە بکەینە سەرەتای سەرهەلدانی لەم پارچەیەدا، چونکە لەم مێژووە بەدواوە توانیویەتی هەموو بنەما و رەگەزە سەرەکییەکانی رومان لەخۆ بگرێت.

نموونەی ئەوەش زیاتر لە رومانەکانی محەممەدی موکری و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەندا خۆی دەبینێتەوە هەروها چەند رومانئورسێکی تری دەگمەنی ئەم سەردەمە. بەهوی ئەوەی ئەم مێژووە نوێیە و ژمارەی رومان نووسە پیاوەکانیش دەگمەنن، جا وەرە چ جای ژن ئەمە فاکتەرێك، فاکتەرێکی تریش ئەوەیە، ژن بە سروشت بوونەوەرێکی عاتیفین و شیعریش زیاتر مۆرکی سۆزداری پێوە دیارە، سەرەڕای ئەوەی بەهرەیە و لەگەڵیشیدا توانای دەربڕین و هەست و سۆز و هەڵچوونێکی کاتی ناخی مرۆڤە، پێویستی بە مەعریفەیەکی سادەیە، واتە بەرهەمی عاتیفەیە. بۆیە لە شیعردا زیاد لە ژانرەکانی تر جێپەنجەیان دیارە، بە گەواهی ئەوەی کە لە مێژەوە تا ئیستا خاوەنی چەندەدین دەنگی شیعری ژنانین، ئەوەندە ژنە رۆماننووسمان نییە، چونکە ڕومان بەرهەمی مەعریفی و خەیاڵو تێڕامانە بۆ ژیان واتە پێویستی زیاتر بە مەعریفە بەخۆ رۆشنبیر کردن هەیە، لێرەشدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ژنە شاعیرە کوردەکانمان خاوەنی تێزێکی مەعریفی و عەقلانی نین، بەڵکو مەبەستمە ئەوە بڵێم بەهۆی کەلتوری دواکەوتووی کۆمەڵگەکامانەوە، هێندەی بوار بە پیاو دراوە بۆ خوێندنەوەو خو روشنبیرکردن، ژن هێندە بواری بۆ نەرەخساوە تاکو بتوانێت پەرە بەتوانا مەعریفیەکانی خۆی بدات، ئەگەر هەندێ جاریش بۆی ڕەخسابێت خۆی نەیویستووە. ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە بیرو هزرێکی ئازادە لەگەڵ ئەزموونێکی پراکتیزەکراو، دەرهاویشتەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و کراوە و ئازادە، کۆمەڵگەی کوردەواریش کۆمەمەڵگەیەکی فیئوداڵییە و تا ئێستا کار بەو بەهاو تراديسیۆنانە دەکات، کە پەندە باوەکانی رۆژگار بەسەر ژیندا سەپاندووە، بۆیە لە ئیستادا دەکرێت بڵێین ژنە ئەدیبە کوردەکان تەنها قۆناغێکی سەرەتای بواری نووسینیان بڕیووە، لەم قۆناغە سەرەتایشەوە دەتوانن هەنگاوەکانیان خێراتر بکەن و پێگەی خۆیان زیاتر و زیاتر پتەو بکەن تاکو بتوانن زەمینەیەك بۆ نووسینی رۆمان برەخسێنن. ئەویش بەخوێندەوە زیاتر و زیاتر دەبێت.

❖ ئایا ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا توانیویەتی مۆرکی تایبەتی خۆی، وەك ژن، لە ئەدەبیاتدا بەرجەستە کاتەوە، یان هەر روانگە پیاوسالارانەکەی بەسەردا زاڵە؟

❑ ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، دەتوانین بڵێین نەیتوانیوە، نوسەری گەورەی کورد سدیق بۆرەکەیی لە هەر دوو بەرگی (مێژووی ویژەی کورد)دا ئاماژەی بەناوی چەند ژنە شاعیرێك کردووە، کە بە شێوەزاری گۆران شیعریان وتوە. لەوانە (دایە تەوریزی هەورامی، فاتمە لوڕی گۆران، یای حەبیبەی شارەزوری_ نەرگزخانمی شارەزووری...هتد) کاتێك لە شیعری ئەم ژنانە ورد دەبێتەوە و دەیخوێنیتەوە هەست ناکەیت ژنیك نووسیوویەتی، تەواو پیاهەڵدانەکانیان لە هی پیاوێك دەچێت، یان نموونەی مەستورەی ئەردەلانی کاتیك ئەو شێعرەی بۆ کۆچی دوایی خوسرەو ناکامی مێردی نووسیوە هەست دەکەیت پیاوێك بۆ ژنێکی نووسیوە نەك ژنێك بۆ پیاوێك. هەروەها لە ساڵانی ڕابردووشدا تا رادەیەك ئەو مورکە تەقلیدیە بەسەر هەندێك لە ژنە شاعیرەکاندا زاڵبووە، ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ چەند فاکتەرێکی تر یەکێك لەوانە کە ژن بەبێ پشتیوان دەنوسێت خاوەنی پاشخانێکی فەلسەفی وا نییە کە پاڵپشتی بکات ئەگەر لە مێژووی فەلسەفە بڕوانین هەموو تێزە فەلسەفیەکان بەرهەمی دنیای پیاون و لە بەرژەوەندی خۆیان نووسیویانەتەوە، هەمیشە تێروانینیان بۆ ژن تیروانێیکی نادروست بووە، نموونەی ئەوەش فەیلەسوفی یۆنانی ئەرەستو” ئافرەت بە ناتەواو(قاصر) لەقەڵەم دەدات، بۆیە کاتێك ئافرەت دەنووسێت ناچار شتێك دەنووسیت بە دڵی پیاو بێت و بێئاگا دەبێتە سیبەری ئەو خەیاڵاتە پیاوسالارانەیە، جگە لەوە، ئاستەنگیکی تر ئەوەیە لەم کۆمەڵگەیەدا سەختە مێینە بتوانیت بە ڕاشکاوی گوزارشت لەئازارە ژنانەکانی بکات، لەوانەشە ئەگەر بشیکات لەو پێناوەدا باجیکی قورس بدات.

بەڵام لەم سەردەمەی ئیستادا لەم پارچەیەی کوردستانی باشوردا تا رادەیەك هەنگاوی بوێرانە نراو و خەریکە ئافرەت لە دەرگا حەرامکراوەکان دەدات، نموونەی ئەوانەش خاتوو کەژاڵ ئەحمەد کاتیك دەڵێت:

تۆ بڵێی دڵم نەوەستی و
لەشەرمانا نەبم بە پارچەیەك گریان
ئەو ساتانەی روو سووریەکەم
بەسەر دەستی میردەکەم و
ژمارەیەك لە پیرەژنەوە ئەبیم
ئەیگێرن کۆڵان بەکۆڵان.

خۆی ئەمە گوزارشێکی راستگۆیانەیە هەموو مێینەیەکی ئەم کۆمەڵگەیە

کاتیك ئەو حاڵەتەی بەسەردا دێت بە واقیعی ئەو شەرم و ترسە ئەزموون دەکات، بەڵام ناشتوانێت لیێ یاخی بێت، بەلام خاتوو کەژاڵ لە ڕییێ دەقیکی واوە زۆر بوێرانە و راستگۆیانە گوزارشت لەو یاسایانە دەکات.

یان کاتێك خاتوو مهاباد قەرەداغی دەڵێت:

جەستەی داخراوی حەوا
پرە لە نهینی شەهوەت

پڕە لە رازی بێنەوا

زۆر بویرانە باس لەنهێنی جەستەی مێنیە دەکات، کە ئەوەش بە جۆرێك لە یاخیبوون دێتە ئاژمار. جگە لەم خاتوونە بەڕێزانەش خاتوو شیرین کاف و نەزەندبەگی خانی و چەندینیترمان هەیە، بەلأم ئەو بوێریەش هەروا ئاسان نییە رەنگە هەر یەك لەم خاتوونانەش قوربانی زۆریان بەژیانی تایبەتی خۆیان دابێت لەو پێناوەدا کەوتبنە بەر نەشتەری بێبەزەیی کۆمەڵگە، بەلأم ئەوە گرنگنییە گرنگ ئەوەیە توانیویانە خاوەنی دەنگی ژنانەی خۆیان بن، چونکە ئیمە ئەگەر بمانەوێت بەدڵی کۆمەڵگەی پیاوسالاری بین هەرگیز ناتوانین بەدڵی ئەوان بین ئەوان کۆپیەکیان دەوێت لە خۆیان ئەوەش بە هیچ ژنیك ناکرێت. دواجار دەکرێت بڵێین هەوڵدانیك لەلایەن تاکە کەسەوە بەدی دەکریت بۆ بوون بەخاوەن دەقیکی ژنانەی پەتی و کە مۆرکی ئەدەبیکی ژنانەی پیوە دیار بێت بەلأم هەر ئەوەندە بەس نییە.

❖ مناسباتی پیاوسالاری و داب و نەریتە کۆنە و ئایینەکان چ دەورو نەخشیکیان لە سەر دواکەوتوو هیشتنەوەی ژنان لە بواری ئەدەبیات و هونەر دا لە چاو پیاوان بووە؟

❑ پیاوان بەگشتی تیروانییەنان بۆ ژن تیروانینیکی نیگەتیڤانەیە، تەنها وەك جەستە لە ژن دەڕوانن و چەند لە بوارە مەعریفییەکاندا بە توانا بێت دانی پیا نانین کاتێکیش کە دەیەوێت بێتە بواریك لەو بوارانەوە هەزار و یەك توانجی نابەجێی تێدەگرن، بێگومان داب ونەریتی کۆمەڵگەش دەرهاویشتەی پیاوسالارییە، جگە لەوەی ئاینیش ئاستەنگیکی ترە لە بەردەمیدا، لە بەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامین و ئاینی ئیسلام لە ناوماندا بالأدەستە هەموو جولأنەوە و هەلس وکەوتێکی ئافرەت بە جۆریك لە گوناە و یاخییبوون لە قەڵەم دەدەین. جگە لەوەش ئاینی ئیسلام بەگشتی بێگویدانە جیاوازی ڕەگەزی تێڕوانینی جیاوازی هەیە، هەموو جورە شیعر و پیاهەڵدانیك رەتدەکاتەوە جگە لەو شیعرەی کە لە پێناوی خوا و پیغەمبەردایە.

❖ بێشك یەکێك لە هۆ سەرەکیەکانی گەشە و سەرهەڵنەدانی توانایەکانی ژنان لە بوارە سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی، و بەتایبەت هونەر و ئەدەبیاتدا، سەر بەخۆ نەبوونی ئافرەت لەباری ئابوورییەوەیە، بۆ چوونی جەنابت چییە و پێت وایە ئەم گرفتە لە چ ئاستیك دایە؟

و: بیگومان منیش تا رادەیەك هەمان رای بەریزتانم هەیە، مێینە تا چەند خاوەنی گیرفانی خۆی بێت ئەوەندە ئازادە لە رەفتاریدا، بە گەواهی ئەوەی توێژیك لە مێنەی ئەم سەردەمە خاوەنی بروانامە و ئابووری خۆیانن، لە هەندی بواری ژیانیاندا لە ئەوەی ژنانی پیشوو ئازادترین، بەلأم ئەو ئازادییان نەگەیشتوتە ئاستیك کە بتوانن رۆلیکی کارا لەم بوارانەدا وازی بکەن.

چونکە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لەو توێژەی کە لە رووی ئابوورییەوە سەر بەخۆن وابیر دەکەنەوە لەبەر ئەوەی ژنی پیاوەکانیانن پیویستە ئەوان مەسرەفیان بکێشن. ئەو پارەیەی خۆشیان تەنها بۆ رووکەشی و رازاندنەوەی خۆیان بەکار دەهینن، لایەنە جەوهەریەکان فەرامۆشدەکەن، هەروەها لای مێینە نەبووە بە نەریت کە بەشێك لەو داهاتەی خۆی بۆ کڕینی کتیب تەرخان بکات.

بۆیە دەکریت بڵێین لە پاڵ سەربەخۆ بوونی ئابووریدا هوشیاریش خاڵێکی گرنگە، چونکە ئەگەر مێنیە خاوەنی هوشیاریەکی وا نەبوو با لە رووی ئابووریشەوە سەر بەخۆ بێت سوودی نییە.

❖ وەك ژنێکی چالاك لە بواری نووسیندا چ پێشنهاد و رێنماییەکت هەیە بۆ ژنان و ئافرەتان بەگشتی بۆ دەرباز بوون لەم هەل و مەرجە نالەبارە و پڕ مەترسیە و گەیشتن بە یەکسانی تەواو لەگەل پیاواندا؟

❑ بە لێبووردن و تەوازوعەوە دەڵێم من هێندە کەسێکی کاراو قالبووی بواری ژنان نیم تا بتوانم رێنمایی هاو رەگەزەکانم بکەم، بەڵام دەکرێت بڵێم با چیتر رێگە نەدەین پیاوان لەبری ئێمە بیر بکەنەوە و قسە بکەن و فرمێسکی تیمساحمان بۆ بریژن، بەڵکو با خۆمان بین و خۆمان گوتاری ژنانەی خۆمان ئاراستەی هەمو ئاستەنگەکانی بەردەممان بکەین، بەپێداگرتنەوە دەڵێم هیچ پیاوێك نییە لە دنیادا بتوانیت وەك خۆمان گوزارشت لە کوژان و ئازارەکانمان بکات، هەرچی نووسەر و روناکبیرو ئەدیبی ناوداری جیهان لە رەگەزی بەرامبەرمان هەیە ناتوانن بۆ تەنها ساتێکیش چییە گوزارشت لەژانی منداڵ بوون بکەن، چونکە بۆ تەنها خولەکێکیش چییە ئەو ئازارەیان ئەزموون نەکردووە.

هەروەها خەباتیشمان دژی (پیاو) نەبێت وەك رەگەز، بەڵکو وەستان بێت دژی دەسەڵاتی ناڕەوا و نامروڤانەی ئەوان، چونکە دواجار هەر یەکیك لە ئێمە ئەوی ترمان لە ناخی خۆماندا حەشارداوە. ئیتر وەك خۆشەویستی یان وەك هاورێ یان وەك هاوسەر بێت.



تابلۆی کچە هونەرمەندی هۆڵەندی (ئانس مارکۆس)

# مەك كارتیزم: سەردەمی رەشی مێژووی ئامریكا

## دەقی تەواوی وت و ویژیکی تایبەتی سەعید مستغائی لەگەل مایكل چاپلین.

و: یوسف عەلی پور



مایكل چاپلین لەو وت و ویژەدا بۆمان لە سینەما و سەردەمی مەك كارتیزم و نەوتراوەکانی رۆژانی تەبعیدی باوكی ئەدوێ.

سێرچارلز ئێسپێنسێر چاپلین ناسیاوی تەواوی سینەما دۆستان و زۆربەی خەلکی روشنبیری جیهانە، هەر بۆیە پیویست بە ناساندن ناکات. فیلمەکانی گەلیك جار بلاو بوونەتەوە و زەردە خەنەیان خستۆتە سەر لیوی زۆرکەس و بینەرانیکی زۆریشیان گریاندوە. چونکە تایبەتمەندی سینەمای چاپلین سەرەرای حالەتی تەنزاوی و کۆمیدی بونی، هەمیشە باس لە تراژیدیاکانی بەشەری وەك تەنیایی و سەر لیشیواوی و لەخۆ نامۆ بوون دەکات.

گەورەیی و ریزی چارلی چاپلین لە میژووی سینەمادا تا رادەیەکە کە ئیستا و دوای تیپەر بونی زیاتر لە ٣٠ سال بەسەر مردنیدا و تیپەرینی ماوەیەکی نزیك بە ٦٠ سال بەسەر ژمارەیەك لە بەرهەمەکانیدا، بەرهەمەکانی سەر لەنوێ ساز دەکەنەوە یان ئەو بەشانە لە فیلمەکانی کە خراپ بوون بۆ جاریکیتر دروست دەکەنەوە. بۆ وینە لە فستیوالی "کەن"ی ئەو سالدا (٢٠٠٣) فیلمی "دیکتاتوری گەورە" بە زیاد بوونی ١٠ خولەك بە کاتی

فیلمەکە وەك دەستپێکی ئەم فستیواڵە پیشان درا. ژمارەیەکی زۆری فیلمەکانیشی خراونەتە سەر فۆرمیتی D. V. D و بۆ جاریکیتر و لە ئاستیکی جیهانیدا بلاو بونەتەوە. بۆ وینە فیلمی "سەردەمی نوێ" بە کەیفیەتی زۆر باشەوە لە ئاستیکی جیهانیدا بلاو بۆتەوە بەلام سەرەرای هەمووی ئەو شتانەی کە خەلك لە چارلی چاپلین و بەرهەمەکانی دەزانن و پشتاوپشت لەگەلی ژیاون، زۆر شتی شاراوەش هەیە لە ژیان و بیروباوەر و روانگەکانیدا، کە جێی خۆیەتی زیاتر باسی لیبکریت.

باوکم هۆگریکی زۆری بە چارلی چاپلین هەبوو، وە لە منداڵیەوە ئیمەی لەگەل بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە ناوداره ئاشنا کرد. ئەو کاتەش کە بە شیوەی حیرفەیی روم کردە سینەما زۆرتر فیلمەکانی چارلی منیان بەرەو لای خۆیان راکیشا، بە تایبەت زۆرم حەز دەکرد کە لایەنە شاراوەکانی ژیانی بە تایبەت لە سەردەمی تەبعیدی لە ئامریکا، لە زەمانی مەك کارتیزم دا بزانم و روانگەی ئەو سەبارەت بە میژووی رەشی ئەو سەردەمەی ئامریکا بناسم. کاتیك کە لەگەل چکولەترین کوری چارلی واتا "مایکل چاپلین" ئاشنا بووم هەستم بەوە کرد کە هەلیکی باش رەخساوە بۆ ئەوەی کە خەونەکانم بیتە دی، بە تایبەت چونکە ئەمزانی "مایکل" لە سەردەمی تەبعیدی چارلی چاپلین دا لەگەل باوکی بووە. بیرەوەری نەوتراوەی زۆری لە لایە کە لاپەرەیەکیتری ژیانی هونەری چارلی دەگریتە بەر.

دوای ئەوەی کە چەند جار چووم بۆ لای مایکل ئەوەم بۆ دەرکەوت کە مایکل جیا لەو بیرەوەریانەی کە هەیەتی بەهۆی ئەوەی کە زەمانی بەرهەم هینانی فیلمەکانی باوکی لە ستۆدیوی "یونیویرسال" لەگەل "چارلی" بووە عەناسیری سینەماییش بە باشی دەناسی و ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەم وت و ویژە رەنگیکی تەحلیلیتر بە خۆیەوە بگریت.

لیرەدا پیویستە ئەوەش بلیم کە مایکل منالی ئیونا ئونیل، (کچی یونین ئونیل نووسەری بەناوبانگ) دوایین ژنی چارلیە کە لە ٣٠ سالی دوایی تەمەنیدا هەمیشە وەك یاریکی بەوەفا هاوریێ و یاریدەدەری چارلی بوو. دوای مەرگی ئیونا مایکل گەرایەوە مالی باوکی و هەر لەو کاتەشەوە لەسەر ئەوە ساغ بۆوە کە ئەو مالە بکاتە موزەخانەی چارلی چاپلین. موزەخانەیەك کە تەواوی بەرهەم و یادگاریەکانی چارلی چاپلینی تیدا بیت. دواتریش مایکل بە یارمەتی خوشکی "جێرالدین" و براکەی "سیدنی" و هەروەها بە هاوکاری ژمارەیەك لە کارناسان و هۆگرانی سینەمای چارلی ئەم کارە بە نرخە بە ئەنجام بگەیەنێت. ئەم موزەخانەیەش ماوەیەك لەمەوبەر دەستی بە کاری خۆی کرد.

ئیستاش ئەو رۆژەم لەبیرە کە مایکل لەژیر زەمینی ئەم مالە ویلاییە کە لە "سیمینس" سندوقیکی دەپشکنی، کاتیك لە سندوقە قەدیمیەکەدا چەند فیلمیکی رەنگی لەپشت سەحنەی فیلمی "دیکتاتوری گەورە" دوزیەوە، وەك "ئەرشمیرۆس" هاواری دەکرد کە دۆزیمەوە، دۆزیمەوە.

ئەم وت و ویژەش لە ئاکامی چەند ملاقات و چەند تەلەفون و ژمارەیەك نامە و ئیمەیل و دەریایەك پرسیار و ولام لە مایکلی کوری چارلی چاپلین بە ئەنجام گەیشتووە.

****ئـیوە لـە فیـلمی "سـوڵتانیك لـە نـیویورك"دا لەتەنیشـت باوكـتان دەركەوتن و رۆڵی تازە لاویك بەناوی "رۆپێرت"تان بینی. لـەو سـالانەدا، چـەند سـالیك دەبـوو كـە چارلی چاپلین لە تاراوگە بـوو، وە ئـەو فیـلمە بـە یەكـەمین كاری سینەمایی ئەو لە دەرەوەی ئامـریكا دەژمـێردرا. گۆیـا لەو كاتەدا تەمەنتان ١٢ سال بوو. لەو تەمەنـە لـە تازەلاوێتیدا وەكـو مـنالی هونەرمەندیكی ناسراو كە ئیستا لەلا یـەن جـیهانی بـەناو ئـازادی رۆژئـاواوە تۆمـەتی لیدرا و دەیهـەوی ئـەوەی كـە لـە بەرابـەر كومیـتەی مـەك كـارتیدا لی یان قـەبول نەكـردبوو، ئیسـتا لـە یەكـەمین دیمەنـە سـینەماییەكەیدا بـیخاتە بەرچـاو و گـویـی خـەڵكی جـیهان. (هـەر ئـەوجۆرەی كـە لـەماوەی هەڵسـوورانە هونەرییەكـەیدا بـەردەوام پیشـاندانی رەنج و بێبەشـیەكانی ئینسـانی لـە قالبـیكی كومیدی تراژیك دا لەبیر و زەینیدا بوو) دەوری خۆت چۆن دەبینی؟*

**یەكـەمین هاوكـاریی هونـەریم لەگـەل بـاوكم ٦ سال بەر لە رۆل بیـنین لە فیلمی (سولتانیك لە نیویورك)دا بوو، لە دیمەنیكی كورتـی فیـلمی "لایم لایت"دا كە سالی ١٩٥٢ دروست كرا. ئەوە دوایین فیلمی باوكم بوو كە لە ئامریكا بەرهەم هینرا.

**كـەم كەس لە هۆگرانی سینەما ئەم بابەتە دەزانن. دەكری بلین لەكام دیمەنی "لایم لایت"دا رۆلتان هەبوە؟*

**لـە سكانسـی سـەرەتای فیـلمەكەدا كـە "كـالورو" بـە سەرخۆشـی دیـتە نـاو ئـەو ئاپارتمانـە چـكولەوە و لەگـەل چـەند منداڵـیكی كـەم تەمـەن بـەرەو روو دەبیـتەوە، مـن یەكـیك لـەو مـندالانە بـووم و ئـەوی تریشـیان خوشـكەكەم "جـرالدین" و یەكیكیشـیان "سـیدنی" بـرام بـوو. ئـەو رۆڵەی ئیمە لە بەردەركی ئاپارتمانی ناوبـراودا بـەریوە چوو. پیش ئەوەی كە باوكم لە نەقشی كـالورو (دەلقەكی پیری پەك كەوتە و هەمیشە سەرخۆش)دا بچیتە ناوەوە و نزیكەی ٣٠ چركەشی دەخایاند.

**هـەر لـەو كاتـەدا بـوو كـە بـەردەوام باوكـت بـۆ كومیـتەی لیكولینەوەی مەك كارتی بانگهیشت دەكرا؟*

**لـە یادمـە كـە لـەو رۆژانـەدا بـاوكم لەژیـر بـازجوویی و لیكولیـنەوەیەكی زۆرەوە بـوو لەلایـەن F. B. I یـەوە كـە زۆربـەی پرسـیارەكان هـەر ئەوانـە بـوون كە لەلایەن سیناتۆر مەك كـارتی و كومیـتە ناسراوەكەیەوە راگەیەندرابوون. هەم سەبارەت بە پـەیوەندی بـاوكم لەگـەل كۆمۆنیسـتەكان و هـەم سـەبارەت بە دوو فیـلمی دوایـی "سـەردەمی نـوێ" كـە مودیرنـیزم و ماشـینیزم و كاریگەرییـەكانی لـە ئیلیناسیونی ئینسانی ئەمرۆدا رادەگەیاندو ئەندامانی كومیتەی مەك كارتی لەسەر ئەو باوەرە بوون كە چاپلین راسـتەوخۆ بـۆ دیفـاع لـە باوەرە كۆمۆنیستەكان، پیشكەوتنەكانی ویلایەتـە یەكگرتوەكانی ئامریكای كردبوە ئامانجی هیرش و ویران كـردنەوە و "موسـیو وردو" كـە كوشـت و كوشتاری ئینسانەكانی لــەماوەی شــەرە جۆراوجۆرەكــاندا لەلایــەن دەولەتەكانــەوە بــە جینایەتـیكی مـەترسـیدارتر لـە قەتلـە ئاساییەكانی نـیوخەلكی زانیـبوو وە كومیـتەی لیكولیـنەوەی مـەك كـارتی بـاوكمی بـەوە تاوانـبار كـردبوو كـە لـەو فیـلمەدا مەبەسـتی دەسـت تـێوەردانی ئامـریكا لـە ولاتانیتـردا بـووە. هەڵـبەتە مـن لەو رۆژانەدا تەمـەنم تەنـیا ٦ سـال بـوو وە هەر ئەوەندەم لەبیرە كە باوكم هەمـوو شەویك كە دەهاتەوە بۆ مالەوە، پەشیو و تورە و ناراحەت بوو.

دواتـر دایكم سەرجەم روداوەكانی ئەو سەردەمەی بۆ گیرامەوە كە چارلی بەهـیچ شـیوەیەك تەنانـەت بیریشـی لـەوە نەدەكـردەوە كـە رۆژگـاریك بـە خاتـری فیـلمەكانی، كە بەگشتی لە روانگەی عەشق بـە ئینسـانەكانەوە دروسـتی كـردبوون، بدریـتە بـەر لی پرسینەوە.

دایکم دەیوت چارلی دوای هەر لێپرسینەوەیەك تەواوی دەردەدل و هەستە دەروونیەکانی بۆ دەگێڕایەوە و بەمجۆرە سوکنایی دەهات.

** زۆر کەسی‌تریش لە هونەرمەندانی بەنیو بانگی هالیوود هەروەك چارلی چاپلین گیرۆدەی تومەتەکانی کومیتەی مەك کارتی بوون، کاسانیکی وەك جوزیف لوزی، مارتین ریت و ... و زۆربەی تومەتەکانیش بریتی بوون لە پەیوەندی ئەم هونەرمەندانە لەگەل کۆر و کۆمەلی بەناو کۆمۆنیستی و کار کردن لەدژی بوونیەتی ئامریکا. تومەتیك کە تەنیا لە یەك دەیەی دواتر یانی دوای لەسەر کار لاچوونی کەسانی توندرەو و دەمارگرژی وەك سیناتۆر مەك کارتی تەنانەت لەنیو جەماوەری خەلك دا وەك شتیکی گالتەجاریانە پیشاندرا. وە ئەمرۆ لەو سەردەمە وەکو یەکیك لە رەشترین خالەکانی میژووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا باس دەکری. هەروەك ئەوەی کە لەم سالانەی دواییدا لە پیداچوونەوەیەکی سەر لەنوێی سینەمای ئامریکا بۆ ئەو خالە میژوییە ئاماژە بەو هەلە رەخساوە گەورە و بە فیروچوانەی ئەو سەردەمە دەکری کە هیچ کات مەجالی قەرەبوو کردنەوەیان بۆ خەلکی ئامریکا نەرەخسا و خەسارەتەکەشی خراپتر لە تەنانەت تەواوی زەرەر و زیانەکانی سالەکانی شەری سارد هاتوەتە ژمار. نموونەکەی ئەو فیلمانەن کە بەناوی "زەینیکی جوان" لەلایەن یەکیك لە هالیوودی‌ترین و سەرسەخت ترین فیلمسازەکانی ئەمرۆی سینەمای ئامریکا یانی "ران هاوارد" دروست کراون یان فیلمیکی‌تر لەژیر ناوی "مەجێستیك" کە فرانك دارابانت دروستی کردوە و بە توندی رەخنە لە داوەریە روالەتی و نەزانیەکانی مەك کارتیسم دەگری.*

**بەلام بە داخەوە سەرەرای سەرجەم قسەکانی ئیوەش، هەر ئەمرۆکەش دەست مایەکانی هەر ئەو بۆچوونە مەك کارتی‌یە لەناخی سینەمای هالیووددا بەرچاو دەکەوی و هیندیك جاریش خۆی دەنوینی. بۆ نموونە چاویك بخشینین بەسەر هیندیك لەو فیلمانەی کە دوای کارەساتی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ لەو سینەمایەدا بەرهەم هینراون و هەر ئەو دەمارگرژیەی مەك کارتی‌یان لە شکل و شیوازیکی نوێتردا پیشان داوە. لەگەل کەسانیکی تازەکاری وەك جیری بروکهن هایمیر و ریندال والاس و تونی ئیسکات و کەسانی‌تری وەك ئەوان و لەم هەرا و هوریا تازەیەدا، هونەرمەندانیکی وەك تەرنس مالیك و شاکارەکەی "خەتی باریکی سوور" دەبی بخرینە پەراویزەوە بۆ ئەوەی فیلمی "رزگاری سەربازیکی راین" کە بەرهەم هینراوی "ئیستیوین ئیسپیلبیرگ"ە گەورە بکریتەوە.

**بەلی ئیوە هەقتانە. هیندیك فیلمی وەك "ئیمە سەرباز بووین"، "دوایین قەلا"، "کایەی جاسوسی"، "پشتی خەتەکانی دوژمن" و... نموونەکانی ئەمرۆیی بۆچوونی مەك کارتی لە هالیوود دایە و بەخاتری بوونی ئەو بۆچوونەیە کە تەنانەت فیلمی دژی سیستمی سینەماگەری وەك مارتین ئیسکورسیسی کە یەکیك لە یەکگرتووگەراترین کارگەردانانی ئەمرۆی سینەمای ئامریکا دەژمیردری یانی "دار و دەستە نیویورکیەکان" سەرەرای هەموو لی وەشاوەییەك لە جایزەی ئۆسکار دور دەکەویتەوە و "نموونەکانی شیکاگو" کە وەبیر هینەرەوەی دەیەی ٥٠ و لایەنیکی‌تری "داوەری مەك کارتیسم" ییەکانە، جایزەکان کۆ دەکەنەوە.*

**ریك هەروەك دەیەی ٥٠ کە لەژیر کاریگەری پشووبری مەك کارتیسمی دوای سالە پرشنگدارەکانی دەیەی ٤٠ و ریزگرتنی ئاکادمی لەکارە پر بایەخەکانی وەك "خانمی مینیور"، "تەعتیلی لەدەست چوو"، "بەلینی پیاوانە" و... ریزیان لە فیلمە کەم بایەخەکانی وەك "گەورەترین شانۆی سەر گۆی زەوی"، "دەوری دنیا لە ٨٠ رۆژدا" و "لیرەوە هەتا هەتایە" گرت و کەسانی وەك ویلیام وایلر دوای شاکاریك لەژیر ناوی "باشترین سالەکانی ژیانی ئیمە" رووی کردە فیلمە کەم بایەخەکانی وەك "تەعتیلاتی رۆمی". هەلبەتە لەم نیوەدا ژمارەیەك لە فیلمسازان تەنانەت

ناچار بوون لەدژی هاوکارەکانیان لەبەر دەرکی کومیتەی لیکولینەوە شایەتی بدەن. وەکو "ئیلیا کازان" کە لەبری ئەو شایەتیانەی جیگا و شوینیکی باشتریشی بەدەست هینا و سالی دواتر، بۆ فیلمی "لە ئیسکلەدا" کە وەك کاریکی لاوازتر نیسبەت بە فیلمەکانی‌تری لە قەلەم درا، ٩ خەلاتی ئوسکاری وەرگرت.

** چەند سال لەمەوبەر کە بە هەول و کوششی مارتین ئیسکۆرسیسی قەرار بوو ئیلیا کازان ئۆسکاری شانازی وەربگری، کاتی وەرگرتنی خەلاتەکە بە پیچەوانەی رەوالە باوەکانی ئەو مەراسیمە، زۆربەی بەشداربووان لەبەر کازان هەلنەستان و تەنانەت بە خاتری نارەزایەتی دەربرین لە هەلس و کەوتی رابردووشی لە کومیتەی مەك کارتی‌دا، چەپلەشیان بۆ لی‌نەدا. پیتان وایە دوای تیپەر بوونی چەندین سال، پاکانە بۆ ئەم هەلس و کەوتە دەکری؟*

** ئەوە دژوارە کە سەبارەت بە هەلس و کەوتی کەسانی‌تر کە لە جیگا و شوینیکی تایبەتی‌دا بوون، داوەری بکەین. چ ئیلیا کازان و چ ئەوانەش کە ناوبراو تاوانبار دەکەن. ئیمە نازانین کە کازان لە سەردەمی مەك کارتیسم دا لە چ هەل و مەرجیك دا بوە. بەهەر حال ئەو فیلمسازیکی گەورەیە و کاری زۆر گەورەشی خولقاندوە لەوانە "ئوتوبوسیك بەناوی هەوەس" یان "بژی زاپاتا" و یان "سکالای گیاجار". بەلام هەلس و کەوتەکەی لە کومیتەی مەك کارتی‌دا بەراستی دەرك ناکری. ئەو ئەم هۆکارەی بۆ هاوکاری کردنی لەگەل کومیتەی مەك کارتی ناو دەبا. لەوانەیە ئەم هۆیەی ئەو تا رادەیەك پاکانەی بۆ بکری ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئیلیا کازان سەردەمیك بۆ خۆشی ئەندامیکی گرووپی کۆمۆنیستەکان لە ئامریکا بووە و زیاتر هەستی بە مەترسی ئەوان دەکرد. بەلام بەهەر حال ناتوانری دروست داوەری لەسەر بکری. ئیستا وا دەزانم ناتوانم هەست بەوە بکەم کە بۆچی ئەو وەها کردەوەیەکی لەخۆی نیشان دا. لەوانەیە باوکیشم هیچ کات بۆی دەر نەکەوتبی.

**وا پێ‌دەچی چاپلین روانگەی خۆی سەبارەت بەو کەسانە، هەر لە یەکەمین فیلمەکەی لە تاراوگەدا یانی "سولتانیك لە نیویورك" زۆر راشکاوانە باس کردبی. لەبیرتانە لەو فیلمەدا رۆلی کوریکی تازەلاوت دەبینی کە لەبەر دەرکی کومیتەیەکی وەك کومیتەی مەك کارتی هەلسوورانە سیاسی‌یەکانی دایك و باوکی ئاشکرا دەکات و لەدژی ئەوان شایەتی دەدات. لە روانگەی ئیوەوە ئەم کارەی چاپلین لەدژی کەسانیك نەبوو کە لە کومیتەی مەك کارتی‌دا لەدژی ئەو شایەتی‌یان دا و ئەویان بە کۆمۆنیست بوون تاوانبار کرد؟ ئایا چاپلین بە جۆریك ئەو کەسانەی وەك مندالی هیچ نەزان و ترسنوك، ناو نەبردوون؟*

**ئەم بۆچوونەی ئیوە زۆر جیگای سەرنجە. هیچ کات بیرم لی نەکردبۆوە. لەوانەیە راست بی.

** لەم روەوە ئەم هەلویستە لە فیلمەکەدا زەقە کە گویا چاپلین لە سەرتاسەری فیلمی "سولتانیك لە نیویورك"دا جۆریك ولام دانەوە بەو رووداوانەی کە لەلایەن کومیتەی مەك کارتی‌یەوە بەسەری هاتبوو داوەتەوە و کاراکتەری "روپیرت"یش دەتوانی یەکیك لەوانە بیت.*

** بەلی راستە. ئەو فیلمە تایبەتەن سەبارەت بە سەردەمی مەك کارتیسم لە ئامریکا بوو و ئەو قسەیەی ئیوە دەتوانی راست بی. بەلام وەبیرم نایە کە باوکم هیچ کات لەم بارەیەوە قسەی کردبی و یان دایکم لەم پەیوەندی‌یەدا قسەیەکی لە باوکم گیرابیتەوە کە ئەو گلەیی لە ئیلیا کازان هەبوو و بە پیچەوانە هەمیشە بە باشی باسی لە فیلمەکانی کازان دەکرد. بەهەر حال بۆ

خودی من ئەم ڕووداوانە وەکو ڕازێکی نەکراوە ماونەتەوە کە بۆچی کەسایەتی‌یەکی وەك ئیلیا کازان وەها کردەوەیەکی بەرێوە برد، ناتوانم بیزانم.

*لەبیرتان دێ کە باوکتان سەبارەت بەو بازجویی‌یانە لە کومیتەی مەك کارتی سینای ئامریکادا، بیرەوەریەکی بۆتان باس کردبێ؟*

**بەڵێ بیرەوەری زۆری بۆ نەقل کردوم و سەرنج ڕاکیش ترینەکەشیان تایبەتە بە کاتێك کە لە سینای ئامریکادا پێی دەڵێن ئامریکا بۆ ئیوە زۆر باش بووە و خۆتت لیرە دەولەمەند کردوە. باوکم ویرای تەئیدی قسەی لیکولەرەوەکان دەڵی "بەڵی زۆر باش بووە و من کارم کردوە و زەحمەتم کیشاوە تا دەولەمەند بم" دواتر پێی دەڵێن بۆچی تا ئیستا ڕی ڕەوی‌کردنی ئامریکای قەبوول نەکردوە؟ باوکم وەلام دەداتەوە:"من پاسپۆرتیکی ئینگلیسیم هەبوو وە پێویستیم بە وەرگرتنی پیناسی ئامریکایی نەبووە! بە پێچەوانە وابیر دەکەمەوە کە شارومەندیکی زۆر باشم. چونکە لە سەرجەمی فیلمەکانی من لەسەدا ٣٠ی لە ئامریکا بلاو دەبنەوە و دەفروشرین و لەسەدا ٧٠ی لە دەرەوەی ئامریکا کریاریان هەیە، بەلام وەزارەتی دارایی ئامریکا مالیاتی سەد دەرسەد بۆ من لە بەرچاو دەگری.

* *وەلامیکی زۆر زیرەکانە و هەڵبەتە خیرایە. پیت وایە بۆچی باوکتان ئەوەندە حازر جواب بووە؟*

**پیم وایە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە یەکەم: سەردەمی منالیەکی هەژارانەی بەسەر بردبوو وە هەروەها ئەوەی کە بالاشی بەرز نەبووە و ناچار بووە کە فیر بێ کە چۆن دیفاع لەخۆی بکات. هەر بۆ ئەم بابەتە، حازر جەوابی لە تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی باوکم بوو کە بە شێوەی ڕاشکاوانە و حازر جواب لە فیلمەکانیشیدا جیی خۆی دەکردەوە و لە خالە بەهیزەکانی ئەم فیلمانە لەلایەن ڕەخنەگران و کارناسانەوە دەژمیردرا.

*چارلی چاپلین دوای لیکولینەوەکانی کومیتەی مەك کارتی بە دوور خرانەوە لە ئامریکا مەحکوم کرا؟*

** نەخیر لەبیرمە لەگەل بنەمالەکەمان بۆ بەسەر بردنی پشوویەکی دریژخایەن چووبوینە ئورووپا. دواتر دایکم دەیوت بە چارلی وترابوو ماوەیەك لە ئامریکا بچیتە دەرێ تا بە ڕوالەت هەموو شتیك بگەریتەوە سەر دۆخی ئاسایی، بەلام لەنیوەی ڕیی نیویورك بۆ لەندەن دا بووین کە داوایان لە باوکم کرد ئیتر نەگەریتەوە بۆ ئامریکا. لەبیرمە کاتیك کە لە کەشتی سەلتەنەتی مەلەکە ئیلیزابیت لە ڕیگای ئینگلیس دا بووین تیلگرامیك گەیشت کە نازانم لەلایەن سەرۆك کۆمار "ترومەن" بوو یان مونشی‌یەکەیەوە یان لەلایەن سیناتۆر مەك کارتی‌یەوە کە تییدا نووسرابوو ئیوە ئیتر ناتوانن بگەرینەوە بۆ ئامریکا.

*دژکردەوەی باوکتان چ بوو؟ ئایا ئەو سەردەمە لە بنەرەتدا ڕۆژگاریکی دژوار نەبوو بۆی؟*

** پیم وایە لەو کاتەدا تەزویەکی گەورە بە لەشی باوکم دا هات. چونکە تەواوی سەردەمی هەلسوورانە هونەریەکەی لە ئامریکا بوو. ئەو کاتیك کە کوریکی لاو بوو چوو بۆ ئامریکا و لە گروپیکی چکولەی شانۆگەری‌دا دەستی بەکار کرد. دواتر لە کالیفورنیا چوە ناو سینەماوە و ئەوی‌تریشی کە بۆ خۆتان دەزانن. مەبەستم ئەوەیە کە تەواوی کارە سینەماییەکانی لە ئامریکا بە ئەنجام گەیاندبوو و لەپرا دابرانی ئەو لەم هەلسوورانە بەردەوامە تەزویەکی گەورە بوو. ئەگەرچی ئەو ئورووپای هەر زۆر خۆش دەویست و زۆر بە خیرایی لەگەل ژیان کردن لە ئورووپا ڕاهات. ژیانیکی هیمنی بۆخۆی و بنەمالەکەی پیك هینا بەدوور لە تەمەنیك هەلسوورانی دژوار و ماندوویی نەناسانە بۆ ئەوەی

ماوەیەك لە ئارامش دا بەسەر بەری، هەر چەند کە ڕۆژەکانی سەرەتای جیایی ئەو لە سینەما و هاوریکانی زۆر بە دژواری تیپەری. ئەو وردە وردە دەستی دایە ئەو کارانە کە تا ئەوکات مەجالی نەبوو دەستیان بۆ بەرێ لەوانە ٣- ٤ سالیك خەریکی نووسینی کتێبی ژیاننامەکەی بوو و بیجگە لەوەش لە ماوەی ئەم سالانەدا موسیقی هیندیك لە فیلمە سامتەکانی خۆی نووسی و دروستی کرد و کاتیکی زۆری سەرفی ئەوان کرد.

*ئایا موسیقی فیلمەکانی "روناکاییەکانی شار" و "جویەندەگانی تەلا"شی هەر لەهەمان سەردەم دا دروست کرد؟*

**موسیقی ئەم فیلمانە و هەروەها دوایین بەرهەمەکەی لە ئامریکا یانی "لایم لایت" هەتا ٢٠ سال دواتر ئیجازەی چوونەسەر شاشەی پێنەدرا و دوای تیپەر بوونی ئەم ماوە دریژ خایەنە کە ئیزنی بلاو بوونەوەی گشتی پیدرا تەنیا لەبەر موسیقاکەی بوو بە کاندیدای وەرگرتنی خەلاتی ئوسکار. بەلام باوکم لەو سەردەمەی کە لە ئوروپا دەژیا، موسیقی هیندیك فیلمی وەك "سیرك"، "دووش فەنگ"، "زائیر" و زۆربەی فیلمە کورتە ٢٠- ٣٠ خولەکیەکانی سالەکانی سەرەتای فیلمسازیەکەی دروست کرد. هەروەها زۆربەی کاتەکان خەریکی نووسینی فیلمنامە بوو کە کۆتاییەکەیان لەژیر ناوی "سەیر و سەمەرە" گەیشبوە ئاستی بەر لە دروست کردنیش. بەلام باوکم بۆی دەرکەوت کە لە بواری جسمیەوە ئیتر توانایی دروست کردنی فیلمیکی تری نیە. لەبیرمە فیلمنامەی ناوبراو سەبارەت بە ئینسانیك بوو کە وەك خەلکیتر نەبوو. کەسیکی نائاسایی بوو کە نیسبەت بە ژنان حەساسیەتی هەبوو و دەستەکانی وەك بال بوون وەکو فرشتەکان و بە بالەکانی بۆ شوینی جۆراوجۆر هەلدەفری. باوکم تەنانەت بالەکانی ئەو ئینسانە فرشتە ئاسایەشی دروست کردبوو. بەهەر حال باوکم لە تەواوی ماوەی ژیانی لە ئوروپا کاری دەکرد و سەرگەرم بوو.

*سەرگەرمی یەکانی چ بوون؟*

**باوکم دۆست و ئاشنای زۆری هەبوو، لەنیو هونەرمەندان دا کەسانیکی وەك ژان کوکتو، پیکاسۆ و لەنیو نووسەرانی ئینگلیسیدا گراهام گریەن و نوئیل کوارد، هەروەها سامریست موام کە زۆر هاتوچۆی مالی ئیمەی دەکرد. ئەو دۆستانەی کە جار جارە لە هالیوودەوە بۆ دیتنی دەهاتن و یان کەسانیك کە وەکو ئەو لە کومیتەی مەك کارتیدا مەحکوم کرابوون و گیروگرفتی نیشتەجی بوون لە ئامریکایان بوو. باوکم زۆر هۆگری ئەوە بوو کە ژیانی بە هاتو وچۆ لەگەل هاوریکانی بەسەر ببات. سەرەرای هەمووی ئەوانە ئەو بنەمالەیەکی گەورە و هاوسەریکی بوو کە بەراستی خۆشی دەویستن.

*بەلام سەرەنجام دوای ٢٠ سال چارلی چاپلین گەرایەوە بۆ ئامریکا و لە مەراسیمی ئوسکاردا بەشداری کرد. خەلاتی شانازیانەی وەرگرت و سەرکەوتنی خۆی بەسەر سەرجەمی ئەو داوەریە ناعادلانە و ناراستانەدا راگەیاند. لەبیرتانە کە لەو کاتەدا باوکتان چ هەستیکی بوو؟*

**باوکم پیشووتریش زۆرجار بۆ ئامریکا بانگهیشت کرابوو بەلام هیچ کات ئەو بانگهیشتانەی قەبوول نەکرد. چەندین جار بالویزی ئامریکا لەلایەن مەقاماتی ئەو کاتەوە بانگهیشتی کرد و ئەو پەیامەی دەولەتی پێگەیاند کە ئامریکا پیی خۆشە چاپلین بگەریتەوە بەلام باوکم قەبوولی نەکرد تا کاتیك کە لەلایەن ئاکادمی علوم و هونەرە سینەماییەکانی ئامریکاوە بانگهیشت کرا بۆ ئەوەی خەلاتی ئوسکاری تەمەنیك هەلسوورانی هونەری وەربگری.

*بۆچی ئەم جارە بانگهیشتەکەی قەبوول کرد؟*

****چونکە لەلایەن دۆستە کۆنەکانی لە هالیوودەوە بانگهیشت کرابوو نەك لەلایەن دەولەت یان مەقامیکی سەر بە ئەوان. ئەو دۆست و ئاشنای زۆری لە ئامریکادا بوو. بە تایبەت لە ئاکادمی ئوسکار کە باوکم هۆگریەکی زۆری پێبوو و ڕێزیکی زۆری لی دەگرتن. لە ڕاستیدا ئەو بە خاتری کەسانیك گەرایەوە بۆ ئامریکا کە بە دریژایی تەمەنیك هاوکاری لەگەل کردبوون.**

****کاتیك کە چاپلین لە سوئیس دەژیا، هەل و مەرجی بلاو بوونەوە و چوونە سەرشاشەی فیلمەکانی بە چ شیوەیەك بوو؟ ئایا بۆ خۆتان ئەم کارەتان دەکرد یان دامەزراوەیەکی تایبەتی ئەو ئەرکەی وە ئەستۆ گرتبوو؟***

****کاتیك کە بریار درا باوکم ئیتر نەگەریتەوە بۆ ئامریکا، دایکمی نارد بۆ ئامریکا چونکە دایکم لە ئامریکا دەرنەکرابوو، ئەویش تەواوی ئەو فیلمانەی کە هی باوکم بوون لە ئامریکا هینایە دەری. باوکم دەفتەریکی لە پاریس دامەزراند و ئەو دەفتەرە ئەرکی بلاو کردنەوە و پیشاندانی فیلمەکانی وەئەستۆ گرت.**

****ئایا لەو کاتەدا داخوازی پیشاندانی فیلمەکان کەمتر بۆوە، یان بە سەرنج دان بە هەل و مەرجی قەدەغە بوونی چوونی چاپلین بۆ ئامریکا، ژمارەی هۆگرانی کرینی ئەو فیلمانە چوونە سەری؟***

****لەنیو ئەو فیلمانەی کە باوکم بەرهەمی هینابوون زۆربەیان هی خۆی بوون کە چەند سالیك ئەوانی بلاو نەکردەوە. یانی خودی باوکم بەری بەم کارە دەگرت.**

****لەبەر چی؟***

****لەراستیدا هۆکارەکەی نازانم. تەنیا پیم وایە کە رەنگە ئەو دەیهەویست وەختیکی زیاتر بۆ دروست کردنی موسیقی فیلمەکانی پیشووی دابنی. یان رەنگە دەیهەویست ماوەیەك لە سینەما دوور بکەویتەوە بۆ ئەوەی کاتیکیتر بە شتی تازەترەوە سەر لەنوێ بیتەوە ئەو گورەپانەوە.**

***ئایا وەکو کەسیك کە بە زۆرەملی لە گورەپانی هەلسوورانی سینەمایی دوور کەوتبۆوە تووشی جۆریك لە بێهیوایی نەببوو؟**

****نا، پیم وانیە. وتم سەرەتا زۆری پێ سەیر بوو کە بۆچی سەرەرای ئیدعای ئازادی لە ئامریکا، وەها هەلس و کەوتیکی لەگەل کراوە. ئەو نەیدەتوانی لەم کارەی ئەوان بگات. هەروەها لە پەیوەند لەگەل سەرجەمی ئەو کەسانەی کە وەکو ئەو هەلس و کەوتیان لەگەل کرابوو بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن لە ئامریکا بچنە دەری. ئەو هیچ کات لەم هەلس و کەوتە نەگونجاوە تێنەدەگەیشت. باوکم هەتا کۆتایی تەمەنی پیی سەیر بوو کە چۆن لە ئامریکا سەردەمیکی وەك مەك کارتیسم دەتوانی پیك بی.**

****باس لە کات و ساتی گیان لەدەست دانی چاپلین بکە کە گۆیا تا دوایین ساتەکان، لەگەل دایکت لەلای بوون.***

****نزیکەی سەعات ٤ی سەر لەبەیانی روویدا، رۆژی کریسمەسی سالی ١٩٧٧. ئەو بە هیمنی گیانی لەدەست دا. باوکم لە دوایین رۆژەکاندا زۆر لاواز ببوو. تەنیا لەسەر کورسی دادەنیشت و نەیدەتوانی قسە بکات. رۆژ بەرۆژ لاوازتر دەبوو تا سەرەنجام گیانی لەدەست دا. بە هیمنی رۆیشت. چونکە هیچ چەشنە نەخۆشییەکی تایبەتی نەبوو.**

****لەکاتی گیان لەدەست دانی ئەودا ئاژاوەیەکی زۆر هەلا یسا، بۆ نموونە وترا کە تەرمی چاپلین دزراوە و دواتر بە هەول و کۆششی پولیسی نیونەتەوەیی گەریندراوەتەوە.***

****بەلی ٣ مانگ دوای ناشتنی، تەرمی باوکم لەلایەن کەسانیکەوە لە قەبر هاتە دەری و لە شوینیکی نادیار شارایەوە کە**

هـیچ کەس لەم بارەیەوە زانیاری نەبوو. بەلام دزەکان لەگەل پولیس دەسـتیان کـرد بـە وت و ویـژ تـا ئەوەی کە حەشارگەکەیان ئاشکرا بـوو و لەلایـەن پولیسـەوە دەسـتگیر کـران. ئـەوان دوو پەنابـەری "لەهیسـتان"ی بـوون و لـەبواری مادیـیەوە زۆر فـەقیر دیار بوون. وایان دەزانی دەتوانن لەم ریگایەوە پولیك بەدەست بینن.

**لەلایـەن خـۆم و هاورێـیـان و سـەرجەم هۆگـرانی سـینەمـا و چـارلی چـاپلین وەکـو یەکـیك لە سیما درەوشاوەکانی ئەم هونەرە، سپاسـتان دەکـەم کـە زۆریـەك لـەو شتە باس نەکراوانەی ئەم گەورە هونەرمـەندەی جیهانی هونەر و سینـەمات باس کرد.*

**منیش سپاست دەکەم.



**کتێب و گۆڤار بۆ کتێبخانەی پێشەنگ بنێرن.**

# شێعر و پەخشان

## پێرست

* شۆرشیك بۆ كەرنەڤالی كچ 82

* تابلۆ رەش و سپییە كانم زۆر خۆش دەوی 84

* پێڵاوە شرەكانم 85

* شۆرش 86

* خۆرنشین 87

* بێگانەیی 90

* لەناو زیندانا زیندان بوون 91

# شۆرشێك بۆ كەرنەڤاڵی كچ



بەهار مەحمود

بە هێمنی منی كچ
لە بەردەم كابوسەكانی رۆژگارەوە تێئەپەرم،
نایەڵم تۆزی ریگا نەبراوەكان، بكەونە سەر پێیەكانم و...
سەر بە فارغۆنی نائومیدیدا ناكەم هاورێ!
ئەبرم ریگایەكی فرە دوور، دوورتر لە خیابانەكانی (عەدەن)،
دوورتر لەو ریگایانەی نامگەیەنن بە (یوسف)!،
دوورتر لەو راستیانەی ناگەنە (دایكە مریەم)!،
دوورتر و دوورتر لە هەموو ئەو كوچانەی
دێنەوە سەر رووباری كچێك هاورێ!
بەلاملی گوێسەبانەی پیاوە ئبلیسەكانەوە
پەرەسێلكەی خەونم نانیشێنمەوە و
لەرەی تۆنەكانی دەنگم...
نامەوێ حەوشەی دەسەلات، پڕ كا لە ئاواز و گۆرانی هاورێ
ئای لەفەتارەی رۆژگار...
گەرەكییەتی سەرم بكیشی بە دیواری شەوا، شەو! !
ئەمە دوایین بریاری كچیك نییە...
دوایین شۆرشەكانی
خانزاد و حەپسەخان و عادیلە خانم نیە هاورێ
ئەمە هاوارە بۆ بەتفرِی ویژدان!،
هاوار بۆ بەهەدەر بردنی عەقڵ و مەعریفە،
هاوارە بۆ چنگ كەوتنی بوونیەتی كچیك
ئەشی كۆشكی خەیالات
تا بێ و سەر لە سەقفی ئاسمان بچەقینێ و
بەرهەیوانیك نەكاتە پەناگە هاورێ؟
من بینیم لە پەنجەرەكانی خواوە
هەرچی دایكە باخچەكانی بەهاری خوا ئەگەرێن و
بەرائەت ئەبەخشنە هاوسەرە دڵ رەقەكانیان...
لەوێوە بە پۆستی رەحمەتا
نور بەدیاری ئەنێرنەوە!
داخم لە خەونی كچیك،
چ زوو رائەچلەكێ لە بەردەم رەهیلەی زەندیقی رۆژگاردا...
من هەمیشە گیرفانەكانم پڕن لە تووە سپیەكانی پاكی و ...
گەڵا سەوزەكانی بەخشندەیی...
هەر دەكۆشم زەمبیلەكانی خۆزگەم بۆ پڕ ناكرێن
لە شیلەی چركە ئیوارە عاشقەكان و...
سێبەری دارە زراڤەكان... خەریكن سەرسەرم جێدەهێلن هاورێ!
بینیم شەو كز كز هەلخراوە بە تەنافی حەوشەكەمانا...
بەدیار قەتارەی سپیدەوە،
ئاخۆ كەی دێ بە كۆڵی چاوەروانییەوە...
تا ئەستێرەكان دەنك، دەنك نەوەرنە سەر باڵای خاك
ئۆف لە خەونی كچیك... كێ دەڵێ ئەم كاروانە هەر دێ؟
لە بازگەی پیاوسالارییەوە ناتوانم سنوور بېرم!
چونكە رەنگم لە رەنگی ناسنامەكەی بەر باخەڵت نییە هاورێ

لە مەودای نێوان کچێکەوە، تا کچێکی‌تر

پڕن لە ماچی هەنگوینی،

لەناو رەنگی ئەو ماچانەیا پڕ پڕە لە زەوقی مردن هاوڕێ!

لەناو بەرچنەکانی کۆشما... سارێژە لە میوەهاتی رەزی کچێنی...

ساریژە لە عەتری هەرمێ...

کەی ئیستا مەوسمی رنینی رەزە و شکانی سەرخەو، هاوڕێ؟!

گوێم لە پارچە پارچە بوونی خۆمە

لەناو گوللەی تفەنگە ژەنگ گرتووەکەی شانی باوکم

زۆر سانایانە پەنجەرەکانم ترازان

بەڕووی بیابانیکی تا چاو بڕ کا خالی، خالی لە هەموو شت...

خالی لە خەیالی کچ...

ئای دیسانەوە لە خەونی کچیك،

کە ماچیکی نەگۆڕییەوە لەگەل لیوی هەورا

تا چاو دەبینێ دوور دوور

قەتارەی رازیك هەر نەگەیشت...

ئای لە ویرانی ئەم پاسارە مەلی وێڵیش

بۆ دوا ساتی بەلایانایە هاوڕێ

لە دیدەی دور بینیکەوە

دوورگەکانی مەسیح نابینم... تا خاچیکی بەدیاری بۆ بنیرم بە کەشتی ئینتیزاریا

کە دەستکردی کچە قەیرەکانی بەردەلاقەی چاوەروانین هاوڕێ!

لەسەر سوچی کۆڵانەکانی سفرەوە

دەست بە گەشتی ژمارەکان ئەکەین و هەرچی سنوورەکانی سفرە دایان ئەخەین

تا سەفەر لەگەڵ ژمارە شوومەکانا نەکەینەوە، هاوڕێ!

بازنەکانی قەدەر تێك ئەشکێنین

تا ئەیکەینە دەستەسرێك بۆ سرینی ناوچەوانی شەرمەزاری

حیکایەتی شەوە یەلداکان لە هەناسەیەکا ئەگیرمەوە

بەدیار تالە سپییەکانی سەرمەوە...

هێلە مەئویسەکانی بەردەم گوێ ئاگردانی پیریش

ناکەمە ئەرشیف بۆ بیر هینانەوەی جەدەل هاوڕێ!

ئەمجارەشیان بەهێمنی

لەسەر گازەرای پشتی ماسییەکم

برسیتر لەو چاوانەی لە تەزوولە حەرامکراوەکانی سەرنجەوە

خۆ بە ژووری سینەی کچە حەیا پۆشەکانی خوای جوانیدا ئەکەن

لەم مەراسیمی من من و تۆ تۆیەدا

وەرە با لە بەردەم عەرشی خوادا...

کەر ناڤالێك بۆ یەکسانی بگێرین و

ئەم رۆژەی خوا،

بکەینە گیرا بوونی دووعاکانی بەرامبەر بوون

ئیدی نوکەشەقی بیچارەیی بەسنگی ئەرزا ناکێشین...

دەستمان لە کەمەری وەهمەکان ئەکەینەوە

لەم رۆژەدا نەفرەت لە هەموو ئیبلیسەکانی سالاری ئەکەین...

بۆ دواجار

جادووکانی جەلب بوون فرێ ئەدەین و

ئایەتەکانی ئەنێرینەوە

بۆ خەزێنەی خوا هاوڕێ! !...

**ئەم شیعرە خەلاتی یەکەمی ڤیستیڤالی ئەدەبی لاوانی (٢٠٠٣)ی وەرگرتووە**



# تابلۆ رەش و سپییەکانم زۆر خۆش دەوێ

**ترێ مەحموود**

لە ولاتی شاخ و داخدا من
تابلۆ رەش و سپییەکانم زۆر خۆش دەوێ
چون گوزارشتن بۆ ئەنفال و هەلقرچاندنی
دلّی دایکی شەهید و خنکاندنی هەلّەبجە
هەنوکە گوزەر بەنێو لەپی سوتاوی نیشتمان و
قاچە بریندارەکانیدا دەکەم
چ زامێکی قولّ لە جەستەیدا پەنگی خواردووە
جاویدانە چەندین سالّ رووە و پێشەوە
ملی رێگای گرتووە
ئای لە خەیلەی ئەم نیشتمانەم
ساپیتەی ولاتم چەندین سالّە بە کۆلەکەی
ئاگر بەند کراوە کەچی داناڕمێ
تابلۆ رەش و سپییەکانم بۆیە هێندەی تر خۆش دوەێ
ئای چەنی گوزارشت بۆ ولاتی وێران
تابلۆکان چەندە تراویلکەش بن
چی زامی گەورەیان لە دلّم چەسپاندووە
تابلۆکانم نامۆن بەرەنگە شادەکان
کەوشەنی ولاتم پڕن لە گاشەبەردی ولاتان
ئای ولاتم هێشتا کە چەنێ
زراڤ وجوانی
ئیستا گریشمانە لێت دەڕوانم

هەژموونەکان لە یەك مەکۆدا دەبوونە
گوللە بۆ سەر سنگی دووژمنان
ئەو تابلۆیەی وێنەی ئەنفالی لە خۆگرتبوو
زەرد و ماهی لە پێش چاوی دوژمنان دانابوو
ئەو تابلۆیەی تریشیان کە زامی هەلّەبجەی
پێوە هەلّواسرا بوو
هەمیشە داکۆکی لەوە دەکرد
روحی دووژمن ئاوها بسووتێ
ئاوها بخنکێ
ئاوها تەفروتونا بکرێ
روخساری تابلۆکان هەمیشە دەبنە
گەوالّە هەوریکی رەش لە پیش چاوی دوژمنان دا
مە کۆی دووژمن کە هەمیشە
وەك ئاوێزە وابوو
لە یەك لە حزەدا بووە خەدەنگ و
لە نێو دلّی خۆیان درا
بۆیە دیسانەوە دەلێم تابلۆ رەش و سپییەکانم
خۆش دەوێ
چوون.... کوتاییان بە دووژمنان هێنا!!!

پەخشانە شیعر

# پێلاوە شڕەکانم

پێشکەش بە منالانی ورکەنان فرۆش.

هەژیر نینا و

لە دنیای رەش داگرتوی چاوانتانا
جیهانی ئیمە بە بارستایی بیرتانا بەر تەسکە.
جیهانی ئێمە لە چەشنی شەوی بێ نازی ئەستێرانە
کە بەدەم شنەی کازێوەوە هەڵدەوەرێ.
رۆژ تا ئیوارە، بە سەر شەقامەکانی چاوچنوکی ئێودا
بە شەکەتی و بە کۆلێکی پڕ لە ماندویەتی و ئاواتەوە
رێژە دەرۆن.
بەر لەوەی هەتاو لە بێشکەی شاخ خۆ بدزێتەوە بەرەوئاسمان
تەلیسی کۆلمان بەیانی باشمان پێدەڵی و
شەویش شەکەتی و ئازار دەبێتە پێخەفمان.
هەموو رۆژی رێ دەکوتین بەرەو ناخی شەقام و کۆڵانەکان
بەلام ئاسودەیی و ژیان وەك کوترە شینە لە دەستمان تەرە دەبێ.
زورداران لە بالکونی ماڵە خوا نهۆمیەکانەوە
قاقای سوکایەتیمان تێ دەگرن.

ژیان لە ناو لەپی شەقاربوی ئیمەدا هاوار دەکات
ورکەنان، ورکەنان.
زایەلەی هاوارمان شاردەتەنی و
هاواردەکەین.
ژیان ئەکرین.
ئیمە وایان راهێناوین بەرماوی ناو سفرە رەنگاو رەنگەکان بخۆین
تیر بونی بەیانی تۆیشوی شەومان بێ.
هەمو تاریکانێك بە تەلیسیکی بە تال لە ژیان دەگەرییینەوە
باوەشی ماڵە قورینە کانمان.



بالای چلاکی بینا خوانهۆمیەکان
بەریان بە پەنجەرەی ئەستیرەکانی ئیمە گرتووە.
ژیان
شەقامیکە هەنگاوەکانی رەنج و ئارەق رشتن
ورکە نان فرۆشیك پڕ بە گەروی ئاواتەکانی هاواردەکا:
ئەوکاتەی ئاسودەیی لەنگەری هەتاهەتایی لەم زەمەنە بگرێ،
جلە شڕەکانم دەکەمە داوەل و
لە دەروازەی شارمی دەدەم، تاکو قەلە رەشەی سەرمایە بتارێ
هەر بەو جوتە پێلاوە شڕەشم شەق دەدەم لە ئاسمانی تاری شارە کەم و
بارانی ئاسودەیی دەبارینم.
ورکەنان، ورکەنان.

# شۆرش

ن. موزە فەری ١

ئەم رۆژانە حەنجەرەکان گۆری هاواری قەتیس بووی نەسلەکانی ریسوایی‌یە و بێدەنگیمان مستی چەندان سەدە لە سەرگەردانی وهەلچوون، کات وساتەکانمان بڕوا بە گەرمای هیچ بە هارێك ناکەن.

زەستانە و شەختە و سەهۆڵبەندان. میراتگری سالآنێك ئازارو ژان، شاهیدانی رۆژە سامناکەکانی بێ هەتاو، ئازار چێشتوانی بێ‌هیوا و پڕ لە دلەراوکێ، برینی هەزاران ساڵە، ئێمە کۆست کەوتوانی ئاویتە بووی وەیشومەی نەهامەتی بووین و رەشپۆشانی مەرگی مەلانی کۆچکردووی هەوارو دیارمان، نەوای مەلانی باڵ شکاومان بە پەژارەوە دەگێرینەوە.

ئەم هەوارگەیەی خۆشمان دەویست، کۆیلەی سەرەرۆیان و دژخیمانە، دەبینین کە نوینگەی جەربەزەکانی سەربردەکانی کۆن، مەیدانی رمبازێنی لاشە خورانێکە کە لەهەر لایەکەوە جەستەی بنکۆڵ دەکەن.

دەبینین کە شەقامی شار، لە ژێر پۆستاڵ و بۆمبادا جمەی دێ.
دەبینین کە شەمشەمە کۆیرەکان بە دەریژایی ساڵ خۆریان شاردۆتەوە شەوی ئەنگوستەچاوی تاریکیان بە سەرداکیشاوین.

دەبینین لە سوچی گرتووخانە و سیاچالەکان ئەو ئینسانە گەش و پرشەنگدارانە زنجیروکویلەن کە زامی تاوان و ریسوایان لە جەستە دەکەن.

گورگی چنگ بە خوێن بە هەڵپە هەڵپ، بەراپسکان و داپسکان پەلاماری ئەو پەلەوەرانە ئەدات کە هەوای ئازادی هەڵدە مژن.

دەبی تووڕیی پەنگ خواردوومان بتەقێنینەوە. کەف و کوڵی گرکانی بێزاریمان لە دژی دێوەزمەی شوومی چنگ بە خوێن رەها کەین.

نازانین بوغزی قەتیسی ناوگەرومان چۆن هەڵڕیژین وئەم دلتەنگی‌یە سەرسامە بە سەر سەری کام قارەماندا بخوینین و نەماندەزانی کام مستی پۆلآین بۆ دارمانی کۆشکی بلورینی سەرەرۆترین یاساکانی مێژوو بەسە؟

نەماندەزانی پانتایی کام تووڕەیی و بێزاری، پەیکەرەی کۆشکەکان هەڵدەلۆشی و بارستایی چ هاوارێك گۆیی دیوەزمە کەڕدەکات. هەتا ئەوەی کە تۆ، بەڵێ تۆ سەوزترو گەشاوەتر لە هەمیشە وەکو خۆردەرکەوتی ئەی شورش .

دێیت و فێرمان دەکەی جەربەزەبین و جەسوور، دەنگ هەڵبڕین لەم ساتە بێدەنگی‌یەی سەدەدا، رێرەوی رابەری راهینەری کە بە دەستی بە تاڵ بچینە مەیدانی ئاسن وگورزو مەتاڵ.

تۆ دەبینین و باوەر ئەکەین پەردەی شەوی سامناك بە هاوار بدرین، ئەتوانین بە دیاری هەتاو پێشکەش بە زستان بکەین، دەکری بەهار لە ناو جەستەی زستانی ساردوسەر دەربێنێ و باوەر ئەکەین کە ئەگەر دێوەزمە نەبێ، ستەم و سەرکوت نەبێ، ئەگەر ئینسان بێ وئازادبێ، بووکی بەهار لە کەژاوەی دادەبەزێ و ئێمەش هێشتا لەسەر ئەو باوەرین.

# خۆرنشین

**پێشکەشە بەو ٧٠ هەڵۆیەی لە بەرەبەیان دا سەفەریان کرد**

**یونس. م**

ئەم بەیانی‌یە خۆلەمێشی‌یە
ئاوس بە مەرگی هەڵۆی سوور و بڕوا چیایە
ئەم بەیانی‌یە ئازار لی‌نیشتوە
ژان گرتووی مەرگی نانە
ئەم بەیانی‌یە مەرگە ساتە
ئازاری خەمم رائەژینێ و بالا ئەکات
وردە شەپۆلەکانی ئەم زێ‌سەرچاوە قاقڕە
قاقای مەرگ پڕ بە گەروو دەچرن و ددانە سپی‌یەکانیان نیشانی هەڵۆی سووری بیری سەرکەش دەدەن
ئازار بە بالای خولقینەر هەلئەکشێ و
ئەبیتە خانەخوێی مالەکان
ئەم بەیانی‌یە ئازاریکی لەش گران، بێ‌دەنگی‌یەکی قورس، مەرگیکی دێوەزمە ئاسا
بالی بەسەر چیاکان و ئەو زەمەنە کیشاوە
ئەلیی ژیان نوقمی ئەم هەوارە غەریبەیە

(١)

کات:
چەند چرکەیەك بەر لە لەدایك بوونی هەتاو
شوێن:
زێدی قاچ قوراوی‌یەکان
سەردەم:
یاخی بوونی شمشیر لە کالانەکەی خۆی
وەرز:
بەفر و، پەپوولە و رۆحی دایکم و خوێن
ئامانج:
سەربرینی زەرنەقووتە و هەلۆی سوور
داریژەر:
دالاشی هەلۆخۆر
کەرەسە:
فیشەك و دووکەڵ
هەواڵ:
گوێی هەموو کەس کپ

(٢)

نازانم، نازانم
دژوارە بۆم، دژوارە، یەکجار دژوار
لە کوێوە بچمە ناو ئەو خەمە ئەرخەوانی‌یە
نازانم
ئەم خەمە ئالەشینە چۆن بگرمە باوەش
گەورە، گەورە، گەورە
وەك ئەندامی ناڕێکی تاوان
نازانم، بێشکەی کام خەمتان بۆ راژەنم
باسی سەربرینی کامە چیا، کامە هەڵۆ، کامە ئاگر
باسی گریانی کامە رووبار، کامە زام، کامە عەشق
کامە دایکی جەرگ کوانووی دیلی

باسی نا، بلێن باسی
کامە تەواری خنکاوی زەلکاوی خوینی سەر چیاتان بۆ بکەم
نا لە خۆم شەرمەزار نازانم
باسی کامەتان بۆ بکەم، کامە
تا بالای بە بالای ئەم ئازارە تازەیەم بێ
تا رەنگی وەك خوینی هەلۆ، سوور و گەش و خەست و خوڕێن بێ
تا دەنگی وەك دەنگی هەلۆی سوور مچوڕك ئاسا بێ
تا بگاتە سەرچلی داخی سەربرینی هەلۆی سوور
(٣)
ئەمە وەرزی سەفەرە، کۆچە، سەفەرە، سەفەر
سەفەری بالای درەخت
سەفەری تینی گڕ
سەفەری بەژنی هەتاو
سەفەری خوڕەی ئاو
سەفەری چلە نێرگس و لاسکی گەزیزە و مامزی تەزیو
وەرزی کۆچ و هەواری هەلۆی سوور
وەرزی هەلدانەوەی ئازاری دایك
ئازاری خاك
وەرزی نوشینی بادەی مەرگ و
وەرزی ئازاری منیش و دایکیشم
ئەمە وەرزی خەنەبەندانی تەواری تەوێڵ پێکراوە
ئەمە وەرزی پرسە و پرمەی گریانی دایکمە
(٤)
لەم مەملەکەتە، مەرگ بە بالای هەلۆ ئەبڕێ
ئەم مەملەکەتە لیتە جاری رۆژهەلاتی سەرمان نوقمی کردوە
لەو مەملەکەتە، مەرگ
کیژۆلەیەکی چواردە مۆم کوژاوەیە
چاوانی سەوز و گەنم رەنگ و تەوێڵ نەخشاوی ژینە
عاشـقانی ژیـن دلداری لەگەل ئەکەن و قالی بلیسەی خۆشەویستی ئەبن
لەو مەملەکەتە، مەرگ
شەهدی شەرابی عەشقە
هەموو بەیانییەك کاتیك خۆر
زەردەخەنە ئەیگرێ، ئەینۆشن
لیرە مەرگ سۆزی دایکە
ئەمانگریتە ئامیز و ئاوی کەوسەر لە مەمکەکانی ئەخۆینەوە
لیرە مەرگ رەهیلەیە، شەستە بارانە
لە بەهاری حەز و تاسەیا بە سەرمان دا ئەکات
لیرە مەرگ گراوەکەی منیش و دایکیشمە
لیوە تەنگە گوڵ هەنارییەکانی پڕ بە دەمم ئەمژم
لیرە و لە مەملەکەتی قاچ قوراوییەکان ژیان مەرگە
مەرگ ژیانە
ژیان ژانە
ژان دایکە، خوشکە، ژنە
(٥)
ئەمە گرمەی هەورە لە گەرووی ئاسمانا شەتەك دراوە
ئەمە دەنگی گریانی دایکمە لە گەروودا پەنگی خواردوە
ئەمە دەنگی شریقەی شابالی هەلۆی باڵ پێکراوە
ئەمە هاواری سنەیە
ئەمە زایەلەی دەنگی هەلۆی شەهیدە
ئەمە دەنگی خۆری گەمارۆ دراوە
ئەمە هاواری قولێپی گریانی هەلەبجەیە
ئەمە قیژەی ئازاری بسکی ئالۆزی تەواری هەوینی شۆڕشە
ئەمە دەنگی مارشی ئازادییە
میژوو لوولی داوەتە ناو ریخۆلەکانی خۆی
ئەمە دەنگی قەتیس ماوی دایکم و زەمانەی دەزگیرانی ئازادییە
ئەمە ئازاری شەهلایە بۆ سیروانی ئەگێڕیتەوە

ئەمە ورتەورتی تاڵەموەکانی ڕەزوانە بۆ دەستەکانی جەلال ئەدوین
ئەمە ژانەکان و تاسەکانی زیوەرن، دەست لە ملانی ئاویەر بوون
ئەمە خشەخشی بیسیمەکەی شۆکێیە بۆ چەك دەدوێ
ئەمە دەنگی گۆی مەمکەکانی سووسەنە
بۆ کچانی بەندکراوی ئەودیوی پەردەی کچێنی ئەدوێن
ئەمە سکڵی ئاگری میژووی دایکمە
ئەمە دەنگی قاقای میژووی کۆن و نوێیە
ئازارم دەدەن و ددانە گرەکانیان بۆم دەردەخەن
ئەمـە ئـازاری سـەڵای سـەرکەوتنی تاوانـە بەسـەر هەڵۆی سووردا چوارپەلی تەزاندووم
ئەمـــە جیرەجـــیری ئیســـقانەکانی دل ڕەشـــە عـــەبا شـــۆرکەیە، گۆڕپیچەکەی دڕیوە و لە خۆشی ئەم ئازارە تازەیەم خەنی بوە
ئەمە دەنگی لەعنەت کراوی شەرە لە خۆشیا پێئەکەنێ

(٦)

چاومان لێ بوو
دایکم و میژووش
٧٠ هـەڵۆی تەویل ترووسکاوی لە بنارەکەی لای ماڵان ڕوەو شاهۆ هەڵئەکشان
هێواش، هێواش،
نەکا گورگی دڕ شوینی پێیان هەڵگرێ
چاومان لێ بوو،
٧٠ هەڵۆی شەکەت لە چرستانەکەی چەمشار و سارالْ ڕۆچوون
هێواش هێواش،
نەکا قەلەڕەشەی دز بۆنی ڕۆحیان بکات
ئەرێ چاوم لێ بوو
٧٠ هەڵۆی تۆز لێ نیشتوو بوون
چوونە خەیرەزنە و کانی شەفا
لە گویزەکوێر دەنووکیان تەڕ کرد و
لە تاقەدار بۆنی میخەکەکەی دایکمیان کرد و چوونەوە ئاریێز
چاومان لێ بوو، من و دایکم و میژوو
٧٠ هەڵۆ، ئەستیرە ئاسا ڕاخوشین و هاتنەوە ئەودیوی تەلەکە
بەڵام،
هـەموو شـەوێ من و دایکم بە سواری ئەسپی سەرکەشی خەیاڵ و لەگەڵ کلۆە بەفرەکان دەچووینە لای هەڵۆکان
دوای چرکەیەکیش
ماڵ ئاوا

(٧)

لە ناکاویك برووسکەیەك و گرمەیەك و ژانیك و ئازاریکی تازە
دەنگیکی گڕ کە کولاوکەی گوێی ئەدری بەسەر میژوودا نەراندی
ڕەهیلەی مەرگ و فیشەك بەخوڕ دائەباری
هەر فیشەك بوو بە لیوەکانی جەرگی تەواری ئەکرۆشت
هـەر دیوەزمـەی مـەرگ بـوو چۆکی لەسـەر سـینگی هەڵۆی ڕوح سووك دائەگرت
سیروان خۆی لە بەریەك ئەکیشایەوە
هەر چیا بوو دەستی بە کلاوەکەی خۆی ئەگرت و تیژ ڕای ئەکرد
ئەژنۆی هەڵۆ ڕۆچی زەوی ببوون
گۆمـی خویـن قوڵـپی ئـەدا و خـۆی دەکوتـا بـە کـەناری ژانەکانی دایکم
دایکم زەیستان بوو
ئیستاکەش زەیستانی ئازاری سەربرینی هەڵۆی ئاڵایە

(٨)

ئیستاش من لە خۆرنشینەوە چاوم لییە
هـەموو سـاڵێ لە وەرزی بەفر و خوینا ئەم هەڵۆیانە قەقنەس ئاسا قورسایی خاك ئەدڕن و سەر دەردێننەوە
باوێشکی باڵیان ئەشکێنن و
بەرەو پێتەختی خۆر دێنەوە

یادیان بەخێر
مارسی ٢٠٠٢

# بێگانەیی

سمکو محەممەدی

لەم دیارەی تەم ومژا
لەم ولاتەی خۆر شەرمی هەلاتن دایگرتووە
بۆچی چاویلکە خوریەکانتان لانادەن؟
بلـیی راو و رووتـتان لە یەك کردبێ و روتان نەبێ چاوتان بە چاوی یەك کەوێ
یان خود لە شەرمی ئەوەیە:
نەکا بارەش چارشیو لادات، لەشی ژنێ وەدەر کەوێ
ولاتیکە بێ سریوە و
وەلامی پرسیارم نی‌یە

***

چەندە ولاتیکی رەشە، ژینگەی چاویلکە خوریەکان
لیرە دەرون رەنگی شوشەی چاویلکەیە و
کەس وەلامی پرسیاری من ناداتەوە و
هەر هەمووکەس
تەنیا خوی ئەبینیت وبەس

***

لەبەر دەروونی رەشە یان
بەهۆی لەمپەری گەشبینی‌یە
یا نا بەهۆی تەم و مژی ژینگەیە
کە کەس کەسی‌تر نابینی و
هەر هەمووکەس
هەست بە بوونی خۆی دەکا و بەس.
وەلامی پرسیارم نی‌یە؟
دیسان، ئەوە بێ سریوە؟
دیسان، ئەوە مرۆڤی کەڕ؟
دیسان، ئەوە مرۆڤی لال؟
دیسان، ئەوە مرۆڤی کوێر؟
دیسان، کەس هەست بە بوونم ناکات؟
دیسان و دیسانیش ئەوەتا وەلامی پرسیارم نی‌یە!!!

# لەناو زینداندا زیندان بوون

قادر ژاکاو

لەکام پەیکەرەی
ژانی ژین
داریژین هەتوانی دەردان!
لەکام قوزاخەی
ئازارا
وە دوزین ریگەی دەرەتان!
بەکام ریگای
رزگاریدا
دەستەمۆ دەبی ئازادی!
بەکام خەباتی
بیٚوچان
رەنجدەر دەگا بە مرادی!
لەکام بنکەی
ئازار چیژتن
خولقینەری ژین دەخولقی!
لەکام ریکخراوە و
شورشدا
رابەری پیشرەو وەدیدی!
لیلە دەریای ئەوجارەمان
قەندیلی ژین تەم و مژە
تا چاو بڕ دەکا سوتمانە
گورگ شوانی هەژارانە
مەرگ و نەمان
تویشودانە
داخ بە جەرگم
بۆ ئەم ژان و کارەساتەی
ئەو هەوارە پرجەخارە
کە ئیستاکە
ئەو ناوەندە
چیمکوت لە قەلی ئازارە
بژیو دەدەن بە ئاوارە
واقی ورماوم لەکارە
جاچون ژین لە قورگی ماوە!
تالە لالو یەکجار تالە
ئەم قوناغە
ژیانی زیندانیش قاچاغە
لەبەر ماری سیس
هەلاتن
چونە باوەشی ئەژدەها
دوارۆژی ئەنگوستە چاوە
گورگی مەرگی تیدا زاوە
هو لالوی
مال بە شانەوە
ئاوریك بیریکی لیکەوە
لەناو زیندان دا زیندان بون
ئاخۆ چۆن دەبی بە ریچون!
ئەو ژینەی بۆ دادەریژن
زیاتر ژان و پیی ئەچیژن
ئەژدەهای




گەورەی سەرمایە
کایەی مەرگی لەسەر دایە
هو لالو
لالوی بێبژیو
ماکی ئازار لەشان نیشتوو
دادەڕیژن لە کوردستان
سەبرا و شەتیلایەکی کە
بۆ خاپور بوون تیدا چون
ڕژدە ئەو هەورازە لیژە
لە مەرگی بێنان ساریژە
هەویریکی
زورئاو گیرە
دان و تەلەی گورگی پیرە
بە بیری نوی لێی نەڕوانی
ناخی ژاراوی نازانی

# چیرۆك و شانۆ

## پێڕیست:


❖ وینە كێشان 94

❖ ئینسانی شەڵوارپۆش 96

❖ رازاندنەوە 103

❖ تەواوی عەترەكانی عەرەستان 107

# وێنەکێشان

ن: سمکۆ محەممەدی

قوتابیەکان بەریز چونە ناو پۆل و دەستیان کرد بە مقۆ، مقۆ. هەریەکەی لە هەوایەکی لی‌دەدا. دوو دوو سێ سی، سەریان بە سەرییەکەوە نابوو، لە بەر خۆیانەوە خەریکی قسە کردن بوون. موبسیری پۆلەکە دەرگاکەی کردەوەو چاوێکی لە دەرەوە کرد و خێرا سەری کێشاوە ژورێ:

"بێدەنگ بن خانم جەوادی هات"

منالەکان هەموو بێدەنگ بوون، دوای چەند چرکەیەك، بێدەنگی بە جیرەی دەرکاکە شکا، مامۆوستا جەوادی هاتە ژۆرێ و هەموو یەك پێ لەبەری هەستان. مامۆوستا بە سەرلە قاندنێك، داوای لێکردن دانیشن.

سێ چوار قوتابی وەك ئەوەی کە سرتە بکەن سلاویان لێکردو ئەویش بە سوکە سەر لەقاندنێك وەلامی دانەوە. دەفتەرەکەی دانایە سەر مێزەکەو دەستی خستە گیرفانی مانتوکەی و دەسمال کاغەزی‌یەکی دەرهێنا و سەندەلیەکەی پێ سری و دانیشت. خانم جەوادی هیچ کات حازر، غایبی نەدەکرد. ئەو روژەش چاوێکی پێدا خشاندین ووتی: موبسیر کەس غایب نی‌یە؟

نە خێر مامۆوستا

م: هەموتان وێنەتان کێشاوەتەوە

مندالەکان یەك دەنگ

:بەلێ مامۆوستا

لای دەفتەرەکەی کردەوەو دەستی کرد بە نێو خوێندنەوە

÷ مریەمی عەزیزی

: بەلێ

÷ دەفتەرەکەت بێنەو وەرە

هەروەك هەمیشە چاوێکی لێ دەکرد و نمرەیەکی لە ناو دەفتەرەکەی دادەنوسێ بەپێی عادەتیك کە بووی دلی نەدهات وێنەکە خەت دات، لەسەر وێنەکە هیچ کات نمرەی دانەدەنا وتەنیا لە دەفتەر نمرەکەی خوی نمرەکەی دەنوسی.

بیتا یوسف زادە: بەلێ وینەکەت بێنە....١٩

شەهێنی ئازادی داوەرە بزانم چت کردوە.....١٧

و..

سارا نورەتە وینەکەت بێنەو وەرە

سارا هەستاو بەرەولای مێزەکەی جەوادی وەرێکەوت. هەموو چاوەرێ بون جەوادی بلێ ئافەرین ئاوا دەبی وێنەکێشان. سارا کە وێنەکەی لەسەر پەرە کاغەزێك کێشابۆوە، وێنەکەی لە بەر دەمی مامۆستا جەوادی دانا.

خانم جەوادی چاوێکی پێداخشاندو ناباوەرانە چاوێکی لە سارا کرد.

پۆلەکە بێ‌سریوە بوو. یەك دوانیکیان بە چرپە لەگەلْ پالدەستیەکەیان قسەیان دەکرد. چەند کەسێك بە دلەراوکێ‌یەوە چاویان لە وێنەکەی خۆیان دەکرد و خەونیان بە بیستەوە دەدی. بەلام زۆربەمان چاومان بریبوە دمی جەوادی‌و گوێمان دەدایە بزانین کە کێ چ نمرەیەك وەردەگرێ.

مامۆستا جەوادی عەینەکەکانی توزێك کێشا خوارەوە و لەسەرعەینەکەکانیەوە چاوێکی‌تری لەوێنەکە کرد بە نیشانەی سەرسورمان لێوی هەلقرچاندو دواتر ناوچاوانی تێك ناو روی کردە سارا:

ئەوە کوا وێنەیە؟ خو تۆ لەوێنەکیشان دا زۆر باش بووی.

سارا نەیدەزانی بلێ چی کەوتە تێ تێ، پێ تێ:

مە... مەگەر خوت نەتوت ئەگەر دە.... دەتانهەوی وێنەکێشیکی باش بن لە ڕوی هەر نمونەیەك کە لە بەر چاوتان بوو وێنەیەك بکیشنەوە.

خانم جەوادی کە ئەوەی بیست سور سور بۆوە!
وەڵا جوانـە تاوانباریشمان کە وێنەکەی تێك هەلپیچاو هەتا دەست دەیگریت، فریىدا بە دیوارەکەیدا دا.
بـە توندی قیژاندی و وتی" برو دەرێ هەتا زەنگ لێ دەدا لەپشت دەرکەکە راوەستە.
هەنیسکەکانی سارا بەو قیژەی جەوادی بوو بە قرمەی گریان و....
بـە سـتەزمانە سـارا، سـەری داخسـت و بـە وردی بـەرەو دەرکەکـە رویشت، وەك کەسێکی‌کە بیبەن بۆ ئیعدام بەچاو لێکردنێك دوایین وەسـیەتەکەی بـۆ درکـاندم. چـاوێکی داواکارانـەی لـە مـن کـرد و چـاوەکەی‌تری بەرەو وێنە هەڵپێچراوەکەی خۆی کە توزێك لە بەردەم منەو لەخوار سەندەڵیەکەم کەوتبوو.بەبزەیەکی یەك چرکەیی و سەر لەقاندنێکی چکۆلە:
تێگەیشتم
بـەو کـارەی مـن چـرکەیەك بـزە بـوو بـە مـیوانی گوناتـەرەکانی و چاویکی لێکردم: زۆر سپاس
ئیتر سـارا لـەو دیـوی دەرکەکـە بـوو. مامۆسـتا چاوێکی لە ئیمە کـردوو دەسـتێکی بـە نـێو چـاوانی داهێـناو دەسـتی لـە نـاو لەچـکەکەیدا لـەزولفی چـەقاندووتی مـن کـەی وتومـە ئـاوا وێنە بکێشـنەوە. عەیـنەکەکانی دانـا وسـەری داخسـت. بـە هـەڵم زانـی پێنوسەکەم فرێدا بەردەمی خوم و لە گەل داهاتنەوە بۆ هەڵگرتنی پێنوسـەکەم، داویـن وەسـیەتەکەی سـارا شـم بـەجێ هێنا. لەپشتی لاپەرەکـەی شتێك نوسرابوو، بەڵام بە پەلە لاپەرەکەم بڵاوکردەوە تا هـۆی تورەبـون و سـەر سـوڕمانی جـەوادی کەشف بکەم و وەسیەت نامەکـەی سـارا ببیـنم....چی!!!!... تەنـیا لاپەرەیەکی ڕەش و چەند پریشـکەیەکی سـورلە سـەر رەشـاییەکە. زۆرم لاسـەیر بوو بەپەلە لاپەرەکـەم هـەڵگیراوە نـا، وەسـیەت نامـە نـەبوو. کاتـیك کـە نوسـراوەکەم خۆیـندەوە چـاوێکم لـە جـەوادی کـرد، هـەروا سـەری داخسـتبوو لەبـەر چـاوم زۆر ناشـیرینی دەنواند لـە دڵی خوم داوتم سارا راستی دەکرد.

لە پشتی لاپەرەکە نوسیبوی:
دەقی وتاری رۆژنامەیەك
فـرێدانی چارشـێوێکی ڕەش دڵـوپ، دڵـوپ خوینی سووری لەسەر رژا.

# ئینسانی شەڵوارپۆش

ن: برانیسلاونوشیج

و: ع.م

**برانیسلاو نوشیج کە خەلکی یوگسلاویە بە ڕەچەڵەك سربستانی یە. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە بە زمانی تەوس و تەشەر و تەنزیکی شیرین، مەسەلە کۆمەلایەتی و سیاسی یەکان شی دەکەنەوە.**

**چیرۆکی ئینسانی شەڵوارپۆش یەکیکە لەو چیرۆکانە. لەو چیرۆکەدا مەسەلەی باندەستی پیاوان لە کۆمەلدا، چۆنیەتی پێکهاتنی کابینە بورژواییەکان و شەری نیوان دەولەتان باس دەکرێ.**

لەگەل ئەوەیدا کە لەوانەیە جیگای سەرسورمان بێ، لە راستی دا ئەوەندە بەسە کە ئینسان لە دامەن لە بەرکردن بێتە دەر تا دەست بەجێ ببێتە مەوجوودیکی لیهاتووتر و لیبراوتر. ئەمە راستی یەکی حاشا هەلنەگرە، کە سەرتاسەری میژووی بەشەرییەت شاهید و سەلینەریەتی. دامەن، وەك زنجیر دەست و پیی ئینسان دەبەستی، ئیجازەی پی نادا بە شیوەی جیددی هەنگاو هەلینێ، لە حالیکدا ئینسانیکی شەلوارپۆش ئازاد و ئاسان ریگای ژیان دەگریتە بەر.

شەلوار نەك هەر جنسیەتی مەوجوودیك، بەلکوو شیوەی ژیان و چونیەتی بەسەر چوونی رۆژگاریشی دیاری دەکا. بۆ نموونە هەر کەسیك شەلوار لەپێ بکا ئیوە دەست بەجی تیدەگەن کە ئەو کەسە مەوجوودیکی دوو پێیە. لە لایەکیترەوە، شەلوار لە باری ئەخلاقیشەوە چەندین قازانجی هەیە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە دوگمەکانی هەلدەپیکری، بەلکوو لە بەر ئەوە کە، چ بە پیوە راوەستابی و چ لاقت لە حەوا کردبێ، بە هەر شیوەیەك بێ ـ لە هەرحالداش شەلوارت لەپێ دایە، جگە لەمەش، شەلوار دلنیاتر و بە قازانجترە، هەلبەتە نەك لە بەر ئەوەی کە دامەن بە سەرچاوەی گوێرایەلی و تەسلیم بوون و بێدەسەلاتی بە حیساب دێ، بەلکوو لەبەر ئەوە کە ئینسان بێوره و بێئیرادە دەکا. بەلگە میژوویی یەکان سەلینەری ئەم راستیەن. تەواوی میللەتانی سەردەمی کۆن، هەلبەتە ئەو میللەتانەی کە عادەتیان بوو دامەن لەبەر بکەن، زۆربەیان لەناو چوون و نەماون، بەلام لەناو چوونیان بە کارەساتیکی ناخۆش بەحیساب نایە، ناخۆش ئەوەیە کە سەرەرای لەناو چوونی ئەم میللەتانە، هیشتا دامەن زیندووە و ماوە، هەلبەتە لەم نیوانەدا حالەتیکی سەرسوورهینەرتر هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دامەن سەرچاوەی تەسلیم بوون و بێدەسەلاتی یە (کە هەر بەم بۆنەوە ئەو میللەتانەی کە دامەنیان لەبەر دەکرد لەناو چوون) بۆ ئیستاش وەك بەشیك لە جل و بەرگی سوننەتی

دەسەلاتدارانی جیهانی ئەمڕۆ و وەك كراسی رەسمی پاشاكان و كەشیشەكان ماوەتەوە؟

مـن لـە نەخشی دۆستیك و لایەنگری راستی، شەلوار تەحسین دەكەم، نەك وەك دوژمنی سەرەكی دامەن. پێم خۆش بوو ئاگادار بن كە لە بارەی بە كەڵكیی شەڵوارەوە زۆر قسەی باش و بە كەڵك دەتوانرێ بكرێ. ئەم هەموو پێداگرتنەم لەسەر گرینگی شەلوار بۆ ئەوە نیە كە دوژمنایەتی یان لە نیواندا ساز بكەم، بەڵكو مەبەستم زیاتر ئەوەیە كە غوروریك كە لە یەكەم جاری شەلوار لەبەر كردنم دا لە دەروونم پیكهات، بۆ خۆمی پاساو بكەم.

* * *

هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنێم كە یەكەم شەلوار كە لە بەرم كرد ئەوەندەش غورور هینەر نەبوو. چونكە شەلواری برا گەورەكەم بوو، شەلواریك كە تەواوی بە سەرهاتی كورت و لە هەمان كاتیشدا تاڵ و ئالوزی براكەمی پێوە دیار بوو. سپی بوونەوەی سەر ئەژنۆكانی ئەوەی دەگەیاند كە بە بەردەوامی بۆ تەمبێ كردنی، ناچار بوو چەندین سەعات بە حوكمی موعەلیم، چۆك لەسەر زەوی دا بدا. قایشەكەی بە شیوەیەك شەلوارەكەی شی كردبوەوە كە هەمیشە هەستم بە لەشخوران دەكرد.

لە بیرمە راست لەو كاتەدا كە شەلوارم لەبەر كرد، بووم بە تۆپەڵە ئاگریكی بلێسەدار كە نە ترسم لە هەڕەشەی باكم بوو، نە لە راوەدوونان و گرتن. لە راستی دا نەمدەزانی كە ئەو هەموو نەترسی یەم بەهۆی تایبەتمەندی شەلوارەكە بوو یان تایبەتمەندی زاتی خۆم بوو. یانی تایبەتمەندییەك كە لە وجوودمدا پەنگی خواردبووەوە و، دەبوایە بە دەست پیكردنی سەرەتای قوناغی "شەلوار لەبەر كردن" لە ناكاو خۆی بنوێنێ. تا كاتیك كە شەلوارم لەبەر نەكردبوو، تەواوی هەڵسووڕانم لە چواردیواری ماڵەوە بوو. بەڵام هەر كە شەلوارم لەبەر كرد، هەڵسووڕانم گوازرایەوە بۆ حەوشەكەی خۆمان و لەویوە بۆ حەوشەی دراوسێكان و سەرتاسەری گەرەكی گرتە بەر. پێم وابوو شەلوار بۆ ئەوە دروست كراوە كە ئینسان بە ئاسانی بتوانێ بەسەر دیوار و پەرژینەكاندا باز بدا و بەم بۆنەوە بوونی هیچ جۆرە سنووریكم لەنیوان باخچە و حەوشەكەی خۆمان و باخچە و حەوشەكانی دەورووبەردا بە رەسمییەت نەدەناسێ.

بە داردا سەركەوتن، یەكەمین سەرگەرمی دەورانی شەلوار لەبەر كردنم بوو. بوونی شەلوار وەك شتیكی بە كەڵك یارمەتی دام تا بتوانم خۆم بگەیەنمە پۆپەی دار و درەختەكان. ئەم سەرگەرمی یە قازانجیكی تری هەبوو. ئەویش ئەوە بوو كە هەركە زانیبام لە ماڵەوە دەیانهەوێ بمگرن، وەك پشیلە بە داریكدا هەڵدەگەرام و خۆم دەرباز دەكرد. بەڵام بە بیسكویت و شیرینی فریویان دەدام و ئەمجار دەیانگرتم و بە كیشەكیش بەرەو ماڵ دەیانبردمەوە بۆ ئەشكەنجەگا. تەقریبەن هەر لەو سەروبەندەدا بوو كە تێگەیشتم كەسانیك كە نوختە زەعفیكی بچووكیان هەبێ بۆ دەربرین و نیشاندانی بێباكی و نەترسی، لیوەشاوەیی یان نیە.

جگە لەمانەش سەرگەرمی سادە و دڵپاكانەی ترمان هەبوو. بۆ نموونە شەویك تەواوی مامەكانم و كەشیشی گەرەكمان بۆ شام دەعوەت كردبوو. چوومە ژیر میزی نان خواردنەكە و تۆق تۆقیلەیەكم تەقاند. وەزعێك بەبار هات كە ئینسان لەبەر پێكەنین خۆی پێ نەدەگیرا. میزەكە وەرگەرا و سەر و چاو و جل و بەرگی هەر هەموویان لە چیشتەوە تلا.

جاریكی تر چەند كلكە ریوی یەكم وەگیر كەوتبوو. چەند رۆژیك لەسەر یەك، بەیانی و نیوەڕۆیان، لەپشتی دەرگای ماڵەكەمانەوە خۆم حەشار دەدا تا بتوانم كلكە ریوی یەكان بلكینم بە پشتی كارمەندانی دەولەتی یەوە كە بەوی دا هات و چۆیان دەكرد. ئەم كارمەندانە، بە بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێ، بە فیز و دەماریكەوە بەرەو ئیدارەكانیان دەچوون و خەڵك ئەوەندە پێیان پێدەكەنین كە مەپرسە. هەڵبەتە بە زوویی دەردەكەوت كە منم و ئاسایی یە كە جاریكیتر لیدانیكی باشم نۆشی گیان دەكرد. بەڵام راستی یەكەیت دەوێ ئیستاش بە تەواوەتی لەو باوەڕەدام كە

لەراستی دا زۆربەی ئەم کارمەندانە هەر ئەوەیان لایەق بوو کە کلکیان هەبێ.

* * *

سەرگەرمی یەکی ترم ئەوە بوو کە هەر کاتیك چەند کەسیك دەبوون بە میوانمان شت و مەکی گیرفانی پاڵتۆکانیانم دەردەهینا و شتی ئەمم دەکردە گیرفانی ئەو و هی ئەوەم دەکردە گیرفانی یەکیکی تر. پاش تەواو بوونی میوانی یەکە، جەنابی قازی قوتووی سپیاوی یەکیك لە ژنەکانی دەبردەوە بۆ مالی خۆیان. خانمیکی تر قوتووی تووتنەکەی موعەلیمی میژووی سربستان، ژنەکەی کەشیش قوتووە تووتنەکەی بەخشدار و ئاغای بەخشداریش گۆرەویی نیوە چنراو و بەرمووری خانمی مەئمووری وەرگرتنی مالیاتی دەبرد. بۆ سبەینێ ڕا، دەرگا لیدان و مالە و مال کردن بۆ گورینەوەی شتەکان دەستی پێدەکرد. ئەو کات نۆبەی تەشەنە کردنی ناکۆکی خانەوادەیی، گۆمان لە یەکتر کردن و دلّپیسی سەری هەلدەدا و دیارە ئیتر سەرئەنجام تەواوی کاسە و کووزەکان لەسەری مندا دەشکا.

هەر کاتیك کە نیوەرۆیان شەو میوانمان دەهاتن پیم خۆش بوو بخزیمە ژیر میزەکە. ئەگەر تەجرەبەی ئیستام هەبا، لەم جۆرە گەرانە عیلمی‌یانەدا بە دەستکەوتیکی زۆرەوە دەگەرامەوە. هەلبەتە ئەمەم دەزانی کە رەنگی پیستی لاقەکان و ئەندازەی گەورە و بچووکی لاقەکان، دەتوانن قسە بکەن و زمانی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەلام بە هیچ جۆریك نەدەم زانی ئەو لاقانەی کە لەژیر میزدا بن بۆ خۆیان زمانیکی تایبەتی‌یان هەیە. ئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا بە هیچ شیوەیەك سەرنجم نەدەدایە لاقی ژنەکەی دەرمانساز و لاقی جەنابی قازی دادگا کە لەژیر میزەکە وا لیك ئالا بوون، دەتگوت ماری عاشقە و ماشقەن. نەمدەزانی کە لاقی بانگ بیژی کلیسا، کە لەژیر عەباکەیەوە هاتبوە دەر و من پیم وابوو لاقی پوورمە، بۆ دەبێ لاقی خانمی موعەلیم بگووشێ. سەد حەیف و مەخابن کە من لەو رۆژانەدا لە رووداوەکانی ژیر میز سەرم دەرنەدەچوو. راست کاتیك توانیم لەم جۆرە مەسەلانە سەر دەر بینم کە، کار لە کار ترازابوو. گەورە ببووم و ئیتر نەمدەتوانی بخزیمە ژێر میزەوە.

ئەمانە بەشیکی کەم لە کایە و سەرگەرمی و نەترسی‌یەکان بوو. بێباکی و سەرگەرمی ئەسلی لە کۆلان و شەقام و بەگشتی لە دەرەوەی مالدا سەری هەلدەدا. چونکە لە دەرەوە، هەموو کاتیك پلیزیقان و قالّ و مقالّی کۆری مندالانی هار و هاج کە بە قسەی دایك و باوکیان نەدەکرد، چاوەروانی دەکردم. هەر لەگەلّ ئەم مندالانەدا بوو کە سەربان و باخچەکانی خەلك دەگەراین و بە کایەی چاوشارکێ و دز و وەوزیری، خۆمانمان سەرگەرم دەکرد.

ئەو کایە و یاریانەی کە بە ئیلهام وەرگرتن لە رووداوەکانی دەوروبەرمان شکلّی دەگرت لە تەواوی کایە و یاری‌یەکانی‌تر، لامان خۆشتر بوو. بۆ نموونە بە هاتنی هونەرمەندانی "سیرك" بۆ شارەکەمان، هەموومان دەبوین بە هونەرمەندی سیرك: کورسی‌یەکانمان تیّك دەشکاند، ئەو تەنافانەی کە جلیان لێ هەلّدەخست لەت و کوتمان دەکردن، بۆشکە تەنەکە و کاسە و گۆزەمان لە ژیرزەمینەکان دەهیّنا دەر و بە کورتی دەستمان لە هیچ جۆرە زیان و زەرەردانیك نەدەپاراست تا پەی بە نهینی‌یەکانی کاری سیرکەکان ببەین.

هەر کاتیك دەستە یان گرووپیکی شانۆگەری دەهاتنە شارەکەمان، مندالەکان لە مالّەوە هەر شتیکیان لە کاغەز و پەتوو و سەرین و تەختە و شتی‌تر وەبەردەست کەوتبا دەیانهینا بۆ شوینی کایەکردنمان. لە کاتیکدا کە سەربازگیری دەستی پێدەکرد هەر هەموومان دەبووین بە مەشموول وەزیفە و هەر کاتیك کە دەستەیەك سەربازی پیادە بە شاردا تیّدەپەری، هەموو جیگایەکەمان دەکردە سەربازخانە و ئوردوگای سەربازی.

تەنانەت لەبیرمە کە جاریکیان کایەیەکمان داهیّنا کە ناوی "بوحران" بوو. دەبێ لیرەدا ئەوە بلّیم کە "بوحران" بە دیاردەیەك دەلیّن کە هەمیشە لە یەکەمین رۆژی پیکهاتنی دەولەتیکدا پیك دێ و تا دوایین رۆژەکانی ژیانی ئەو دەولەتە دەمیّنیتەوە. بە لە

بەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەواوی مندالانی دنیای سیاسەت ئەم سەرگەرمی‌یەیان پێ خوشە هیچ دەلیلیك نەبوو کە ئێمە لێی غافڵ بین.

هەلبەتە لەم کایەدا من فەردی پیکهینەری کابینەی دەولەت بووم. کابینەکەی من دەنگی ئیعتمادی هیچ مەجلیسیکی لە پشتەوە نەبوو و جیگای خۆیەتی بلێم کە لەژیانی سیاسی ولاتی ئیمەدا ئەم مەسەلەیە بە دیاردەیەکی نائاسایی بەحیساب نایەت. لەبەر ئەوە کە تەواوی مندالەکان لە حەوشەکەی ئیمەدا کۆ ببوونەوە من خۆم بە هەقدار دەزانی، تەنانەت هەقدارتر لە لوویی چواردەیەم کە بلێم: من خۆم دەولەتم و هەر بە پاڵ پشتی ئەمەش تەواوی دەسەلات بە دەستەوە دەگرم و بەناوی خۆم تاپۆی دەکەم.

* * *

تەواوی مندالەکان پێیان خۆش بوو کە ببنە وەزیر (بەجێیە بوترێ کە ئەمە، نوختەزەعفیکە نەك تایبەت بە مندالان گەورەکانیش هەیانە) چونکە فەلا و رەعیەتمان نەبوو و (لەبەر ئەوەی کە هیچ کەسیك ژێر دەستەیی پێخۆش نەبوو) لەم رووەوە نەمان دەتوانی کە مەجلیسیشمان هەبێ.

ئەوەی کە شایانی وتنە، ئەوەیە کە ئیمە، ئەگەر ریبەری کردنی قاز و قەل و مراوی و بوونەوەرە بێئازارەکانی‌ترمان لە ئەستۆ گرتبا کە بە فراوانی لە بەردەست دا هەبوو و بەهۆی دژایەتی نەکردنیان لەگەل حکومەتدا بە رەعییەتی باش بەحیساب دەهاتن، تەنانەت گەر ویستبامان مەجلیسمان پیکهینابا دیسان سەرکەوتوو نەدەبووین. هەلبەتە لەوانە بوو تەواوی ئەم رەعییەتانە لە باشگاکانی خویاندا یەکیان گرتبا. بەلام نەیاندەتوانی دەسەلات و ئیختیاراتیك کە ئیمە وەك ئەندامانی دەولەت بە خۆمان بەخشیبوو، ئەوان بەرتەسکی بکەنەوە. چونکە هەر وەك بۆ تەواوی ئەفرادی بەشەر روون و ئاشکرایە، باشگا سیاسی‌یەکان تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە پیك دێن کە ئەندامانی خۆیان فێر بکەن کە لە میشکی خۆیان کەلك وەر نەگرن و لە هەر شتیك ببێتە هۆی عەزابدانی ویژدان، خۆ بپارێزن. هەلبەتە ئیمە بە هەر قاز و قەل و مراوی‌یەك کە بە بەرپرسی باشگا هەلدەبژیردرا، بەلینمان دەدا کە (تەنیا خۆیان) لە خۆراکی باش و زیاتر بەهرەمەند دەبن. بەم شیوەیە، هەم مەسەلەی زۆرینە چارەسەر دەبوو، هەم گیروگرفتی دەنگی ئیعتماد و متمانە پێبەخشین.

لەناو گیان لەبەرانی حەوشەکەی ئیمەدا ژیشکیك هەبوو کە، بە لە بەرچاوگرتنی شیوە و سەر و لمۆزی، دەیتوانی نەخشی ریبەری لایەنی موخالف لە ئەستۆ بگرێ، بەلام شەو و رۆژ دەخەوت. دیارە دەزانن کە لایەنیکی موخالف کە هەمیشە لەخەودا بێ ناتوانێ جیگای مەترسی بێ. بە روالەتیش مەترسی هینەر نەبوو. دیارە شتیك کە درکەکانی تەنیا بۆ جوانی بێ، نابێ لێی بترسی.

بەم شیوەیە هەل و مەرج ئامادە و لەبار بوو تا ئیمە بتوانین لە دەسەلاتیکی فراوان بەهرەمەند بین. هەلبەتە دەسەلاتی فراوان، کاتیك کە کەسیك بەرتەسکی ناکاتەوە، هەمیشە بە پالپشتیك بۆ ئاسوودەیی و رەزامەندی سوننەتی میللەتی ئیمە لە قەلەم دراوە.

* * *

لە ئاوا هەل و مەرجیکی لەباردا کە پیکهاتبوو، من بە ئاسانی توانیم هەم بوحرانی کابینە چارەسەر بکەم و هەم هەیئەتی دەولەت پیك بهینم. بۆ خۆم پۆستی وەزارەتی خارجەم لە ئەستۆ گرت. لەو سەردەمەدا هیچکام لە ئیمە لەو شوغلە بێدەردیسەر و پرداهاتە کە "وەزیری موشاور" لە ئەستۆی دەبێ ئاگادار نەبووین. ئیمە زۆر وەزارەتخانەی بێوەزیرمان پێشك دەهات، بەلام وەزیری بێوەزارەتخانەمان نەبوو. ئەم کارە، بە کەشفیاتی ئەم دوایانەی سیاسەتمەداران، بە حیساب دێ. هەلبەتە ئەگەر لە دەورانی مندالی ئیمەشدا ئاوا شوغلیك هەبوایە بێگومان بۆ خۆم دەبوومە بەرپرسی و لە ئەستۆم دەگرت. بەلام بۆچی پۆستی وەزارەتی خارجەم هەلبژارد؟ ئەم هەلبژاردنەم بە حوکمی تایبەتمەندی‌یەکی‌تری دیپلوماتەکانی ولاتەکەمان بوو. یانی هەم لە خانەوادەیەکی باش بووم، هەم زمانە خارجی‌یەکانم دەزانی. هەیئەتی

دەوڵەت جگە لە من، چوار وەزیریتری بوو: وەزیر پۆلیس، وەزیری دارایی، وەزیری فەرهەنگ و وەزیری ئەرتەش.

لەو سەردەمەدا کە ئیمە خۆمان بە "دەولەت بازی"یەوە سەرگەرم دەکرد، ژمارەی وەزیران کەم بوون. بۆ نموونە وەزارەتخانەیەك بەناوی "بیهداشتی میللی" لە ئارادا نەبوو چونکە بە پەرۆش بون بۆ لەش ساغی و بیهداشتی میللەت بە کاریکی پیویست و زەرووری بەحیساب نەدەهات. وەزارەتخانەی "ریگا و بانیش" نەبوو هەلبەتە نەك لەبەر ئەوەی کە ولاتەکەمان ریگای پەیوەندی و هات و چۆی نەبووبێ. هەلبەتە دارستانیشمان هەبوو، بەلام تەنیا چەتە و رێگر حوکمیان بەسەر دارستانەکاندا دەکرد تا دواتر وەزارەتخانەی دارستان دامەزرا و وەزیرەکان جیگای دز و چەتەکانیان گرتەوە. کان و مەعدەنی جۆراوجۆریشمان هەبوو، بەلام چونکە تەواوی خەلك بە بێ کەم و کەسر مالیاتەکانی خۆیان دەدا، ئیتر پیویست نەبوو کە دەولەت بەدوای سەرچاوەی داهاتیتردا بگەرێ. لەو رۆژگارانەدا ریگای ئاویشمان هەبوو کە ناوچەکانیتری ولاتی پێکەوە پەیوەند دەدا.

کابینەکەمان تەقریبەن بەم شیوەیە بوو: بۆ خۆم پۆستی وەزیری خاریجەم داگیر کرد. چدماتیج، کە لە کەلاسی یەکەم و دووهەمی دەبیرستاندا دەرنەچووبوو و چەند جاریش لە مەدرەسە دەریان کردبوو، بۆ وەزیری فەرهەنگ هەڵم بژارد. چونکە ئەو تەواوی قانوونەکانی مەدرەسەی بەلاوە فشە بوو. لە هەمووی ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە ناوبراو، ئینسانیك بوو کە راست وەك وەزیرەکانی ئەمرۆی ئیمە خویندنی بە گالتە و سەرگەرمی دادەنا، نەك بە ئەمریکی زەرووری و پیویست.

پۆستی وەزارەتی پولیسم دا بە سیما ئێستانکۆویج، سیما کوڕی پۆلیسێکی ناوچەکە بوو. چونکە لەو باوەرەدا بووین کە لە لایەك پیشینەی خزمەتی باوکی لە ژاندارمریدا و لە لایەکیترەوە شێوە تەربییەتێك کە دەکەویتە ئەستوی کورە پۆلیسێك، ئیمتیازاتێکە کە بۆ بەریوەبردنی وەزارەتی پولیس لە سربستاندا کافیە. جگە لەمانەش، سیما چەند تایبەتمەندییەکیتری هەبوو. بۆ نموونە دەیتوانی بە توورەییيەوە جنێو و قسەی ناشیرین بە حەریفی خۆی بلّێ، یان دەیتوانی لە چەقۆ بۆ ترساندن و بەزاندنی حەریف کەلك وەربگرێ و جار و باریش دەم و ددانی حەریفی ورد و خاش دەکرد. سیما تایبەتمەندی پۆلیسێکی تایبەتی هەبوو و بەم تایبەتمەندییانەوە وەزارەتی پولیس پر بە پێستی بوو.

پەریتا، خویندکاری کەلاسی سێهەمی سەرەتاییمان هەلبژارد بۆ پوستی وەزارەتی دارایی. ناوبراو هیشتا مندال بوو، شەلواری وای لەبەر دەکرد کە لە پشتەوە درابوو. هەمیشە گۆشەی کراسەکەی لە شوینی دراوەکەوە هاتبوە دەر و وەك کلك بە دوایدا دەکشا. پەریتا لیوەشاوەیی هیچ کاریکی نەبوو. نە کاریکی لە ئەستۆ گرتبوو و نە کاریکیتریشی لەدەست دەهات. بەلام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لینەهاتوویی، هیچ کاتیك کۆسپی سەر ریگای وەزارەت نەبوە. کلکەکەشی نەك هەر رێگر نەبوو بۆی، بەلکوو بە نیشانەیەکی دیاریکراو بۆی بەحیساب دەهات. نیشانەیەك کە دەکرا ناوبانگ پەیدا بکا و وەك نیشانە و عەلامەتی دیاری کراوی هەمیشەیی تەواوی وەزیرانی دارایی دابندرێ.

پۆستی وەزارەتی جەنگەلان دا بە دوستیکی یەهوودیمان (بەناوی دەیوید مشوولام) ئەم هەلبژاردنانەمان بێهۆ نەبوو. لەبەر ئەوە ئەم یەهودییەمان بۆ ئەم پۆستە هەلبژارد کەخۆمان لە شەر لەگەل دەولّەتانیتر بپاریزین. جگە لەمەش دەمانهەویست ئەم دۆستەمان لە بەستنی قەراردادەکاندا کە لەلایەن وەزیرەکانی شەرەوە ئیمزا دەکرین، بەشدار بێ و شتیکی وەدەست کەوێ.

کۆبوونەوەکانی ئەم دەولەتەی ئیمە لەسەر بانەبەرزەکان و بەسەر لق و پۆی دارگویزەکانەوە ئەنجام دەدرا. دەکرێ ئاوا جیگایەکی بەرز بە هەر دەولەتیکیتریش پیشنیار بکرێ. چونکە تەنیا لەسەر دار یان لە سەربانی ساختمانی چوارقاتدا دەولەت دەتوانی خۆی لە شەری هەوالنیران بپارێزێ.

* * *

بەم شیوەیە، دەولەتی ئیمە کە دەیوید مشولام فەرماندەی ئەرتەشەکە بوو، جگە لەو نەخشانەی کە لە میشکی خۆیدا بیری لی دەکردەوە، دەیتوانی ئازادانە لەبارەی مەبەستی ئاشتی خوازانەی خویەوە قسەی بیّ سەر و بەرە بکا. لەبیرمە رۆژیکیان قەرار بوو مەسەلەی هیرشی تیکرای ئەندامانی دەولەت بۆسەر باخی نانەواکە وەك گرینگترین مەسەلەی رۆژ بکەویتە بەر باس و لیکولینەوە. هەلبەتە میوەکانی باخی نانەواکە ئەوەندە ئاودار و جوان و گەیشتبوون کە بە دلنیاییەوە هەر دەولەتیکیتر دیبای هەوەسی دزینی ئەم میوانەی دەکەوتە سەر. وەزیری جەنگ لە ناکاو مەسەلەیەکی باس کرد کە لایەنی نیونەتەوەیی هەبوو. ئەو لە گوزارشی خویدا، بە هەیئەتی دەولەتی راگەیاند کە هاولاتییەکی ئیّمە لە رووداویکدا زیانی پیّگەیشتوە و دەولەتی ئیمە، لەبەر پاراستنی حەیسیەتی نەتوایەتیشمان بوە دەبیّ بە توندترین شیوە تۆلە بکاتەوە. هەلبەتە هەمووەمان ئاگاداری رووداوەکە بووین. چەند رۆژ پیشتر، قازیکی ئیمە بەژیر پەرژین دا رۆیشتبوە حەرەمسەرای قازە نیرەکەی دراوسیّیەکمان. قازەکانی دراوسیمان هیرشیان کردبوە سەری و بەلایەکیان بەسەر هینابوو کە نیوەی کلکی و پەرەکانی لە خاکی دوژمن دا بەجی هیشتبوو و بە هەزار حال توانیبووی پاشەکشە بکاتەوە خاکی نیشتمان. بەم بۆنەوە، وەزیری جەنگ وتی: سبەی ئیعلانی جەنگ بە ولاتی دراوسیّ بدەین. رۆژ و سەعات و کاتی شەر دیاری کرا. بەلام ئەمە بە ریکەوت نەبوو. چونکە بۆ سبەینی مەدەرسە تەعتیل بوو، لە لایەکیترەوە دەیوید مشولام زانیاری وەدەست هینابوو کە دوانیوەرۆی سبەینی دراوسیکەمان بە خاو خیزانەوە، دەچن بۆ باخە رەزەکەیان.

وەزیری جەنگ بەم رینوینییانەی خوارەوە کە لە تەورات وەری گرتبوو قسەکانی کۆتایی پیّهینا: بۆ تولە کردنەوە لەبری نیوەی کلک و چەند پەری قازەکەمان، کلک و پەری تەواوی قازەکانی دراوسیمان لی بکەینەوە.

ئەم بریارەی وەزیری جەنگ لەلایەن ئەندامانی دەولەتەوە پەسەند کرا، وەزیری جەنگ نەخشەی ستراتیژی عەمەلیاتی دراشت. بەپیی ئەم نەخشەیە وەزیری دارایی بەهۆی کەم تەمەنی و لی نەهاتوویییەوە نەدەبوو لە شەردا بەشدار بیّ. بەلکوو لەسەر پەرژینەکەوە نیگابانی بدا و هەر کەسیك هات زوو ئاگادارمان بکا. من و وەزیری پولیس ئەرکمان رووتاندنەوە و لی کردنەوەی پەری قازەکان بوو و قەرار بوو خودی وەزیری جەنگیش پەرەکان کۆ بکاتەوە.

بۆ سبەینی نیوەرۆ، وەزیری جەنگ بە بەرگە سەرینیکەوە لەشوینی دیاری کراودا ئامادە بوو. راست لە سەعاتی دیاری کراودا، یانی بریك دوای ئەوەی کە دراوسیّکەمان بە خاوخیزانەوە سواری گارییەکەیان بوون و بەرەو باخە رەزەکەیان وەریّ کەوتن، هیرشەکەمان دەستی پیّکرد. بەسەر پەرژینەکەدا بازمان دایە ئەو دیو و سنورمان بەزاند. وەزیری دارایی کرا بە نیگابان. من و وەزیری پولیس و وەزیری فەرهەنگ کەوتینە پەرِ لیّ کردنەوەی قازەکان.

قازەکان، بە داماوی و نائومیدییەوە قیژە و قاویان وەریّ خستبوو، بەلام ئیمە بە پەیرەوی لەم ئایەتەی تەورات کە دەلّی "ددان بەرانبەر بە ددان و چاو بەرانبەر بەچاو" پەر بەرانبەر بە پەرمان لی دەکردەوە و وامان لە قازەکان کرد کە دەتگوت ئیستا لە هیلکە دەرهاتوون. لەم نیوانەدا وەزیری جەنگ بە وردی پەرەکانی کۆ دەکردەوە و بەرگە سەرینەکەی دەئاخنی.

پاش رووتاندنەوەی ئەم قازە، پەلاماری قازەکانیترمان دا و بەپیی نەخشەی گەلالّە کراو دەچووینە پیش و ئەوەندەی نەمابوو کە بە تەواوەتی سەرکەوتن وەدەست بهینین، بەلام هەر بەو شیوەیەی کە لە دارشتنی پرۆژە ستراتیژییەکاندا روودەدا، وەزیری شەر لەبیری چووبوو رمل لی بدا لەوانەیە دوژمن لەلایەن هاوپەیمانەکانیەوە

پشــتیوانی لــی بکــرێ. هــەر بۆیــە لــەناکاو ســەگی خــاوەن مــال پــەلاماری داین و هەموومــان دەستەپاچە بووین و شلەژاین. وەزیری پولیس کە خەریکی پەر لی کردنەوەی قازیك بوو لە ترسان بەریدا و بەردیکی بۆ سەگەکە هەلگرت و توانی پاشەکشەی پێ بکا.

بــە بەرزبونــەوەی چــەق و لــووری ســەگەکە، کــریکاریك کــە لــە ژوورەوە خەوتــبوو، وەخەبــەر هــات و بە کوتەکیکەوە هاتە مەیدانی شەر و شەر گەرم بوو.

تەنانــەت بــە تەجرەبەتــرین ئەرتەشــیش، لــەکاتی بەرەورووبوونەوە لەگــەل ئــاوا هیرش و ئاگربارانیکی قورس دا مەحالە کە پاشەکشە نــەکا. لەبیرمــە کــە یەکــەم کوتــەکی کــریکاری دراوســێمان وەبــەر پشــتی وەزیــری فەرهەنگ کەوت و نالەیەکی بەژانی لی بەرز بۆوە. وەزیــری پولــیس وەك پشــیلە بــە درەختــیك دا ســەرکەوت و لەوێوە بــازی دایــە ســەر ئەنــبارەکە. منــیش دارم بــەر کەوت، بەلام بە هەر حالــیك بــوو توانــیم خــۆم بگەیەنمــە ئەو دیوی پەرژینە دەرباز بووم. وەزیــری دارایــی بەســەر پەرژیــنەکەوە وا دەگــریا و قــیژ و قــاوی دانــابوو، دەتگــوت کەوتۆتە بەر محاکەمە و لیپرسینەوەی نوینەرانی مەجلیس. هــەولی دا خــۆی دەربــاز بکــا و هــەلێ، بــەلام گوشــەی کراســەکەی کــە راســت لە کلك دەچوو، بە قیسپیکەوە گیری کرد و شــۆر بــۆوە. دەمزانی کە ئەم کلکەی رۆژیك کار دەداتە دەستییەوە. کــریکاری خــاوەن مــال بــۆی چــوو و وەك بلــێی هــەرمی لــەدار دەکەنیێــتەوە،دایگرت و لــی دانیکی باشی لیدا و پاشان بە شەقێك فرێی دایە ئەو دیو پەرژینەکەوە.

پــاش ئــەو شکســتە گەورەیــە کــە تــرسمان نەما و بریك هاتینەوە ســەرخۆ، لــە ســەربانی مــالی ئــیمە کۆبوویــنەوە  تــا لە بارودۆخی ئەرتەشەکەمان بکولینەوە.

ئاکامی ئەم هیرشەمان بەم شیوەیەی خوارەوە بوو:

باری رۆحیمان، زۆر شپرز و ئالوز بوو!

زیــانی دەولــەت: بریــنداریك و بێســەر و شوینیك بوو. (وەزیری جەنگ کە دیار نەبوو بە بێسەر شوینمان دانا).

مــاوەیــەك دواتــر بۆمــان دەرکــەوت کــە وەزیــری جــەنگ، هــەر کــریکاری دراوســێیەکەمانی بینــیوە، خیرا خــۆی لەپشــت دیواری ئەنــبارەکەدا دەشــاریتەوە و پــاش ئــەوەی کــە بارودوخەکــە هــێمن دەبیــتەوە و کــەس بــە دەرەوە نامێنێ، بە ئەسپاییەك لە حەشارگا دیــتە دەرەوە و پــڕی بەرگــە ســەرینەکە پــەری قاز دەباتەوە بۆ مــالی خۆیــان. بەپــیی ئــەو زانــیارییانەی کــە لــە جاسووســەکانی وەزیری پولیســەوە وەدەســتمان هیــنا، دەرکــەوت کــە ئــەم شەرە تەنیا لەبەر پیویســتی پــووری مشــوولام بــە پــەری قــاز ساز کراوە. بەم شیوەیە جاریکیتــر ئــەم راستییە سەلیندرا کە، زۆربەی بیانوە بچووکەکان ئاکامی گەورەیان بەدواوە دەبێ.

هەلــبەتە ئاکــامی شکســتەکەی ئــیمە لەمانــەش زیاتــر بــوو. ئاشــکرایە و ئاســاییە کــە ئاکــام و شــوینەواری شــەرە گــەورە نــیونەتەوەییەکان دوای کۆتــایی پێهــاتنی شــەر دەردەکــەوێ. هەلبەتە ئەگــەر شیوەی پیکهاتنی کابینەی ئیمە لە بەرچاو بگیری ئــاوا دیــتە پــیش چــاو کە نابێ دوژمن و موخالفی هەبێ. سەرەرای هــەموو ئەمانــە، دلنیاتان دەکەم کە لە سەرتاسەری میژووی ولاتی سربســتاندا، ئــیمە تەنــیا دەولەتــیك بوویــن کــە لەم بارەیەوە ناچار بوویــن کــە تــەواوی قورســایی بــاری بەرپرســایەتی کــردەوەکانمان بکەوێتە سەرشانی خۆمان.

# ڕازاندنەوە

ن: ئالدۆس هاکسلی
و: کەریم ئەحمەدی

**"نووسەری ئەم چیرۆکە "ئالدۆس هاکسلی" نووسەریکی بە ناوبانگی خەلکی ئینگلستانە. کتێبی فەلسەفەی رۆژهەلات، دنیای جوانی نوێ و دوورەگە و هەروەها چەندین چیرۆکی ناسراو و چەند کۆمەلە شیعر و وتار لە بوارە جۆراوجۆرەکانی رۆشنبیری و رەخنەی ئەدەبی، چەند نموونەیەك لە کارەکانیەتی".**

نزیکەی سێ چارەکە سەعات دەبوو بەجۆرە دەمەقالەیان بوو. قسەی ناشیرین و هات و هاواریان لەو سەری رارەوەکە دەنگی دەدایەوە.

سۆفی خۆی بەسەر ئەو لیباسەدا خوار کردبوەوە کە خەریکی دروونی بوو. بەسەر سامی‌یەوە بیری دەکردەوە: ئەم جارەیان مەسەلە چیە؟

هەروەك هەمیشە دەنگی ژنەکە زیاتر دەکەوتە بەر گوێ. لە ناکاودا دەتەقییەوە و بە توورەیی‌یەوە بە توندی لە پرمەی گریانی دەدا. کابرا زیاتر دانی بەخۆیدا دەگرت و بۆلەبۆلی کەمتر دەگەیشتە لای دەرگاکە و لەنیو رارەوەکەدا کپ دەبوو.

بۆ کابرایەکی وەك سۆفی کە لە ژوورە سارد و بچووکەکەیدا بوو، پرتە و بۆلەی ژن و مێرد، زۆر جاران وەکوو شانۆیەك دەهاتە بەرچاو کە تەنیا یەك ئەکتەر دەوری تیدا دەگیری. ئەویش ژنەکەی بوو کە بە قسەی یەك لایەنە و هیندیك جاریش کروکپی‌یەکی ناخۆش، بێدەنگی‌یەکی دەگرتە خۆ.

بەلام هیندیك جار کابرایش ئاشکراتر دەبوو، خراپ هەلدەچوو، ئەمەشیان لە دەنگ هەلبرینی‌دا هەستی پێدەکرا. ئیدی ئەوکات کروکپی لەنیو قسە توند و رەقەکانیدا نەبوو، بەلکوو لە جیاتی ئەمە، هات و هاواریکی شیتانە دەهاتە بەر گوێ. توورەیی کابرا تا دەهات زیاتر دەبوو. دەنگی، زیاتر حالەتی هەلچوونی بەخۆوە دەگرت. زۆر جاران هات و هاوارەکەی لەکاتی توورەیی و نارەحەتیشدا یەك ئاوازی هەبوو، وشەکانی پچرپچر لەدەم دەردەچوو، بەلام ئەم جارەیان تاویك بە دەنگی بەرز و تاویك لەسەرەخۆ قسەی دەکرد، بە جۆریك کە هەستی پیدەکرد بەشداریی‌یەکەی لەو مشت و مرەدا وەکوو زەنجیرە تەقینەوەیەکی لەسەرە خۆ و بەردەوامە و گویچکە ئازار دەدا.

پاش کەمیك سۆفی ئیدی ئەوەندە گویی بە هەرا و هوریا و مشت و مرەکان نەدا، بەلکوو خەریکی دروونی کراسی ژنەکەی بوو. ئەلبەتە ئەم کارەش لیوردبوونەوەیەکی باشی دەویت. زۆریش هیلاك و ماندوو بوو. دوینی هەروابوو، هەروەها پێرێش ئیدی هەموو رۆژیك ئازاری دەکیشا و وەك جارانیش لاو نەبوو. دوو سالی دیکە تەمەنی دەگاتە ٥٠ سال. لەوەتەی بە بیری دێ ژیان و گوزەرانی هەموو رۆژیك بەجۆرە دژوار و سەخت و پر دەردیسەر بوە.

تەلیسە پەتاتەکانی هاتەوە بیر وەختی خۆی کە بچووك بوو، چۆن لەنیو کیلگەکەدا بە کۆلی خۆی‌دا دەدا. ئەوەی هاتەوە بیر کە هیدی هیدی بە تەلیسە پەتاتەکەوە چۆن ملی ریگای پر لە خاك و خۆلی دەگرت و دەرۆیشت. هەمیشە، لەبەر خۆیەوە دەیکوت: تەنیا ١٠ هەنگاوی دیکە ئەگەر دان بە خۆیدا بگری، تەواو دەبی. هیچ کات کۆتایی هاتن لە گۆرێدا نەبوو، دەبوایە سەرلەنوێ دەس پێبکاتەوە.

سۆفی سەری خۆی لەسەر چەرخی دروومانەکە بەرز کردەوە و ئەم لاولایەکی کرد، چاوی رێشکە و پێشکەی دەکرد، ئەمە دواخالە سپییەکانە، یا رەنگی دیکەیە کە لەبەر چاویدا، لەنیو بازنەی دیدەیدا دەهاتنە سەما کردن و لەم رۆژانەدا زیاتر هەست پێدەکران. جۆرە کرمیکی ئاوریشمی، رەنگ زەرد لە گۆشەی لای سەرەوەی چاویدا بەرز دەبوەوە، بە جۆریك کە هەمیشە بەرەو سەرەوە لە جوولەدا بوو، دیسان لە هەمان گۆشەی چاویدا دەمایەوە، هیندیك جاریش خالی سەوز و سوور بە وینەی ئەستیرەی پرشنگدار دەدرەوشانەوە و لەنیو دەچوون و لە دەوری کرمی ئاوریشم ون دەبوون. ئەم خالانە لەبەر چاوی ئەو و دروومان کردنەکەیدا دەجوولانەوە و هەتا چاویشی دەنووقاند، هەر دەمانەوە.

تاویکی دیکە دیسان دەستی بە کارەکانی خۆی دەکردەوە. ژنەکەی دەیهەویست کراسەکەی بۆ سەر لەبەیانی سبەی تەواو بێ. بەلام ئیستا کارەکە لەم لاوئەولای کرمی ئاوریشمدا، ئیدی زەحمەت بوو. لە پریکدا هات و هاوار لەولای رارەوەکەدا زیاتر بوو، لایەکی دەرگاکە کرابوەوە و ئیدی قسەکان بەرگوێ دەکەوتن.

خراپ سەرچیخ چووی، ئەگەر وابیر دەکەیەوە کەوا من کویلەی تۆم، بە هەلەدا چووی، هەر کاریکیش حەزم لیی بێ، ئەنجامی دەدەم...

"منیش بە هەمان جۆر" کابرا ئەم رستەیەی بە پیکەنینیکی توند و مەترسیدار خستە روو، لە رارەوەکەدا تەپەی پییەکی قورسی هاتە بەر گوێ و لە شوینی هەلگرتنی چەترەکاندا، دەنگی هەلگرتنی چەتریك هاتە بەرگوێ. دەرگای هاتنە ژوورەوە لەگەل دەنگیکی بەرز پیوەدەدرایەوە. سۆفی وەك جاران خەریکی دروومان بوو. ئاخ کە کرمە ئاوریشمییەکان و ئەستیرە رەنگاورەنگەکان دیسان پەیدا بوونەوە. ئاخ کە ماندوویەتی پر ئازار، دیسان لەنیو تەواوی ئازاری لەشمدا دەکەوتە جوولە. چی دەبوو ئەگەر بیتوانیبایە تەنیا رۆژیکی تەواو لەنیو پیخەفدا کەمیك بحەسیتەوە.

دەنگی زەنگەکە هینایەوە سەرخۆ، هەمیشە لەگەل ئەم دەنگەدا کە دەلیی دەنگی ویزەویزی زەردەوالەیە، لە جیگاکەی خۆی رادەچلەکێ.

لەجیی خۆی هەستا سەرپێ، دروومانەکەی لەسەر میزەکە بەجی هیشت، دەستیکی بە پشتینەکەیدا هینا و کلاوەکەی لەسەر خۆی وەرسووراند و ریکی کرد و چووە ناو رارەوەکە، جاریکی دیکە دەنگی زەنگەکە بەرز بۆوە، ژنەکە دیسان هاتەوە قسە، ئاخری هەر هاتی سۆفی؟ لەو بروایەدا نەبووم پەیدا بیت. سۆفی هیچی نەکوت و هیچیشی نەبوو بیلێ.

ژنە بەرانبەر بۆفی جلەکان راوەستابوو، دەستەیەك جل لەسەر دەستی بوو، کۆمەلیك جلیتریشی خستبوە سەر تەختەکە.

پیاوەکە کاتیك کە لەسەر خۆ و بە زەوق بوایە، ئەوا ئەوی بە تابلۆیەکی جوانی رۆبنز دەهاتە پیش چاو. ناوی لێ نابوو هیلین خۆرمەن.

ژنە کردبوویە خوو کە بەدەستە خۆشکەکانی خۆی بلی بە راستی دەبی رۆژیك سەردانی مۆزەخانەی "لۆڤەر" بکەم و سەیریکی تابلۆکەی خۆم بکەم، هەمان تابلۆکەی "رۆبنز" ئایا دەزانن شتیکی سەیرە! بۆ کەسیك کە تەواوی ژیانی خۆی لە پاریس بەسەر بردبێ و مۆزەخانەی "لۆڤەر"ی نەدیبێ ئەدی وا نیە؟ ئەم شەوەیان بە راستی ژنەکە کەوتبوە گەڕ، کولمەکانی سوور و تەڕ هەلگەرابوون و چاوە شینەکانی دل رفینانە لەنیوان برژانە دریژەکانیدا ترووسکەیان دەدا.

ژنە بە لیبراوییەوە وتی: سبەی دەچینە رۆم. سبەی سەر لەبەیانی زوو، هاونشینەکەی جل و بەرگی دیکەی لەنیو بۆفیەکەدا دەرهینا و خستیە سەر تەختەکە.

- پیویستە یەکسەر بوخچەکان بپیچمەوە.
- بۆ چەند رۆژ خانم؟
- دوو هەفتە، سێمانگ.... نازانم.
- ئاخر پیویستە بزانین، خانم ئەمە کە کاریکی گرینگە:

- گرینگ ئەوەیە بڕوین و لێرە ڕزگار بین، چونکە ئەم قسانەی ئەم شەو گوێم لێ بوون، ئیدی پێم نایەتەوە ئەو ماڵە، مەگەر داوای لێبووردنم لێ بکەن. دەباشتر وایە بوخچە گەورەکە هەڵگرین. با بچم بوخچەکە ڕێك بخەم خانم. هەوای ناو بۆفییەکە ناخۆش و شێدار بوو، بۆنی تۆز و خۆڵ و پێستەی لێ دەهات، بوخچە گەورەکە لە گۆشەیەکدا بە توندی جێگیر کرابوو، ناچار بوو خۆی خوارکاتەوە و بە زۆر دەریانبێنی. کرمە ئاوریشمییەکان و ئەستێرە ڕەنگاورەنگەکان لەبەر چاویدا ترووسکەیان دەدا و ون دەبوون، کاتێك کە خۆی ڕاست کردەوە، سەری گێژ ببوو، کە سۆفی خەریك بوو ئەو بوخچە قورسەی بە ڕاکیشان دەردینا، ژنەکە کوتی: بوخچەکە گرێ دە و منیش یارمەتیت دەدەم.

پیرە سۆفی ئەم ڕۆژانە چەندە لەڕ و لاواز دەهاتە بەرچاو، ژنەش بێزی لە دیتنی ئینسانی پیر و ناشیرین لە دەوروبەری خۆی هەڵدەستا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سۆفی بە پێچەوانەوە ئەوەندە کار جوان و چوست و چالاك و ئەمین بوو کە وەلانانی کارێکی شێتانە بوو.

- خانم! پێویست ناکا زەحمەت بکێشن.

سۆفی دەیزانی کە ئەگەر ژنە دەرگای بۆفییەکان بکاتەوە و جلەکان بڵاو بکاتەوە، ئیدی کارێکی باش و تەواوی ئەنجام نەداوە، بۆیە کوتی:

خانم! باشتر وایە بچی بخەوی، چونکە وەخت درەنگە. نەخەیر، خەوی نایە، خراپ دەماری گیراوە و شلەژاوە، خوا دەزانی ئەم پیاوانە... چ بوونەوەریکن، بەڵام کەسێك خۆ کویلەی ئەوان نییە، هیچ کەس بەری ڕەفتاری نەگونجاو و خراپی ئەوان ناگرێت.

سۆفی خەریکی پێچانەوەی بوخچەکان بوو، لەبەر خۆشیەوە بیری دەکردەوە کە ڕۆژێکی تەواو لەنێو پێخەفدا، لەسەر تەختێکی گەورەی نەرمی وەك تەختەکەی خانم، بخەوێ و بحەسێتەوە.

ژنە بە تووڕەییەوە دەیکوت: دوا گاڵتە جاری ئەو ئەمەیە کە بڵێ پوولم لە گیرفان دا نییە و منیش نابێ جلی دیکە بکڕم و ئەمەش زۆر جیگەی پێکەنینە.

مەگەر دەتوانم بە ڕووتی بسووڕێمەوە، دەتوانم؟ لەگەڵ ئەم قسانەیدا دەستەکانی بە تووڕەیی تەکان دەدا، ئەگەر بڵێ نیە، ئەوا قسەیەکی پڕ و پووچە زۆری هەیە، بەڵام ڕەزیل و سەقیلە. ئەگەر لەجیی وتنی شیعری گەوجانە و بڵاو کردنەوەی لەسەر حیسابی خۆی، کارێکی ڕەوشت بەرزانەی دیکەی بکردبایە ئەوا پوولێکی زۆری پێکەوە دەنا و دەیتوانی هێندیکیشی لێ پاشەکەوت بکا و وەلای بنێ.

ژنە ئەم سەر و ئەوسەری ژوورەکەی دەکرد و لەسەر قسەکانیشی بەردەوام بوو، جگە لەمە، باوکە پیرەکەشی خۆ هێشتا لەسەر ژیانە، ئەو بە چ کەلکی دیت، لە ڕاستیدا دەمهەوی بزانم بە چ کەلکی دیت. هەمیشە دەڵێ: دەبێ شانازی بکەیت بەوەی کە مێردەکەت شاعیرە و دەنگی خۆی وەکوو دەنگی پچرپچر و لە ڕزۆکی کابرای پیرەمێرد لێکرد و بە لاسایی کردنەوە کوتی: تەنیا شتێك کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە بە قسەکانی پێنەکەنم.

دەڵێ: مێردەکەت چ شیعرێکی جوانی بەسەر تۆدا هەڵ نەکوتوە. ئەویش بە چ تین و تاویك، بە چ گەرم و گوڕییەك، لەگەڵ ئەم قسانە و بە یادی پیرەمێردەکە دەمی خۆی خوار کردەوە و لاسایی ئەوی دەکردەوە و دەستەکانی خۆی وەك ئەم دەجووڵانەوە و پاشان قاقا لە پێکەنینی دەدا. کاتێك بیری لێ بکەیتەوە کە کابرای بەستەزمان هەم سەریشی ڕووتاوەتەوە و هەم ئەو چەند تاڵە مووەی بەسەریەوە ماوەتەوە ڕەنگیان دەکا، لەسەر سامییاندا لە پێستی خۆتدا جیت نابێتەوە.

دیسان بۆ ئەو هەستەی کە پیرەمێردەکەی لەم لاوئەولای شیعرەکانیدا سەبارەت بەو نیشانی دەدا، کوتی: ئەوەی لەسەر منی دەرکردوە، هەمووی رووکەشییە.

بەڵام ئەی سۆفیە چاکەکەی من! خەریکی بیر لەچی دەکەیەوە، ئەم کۆنەپۆشاکە سەوز و پیسە بۆچی دەخەیتە نێو بوخچەکە؟

سۆفی بێئەوەی ورتەی لێوە بێت، هێواش پۆشاکەکەی لەنێو بوخچەکەدا دەرهێنا. سۆفی لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە و دەیکوت: باشە ئەم ژنە بەم شەوە بۆ ئەوەندە پەریشان حاڵ و

نەخۆشە؟ ڕەنگ و رووی سپی هەلگەراوە، زەردایی ددانەکانی لە جاران زیاتر دیتە پیش چاو، لەم هەست کردنەی بە خۆیدا، لەرزی دەهاتێ، کاروباری سۆفی بۆ ئەو مەترسیدار و بیزەوەر بوو. دەبوایە سۆفی رەوانەی ناو جێ و پیخەفی خۆی بکات. بەلام دەبوایە چی بکات تا کارەکەی بە ئەنجام بگات. هیچی لەدەست نەدەهات، بۆیە زیاتر لە جاران هەستی بە خەمباری دەکرد. ژنە ئاهیکی هەلکیشا و وتی: ژیان ترسناکە، بە هەموو توانایەوە خۆی فرێدا سەر تەختەکە. حەیف نیە کە ئینسان ژنی کابرایەکی ئاوا بیت؟ زوو پیر و کەتەر دەبم. هەمیشە دەرهەق بەو وەفادار ماوم، بەلام سەرنج بدە ئەو چۆن لەگەل من رەفتار دەکا.

سەر لەنوێ هەستایەوە و بێ بیرکردنەوە لە ژوورەکەدا ئەم سەر و ئەوسەری دەکرد و لە ناکاو دەستی بە گریان کرد و وتی: ئیدی ئەمە تەحەمول ناکرێ. لە بەردەم ئاوینەکەدا راوەستا و شکۆمەندانە بەلام بە خەمباری سەیریکی خۆی کرد، ئەگەر یەکیک لیی ورد بوایەتەوە نەیدەتوانی بروا بکا کە تەمەنی لە ٣٠ سال زیاترە.

لەودیوی ئەم وینە خەمگینەی نیو ئاوینەکەدا، دەتوانی بوونەوەریکی لاواز و پیر و پەککەوتە ببینی کە بەخۆ و بە روخساریکی شین هەلگەراو و ددانی زەرد بوو، لەسەر بوخچەی جلەکانیدا، خۆی کوورِ کردبووەوە کە دیتنی خۆی بەدل نەبوو. لەم حالەتەدا سۆفی وەك ژنانی سوالکەر، خۆی دەهاتە پیش چاو کە زۆر جاران لە سەرمای سەر لە بەیانیان لەژیر کەپرەکانی سەر شەقامەکاندا رادەوەستن. خەلکی بەبەر دەمیاندا تیپەر دەبن و هەول دەدەن نەیانبینن، هیندیك جاریش یەکیك رادەوستی و کیفی پوولەکەی دەکاتەوە و خەرجییەکی دەداتی، ئەگەر وردەیشی نەبوو، پوولی کاغەزیان دەداتی. بەلام مرۆڤی ئەم تەرحە کارانە هەرچی بکەن ئەوە هەست بە خزمایەتی و ئاشنایەتی ناکەن، تەنانەت هەست بە سووك کردنی باری دۆستیکی خۆشیان ناکەن، هەست کردنیك کە هاوسەنگە لەگەل شیوەیەك لە داوای لیبوردن هینانەوە دەرهەق بە مرۆڤ.

# تەواوی عەترەکانی عەرەبستان

ن: فرناندو ئارابان

و: کەیوان خویوز

**ئەم بەرهەمە یەکیك لەو چوار شانۆنامەیە کە فیرناندو ئارابان لەژێر ناوی "بەرەبەیانی سوور و رەش" یان "بیرۆکە-شۆڕش" کە لەسالی ١٩٦٨دا نووسیویەتی.**
**ناوبراو "تەواوی عەترەکانی عەرەبستان" و سێ بەرهەمی دیکەی بە دەرس و وەرگرتن لە دەورانی زیندانی خۆی لە ئیسپانیای فرانکۆ بە بیانووی سووکایەتی کردن بە دروشمەکانی میللی و رابەری نەتەوە ( سالی ١٩٦٧ )وە هەروەها هەلچوونی نەسلی لاو لە فەرانسەدا و لەویوە بۆ تەواوی جیهانی ( سالی ١٩٦٨ ) نووسیوە.**
**ئارابالی نازیسم لە حالی پێگەیشتن دا، رەگەز پەرەستی، ئەرتەشی دژی جەماوەری و کلیسای پاوا نخواز ریسوا دەکات و قسە لە هەناسەکیشانی ئازادی ئینسان، بە تایبەت لاوان و ئەوین و ئازادی دەکات.**

شوینیك کە کارەساتەکە لەوی روو دەدا:
ئیسپانیای ئەم سەردەمە یان هەر شوینیك کە ئیستبداد دەسەلاتی بە دەستەوەیە.
سەحنە:
دەکری کە ئەم شانۆگەرییە لە شەقام دا بەریوە بەری. و هەروەها دەکریت کە بە شیوەیەکی ئاسایی لە پیشانگەیەك دا نیشانی بدەیت. لەبان سەری بینەرانەوە لە گوشەیەکەوە بۆ گوشەیەکی دیکە پەردەیەکی خویناویان کیشاوەتەوە. ریك لە نیوەراستی پەردەکەدا دلۆپە خوینیکی لییە کە خەریکە دەور و بەرەکەی دەتەنیتەوە. بینەریك لەژیر دلوپە خوینەکەدا دانیشتوە، بەلام لەوی بەرمیلیکی لییە کە لە تەواوی ماوەی ئەو شانۆگەرییەدا لەسەرەوە دلۆپ دلۆپ، خوین دیتە ناوی. سەعاتیکی ئاوەنگی کە بە ئاخری دیواری سەحنەی شانۆگەرییەکەدا هەلواسراوە خۆ دەنوینی.

لەژیر سەعاتەکەدا هاوسەری ئەو پیاوە کە بە مەرگ تاوانبار کراوە راوەستاوە کە کلاویکی لە شیوەی تلفونچییەکانی لەسەر دایە.
کەسایەتییەکان:
مائیدا MAIDA، هاوسەری پیاوی مەحکوم بە مەرگ کراو
ئیبار YBAR ، مەحکوم بە مەرگ
کەشیش
*
ژنرال
بانکدار
شانۆ
جارچی لە جل و بەرگیکی سەردەمی "گوتیك"دا بە دەهۆلیکەوە دیتە ژووری.

جارچی (بە زاراوەیەکی وشکەوە): توندوتیژی ئیستبداد... پاشان ریژەی ئیعدامەکان چەندین بەرابەر بوونەوە.

(جارچی خێرا دەچێتە دەری. سەعاتی ئاوەنگی چواری بەیانی نیشان دەدا.)

مائیدا: مادموازل تکات لی دەکەم خێرا کە، ژمارەکەم بگرە.

(چەند ساتێك بێدەنگی)

هەڵبەتە. دەزانم کە تەواوی کارمەندانی موخابرات خۆشەویستییان بەرانبەر بەمن هەیە. بۆ هەموویان ریزم هەیە، سەرەرای ئەمانە تکایە... ئیستا سەعات چوارە. بریار وایە کە سەعات پێنجی بەیانی شووەکەم تیرەباران بکری.

(گوشی‌یەکە دادەنێت)

خوداوەندا، بۆ دەبی کە ئاوا بەلایەکم بەسەردا بیت؟ هەمووان بە گیان و دڵەوە کەوتوونەتە شوین کارەکەم. لەگەڵ هەموو کەسێك دا پەیوەندی دەگرن، لەم تەلەفونەوە بۆ ئەو تەلەفون. سەرەرای ئەمانە هەست دەکەم کە ون بووم... ئاخ خۆزگە دەمتوانی کە لە تەنیشتیدا بم.

دەنگی تەلەفونچی‌یەکە: ئیستا تەلەفوونی ئۆسقوفی مەزنت بۆ دەگرم.

(چەند ساتێك بێدەنگی) لەگەڵ یەکێك لە هاوکارەکانی خۆی قسە دەکات:)

ئەلو ئیسپانیا؟ گوشی، تکایە.

مائیدا (قسەکەی دەپچرینی): ئیوە باوکی "بیوسکا کوتوواد"ی بەریزن؟

(شەوقی نوورەفکەنەکە دەکەویتە سەر بەرمیلەکە. کەشیش کە گوشی تەلەفونەکەی بە دەستەوەیە دەبینری، پیاویکە کە کلاوی تایبەتی ئۆسقوفەکانی لەسەرە.)

کەشیش (قسە خۆش و زوان چەور): قسە بکە کچەکەم. چ کاریکم لەدەست دیت؟ بیلی تا جێبەجێ بکەم.

مائیدا: ریك سەری سەعاتی پینج، واتە سەعاتیکی دیکە... دەیانهەوی کە شووەکەم تیرەباران بکەن تکایە، لیتان دەپاریمەوە کە لە لای سەرۆکی دەولەتی ئیسپانیاوە نیوبژیوانی بکەن. ئیوە دەتوانن هەستی خۆشەویستی بزوینن.

لەبەر ئەوەی تۆ کەشیشی رازەکانی ئەوی.

کەشیش: کچەکەم. هەموومان کە لەم سەعاتەدا لیرەین لەبیری هاوسەرەکەی تو داین. دڵنیا بە کە هەموومان بۆی دەپارینەوە.

مائیدا: بەڵام مەسەلەکە لیرە دایە کە داوای لی بوردنەکەی وەربگری... کە نەیکوژن.

کەشیش: کچەکەم رەحمەتی خودا ئەوەندە بێئەوپەرە کە، تەنانەت ئەوانەش کە تووشی هەڵە گەورەکان بوون لەبەر دەگری.

مائیدا: ئاخر شووەکەی من کە...

کەشیش (قسەکانی دەپچرینی): راستە، راستە کچەکەم. من ئاگاداری ئەمانە هەم. هەست دەکەم کە ئیوەیش لە بیرتان بی کە لەماوەی سالەکانی شەری نیوخۆیی‌دا من لە بالیوزخانەیەکی خارجی‌دا بووم. بە چروپری ئاگاداری وەحشی‌گەری‌یەکانی ئەو سەردەمە هەم. لەوانە هەدم و سووتانی سومعەکان. کچەکەم خوداوەند لیی دەبوری.

مائیدا: شووەکەم جگە لەوەی کە دەیهەویست هیزی دەستی جەماوەری خەڵك بیت تووشی تاوانیکی دیکە نەبووە...

(چەند ساتێك بێدەنگی)

داوای لیبوردنت لیێ دەکەم. لە هەل و مەرجیك دا کە من ئیستا گیرۆدەی هەم، ناتوانم تەنانەت یەك دەقیقەیش کات لەدەست بدەم. باوکی ئاییینی بەوەی کە دیپەرستی سویندت دەدەم، بە گیانی خۆشەویست ترین کەست سویندت دەدەم کە لە سەرۆکی دەولەت داوای لیبوردن بۆ شوەکەم بکەی. ئیوە هاوریێ ئەون.

کەشیش: لەکاتی پارانەوەدا بیرت دەکەم. هیوادارم کە خودا بتخاتە بەر رۆحم و گەورەیی خۆی.

(کەشــیش گوشــی‌یەکە دادەنــێ. دەســتەکانی بــە شــیوەیەکی شانۆگەریانە لە بەرمیلەکەدا دەشوات. دەستەکانی وشك دەکاتەوە. سەلیبیك هەڵدەگریت و دەروات. نووری لەسەرە. پاشان تاریکی.)

دەنگی مائیدا: ئیمکانی نیە تیرەبارانی بکەن ئیمکانی نیە

ئاخ، ئیبار! ئیبار!

بێدەنگی

بیرەوەری:

ئەوکات تیشکیکی نامۆ.

تیشکی نورئەفکەنەکە دەکەویتە سەر مائیدا و ئیبار

خۆرەتاویکی درەوشاوە جیگای سەعاتەکە دەگریتەوە

ئیبار: مائیدا! مائیدا!

مائـیدا: ئیـبار! لەگەڵـتا زۆر بەخـتەوەرم چـەند ماوەیەکـە لـە پشوودانەکاندا لە تەنیشتت نەبووم. لم بریژە بەسەر رانەکانما!

ئیبار: مائیدا!

مائیدا: نیگەرانتم. دەرۆی بۆ ئیسپانیا؟ بۆ ئیسپانیا؟

ئیبار: دەبی لەگەل هاورێکانم بم. دەبی دیکتاتوری بروخینین. جەماوەر دەبی تیکرا ئازادی‌یەکانیان بەدەست بینن.

مائیدا: لەبیری من و مندالەکانیش دا بە.

ئیبار: تو هەموو کاتیك لەبیری من دای.

مائـیدا: ئیـبار دەزانـی؟ رۆژانـەیش کـە تـو نیت من دەوری‌یەکەت لەسـەر مـیزەکە دادەنـیم. هـەموو رۆژیـك مـن لـە چاوەروانی تودا دەگەینیمە شـەو و هـەموو شەویك لە لای راستی تەختی خەوەکەدا دەخەوم، لەبەر ئەوەی لای چەپ جیگای تۆیە، ئیبار.

ئیـبار: مەگـری، خـەم مـەخۆ. تـو قارەمـانی منی. کاتی مندالیم! هەورە شینەکانم! روونا‌کاییم! خۆشم دەوێی، مائیدا!

مائـیدا: مـن لەسـەر زەوی‌دا چۆك دادەدەم و جل و بەرگ دەشوم تا بە تورا بگەم.

کاتـیك کـە نیت دیوارەکان رەنگی شیتی بەخۆوە دەگرن، و مـنیش دلەکەم دەبەستمەوە.

یەکتر لە ئامیز دەگرن

تەلەفون زەنگ لی دەدات

تاریکی

روونـاکی دەگەریـتەوە. سەعاتە ئاوەنگی‌یەکە چوار و چارەك نیشان دەدات.

مائیدا گوشی‌یەکە هەلدەگریت.

دەنگـی تەلەفونچـی: خـانم، هەوالـیکی گریـنگ: ئیسـتا ئاگـادار کـراین کـە بـریار وایـە پـاپ و سـەرۆك کۆمارەکـانی ئامـریکا و رووسـیە و فەرانسـە یـەك بـەدوای یـەك دا لـە سەرۆکی دەوڵەت بۆ شووەکەتان داوای لێبوردن بکەن.

مائـیدا: چ بەخـتەوەری‌یەك! یـانی ئایـا ئـیمکانی هەیـە کـە رزگار بیت؟

دەنگی تەفەفونچی: خانم مادرید ئیستا لەسەر خەتە.

مائیدا: ژنرال ئالواریز دی لینەرا؟... خۆتی؟

لـە تەنیشـت بەرمـیلەکەدا، هەر ئەو ئەکتەرەی پیشوو، بەلام ئیستا لـە جـل و بـەرگی ژنرالیك دا خۆ دەنوینی. گوشی تەلەفونەکەی بە دەستەوەیە.

نورەفکەن.

ژنــرال: (بــە وتەیــەکی نــەرم و نــیان و پــتەو، بــە شــیوازی نیزامی‌یەکان):

خـان!م وەکـوو شـوالی‌یەکی ئیسـپانیایی و مەسـیحی‌یەکی بـە بروا ئامـادەی بیسـتنی دەستوورەکانتانم. هیچ کات ژنیکی ئیسپانیایی لـە ئیسـپانیادا بـەهۆی جیـنایەتەکانی هاوسـەرەکەی بـە تاوانـبار ناژمیردریت.

مائـیدا: ئیجازە بدەن کە لەم هەل و مەرجەدا نەچینە ناوەرۆکی ئەم بابەتـەوە. بـەلام ئەوەیشتان لە بەرچاو بیت کە لەژیر ناوی پیاویکی سیاسـی بەهـیچ شـیوەیەك نـاتوانن بەهۆی هەلسوورانەکەیەوە دلی برەنجیـنن. هەلبەتە بیروبۆچوونی ئیوە و ئەو لەگەل یەك دا جیاوازی هەیـە. بـەلام مـن دلنـیام کـە ئـەو تەنانەت کاتیکیش کە دەیهەوی

بیروبۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنی ریز بۆ بیروبۆچوونەکانی دیکە دادەنی.

ژنرال: نیشتمان پیرۆزە. نیشتمانی ئیمە چەکدارە ئیسپانیاییەکان، لەناخی دلمان دایە. ئیجازە بدەن کە بە ئاگاداریتان بگەینم کەسانیك کە بەهۆی بوونی بیر وبروایەکی پیشکەوتوو زەرەر لە یەکگرتوویی نیشتمان دەدەن، باشی و نەزم و ریز لە بەرانبەر داب و نەریتە نەتەوەییەکان دەخەنە مەترسییەوە و زیانیك دەگەیننە نیشتمان کە قەرەبوو ناکریتەوە.

مائیدا: مـن دەلیم کە گرینگ ترین زیانیك کە قەرەبوو ناکریتەوە ئەوەیە کە هاوسەرەکەم تیرەباران کەن.

ژنرال: خانم، ئیوە لە خارج دا دەژین. ئەگەر ئیوە لە راستیدا ژنیکی ئیسپانیایی، واتە ژنیك بای کە تەنیا ترسی ئەوەی بی کە وای لی‌نەبیت کە پیرۆزترینی شتەکان، واتە داب و نەریتەکەی، لەدەست بدات... ئەری، ئەگەر بەراستی ژنیکی ئیسپانیایی، وەکوو ژنانی قارەمانی ئیسپانیایی باستانی نۆمانس، دەتوت:"ئەگەر هەزاران کەسیش بکوژری خەمیك نیە، کاتیك کە رزگاری نیشتمان پیویستی بەم شتانەیە؟"

مائیدا: من خەلکی ئیسپانیام و ئەگەریش لە دەرەوە دەژیم تەنیا بەهۆی ئەوەیە کە لە ئیسپانیادا ئەمنیەتیکم نیە.

ژنرال: تکایە، خانمی بەریز! ئەوەی کە دەلین وانیە. ئەمە یەکیك لەو پروپاگەندانەیە کە دوژمنەکانمان لەدژی ئیمە بەکاری دینن. هەموو کەس لە ئیسپانیادا ئازادە، هەلبەتە بە مەرجیك کە هیرش نەکەنە سەر ئەو یاسا و ریسا پیرۆزانە کە بەسەر چارەنووسی ولات دا زالە.

مائیدا: ئاخ! داوای لی‌بووردنت لی‌دەکەم. رەنگە جاریکی دیکە، لە هەل و مەرجیکی دیکەدا، بتوانم سەبارەت بە تەواوی ئەم شتانە لەگەلتان قسە وباس بکەم. شتیك کە ئیستا دەمهەویست ئەوەیە کە ئیوە لەلای سەرۆکی دەولەتەوە نیوبژیوانی بکەن بەلکوو شووەکەم تیرەباران نەکریت. تکات لی‌دەکەم لەبەر ئینسانییەت، بەهۆی هەستی مرۆڤ دۆستییەوە، ئەم کارە بکەن.

ژنرال: ئیجازە بدەن کە ئەم وت و ویژە لەمە زیاتر دریژەی پی‌نەدەین. من دەبی ئەرکی چەکدارانەی خۆم بەجی بینم. سەرەرای ئەوەی کە ریزم هەیە.

ژنرال گوشی‌یەکە دادەنی. دەستەکانی بە شیوەیەکی شانۆگەریانە لە بەرمیلەکەدا دەشوا.

رووناکی‌یەکە تیشکی خۆی دەخاتە سەری.

دەستەکانی وشك دەکاتەوە

مەشعەلیکی تازیەباران هەلدەکات، هەلیدەگریت و دەروا.

تاریکی.

دەنگی مائیدا: چۆن دەکری کە "ئیبار"ە خۆشەویشتەکەم تا ئەم رادەیە دوژمنی هەبی؟ بۆ دەبی بەسەر خۆم دا زال بم؟ ئەویش لە بەرانبەر قاتلەکانی تۆدا، ئیبار؟ نازانی چەندە پیم خۆش بوو کە تەواوی ئەو شتانەی لەنیو دلم دا کۆم کردبوونەوە پییان بلیم... چ بکەم کە، بایخی ژیانی تۆ گرینگ تر لە هەموو شتیکە.

بی‌دەنگی

بیرەوەری:

تیشکیکی نامۆ

نورەفکەن تیشکەکەی کەوتوەتە سەر مائیدا و ئیبار.

سەعاتە ئاوەنگی‌یەکە جیگاکەی خۆی بە خۆرەتاو داوە.

ئیبار: مائیدا! مائیدا!

مائیدا: ژیانی من تۆی. کاتیك لەگەلمان دای هەست دەکەم وەکوو کچیکی چکۆلە کە لەژیر چەتری قاچکیکی گەورەدا دانشتووە، پشتیوانیکم هەیە. تۆ ئاسۆی منی، و من بە ئاوات بووم کە خەونی لاو و گەرمی تۆ بام.

لەپال سینگتەوە

ئیبار: ئەوەندە بیر لە سەفەری مادریدم مەکەوە

مائیدا: باشە ئیبار... بەلام تۆ بیرمان لیبکەوە. تۆ سندووقی ئەسباب بازیەکانمانی. تۆ لووتکەی بەرزی ئیمەی.

ئیبار: نەتەوەی ئیسپانیا دەبی بە ئازادی خۆی بگات. چەکمەکانی ئەرتەش، نەتەوەی پیشیل کردووە.

ئەرتەشیك کە سەدان سالە بە شیوەیەکی ریك وپیك لە تەواوی شەرەکاندا شکست دەخوا ئیستا دەیهەوی کە تۆلە لە خەلك بکاتەوە. ریکخراوی لیکۆلینەوە لەبیر و بۆچوونەکان، ئەم سەردەمە، سەدەی بیستەم، هیشتا وجوودی هەیە."هیشتا بۆنی خوین دێ... تەواوی عەترەکانی عەرەبستان ناتوانیت بیشواتەوە...*

مائیدا: دەزانی دەبی چ بکەی. تو ریشەی، توشاخی، ئیمەیش هەمووومان، چاو بەستراو، ریگای تۆ دەگرینە بەر.

ئیبار: تۆ ئەوەی کە من لەم دنیایەدا زۆرتر لە هەموو شتیك خۆشم دەوی. یەکتر لە ئامیز دەگرن.

زەنگی تەلەفونەکە لیدەدریت.

تاریکی.

تیشکەکە دەگەریتەوە. سەعاتە ئاوەنگی‌یەکە چوارونیو نیشان دەدات. مائیدا تەلەفونەکە هەلدەگری.

دەنگی تەلەفونچی: خانم، دەمهەویست بە ئاگاداریتان بگەیینم لە سەرچاوەیەکی باوەر پیکراو و جی متمانەوە بیستوومە کە پاپ و سەرۆك کۆمارە خارجی‌یەکان لەسەر سەعاتی چوار و چارەکەوە لە سەرۆکی دەولەت داوای لی‌بورددنی شووەکەتیان کردووە.

مائیدا: یانی ئیمکانی رزگار بوونی هەیە؟

ناتوانی بەرگیریانی خۆی بگری.

دەنگی تەلەفونچی: تەلەفونەکەت بە مودیری تەواوی بانکە ئیسپانیاییکانەوە پەیوەست دەکەم.

مائیدا: سپاس. (پاش چەند ساتیك بێدەنگی) عالی جناب!نزیك بەرمیلەکەی ئەکتەرە پیشووەکە، لە وەفدی بانکداردا دەردەکەوی. تەلەفونەکەی بە دەستەوەیە.

بانکدار:خانم لیت دەپاریمەوە کە، بە "عالی جناب" بانگم لی‌مەکە. ئەم وشەیان پیشتر بۆ سەرمایەدارە گەورەکان بەکار دەهینا. ئەمرۆکە ئیمە زۆر بەرەو پیشکەوتوویی چووین. لە جەماوەری خەلك نزیك بووینەتەوە. لەگەل ئیمە و خەلکی ئاسایی بە یەك شیوە قسە دەکەن. تەنانەت هیندی جاریش بە "تۆ" بانگمان لی‌دەکەن.

مائیدا: شووەکەم، بەوجۆرەی کە رەنگە ئیوەیش ئاگادار بن تا چەند دەقیقەی دیکە...

بانکدار (قسەکەی دەپچرینی): بەلی، هەوالەکەیان پێداوم. یانی ئەمن گۆڤارە خارجی‌یەکانیش دەخوینمەوە. وا بیر نەکەیتەوە کە ئیمە پیاوە ئابووری‌یەکانی ئیسپانیا لەنیو ئەشکەوت دا دەژین و تەواوی دەرگاکانی ژیانی پیشکەوتنخوازانەمان لەسەر خۆمان داخستووە. بروات هەبی من یەکیك لە مشتەری‌یە سابتەکانی باشترین رۆژنامەکانی پاریس و لەندەن و نیویورکم.

مائیدا: بەلی، دەزانم کە تەواوی رۆژنامەکانی ئیسپانیا، لەم بەسەر هاتەدا بێدەنگ بوون.

بانکدار: خیرا قەزاوەت مەکەن. ئەگەر گۆڤارەکانمان لەم بوارەوە شتیکیان نەنووسیوە هۆکاری ئەرکە ئیخلاقی‌یەکەیانە: نابیت کاریك بکەین کە ببیتە هۆی لە یەکتر جیابوونەوەی خەلکی ئیسپانیا. نابیت هەستی رق و توورەیی خەلك هەلخرینیت و هان دەری بیت.

مائیدا: ببوورە. مەبەستیکم لە هینانە گۆری ئەم مەسەلەیە نەبوو. تەنیا لەبەر ئەوەی ئاگادارم کە ئیوە یەکیك لە هاوری نزیکەکانی سەرۆك دەولەت و یەکیك لە کەسایەتی‌یە سەرەکی‌یەکانی کە لە بواری مادی‌یەوە کودەتاکەی لەدژی کۆماری‌یەکان دابین کردبوو، وادەزانم کە بتوانیت نیوبژیوانی بکەیت و داوای لی‌بوردنی شووەکەمی لی بکەی.

بانکدار: ئەوە راستە. لە راستیدا من شانازی پێوە دەکەم کە هاوری ئەو پیاوەم کە جیگای پەرەستێشە. کەسیك کە بۆ بەختەوەری ئیسپانیا ژیانی خۆی فیدا کردووە.

مائیدا: نە تەنیا ژیانی خۆی، بەلکوو ژیانی ئیسپانیاییەکانیشی فیدا کردووە. خۆی جاریکیان وتبوی ئەگەر پێویست بی ئامادەیە کە نیوەی خەلکی ئیسپانیا بکوژی...(هەست دەکات کە نابی بەم شیوەیە قسە بکات) ئاخ! ببوورە. مەبەستیکم نەبوو کە قسەیەك بکەم کە ببیتە هۆی دل رەنجاندنتان، تەنیا دەمهەویست کە سەبارەت بە شووەکەم لەگەلتا قسە بکەم. سەبارەت بە لێبوردنی.

بانکدار: پێویست ناکات داوای لێبوردن بکەی. من کەسیکی دیموکراتم. لەبیرت نەچی کە هەلبەتە دیموکراسی ئیسپانیا دیموکراسییەکی دیکەیە، بەلام هەر شتیك بیت دیموکراسییەکە. بەلینی ئیمە دریژەدان بە ریگای لیبرالیزمە.

مائیدا: لە راستیدا هیوادارم کە بە تەرحی مەسایلی سیاسی دلم نەرەنجاندبی.

تەنیا داواتان لی دەکەم کە لەبەر میهرەبانی، لەبەر ئینسانییەت، هەنگاویك هەلگرن.

بانکدار: خانمی بەریز خۆتان دەبینن، کە دەکری لەگەل مندا قسە بکەی. ئەم تەسویرە هەلەیە دەبی لە میشك دا بشوردریتەوە کە ئیسپانیا ولاتیکە کە لەژیر دەسەلاتی ئیستبداد و ئیرتجاع دایە. بۆ نموونە خۆتان ئاگاداری ئەوە هەن کە کەسیکی وەك من، واتە لیبرالیکی راستەقینە، کنسرسیومی گرینگترین بانکەکانی ولات ئیدارە دەکات.

مائیدا: هەر بەم بۆنەوەیە کە نیوبژیوانی ئیوە لەم بوارەوە کاریگەریەکی باشی دەبیت.

بانکدار: ئاخ، خانمی خۆشەویست... بەختی ئیسپانیای ئیمە، سەرۆکی ئیمەیە. پیاویك بەهیز و لیبراوی خۆی دەسەلاتی ئەم نیشتمانەی بە دەستەوە گرتووە. رابەریکی بەرپرس، هەموومان، تەنیا خزمەتگوزاری ئەوین. هەلبەتە دروست بەپی تەواوی ئەو ئازادیانەی کە هەمانن. بەلام لەبیرت نەچی کە لە هەموو حالیکدا لە خزمەتی داین. ئیوە گەلیك جیاوازیتان هەیە. من تا رادەیەك دەتوانم بلیم کە لە خارج دا سەبارەت بە ئیمە چی دەبیستی...

مائیدا: ببوورە!

بانکدار: ئیجازە بدەن تا بۆتان شی بکەمەوە. ئیوە دەلین کە ئیسپانیا بیجگە لە ناردنی خزمەتکاری ژن بۆ هەموو چەشنە کاریك، و کریکاری بیکار و کۆمەلی روناکبیر بۆ دەرەوەی ولات کاریکی دیکەی لەدەست نایە. باشە، خانم، کەسیك ئەمانەی ناچار کردووە کە لە ئیسپانیا بچنە دەری؟ ئیوە وا بیر دەکەنەوە کە لیرەدا ئیمە پیکاسۆ و کازلس بە کالی دەخوین؟ ئەگەر ئەمرۆکە چینی خویندەوار ئیسپانیایان بەجێ هیشتووە لەبەر ئەوەیە کە لیاقەتی نیوی جوانی "ئیسپانیایی"یان نیە.

بڕواتان هەبی کە ئەو نووسەرە بەناوبانگانەی کە ژیانی دەرەوە هەلدەبژیرن، خۆیان ئەو جۆرەیان پێخۆشە. ئیمە لە ئیسپانیادا بە ئامیزیکی ئاوەلاوە پیشوازییان لی دەکەین، تەنیا هەلبەتە سروشتییە کە نابی هیرش کەنە سەر ئەو یاسا و ریسایانەی کە پیك هینەری یەکگرتوویی نەتەوەیین، هەروەها بە بیر و باوەرەکانی رابەری سیاسی ولات.

مائیدا: هاوسەرەکەم مەحکووم کراوە...

بانکدار: وە دادگۆستەری ئیسپانیاش بە سەربەخۆییەکی تەواوەوە کار دەکات. بەبی ئەوەی کە لەژیر دەسەلاتی قسەی کەسیکی دیکەدا بیت. هەلبەتە بیجگە لە ئەو بابەتانەی کە زۆر زۆر بە کەمی روو دەدەن تەنیا گوی راییلی ویجدانی خۆیەتی.

مائیدا: شووەکەم لە دادگایەکی نیزامیدا موحاکمە کراوە.

بانکدار: بەلی، بەلام موحاکمە نیزامییەکانیش وەکوو موحاکمە ئاساییەکان عادلن، و تەنانەت من لەسەر ئەو بروایەم کە کردەوەیان تا رادەیەك لە دادگاکانی دیکە عادلانەترە، بەم هۆکارە سادەوە کە لەم دادگایانەدا هەموو شتیك لەژیر چاوەدیری ئەرتەش دایە، ئەرتەشیك کە هەموو کاتیك رزگاری دەری ولاتەکەی بووە.

هەر بەم بۆنەوەیە کە بە جێگای هەڵبژاردنی وەکیل کە زۆرجار مەوجوودیکی فریودەرە و لە تریبون کەلکی ئەوە وەردەگری کە بە دژی قازانجەکانی نیشتمان قسە بکات، دادگا نیزامی‌یەکان دەرجەداریك بە وەکالەت و دیفاع لە تاوانبار دیاری دەکات کە بە رابەر وەفادار بێت. بەجۆرە کەسیك کە لە تاوانبار دیفاع دەکات، رەنگە- هەرچەند- لەوە دەچی- ئاگاهی قەزایی نەبێت، لانی‌کەم باشتر لە زمانی قەزاوەت حالی دەبی.

مائیدا: دادگایی کردنی شووەکەم هەمووی سێ سەعاتی خایاند.

بانکدار: یانی ئێوە پێتان خۆش بوو کە وەکوو هێندیك لەو وڵاتە گەندەڵانە دادگایی چەندین حەوتوو درێژەی هەبێت؟ و لەماوەی دادگایی کردنەکەدا هەروا شاهیدەکان لە سالونی دادگادا رژە بڕۆن. شووەکەی تۆ شانسی هێناوە کە ئاوا موحاکمەیەکی خێرای بۆ ساز دراوە. بۆ دەبی ناچاریان کردبا کە رۆژگەلیکی بەردەوام لەبەر چاو بینەرانەوە، قورسایی تاوانەکانی وەئەستۆ بگری....؟

مائیدا: شاهیدیك لە موحاکمەکەیدا نەبوو.

بانکدار: شووەکەت ئەرتەشی‌یەکان موحاکمەیان دەکرد، شاهیدتان دەویست؟ چ دەبوو؟ وا دەزانی کە شاهید لەسەر رەئی دادگادا کاریگەری هەبوو؟ چەکداری ئیسپانیایی تەنیا لەبیری یەك شت دایە: خزمەت بە نیشتمانەکەی، وە ئەگەریش پێویست بێت لە ریگای بەخت کردنی گیان و جەستەی.

مائیدا: پێم خۆش بوو ئێوە لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت دا قسەتان کردبا...

بانکدار: ئابەم پیاوە کە هەڵبژێردراوی رەحمەتی خودایە ئیعتماد بکەن. ئەو هیچ کات کاریك ناکات کە بە یاسا و ریسای پیرۆزی نیشتمانمان و پرشانازیترین خزمەتگوزاری واتە: ئەرتەش، سووکایەتی بکریت....

مائیدا: ئایا شووەکەم لە ئیعدام رزگار دەکەن؟

بانکدار: خانمی خۆشەویست! چی روو دەدات، گرینگ نیە. بەلام دلنیا بن کە هیچ کەس ناتوانێت لە ئەرزش و ئیعتبار و نیو سەربەرزی ئێمە کەم بکاتەوە. خانم، من، هەست بە ژانەکەت دەکەم. تۆ لە دەروونی من دا پیاویك دەبینی کە ئامادەیە بەریز و خۆشەویستی‌یەوە لە بەرانبەر ئەو برینانەی کە لە ئاکامی کردەوەی هاوسەرەکەتەوە دروست بوون سەری ریزت بۆ دانەوینی. لە راستی‌دا ئەوەندە پێم خۆش نیە بەر بە هەوڵ و تێکۆشانی تۆ بگرم. خانمی خۆشەویست ریزم بۆت هەیە...

گوشی‌یەکە دادەنێت و دەستەکانی بە روالەت لە بەرمیلەکەدا دەشوا. رووناکایەکە تیشکی دەخاتە سەر.

دەستەکانی وشك دەکاتەوە.

سەری ئەسپێك کە هێشتا خوێنی لێ‌دی هەڵدەگری. سەرنەیزەیەکی تێدەکات و لەگەڵ خۆی لە سەحنەکە دەیباتە دەری.

تاریکی.

نورەفکەن، مائیدا رووناك دەکاتەوە.

مائیدا: چۆکی داداوە و دەگری. تەوێڵی ناوەتە سەر خاك. سەعاتیکی لمی زۆر گەورە خراوەتە پالی. باڵندەیەکی چکۆلە بە دەوریدا دەسووڕێ. مائیدا سەیری باڵندەکە دەکا و وادیارە کە ئەهوەن بۆتەوە.

تێدەکۆشی کە بەسەر خویدا زاڵ بێت.

رادەپەری، خۆی لە عەبایەکی گەورە و سپی‌دا کە تەواوی لەشی دادەپۆشی، دەپێچێنی.

تاریکی.

سەعاتە ئاوەنگی‌یەکە سەرنجی رووناکایی بەرەولای خۆی رادەکیشی:

١٠ دەقیقەی دەوی بۆ پێنج.

ئەکتەریك کە رۆلی بانکدار و ژنرال و کەشیشی دەگێرا، دیتە ژووری. بەرەولای سەعاتە ئاوەنگی‌یەکە دەچی. بۆ ئەوەی دەستی بگاتە سەعاتەکە لە پێنێژەیەك دەچیتە سەری. عەقرەبەکان لەسەر سەعاتی چوار و پێنج دەقیقە کەم میزان دەکات و لە پێنیژەکە دیتە خواری. ئاگر لە سەلیبیك بەردەدا کە وەکوو "کوکلوس

کـلان"ەکـان دەسـوتێ: ئەوکات سەری دەباتە ژێر عەبایەکی گەورە کە تایبەت بە کەفارە دەرەکانی ئیسپانیایە.
زەنگی تەلەفونەکە بەرز دەبێتەوە.
ئەکتەر: تەلەفونی سەرۆکی دەولەتم پێ بدەن.
دەنگی سەرۆکی دەولەت: بەلی.
ئەکتەر: حەزرەتی ئەشرەف؟
دەنگی سەرۆکی دەولەت: قسە بکەن.
ئەکـتەر: ئاگـادار کـراومـەتەوە کـە سـەبارەت بـە ئـیعدامی ئەمرۆ، پـاپ، سـەرۆك کۆمـاری ئامـریکا، هـەروەها ژمـارەیـەك لە سەرۆك دەولەتـەکان لـە ریگـای تەلەفونـەوە لـە ئـیوە داوای لێبوردنیان بۆ کردووە.
دەنگی سەرۆکی دەولەت: وایە
ئەکـتەر: ئایـا بیرتـان لـەوە کـردۆتەوە کـە بۆ هیمن بوونەوەی هیزە خارجی‌یەکان رۆژی ئیعدامەکە وەدوا خەن؟
(بێدەنگی)
دەنگی سەرۆکی دەولەت: نا.
ئەکتەر: کە واتە دەستووری چ دەدەن؟
(بێدەنگی‌یەکی دریژماوە)
بەبی راوەستان لەسەر سەعاتی چوار تیرەباران بکری.
ئەکتەر: دوایی ژنە بیوەکەی داوای جەنازەکەی دەکات.
دەنگـی سەرۆکی دەولەت: بە شیوەیەك جەنازەکەی لەبەین بـەن کە هیچ ناونیشانیکی لی نەمینیتەوە.
گوشی‌یەکە دادەنی.
تاریکی.
دەنگی رەگباری کەرکەری گوللەکان.
رووناکایەکـە دەگەریـتەوە و دەکەویـتە سەر پەردەی بان بەرمیلەکە. پـیاویکی سـوورپۆش وەك ئـەوەی کـە لـەخوێن دا خووسـابی لەنیو پەردەکـەدا راکشـاوە. جەنازەیەکـە. لەنیو پارچەکەدا بەر دەبیتەوە و دەکەویتە ناو بەرمیلەکە.

جەنازەکەی ئیبارە.
بە پەردەکەوە، لەکە خوینیکی یەکجار زۆر سـەلیبی گـر گـرتوە، هـەروەها لەوپـەری سـەحنەکەدا دەسـوتیت.
تەنیشـتی سـەلیبەکە، ئەکـتەر، کـە لـە جل و بەرگی کەفارە دەرەی تاوانبارانی "هەفتەی پیرۆز" مەشعەلیکی گەورە دەگێرێ.
نـیوەی روومـەتی هاوسـەری مەحکوومەکـە، راوەسـتاوی، لـە سیبەرەکەدا دەبینری.
ئـەو عەباکـەی ئـەمدیو و ئـەودیو دەکـات و بـە تـەواوی رەشـایی عەباکە، لەنیو خویدا ونی دەکات.
کوتر پڕ دەنگی نالە و هاواری بەرزی دلتەزین نامینیت.
بێدەنگی.
و. ئیرەجی زەهری
و. لە فارسی‌یەوە. کەیوان خویوز

# تیبینی:

* یـەك ئەکـتەر ئـەم سـێرۆلە دەگـیری کـە بەپـیی رۆلەکـە، بـە گـریمی جۆراوجۆرەوە خۆی دەنوینی.

١- NUMANCE لەسالی ١٣٣ بەر لە میلاد "سیپیون ئێمیلی‌ین"دا گیری کرد و تیکی شکاند.

٢- لە تراژیدی "مکبس"دا، مەجلیسی ئەوەل لە پەردەی پینجەم. "لیدی مکبس" بە ئاماژە کردن بە دەستەکانی لەگەل خۆیدا ئاوا دەدوێ: "لیرە هیشتا بۆنی خوین دی. تەواوی عەترەکانی عەرەبستان ناتوانیت ئەم دەستە چکۆلانە بشواتەوە..."

مکبس بەرهەمی ویلیام شیکسپییر. وەرگیرانی دوکتور عەبدۆ رەحیمی ئەحمەدی- ئینتشاراتی نەشری ئەندیشە ١٣٤٦ی هەتاوی.

٢- پـابلو کـازالس Pablo casals ژەنـەری ویۆلـۆن سـێل، دانەری ئاواز و رابەری ئورکێستێری ئیسپانیایی.


ئاسۆی شۆڕش
تایبەتە بە بیرەوەری

# هــاواری پــشت میلەکانی زیندان

ن: سادقی ٢٥

**ئـەم سـەربردەیە پـەیوەندی بـە هەلـسوورانی کۆمەلـێك لە هەلسووراوانی کۆمۆنیستەوە هەیە کە لەسالی ١٣٦٦ لەلایەن دەست و پیوەندەکانی رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیەوە گـیران و رەوانـەی سیاچالەکان کران.**

هـاوری لەگەل ژمارەیەکیتر لە لاوانی ئاواییەکانی دەور وبەری سنە لـە پائیزی سالی ٦٦ لەلایەن شەمشەمە کویرەکانی جەهل و نـەزانی نیزامی سەرمایەی ئیسلامی لە شەویکی ئەنگوستە چاودا بە کۆمەل گیراین و دەست بەسەر کراین.

ئەو شەوە پاسدارەکان و بەکریگیراوانی خۆجیی واتە جاشەکان لە سـەعاتی ٢ی نیوەشـەو بـوو کە رژانە نیو ئاوایی و ئەو مـالانەی کە پیشـتر دیارییان کردبوو، دەست نیشان دەکرد و هەر چوار کەس و پێـنج کـەس لە هیزی بەکریگیراوی رژیمی ئیسلامی بەسەر دیوار و پـەردوی مالـەکاندا سـەر دەکـەوتن و دەچـوونە ناومـال و حەوشەی خەلکـەوە. لـەو شـەوەدا نـزیکەی ١٠ کـەس لەو لاوانەی کە بەهۆی کـاری سـەخت و تاقـەت پروکیـنەوە مـاندو و هیلاك نوقمی خەوی شـیرینی دەمـەو بەیانی ببووین، لە خەو دایانچلەکاندین و بە تاوانی کۆمەلـە بوون و لایەنگری لە کۆمەلە گیراین و رەوانەی یەکیك لەو پاسـگایانەی رژیم کە لەو نزیکانە بوو، کراین و بەچاوی بەستراوەوە و دوور لـە یـەکتر دایانـنابووین، ئـیمە کـەسمان نەئەبـینی و بانگی یەکترمـان ئەکرد:" ئەحمەد تۆشیان گرت؟ بەلی. ئەکبەریش گیراوە؟ وەلام: بـەلی مـنـیش لـیرەم و جـەمالی کـاك رەشـیدیش لیرەیـە، بە کورتـی بـە دەنگـی یەکـیك لـە بەکریگیراوان کە وتی بیدەنگ بن، قسـەکانمان بری. هەر لەو کاتەدا ٣ ماشینی پاسدارەکان هاتنە نیو پاسـگاکە و بـەخیرایی سـواریان کـردین کـە نـەکا بـنەمالەی گیراوەکان پیبزانن و بین و ریگەیان لی بگرن کە رۆلەکانیا نەبەن.

بەکـریگیراوان و ئینسـان دزەکـان، ئـەو لاوانـەی کـە گرتبوویانن لەنیو ماشینەکەدا رایانکیشابوون و کەوتنە ری. لەو مـاوە کورتەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی ئاوایی ویرای بنەمالەی گیراوەکان بەرەو پاسـگاکە دەهاتن. لەسەر ریگاکە لە حالیکدا کە هات و هاواریان بــەرز کـــردبووەو جنـــیویان بـــە پاســـدارەکان دەدا و تەنانـــەت ژمارەیەکـیان دەگـریان، هەولـیان دەدا پیش بە ماشینەکان بگرن. لـەو کاتەدا یەکیك لە نۆکەرانی رژیم کە دیار بوو سەرۆکی چەتە و ئینسـان دزەکان بوو، دەنگی هەلبری کە فەرمانیدا ماشینەکان بە خیرایی هەرچی زیاتر لی بخورن و هەرکەس هاتە سەر ری بیکەن بە ژیـرەوە. بـە خیرایی بەنـیو خەلکە داخدارەکەدا تیپەرین و ئیمەیان رفـاند و لـە ئـاوایی دەرکەوتن. لە هەر ماشینیکدا ٣ تا٤ کەس لە ئـیمەیان لەنـیو ماشـینەکەدا راکیشـابوو، وە ژمارەیـەك جـاش و پاسـدار بـە چـەکەوە لەسـەرمان راوەسـتابوون کـە نـەکا رابکـەین. لـەماوەی ریگـا یەکـیك لە گیراوەکان وتی: بۆچی ئیمەتان گرتووە، چ کاریکمـان کـردوە، لـە خۆتان ناترسن. یەکیك لە بەکریگیراوانی خوجیـی وتـی: بە گۆری باوکی ئەو کەسەی ئیوەی ئاشکرا کردوە و راپۆرتـی لـیداون، ئـیمە چبکەین. لاوە گیراوەکـە وتی: بەهەر حال لانیکەم بۆ هەر شوینیکمان دەبەن، بنەمالەکانمان ئاگادار بکەن و شـوینەکەیان پـی بلـین هەتا بە شوینمان دا نەگەرین و سەرگەردان نـەبن. وتـی بـەلین بێ ئاگاداریـان دەکەم. بەلام چونکە بەکریگیراو بـوو، ئالقـە لـەگوی رژیم بـوو، تەنـیا درۆی لەگـەل ئیمە دەکرد و بەلیـــنییەکەی بـــەجی نەهیـــنا، راســـتی ئـیمەش لـــەوە زیاتـــر

چاوەروانیمان لـی نەدەکـرد. چـونکە ئـەوان تەنیا بەکریگیراو و خۆ فـرۆش بـوون. بەهــەر حـال ئـیمەیان بـۆ شـاری سـنە بـرد و پــاش مـاوەیـەکی کـەم مـانــەوە لە شوینیك یەك راست رەوانەی یەکیك لە سیاچـالەکانی رژیمـیان بـەناوی دادگـای ئیـنقلاب کـردین. بەچاوی بەسـتراوەوە یـەك یەك بردیانینە نیو ساختومـانیکەوە کە لەو شوینە دەنگـی قفـل و زرەی زنجیر و دەرگا دەهاتە بەرگوی. منیشیان بردە نـاو ژووریـك و دەرگـا کـرایەوە و خستیانمە نـیو سـلولیك، بـەلی سلولی تار و تەنگ. ئەو کاتە تیگەیشتم کە ئەوە دەنگی ترسناکی قفـل و زنجیری سـلولەکان بـوو، سـلولیك بـە دەرگای ئاسن و قفل داخـرا و کـە ئـەو ئینسـانـە شـەریف و شورشـگیرانەیان تیدا حەپس دەکــەن کــە بــیجگە لـــە دادپـــەروەری و بەرابـــەری ئینســـانەکان هیچیتریان ناوی و یان تەنیا خۆشەویستی تاوانیانە، چونکە خۆش ویسـتن لـە کۆمــەلگای مـەزهەبی سەرمایەدا تاوانە و سزای هەیە و جـیگای نـاو سـلولی تـاریك و تەنگـە و حـەپس دەکرین کە مەبادا نـیزامی گەندەلـیان تووشـی مـەترسی بی. بە کورتی کاتیك چاوم کـردەوە، لـە شـوینیکی سامناکدا بووم کە هەرگیز بە خەویش نەم دەبـینی. هـەتا ئەمرۆ شوینیکی ئاوا ترسناك و سامنـاکم نەدیبوو. شـوینیکی تـاریك و ئەنگوسـتە چـاو، دەسـتم بـرد بـۆ گیرفـانم و شقارتەیەکم دەرهینا و دامگیرساند. ئەوە گۆری تەنگ و تاریکە و زیندەبەچـال کراوم. هەتا شقارتەکە تەواو بوو هەموویانم داگیرساند و سـەیری دیوارەکانی ئەم گۆرەم دەکرد. نووسراوەکانی سەر سینەی دیوارەکەم دەخویندەوە، زیاتر و زۆرتر بیزار و عاجز دەبووم. یەکیك نووســـیبوی "چـــەند رۆژیتـــر ئـــیعدام دەکـــریم". یەکـــیکیتر نووسـیبووی "٧ مـانگــە لــەو سـلوولە دام". کـەم و زۆر بەســەر دیوارەکـەوە نووسـراوەی جۆراوجـۆر دەبیـندران. دیـار بـوو ژنانـیش ریـیان کەوتـبووە ئـەم گۆرستـانە کـە هـەر یەکە و بە جۆریك تیدا چووبوون و لە ناویان بردبوون. ئەو شەوە بەروانین لە نووسراوەکان و خویندنەوەیان شەوم بە رۆژ کردەوە.

لـە حالـیکدا کـە ئـەم نووسـراوەیە دەنووسـم و نـاوی سـلوول و بەندیخانـە و شـکەنجە وئـیعدام دەبـەم، سەرتاپیم دەلەرزی و دەهەژی بەلام چار نیە و دەبی بنووسم هەتا دوژمن ریسوا بی.

لـە یەکـەم سـاتەکانی بەرەبەیان دا دەنگی شەو ژەنی دەرگا هاتە گویـم و کەسـیك بـە دەنگـیکی گـرو و سـامناکەوە وتـی چـاوت ببەسـتە. چـاو بەسـتیکیان پـیدابووین کـە هیچـی تیدا نەدەبیندرا. چاوم بەسـت و کەسـەکە هاتە ناوەوە و پرسیاری لیدەکردم، سەرەتا وتـی ناو: ئەمین، ناوبانگ قوبادی و دواتر وتی بۆچی لیرەیت، وتم: نـازانم، وتـی مـەگـەر دەکـری نـەزانی. وتـی: سەیر کە من بەرپرسی لیکۆلیـنەوەی تـۆم و تۆش بە تاوانی لایەنگری لە کۆمەلە گیراوی. ئیسـتاش هـەر کاریکت کردوە خۆت بیلی، بە من بلی، هاوکاریت دەکـەم. منـیش لـە وەلامـدا وتم: بیتـاوانم ئـەوەی تـۆ ئیشـارەی پیدەکـەی مـن کاریکم نیە بەم شتانە و لەپال ناوی کۆمەلەدا ناوی حیزبی دیموکراتم ئیشارە پیکرد کە بە هینانی ئەو ناوە، بە روالەت بیلایـەنی خـۆم دەربخـەم. مەئمورەکـە وتی بەلی راستە کاریکت بە دیموکـرات نـەداوە، تەنیا کارت بۆ کۆمەلە کردوە، منیش وەك تۆ کـارم بـە دیموکـرات نـیە. وتم من کاریکم نەکردوە. دیسان دریژەی پیدا کە ئیرە شوینیك نیە بتوانی بەم قسانە خۆت ئازاد بکەی ئیمە کـەر دینیـنە قسە و دواتر لە سلولەکە چوە دەرەوە. پاش سەعاتیك سـەر لـەنوی قفلـی دەرگـا کـرایەوە و راپسـان راپسـان منـیان بـۆ ســاختومـانیکیتر بــرد و دایــان نـام. کەسـیك کــە بەرامــبەرم دانیشـتبوو وتـی گـوی بگـرە لـە دەنگـیرا ناسـیمەوە کـە هەر ئەو کەسـەی پیشـوو بـوو. وتـی ئـیمە لە هەموو شتیك ئاگادارین بەلام دەمانـەوی خـۆت شتەکان بلیی و تاوانەکەشت کەم دەبیتەوە و هەم ریگـای ئـیمەش ئاسـانتر دەکەیـتەوە. وتم هـیچ کـاریکم نەکـردوە. زللەیـەکی تونـدی لـیدام و وتـی دەتهـەوی بـەم قسـانەت خـۆ لـە راستـییەکان گـیل کـەی، ئـیمە هــەموو خەیانەتکارییـەکانی تـۆ دەزانـین. منـیش لـەو کاتـەدا بـیری رینوینییەکانی رادیو کۆمەلەم کـردەوە کـە بـۆ شـیوەی لیکۆلـینـەوەی پولیسـی سیاسـی رژیـم لە

گیراوەکان دەبی بزانی کە ئەوان چ زانیاریيەکیان هەیە و ئیتلاعاتیان چەندەیە لەوکەسەی کە گیراوە. وتم من بێتاوانم. بە تورەیی‌یەوە وتی بەلی راست دەکەی بەسەری باوکت، قسە بکە، قسە بکە، پاشان ٣ تا ٤ مستی توندی لە سەر و سەکوتم دا و بە خیرایی فەرمانیدا کە من رەوانەی شوینیکی‌تر بکەن. ئەو شوینە ئیتر شوینی زللە و مست نەبوو بەلکو کوشتارگا بوو، شوینی ئەشکەنجە و لیدان هەتا سەرە مەرگ بوو. پاش نیوسەعات ئەشکەنجەی دەروونی و لیدان بە کابل، کەسیکیان هینا کە بە ئەشکەنجە و لیدان و تۆقاندن ناچار بە قسە کردنیان کردبوو، هینابوویان هەتا رووبەرووی منی بکەن. چەند قسەیەکیان لە من پرسی کە ئەو کەسە درکاندبووی. هەرچەند من ئەو کەسەم لەژیر چاو بەستەکەمەوە بینی بەلام نەمهیشت بزانن کە من دەبینم و لە بەرانبەریان رادەوەستم و ئەوان تەحریك بکەم. وتم بەلی من هەر تەنیا ئەو کارەم لەگەل ئەو کەسە ئەنجام داوە و زیاتر نا.

دواتر تیگەیشتم کە ئەو شوینە، شوینی ساواك بوو لەژیر چاوبەستەکەوە بۆ دەور و بەرم دەروانی کە لەبەردەم چەندین سلوولەوە تێپەرین. کەسیکم بەرچاو کەوت کە لەو تاریکی‌یەدا لەسەر سەندەلی دانیشتبوو سلوولەکانی لەژیر چاوەدیری‌دا بوو بۆ ئەوەی کە ئەگەر زیندانی‌یەك ویستی لەگەل زیندانیەکی‌تر قسە بکات و لە دیواری سلولەکە بدات بیانناسی و شکەنجەیان بکەن و یان ئەگەر کەسیکیان تازە دەگرت و دەیانخستە نیو سلولەکانەوە کە لەگەل هاوسلوولی‌یەکەی ئەو کارانەی کە کردویانە لەپشت دەرگاوە گوێیان لی بگری و لە رووی قسەکانیانەوە زانیاری کۆکەنەوە. پاش هینان و بردنیکی زۆر سەرەنجام بۆ سلوولی پیشوویان بردمەوە. هەرچەند قسە درکاندنی ئەو کەسە زۆر کاریگەر بوو لەسەر من بەلام هەروا هیوادار بووم کە زۆر شت نازانن و دەبی زیاتر خۆم بپاریزم و دەبی بزانم زانیاری‌یان لەسەر من چەندە. هەرچەند ئەو کەسە تەسلیمی بوو وە لە هەموو شتەکانی من ئاگادار نەبوو، بەلام دیسانیش جیگای هیواداری بوو چونکە لەوە زیاتر هیچی‌تری نەدەزانی. لەو رۆژەوە بەردەوام سەردانی سلوولەکەیان دەکردم و شکەنجەیان دەدام، شکەنجەی روحی و جسمی، سەریان بە دیواردا دەکیشام و بە خیرایی پرسیاریان لی دەکردم، یەکیان ماندوو دەبوو ئەوی‌تر دەهات، یەکیان بەرپرسی لیکۆلینەوە بوو، ئەوی‌تریان تەواب بوو بەناوی سەدیق زەریف.

پیویستە بلیم کە گیرانی ئیمە زۆر دژوار ببۆوە کە بتوانین قسەیەکیان لی بشارینەوە چونکە حەوزەکەی ئیمە ویرای ٧ کەسی‌تر کە پەیوەندی‌یان بە ئیمەوە هەبوو، هەموویان گیرابوون و هەموو هاورێیانیش ئەزمونیکی زۆریان نەبوو.

ئەزیەت و ئازار، شکەنجە و تۆقاندن بەشی ئیمەی زیندانی بوو. گیراوە سیاسی‌یەکانیان لەسەر پشت یان لەسەر سك و بە قەولی خۆیان هەر فەرمانیك کە حاکمی شەرع و تبای جی‌بەجێیان دەکرد و دەست و پی‌یان توند بە تەختەیەکەوە دەبەستن و بە کابل بەر دەبوونە گیانیان. زۆرتر بەهۆی ئەوەی کە ورەی زیندانی‌یەکانی‌تر بروخینن و ترس و وەحشەت سەرتاپای سلوولەکان دابگری دەمی کەسەکانیان لە کاتی شکەنجەدا نەدەبەست، بۆ ئەوەی هات و هاوار بکەن. هەرچەند تیکرای گیراوەکان ئەم قۆناغە تێپەر دەکەن بەلام دیسانیش ئەو کارانە دەکەن. شەو نەبوو کە دەنگ و هاواری ژنان و کچان و پیاوان بەرز نەبیتەوە کە لەژیر مەئمورانی مەرگ و شکەنجەی پیاوانی مەزهەبی‌دا نەتلینەوە و نەگرین. زۆرجاریش بە فەرمانی جەنابی حاکمی شەرع هەتا سەرە مەرگ زیندانی‌یان ئەشکەنجە دەکرد. زۆر کەس هەبوون کە بەهۆی برینی دەست و لاقەکانیان و زۆربوونی کیچ و ئەسپی، تووشی نەخۆشی دەبوون و برینەکانیان چلکی دەکرد. یەکیك لە پ. م کۆمەلە کە بە بریندار گیرابوو، بیجگە لەوەی کە ئەسپی لیی دابوو، ئیسقانی ژیر برینەکەی رەش هەلگەرابوو کە پاش ئەم هەموو ئازار و مەینەتە پاش سالیك ئیعدامیان کرد. ئەو کەسەش ناوی جەمال بوو ناسراو بە جەواد باوەریز یادی بەرز و بەریز بیت.

پاش دوومانگ مانەوە لە سلوولەکانی بەناو دادگای ئینقلاب ڕەوانەی ساواکی کۆن و ساوامای کۆماری ئیسلامی‌یان کردم. یەکێک لە بەندی‌یەوانەکان دەستی گرتم و پاش چەند دەقیقە ڕەوانەی بەندیکیان کردم کە زۆربەی هاوڕێیانی کۆمەڵە لەوێدا حەپس کرابوون. دیسان چاوبەستەکەیان کردە چاوم و بردیانمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە چەند دەقیقە پێشتر لەوێ بووم. چاوبەستەکەم کەمێک لادا دیتم لەبەردەمی سلوولیکدام کە هەر بە دیتنی ئینسان زەندەقی دەچوو. زۆر نارەحەت و دڵتەنگ بووم لەوەی کە لەو سیاچاڵانەدا زۆر ئینسانی بێتاوانیان حەپس کردبوو کە خۆم یەکێک لەوان بووم. لەم فکر و خەیاڵانەدا بووم کەسێک هات و وتی هەستە، دەستی گرتم و بردمی نزیکەی ۲۰ هەنگاوێک کە ڕۆیشتین، دەرگای سلوولیکی کردەوە و چوومە ناوە و دەرگا داخرا. چاوبەستەکەم لادا، کەسێکم بینی وەك ناسیاو دەچوو، ئەویش کە منی چاو پێکەوت هەستایە سەرپێ و دەستی خستە ناو دەستم و یەکترمان ماچ کرد و وتی دانیشە. سەیریکی کردم و وتی دەمناسی. وتم لە ناسیاو دەچی. وتی من سەباح باوەڕیزم. بیرم کەوتەوە. زۆر گۆڕابوو. ۸ مانگ بوو لەناو سلوول دا بوو. سپی هەڵگەڕابوو. وتم حاڵت چۆنە. وتی: دەمبینی حاڵم چۆنە!! پاشان ڕۆژنامەیەکی نیشان دام کە پڕ بوو لەو وێنانەی کە لە ساڵەکانی ۵۷، ۵۸ و ۵۹ ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەکرد، تیربارانی بەکۆمەڵی خەڵکی نیشان دەدا. سەباح لاپەرەکانی هەڵدەدایەوە و وێنەکانی نیشان دەدام. هێشتا سەیری هەموویانم نەکردبوو کە سەرلەنوێ دەرگا کرایەوە، پاسدارێك هات و وتی چاوبەستەکە لێدە و وەرە، ماڵئاواییم لە سەباح کرد، منی بردە سلوولی ڕوبەرووی سەباح کە بە بەندی عەباس ناسرابوو، عەباس تەوابی بوو کە دواتر یەکێک لە پیاو کوژ و جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی لێدەر هاتبوو. چوومە ناو سلوولەکە و چاوبەستەکەم هەڵگرت. چاوم بە چەند کەسێك کەوت، هاوڕێیانی کۆمەڵە بوون، ناسیمن. یەکیان سەعید بوو کە ناوی ئەسڵی‌یەکەی فەرەهمەندی سادق وەزیری بوو، جەمشید خ و هەروەها چەند ڕۆژ دواتر هاوری غولام حەق بەیانیان هینا کە پیشتر لەناو سلوول دا بوو. لە سەعید و جەمشیدم پرسی، کەی گیراون. وتیان: نزیکەی ۷ مانگ دەبی گیراوین. ئاساری ئەشکەنجە و ئەزیەت بە ڕوونی بەسەر جەستەیانەوە دیار بوو. لەماوەی ئەو ۷ مانگەش دا هێشتا ئەشکەنجە و لیکۆڵینەوەی جەمشید تەواو نەببوو.

پاش چەند ڕۆژ ڕەوانەی بەندیکی‌تری ساواك واتە لە بەندی عەباسی‌یە بۆ نیو بەندی ئەسلی زیندان یان کردم کە بریتی بوو لە ۳ ژوور و هەر ژوورەی نزیکەی ۲۵ کەس زیندانی لەخۆ دەگرت. پیویستە ئیشارەی پێبکەم کە لە بەندی عەباسی‌دا هاوڕێی شۆڕشگێر سەلاح سەقزیشی تیدا بوو، وە ژمارەیەك هاوڕێی چەپ کە زۆربەیان کۆمەڵە بوون لە لایەنگر و پ.م کە دەستگیر کرابوون، لەم گرتووخانە تەنگ و تاریکانەدا حەپس کرابوون. لەنیو ئەوانەدا لە هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران وەك کەیوان مهاجر بەناوی محەممەد ئەمین و حیکمەت باوەریز و موختار ئەویهەنگ و کاك زاهید و دەیان کەسی‌تر کە بە تاوانی لایەنگری لە کۆمەڵە گیرابوون، بەرچاو دەکەوتن. لەماوەی ۱مانگدا کە لە بەندی ساواکدا بووم هەموو شەویك شاهیدی ئەشکەنجە و لیدان و ئەزیەت دانی زیندانیانی سیاسی بووین. شەو نەبوو هاوار و ناڵەی پیاوان و ژنانی ئەشکەنجە کراو نەبیسین کە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا دەست بەسەر کرابوون. ئەو ئینسانە شەریفانە کە لەژێر توندترین ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست دا خوازیاری عەداڵەت و یەکسانی بوون و دوژمنی نابەرابەری و هەڵاواردن و چەوسانەوە. ئەوە چ جیهانیکە کە عەدالەت خوازی تیی‌دا تاوانە.

ترس و وەحشەت و جینایەت فەزای زیندانەکانی تەنیبوو. چکۆلەترین حەرەکەتی ئیعتڕازی لەلایەن گیراوەکان، بێچارەنووسی، کەم کردنەوەی هەواخۆری، نەدانی خواردن و ملاقاتی بنەماڵە و کەم کردنەوەو بەرتەسك کردنەوەی شوینی خەوتن و پشوودان، غەیرە بیهداشتی بوونی ناو زیندان و ئەشکەنجە

و سەرەنجام ئیعدام کردنی بە شوینەوە بوو. سەبارەت بە زیندانیانی سیاسی دەبی بلیم کە بەردەوام هەرەشەی مەرگیان لیدەکرا، هەرچەند لە مەرگ بەدەستی جەلادان نەدەترسان و چاونەترس بوون، پێیان باشتر بوو کە بمرن هەتا تەحەمولی ئەو هەموو بێحورمەتی و ئەشکەنجەیە بکەن.

هیچ گیراویک لە چارەنووسی خۆی ئاگادار نەبوو، تەنیا چاوەروانی بەشی ئەوان بوو، چاوەڕێ بوون کە هاکا کەسیك هات و توندترین و دژی ئینسانیترین حوکمیان پیڕابگەیەنی، یان حوکمی ئیعدامیان بۆ بێنی.

پاش ٣ مانگ چەرمەسەری رۆژیك منیان لە بەندەکە بانگ کردە دەرەوە، چاوبەستیکی ئەستووریان لە چاوەکانم بەست و کەل و پەلەکانیشیان هەلگرتم. تیگەیشتم کە دەمبەن بۆ شوینیکیتر. پیویستە بوتری کە کاتیك زیندانی بۆ شوینیکیتر رادەگویزن، بەندییەوانەکان عادەتیان بوو بۆ ئەوەی کە گیراوەکان لە چارەنووسی یەکتر ئاگادار نەبن هەرکات زیندانیەکیان رەوانەی شوینیك دەکرد خۆیان پیشتر دەبردە دەری و دواتر کەل و پەلەکانیان لە بەندەکە رادەگواست و ریگایان پینەدەدان کە مالئاوایی لە هاوریکانیان بکەن و باسی خۆیان بکەن، مەگەر دواتر کە لە ریگای بنەمالەکانەوە سۆراغی یەکتریان دەزانی کە چیان بەسەر هاتوە، ئیعدام کراوە، زیندانی دریژماوەیان پیداوە یان بۆ سلوولیان بردۆتەوە هەتا ئەشکەنجە و ئەزیەتی بدەن.

کەل و پەلەکانی منیان هینا. وتم بۆ کویم دەبەن. وتیان ئیمەش نازانین، دواتر تیدەگەی. بردیانم بۆ شوینیك لە حەوشە دەچوو. چەند کەسیك لەو لاترەوە دەنگیان بەرگویم دەکەوت، سواری ماشینیك بووین و کەوتینە ری و لە ناوەندی ساوامای رژیم چوینە دەرەوە. سەرەرای ئەوەی کە شوینەکەمان ترسناك و شکەنجە و نارەحەتیمان زۆر بوو بەلام چونکە هاوریێی سەمیمی یەکتر بووین و کۆر و کۆمەلیکی دۆستانە و شۆرشگیرانەمان هەبوو، کاتیك لییان جیا بوومەوە زۆر نارەحەت بووم و دلم پربوو، هەموو بیر و هۆشم بەلای ئەو خۆشەویستانەوە بوو. ئیمەیان بردە دادگای بەناو ئینقلاب و لەناو کالیدوریکیان کردم. هەرچەند ئەو شوینە بەناو دادگا بوو بەلام جیاوازییەکی نەبوو. هەم زیندان بوو، هەم دادگای بیدادی رژیم بە رادەیەك ترسناك بوون. چونکە هەر جینایەتیك لەدژی زیندانیەکان بەریوە دەچی لەو دادگا چەپەل و گەندەلەدا فەرمانی دەردەچوو. من لەبەر دەرگاکە راوەستابووم چاوم بەسترابوو، ئیتر نەمدەزانی کەسیك لە دەوروبەرم هەیە یان نا. چونکە زۆر بیدەنگ بوو. دەرگا کرایەوە. کەسیك هاتە پیشەوە و وتی ناوت چیە وتم ناسر وتی تۆ ناسر کۆمەلەیت، هیچ وەلامیکم نەدایەوە. پاش چەند دەقیقەیەك بردیانمە ژووریك و چاوبەستەکەیان لەچاوم کردەوە. ئەو کەسە دادیار بوو لەپشت میزیك دانیشتبوو. پاش ئەوەی کەمیك تیمەوەراما و وتی دانیشە. دەستی کرد بە خویندنەوەی "کیفر"ەکان. هەرچی وتم ئەمانە گشتی درۆیە، گویی پینەدا. چونکە هەرچی ئەوان خۆیان بیلین هەر ئەوە حیسابە و چونکە عەدالەتیك لەکاردا نیە، هیچ مافیك بە زیندانی نادری کە دیفاع لەخۆی بکات و لەپشتی دەرگای داخراوەوە بە مەیلی خۆیان بۆ زیندانی تەسمیم دەگرن و بریاری لەسەر دەدەن کە چ بەلایەکی بەسەر بینن، پاشان وتی ئەحمەق، جینایەتکار زمان دریژی دەکەی و سووکایەتی بە برایانی لیکۆلینەوە دەکەی، بە تووڕەییەوە وتی برۆ بۆ دەرەوە. ئەم جینایەتکارە کە دادیاری دادگا بوو، ناوی شارام خەلکی کرماشان بوو.

پاش هاتنە دەرم لە ژوورەکە پاسداریك کە لەبەر دەرگاکە بوو توند چاوی بەستم و دەستی گرتم سەرلەنوی بەرەو زیندان کەوتینەوە ری. لە فکری خۆم دا وتم کە رەنگە دیسانیش بچمەوە لای هاوریکانم لە ساواما بەلام نا بەرەو ئەو شوینە نەچووین، لەژیر چاوبەستەکەوە بۆ دەور وبەرم روانی دیتم بەرەو شوینیك دەروات کە یەکەم رۆژی گیرانم هینابویانم. واتە دادگای ئینقلاب یانی سلولەکان، بەلام دیسانیش بە پیچەوانە هەر لەنیو ئەو قسانەی خۆم دا بووم لەچەند پلیکانیك سەرکەوتین و دەرگایەکی

گەورەی کردەوە و چاومی کردەوە و وتی برۆ و پاسدارەکەش گەرایەوە. کاتێک سەیرم کرد سەرەتا پێم وابوو دەرەوەی زیندانە و خەڵکی ئاسایی لەسەر شەقامەکان هات وچۆ دەکەن بەڵام بە داخەوە تێگەیشتم کە بەندیکی گەورەترە و هەرکەس گرتوویانە هیناویانەتە ئیرە، هەموویان بۆمنیان دەروانی، چونکە هەر کەسێک تازە بیگرن دیتە ئەو شوینە، هەموو بەسەر سوورمانەوە سەیریان دەکردم کە بزانن شناسە یان نا، یان چ کەسیکە، چەند کەسێک کە منیان دەناسی هاتن بۆ لام و یەکترمان ماچ کرد و پاش ئەوە چوینە بەندیك کە هاوڕێکانم لەوێ بوون. بەگشتی ئەم بەندە ٧ ژووری هەبوو کە هەر ژوورەی چەند میتریك دەبوون و لەهەر ژووریکدا نزیکەی ٢٠ تا ٢٥ کەسی تیدا بوو بە ئیمکاناتیکی کەم و غەیرە بیهداشتی. ئەم بەندە کە گیراوە بێچارەنووسەکان تیدا بوون نزیکەی ٢٥٠ کەس لەو ٨ ژوورەدا زیندانی کرابوون کە چاوەڕوان بوون ئاخۆ چ بەلایەکیان بەسەر دیت. لەم بەندەدا هیچ خەبەریك لە بیهداشت نەبوو. تەنیا ٢ یا ٣ کابینەی حەمامی هەبوو کە لە حەوتوودا نۆرەی تەنیا کەسیک دەهات، سەرەرای ئەوەی کە زیندانی زۆر پیویستی بە حەمام هەیە، زیندانەکان زۆر پیس بوون و چەندین جۆر نەخۆشی پیستی و جۆراوجۆری وەك گال و قارچ زۆربەیانی گرتبۆوە. شوینەکە زۆر بەرتەسك بوو. بۆ خەو هەر کەسیك ٥٠ سانتی مەتری بەردەکەوت. رژیم پیش بینی کردبوو کە شەر لەگەڵ عیراق بەرەو کۆتایی دەچی و لەم لایەنەشەوە لەناوخۆی ئیران، هەولی دەدا کۆتایی بە شەریك بینی کە لەگەڵ خەلك و کۆمۆنیستەکان و نەیارەکانی خۆی دەرگیری ببوو. هەرچەند رژیم لە سەرتاسەری ئیراندا ئەم هەمووە زیندانیەی دەستگیر کردبوو بە خەیالی خاوی خۆی ئیتر کەس لەدژی نیە، بەلام کریکاران و زەحمەتکیشان لەگەڵ هەل و مەرجی دژوار راهاتوون و بەهیزتر دەبن و بە ئیرادەیەکی پۆلایینەوە دریژە بە خەبات و موبارزەی خۆیان لەدژی نیزامی سەرمایەداری دەدەن.

هەرچەند لەهەر ژووریکدا ٢٥ کەس دەخەوتن لە کالیدۆرەکەشیدا ئەگەر دەرزیت هەلاویشتبا نەدەکەوتە سەرزەوی، لەنیو زیندانیەکاندا منالی ١٥ سالە هەتا پیرە پیاوی ٨٠ سالە بەرچاو دەکەوت کە بێ‌ئەوەی تاوانیکی هەبی گیرابوون. هەموویان بەهۆی ئامانج و بیروڕای سیاسی گیرابوون یان بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبە سیاسیە کوردستانیەکان گیرابوون بەلام چونکە کۆماری ئیسلامی ترسی لەو ئینسانانە هەبوو، رەوانەی بەندیخانەی کردبوون.

لە هاوڕێیەکم پرسی وەزعیەتی ئیرە چۆنە. وتی هەرچی بێ و لە باشترین حالەتدا، هەر زیندانە و ئەزیەت و ئازار بەلام تا رادەیەك بە بەراوەرد لەگل سلوولی تار و ئەشکەنجە و ئەزیەت دان و زۆر شتیتری وەك ئەشکەنجەی رووحی و سوکایەتی، باشترە و ئیستا تووشی شەری جینایەتکارانی مەزهەبی بووین. پاش چەند سەعاتیك بەرپرسی بەند کە یەکیك لە تەوابەکانی زیندان بوو وە پیشتر لایەنگری حیزبی دیموکرات بوو بەناوی جەمیل فارسیان خەلکی سەقز، بانگی منی کرد و وتی: شوینی تۆ هەتا لەم بەندەدا بی ژووری ژمارە ٤ و دوو پەتوی دا بە دەستمەوە، بەرەو ژوورەکە کەوتمە رێ. دوو پەتوی چلکن و پیس کە لە ئاوت خستبا ماسی قر دەکرد و هیچکات نەشۆرابوون. زیندانی دادگای ئینقلاب ٢ تا ٣ بەندی هەبوو، ٣٠ تا ٤٠ سلولیش لەناو زیندان و ژیرزەمینیکیش کە چەندین سلولی‌تری تیدا بوو. بەندیکیش تایبەت بە ژنان و کچان لە ئارادا بوو. سلولوکانی‌تر دیار بوو کە بۆ چ مەبەستیك کەلکیان لێوەردەگرن. سەرتاسەری ئەوانە زیندانیانی سیاسی لەخۆ دەگرت کە زۆربەیان لایەنگری کۆمەلە و زیندانیانی سیاسی بوون. تەنیا دژایەتیك کە لەنیو گیراوەکان بەرچاو دەکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە بوو کە ببوونە داردەستی رژیم و خۆیان فرۆشتبوو، جاسوسیان بۆ رژیم دەکرد. کەمتر کەسیك قسەی لەگەڵ دەکردن و تەریك کەوتبوونەوە. شوینەکە زۆر بچووك بوو کە ئەم هەموو زیندانی‌یەی لەخۆ گرتبوو، پاك و خاوینی ناو

زیندان سەرسوور هێنەر بوو، هەربۆیە زیندانییەکان تووشی نەخۆشی دەبوون. خۆراکیان کەم پێدەدان و زۆربەی کات نانی وشکی خواردنمان بوو. ٣ مانگ بێچارەنووسی لەو زیندانەدا چاوەڕێی کردم. ئەوەش باس بکەم کە لە دوایین ڕۆژکانی مانگی ڕەشەمەی ٦٦ کوت و پر لەریگای تەلەفزیونی بەندەکەوە و لەزمان فەرماندەیەکی جینایەتکاری ئینسان کوژی ڕژێمەوە هەوالی گیانبەخت کردنی هاوڕیانی گوردانی شوانمان پێ‌گەیشت. لە سەرتاسەری گیرانم دا ئەوە تالترین و بەژان ترین ئازار بوو کە من و سەرجەم هاوڕیکانمی داگرت. بە ناچار و بەسەر سوومانەوە گوێمان لێ‌گرتبوو وبەلام باوەر کردنی دژوار بوو، خەیالمان دەکرد کە ئەوە تەنیا بۆ دابەزاندن و رووخانی ورەی ئیمەی زیندانییە. بەلام دواتر لەریگای بنەمالەکانەوە کە دەهاتن بۆ ملاقات راستی هەوالەکەمان زانی.

لەو ڕۆژەوە جینایەتکاران و بەندیەوانەکانی ڕژێم شیرینییان بلاو دەکردەوە و پیرۆزبایی ئەم کارە دژی ئینسانییەیان لە یەکتر ئەکرد. جاریکیتریش دەستی چەپەل و جینایەتکاریان بە خوینی کۆمەلێك ئینسانی شەریف و کۆمۆنیست کە خۆشەویستی خەلك بوون، سوور بوو. گیراوەکان لەناو زیندان و خەلکی کوردستان بەوجۆرە کە هەوالەکەمان پیدەگەیشت، لە پەژارەی لەدەست دانی ئەم خۆشەویستانەی کە پاریزەری مافی کریکاران و زەحمەتکیشان بوون، ماتەم دایگرتبوون.

ڕۆژی ١٠ی بانەمەری ١٣٦٧ بوو. بەمەبەستی موحاکمە کردن ڕەوانەی دادسەرایان کردم و بردیانم بۆلای قازی کە ئاخوندیك بوو بەنیوی سادقی و پاش لیکدانەوەی پەروەندەکە و خویندنەوەی "کیفر"ەکان لەریگای بەردەستەکەیەوە کە لە پەنا ئاخوندەکە بوو "کیفرەکان" کە ٢٠ تا ٣٠ بابەت بوو خویندرانەوە و وتی ئەمانەت قەبوولە، وتم نەخیر. وتی بۆچی مەگەر کۆمەلە نەبووی، جینایەتت کردوە و ئیستاش قەبولت نیە. وتم من بە تاوانی لایەنگری لە کۆمەلە گیراوم بەلام ئەوانە گشتی بە مەیلی خۆتان نوسیوتانە. هەرچەند لەناو سلوولەکاندا زیندانیەکان ئەشکەنجە و ئازار دەدەن کە ڕۆژی دەجار دەمرن و زیندوو دەبنەوە، هەرچی بینووسن بۆ قازی هەر ئەوە دروستە ئیتر شوینیك بۆ ئیمە نامینیتەوە کە قەبولمان بێ یان نا!!. بۆ ئەوان جیاوازی نەبوو چونکە لەپشتی دەرگای داخراو و بێئەوەی کە زیندانی مافی وەکیل گرتن و دیفاع لەخۆ کردنی هەبی، کە وابی مەعلوومە کە ئیتر دیفاع کردن مانایەکی نیە، بیجگە لە چەرمەسەری زیاتر.

من چەندین بابەتم ڕەد کردەوە، بەلام چونکە هەرچی بێعەدالەتیە لەناو دادگا و سیاچالەکان دا دەیکەن، دیفاع کردنیش خۆی بە تاوان حیساب دەکری و بە سووکایەتی بە موقەدەساتی ئیسلام لیك دەدریتەوە و بێحورمەتیە بە ئاغای قازی و حاکمی شەرع.

پاش چەند ساتیك قازی دەستووری دا کە بمبەنەوە، منیان بردەوە بۆ بەند، لە زیندان جێ‌کەوتبوو کە هەر کەسیکیان بردبا بۆ دادگا و گەرابایەوە هەمویان لە دەوری کۆ دەبوونەوە و پرسیاریان لێ‌دەکرد کە ئازادی یان حوکم دراوی.

ئەویش بۆ ئەوە بوو کە بزانن خۆیان چ بەلایەکیان بەسەر دیت. حوکم دەخۆن یان ئازاد دەبن. چونکە زیندانی لەهیچ ئاگادار نیە و هەمیشە چاوەروانن و دەلین بەلکو لە زمان یەکیکەوە ببیسن کە چییان لیدەکەن، بە ریکەوت بنەمالەکان دەچنە لای دادگا و خەبەر دەزانن یان لە ملاقات دا گیراوەکان پییان دەلین موحاکمە کراوین بچن بۆ دادگا بزانن حوکمەکەمان چیە؟

پاش چەند ڕۆژیك منیان بانگ کرد بۆ دەفتەری بەندیخانە. لەبەردەم دەفتەر کوت و پر چاوم کەوت بە بەرپرسی لیکولینەوەکەم یان ڕاستی بلیم بەرپرسی ئەشکەنجە و ئازاردانم و یەکیك لە شارەزاترین ئەشکەنجەگەرانی ڕژێم بوو. رووی تێ‌کردم و تی فلانی تۆ ئازادی!! سەرم سوورما و واقم ورما، سەیرە من لیکم دابووە کە ئەگەر ئیعدام نەکریم لانیکەم ١٠ تا ١٥ سال زیندانیم بەسەردا دەسەپینن، چۆنە ئیستا پیم دەلی ئازادی؟ وتی

ئـازادی بـەلام مـەرجیکی هەیە. ئەویش هاوکاری کردنی ئیتلاعاتە. وتم هاوکاری ناکەم. وتی ئەگەر هاوکاری نەکەی ئیعدام دەکری. وتم نـاتوانم ئـەو کـارە بکەم. زۆر پیی‌داگرت کە بەلینی هاوکاری بدەم. وتـی بـۆ دوایـین جـار پیـت دەلیم کە دەبی هاوکاریمان بکەیت. وتم ئیمکانی نیە.

بـە خیرایـی رۆیی و پاش چەند دەقیقە بە تورەیی‌یەوە کەسیك بۆ لای مـن هات و وتی ناوت چیە. وتم فلانی. یەکیك لە دادیارەکانی دادگا بوو. منیان برد بۆ بەندی زیندانیك کە حوکمیان درابوو. ئەو مەسـەلەیە لەنـیو زیندانـیەکاندا بـلاو بـۆوە. مەسـەلەی بـەگژدا چـوونەوەی مـن بـەروی جەللادەکاندا و وەلامی رەق و توند کە پیم دابوونـەوە بۆ زۆربەی گیراوەکان جیگای خوشحالی بوو وە بۆ خۆشم سـەدان کـەرەت خۆشـتر. ئـیتر هەرچی رووی دابا بە لامەوە گرینگ نـەبوو، ئـیعدام یـان حوکمـی زیـندانی. پـاش ماوەیەك کە چاوم بە بـنەمالەکەم کـەوت، وتـیان حوکـم دراوی؟ وتم نـازانم مـەگـەر ئیوە نـازانن کـە مـن حوکمـم خـواردوە یـان نا؟ ئەوانیش بی‌خەبەر بوون چـونکە دادگـاش هیچـی بـەوان رانەگـەیاندبوو. دواتـر بنەمالەکەم فشـار بـۆ دادگـا دیـنن و ئەوانـیش ناچـار دەبـن کـە بلـین ٣ سـال حوکمـی پیدراوە و دواتر منیش لیی ئاگادار بووم. منیان رەوانەی زیندانـیك کرد کە حوکمیان بۆ دەر چووبوو. ئەو بەندەش پر بوو لە زیـندانی کە هەربەکە و حوکمیکی قورسی بەسەردا سەپابوو. لە ٣ سالەوە بگرە تا ٤٠ سال حوکم درابوون. هەر ٢٠ کەس لە ژووریکی ١٠ تـا ١٢ مـیتری زیـندانی کـرابووین. بەندەکـە ٨ ژووری هەبوو، نـزیکەی ٢٠٠ کـەس زیندانی سیاسی لەخۆ دەگرت. لە ئیمکاناتی بیهداشـتی خەبـەریك نـەبوو کـە ئـەوەش خـۆی بـبوو بەهۆی ئەوەی زۆربـەیان نـەخۆش بکـەون. بەندوانـیەکانی رژیمـیش بـە روونـی ئەو مەسـەلەیان دەزانـی بـەلام بـە ئانقەسـت هـیچ هەنگاویکـیان بـۆ هەلـنەدەگرت. بـەلام لەلایەکی‌تـرەوە بـەهۆی فـەزای پـر لە سەفا و خۆشەویسـتی نـیوان گیراوەکان کە هەموویان ئینسانی شورشگیر و وشـیار و سیاسـی و خـاوەنی ئـەزموونی بەنـرخ بـوون، سـەرجەم پـیلانەکانی بەکریگیراوەکانـیان پووچـەل دەکـردەوە و کـەم و کۆری‌یەکانـیان پـر دەکـردەوە و هاوکـاری و یارمـەتی یـەکتریان دەکرد.

بـەلام مەسـەلەی ملاقـات بـاس بکـەم. رۆژانـی چـاوپیکەوتن گیراوەکانـیان دەبـردە حەوشـەی زیـندان. حەوشـەیەك کـە جـیگای هـەواخۆری زیندانـیەکان بـوو. لە حەوشەوە چەند کەس، چەند کەس دەیانـبردنە ژووریـك کـە لەنـیوان گیراوەکـە و بنەمالەکەی تۆریکی ئاسـنی تەندرابوو. لەو کاتەدا کەسیك لە مەئمورانی بەکریگیراوی چلکاو خۆری رژیم لە پەنایان رووبەرووی بنەمالەکە رادەوەستا، بۆ ئـەوەی هـیچ شـتیك بـە یـەکتر نەلین و کەل و پەلیان پی‌نەدەن. ئەو مـەئمورە چـاو لەسـەر بـنەمالەکەیان ژن و خوشـك و دایکـی گیراوەکـان هەلـناگری و بی‌ئەوەی بیلی گیراوەکە هەست پی‌بکا، بە چـاوی سـووکەوە سـەیری بـنەمالەی زیـندانی دەکـەن و دژی ئینسانیانە لەگەلیان دەجولینەوە. بنەمالەکەش لەبەر ئەوەی مەبادا گیراوەکە زیاتر نارەحەت و ئەزیەت و ئازار بدەن، هیچ نالین و تەنیا روویـان لـی وەردەگـیرن. ئەگـەر کەسـیکیش قسەی کردبا یان خۆی دەخـواردەوە یان ئەگەر زیندانیەکە ئیعتزازی کردبا بە تاوانی ئەوەی کـە سـووکایەتی بە مەئمور کراوە رەوانەی سلوولیان دەکردین و بە کابل بەر دەبوونە گیانمان.

سـەرباری ئـەم هـەموو نارەحەتی و شکەنجە کەلکیان لە کەسانی فاسـد و جاسـووس وەردەگـرت. دووکـەس لـە گیراوەکـان ئەگـەر لە پەنایـەك دانیشـتبان و قسـەیان کـردبا، یـان قسـەیەکیان لـەدەم دەرهاتـبا یـان لـە راستی‌دا کەسانیك کە خاوەن هەلویست بوون و زۆریـش پی‌یـان حەسـاس بـوون، بە چکۆلەترین ئیشارە لە بەندەکە دەیانـبردن و لـەناو سلوولیان دەکردن. بۆ ماوەی حەوتوویەك توندو تیژترین ئەشکەنجە لـە سـەریان بەریوە دەچوو، دواتر پاش ١ تا ٢ حـەوتوو مـانـەوەی نـاو سـلوول بـۆ بـەند دەیانبردنەوە و بە فەرمانی ئاغـای جـەللادی حـاکمی شـەرع بـە بەرچاوی هەموو زیندانیەکان ١٠٠ تـا ١٥٠ زەربـە کابلـیان لەپشـتی دەدان. لـەم کـارە دوو

ئامانجیان هەبوو کە زیندانییەکە هاوار و نالە بکات و زیندانیەکانیتریش زیاتر بترسێن و دیفاع لە هەلویستی خۆیان پێنەکری. بەلام سیاسەتی چەپەل و گەندەلی جەللادانی رژیم لەلایەن هاورێیانەوە پووچەل دەکرایەوە، چونکە هەر زیندانیەك کە بەمجۆرە ئەشکەنجە دەدرا، زیندانییەکە بیجگە لە پیکەنین هیچیتری نەدەوت. کە لە ئاکام دا بەکریگیراوانی رژیم زیاتر سەرشۆر و ریسوا دەبوون. چەندین جار چەند کەسیکیان هینا و بیبەزەییانە و لە کردەوەی دژی ئینسانیدا دەیاندانە بەر کابل و وەك گورگی هار و درندە بەر دەبوونە گیانیان کە لە هاورییانی کۆمەلە بوون بەلام دەستیان لە موبارزەی شۆرشگیرانەی خۆیان هەلنەدەگرت. لە حالیکدا ئەم زیندانیانە حوکمیش درابوون بەلام دیسانیش ئەشکەنجە و ئازاردان هەر دریژەی هەبوو، بەلام هاورییانی خۆشەویستی شۆرشگیر و کۆمۆنیست سەریان نەوی نەدەکرد و تەسلیم نەدەبوون و دەستیان لە خەبات هەلنەدەگرت. ئینسان کوژەکانی رژیمیش، ئەو ئینسانە شەریفانەیان ئازار دەدا و لەو زیندان بۆ ئەو بەندیخانە و شوینیتر رەوانە دەکرد. تەبعیدیان دەکردن. بۆ وینە لە سنەوە بۆ کامیاران، لە کامیارانەوە بۆ شاریکیتر و دوورتر، کە هیچ کەس لە چارەنووسیان ئاگادار نەبوو.

ژیانی زیندانیانی سیاسی و کۆمۆنیست لەناو سیاچالەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەمجۆرە تیپەر دەبوو.

لە خەرمانانی ٦٧ ئیعدام کردنی زیندانیانی سیاسی لەلایەن رژیمەوە دەستی پیکرد. رۆژیك بەندیەوانەکان هاتن و بە گیراوەکانیان وت لەم رۆ بەدواوە نابی لە ژورەکانتان بینە دەرەوە، بێئەوەی زیندانیەکان لە رووداوەکان ئاگادار بن، بەردەوام ترس و وەحشەت زیاتر فەزای زیندانی دادەگرت، زیندانیەکان هەستیان دەکرد کە دەبی مەسەلەیەك لە ئارادا بی. ئەم سەروبەندانە هیرشی موجاهیدینیش لە غەربەوە دەستی پیکردبوو. هەرچەند ئیمە لەوەش ئاگادار نەبووین بەلام جار و بار قسە و باسیکی لەم چەشنە بەر گویمان دەکەوت. ملاقاتەکان قەدەغە کران بۆ ئەوەی کەس لە هیچ ئاگادار نەبی. رۆژیك یەکیك لە گیراوەکان کە خەلکی ئاوایی کەرجۆ بوو، بەهۆی کاریکەوە بردبوویان بۆ حەوشەی زیندان کە لەو کاتەدا چاوی بە هاوری غولامی حەق بەیان کەوتبوو کە لەژیر زەمینی زیندانەکە واتە لە رەش ترین شوینی زیندان دا هینابوویانە دەرەوە غولامیش دەستی بۆ بەرز دەکاتەوە و بە ئیشارەی دەست حالی دەکات کە ئەمشەو ئیعدام دەکرین. پاش چەند سەعاتیك گیراوەکە هاتەوە قسەکەی بۆ زیندانیەکان گیرایەوە و وتی غولام بە ئیشارەی دەست کە لەسەر ملی خۆی داناوە ئەو مەسەلەیەی تیگەیاندووم کە ئەمشەو بە کۆمەل ئیعدام دەکرین. گیراوەکان لەباری روحیەوە نارەحەت بوون و زۆر لەو مەسەلەیە کە خەریك بوو روبدات نیگەران بوون و هەموو زیندانیەکان نارەحەت ببوون. هیچ کەس قسەی نەدەکرد. بەلام پیشتر زیندانیەکان پیکەوە قسەیان دەکرد و بەخۆشی کاتیان رادەبوارد و قسە وباسی دۆستانەیان زۆر بوو. بەلام بە دەست پیکردنی ئیعدامی بەکۆمەلی زیندانیەکان، لە بواری دەروونیەوە تووشی ئالۆزی ببوون. کەس بروای نەدەکرد زیندوو بمینی. هەر زیندانیەك چاوەروان بوو کە بانگی کەن و ئیتر بۆ هەمیشە نەگەریتەوە. کاتیك تەقەی دەرگایەك بەرز دەبۆوە، هەموو زیندانیەکانیتر گوی قولاخ دەبوون ئاخۆ کێ دەبەن؟ و ئیعدامی دەکەن. ئەم سەر و بەندانە خوین دەباری، خوینی زولالی شەریفترین ئینسانەکان و بێتاوانترین ئینسانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و بەرابەری تەلەب نەمامی خەباتی چینایەتییان ئاودیر دەکرد، خوین رژان، کەللە پژان بەدەستی خوینخۆرانی مەزهەبی کە دژمنی ئازادی بوون، بەدەستی پاریزەرانی جەهل و خورافە و پاریزەرانی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری. جەللادان و ئینسان کوژەکان پۆل پۆل رۆلە بێتاوانەکانی خەلکیان بە کۆمەل رەوانەی جوخەی ئیعدام دەکرد و دلی هەزاران ئینسانیان داخدار و ماتمبار کرد. لەلایەکیتریشەوە

بنەماڵەی زیندانیە سیاسیەکان لەبەردەم زیندانەکان کۆ دەبوونەوە هەتا لە چارەنووسی رۆڵەکانیان ئاگادار بن.

رۆژێک بنەماڵەی یەکێک لە ئیعدام کراوەکان لە حالێکدا کە کەل و پەلی رۆڵەکەیان وەردەگرتەوە دایکی ئیعدام کراوەکە دەستی کرد بە گریان، بەلام خوشکەکەی بە دایکی وت: بۆچی دەگری، بۆ ئیمە شانازیە کە براکەمان بە سەربەرزی گیانی بەخت کرد، دایە گیان مەگری، بە گریانت دوژمن خوشحال دەکەی. ئەوان بیزیان لە بزەیە و دل کوێرن بە ماتەم و شیوەنی تۆ دلخۆش دەبن.

ئیعدام و کوشت و بڕ لەناو سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا نزیکەی ٣ مانگی خایاند. ملاقات و سەردانی زیندانیەکانیش بۆ ماوەی ٣ مانگ قەدەغە کرابوو. ئیمەی زیندانی بێخەبەر لە زۆرشتی دەرەوە کە چی رووی دابوو. بنەماڵەی گیراوەکانیش بێخەبەر لە رۆڵەکانیان، بە نیگەرانی و نارەحەتیەکی زۆر لەماوەی ئەو ٣ مانگەدا لەبەردەم زیندانەکان رۆژیان بە شەو کردەوە، بێئەوەی کەسێک وەلامیان پێبداتەوە. لە راستیدا هەرچەند ئیمە زیندانی بووین و زۆر بێبەزەییانە ئەشکەنجە دەدراین، بەلام بنەماڵەکان لە ئیمەی زیندانی زیاتر مەینەت و ئازاریان چیشتبوو. برسیەتی و بێئیمکاناتی، لە چاوەروانی ئەوەی کە بۆ چەند دەقیقەش بێ چاویان بە گیراوەکانیان بکەوی سەرما و گەرمایان تەحەمول دەکرد. بێحورمەتی و سووکایەتییان لەلایەن پاسدارانەوە پیدەکرا و تەنیا شتێک کە ئارامی دەکردن ئەوە بوو، پیکەوە هاودل و یەکرەنگ و هاوچارەنووس، دەردی دلیان دەکرد و سوکنایییان بە یەکتر دەبەخشی.

یەکێک لە رۆژەکانی زستانی ٦٦ دووکچ خەلکی ئاوایی گەنمان لە دەوروبەری سنە دەگیرین. پاش ماوەیەک لەناو سلوولدا لەلایەن جینایەتکارانی درندەخوی رژیمەوە دەست دریژی جینسیان دەکریتە سەر و پاشان زۆر بێبەزەییانە و دژی ئینسانیانە یەکێک لەو کچانە دەخنکینن و دواتر بە بنەماڵەکەی رادەگەیەنن کە خۆی خنکاندوە و بە لۆکە خۆی خەفە کردوە. ئەوە لە حالێکدایە کە هەر زیندانیەک کە رەوانەی سلوولی دەکەن، سەرتاپیی دەپشکنن و هەر شتیکی کە پیی بی لیی دەستینن و ریگا نادەن هیچ لەلایان بمینیتەوە.

سەرەنجام ئەوە نموونەیەکی بچووک بوون و قەترەیەک لە دەریایەک لە جینایەت و درندەیی ناو سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەلایەن مەئموووران و بەکریگیراوانی رژیمەوە دەرحەق بەو ئینسانانە دەکران.

# تویێشووی پێشەنگ

**هەر جارەی تایبەتە بە ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند**
**و نووسەرێکی تێکۆشەری ڕێبازی ئازدای و یەکسانی**

تۆیشووی ئەم ژمارەیە تایبەتە بە شاعیر و نووسەری شۆرشگێڕ مەحمودی سەجادی (م.خارا)

**تویێشووی داهاتوو تایبەت و نووسەری شۆرشگێری ئێران سەمەدی بێهرەنگی**



# هونەرمەندێکی خەڵتانی خوێن

ئامادە کردنی: شۆرش تریك

بە دریژایی خەباتی چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئینسانی و خواستە رەواکان، گەلێك هونەرمەند بەم خەباتە رەوایە پەیوەست بوون، جەوهەری خامەیان لە هەورازو نشێوەکانی ئەم چینە پاراو بووە و لە جیاتی خۆ قەتیس کردنەوە بە لایەنە لاوەکی و بەدورەکانی واقعی ژیانی خەڵکی چەوساوە و ژێر دەستە، ئەسپی سەرکەشی قەلەمیان لە گورەپانی راستی‌یەکانی ناو کۆمەڵگادا لە تاو داوەو گەلێك بەرهەمی بە پێزی شورشگێرانەیان خولقاندوە. لە ترسی دیوەزمەی سانسور و خەفەقان و زیندان و ئیعدام، شیعر و چیروك و شانۆو لێکولێنەوە بونەتە پێشمەرگە و لە چیاهەلبون و لە لوتکەوە سەلای ئازادی و بەرابەریان سەرداوە.

بون و هەشن ئەو نوسەر و هونەرمەندانەی کە بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەڵکی چەوساوە و کرێکار ئاوێتەی خەباتی چەکداری بوون و لەم پێناوەش دا گیانیان بەخت کردووە.

رێزگرتن لەم هونەرمەندانە بە تەنیا رێزگرتن لە کەسێك نییە، بەڵکو رێزگرتن لە خەباتی رەوای چینێکە کە بۆ دامەزراندنی حکومەتی خۆی خەبات دەکات.

بە دریژایی خەباتی کرێکارانی کوردوستان بو ئازاد ژیان و بەرابەری، گەلێك نوسەرو هونەرمەندی بە توانابوون، کە خۆیان و هونەرەکەیان لە سەنگەری ئەو خەڵکەوە تێکوشاون و گوللەیان بە سینگی سەرمایەداران و چەوسینەرانەوە ناوە.

مێژوی بەرەی چەپ و رادیکالی کوردوستان و ئارشیفی هونەری شورشگێرانە لە کوردوستان پرە لە ناوی ئەم هونەرمەندە شورشگێرانە کە لەم پیناوەدا گیانیان لە دەست داوە. دیارە ئەوان ئیستا لە ناومان دانین و جیگایان لە سەنگەری بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردوستان خالی‌یە، جیگای گومان نیە کە بەرهەمەکانیان بەشیك لە میژوی هونەری شورشگێرانە پیك دین و هەتا کریکاریك هەبی بەرهەمەکانیشیان هەردەم تازەن و گەردنایانگرێ. جەمالی موفتی، مەحمودی سەجادی(م_خارا)، کەریم بلوری، رەحیمی تلوعی‌فەر، کەریمی‌فتحی، بیژەن و چەندانیکی‌تر لە جوملەی ئەو کەسانەن کە ناویان بوتە ویردی سەرزاران.

پێشەنگ باهەوڵ بدات لە تویشوی خۆیی‌دا بە رهەمەکان و کەسایەتیان هەر چی زیاتر بە خەڵك بناسێنی.

ئەگەر بمانهەوی یادیك لە هونەرمەند"موحمودی سجادی"(م_خارا) بکەین، بێ‌گومان دەبێ ئال و گۆرەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو٢٠ ساڵە هەلدەینەوە کە ئەم هونەرمەندە لە ئیران و کوردوستان تیی‌دا ژیاوە. ئەم ئال وگۆارنە کاریگەری بەر چاویان هەبووە لە سەر بیروبۆچوون و تێکوشانی شورشگێرانەی.

لە راستی‌دا دەبێ بروانینە رەوتی سەرهەڵدانی خەباتی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکیش لە کوردوستان و شکل پیدانی حەشیمەتێکی بەرین لەو مرۆڤانەی کە بوونیان و کاروژیان و دا خوازەکانیان و ئامانجیان لە دژایەتی‌دا بووە لەگەل کۆمەڵی سەرمایەداری تازە سەر هەلداو لەم مەلبەندە.

م_ خارا خۆی لەم کۆمەڵگایەدا ژیا، بە لام وەك مروڤیکی ئازادی‌خواز و رزگاریخواز بەردەوام هەستی بە دژایەتی و ناکۆکی‌یە لە ئاشتی نەهاتۆکان لە گەل نەزم و نیزامی لەسەر کار دەکردو وردە وردە بەم بەرەیە پەیوەست بوو، لەم ریگایەش دا خەباتی سیاسی ئەو گەشەی دەکرد و هەرچی زیاتر خۆی لە گەل ئەم نیزامە بە پیچەوانەیە لە دژایەتی‌دا دەبینی.

محمــودی ســەجادی لــە تــافی لاوەیــەتیدا فــەقێ بــوو.بــەڵام ناکوکیەکانی نێو کۆمەڵگا کارێکی وای کردەسەر کە روو لە زانست بکات و زیاتر لە گەڵ بیروباوەری عیلمی و پیشکەوتوی کۆمەڵگا ئاشنا بێت و لە چوارچیوەی خوارفە وجەهلی مەزهەبیدا خۆی قەتیس نەکات.

لێرەدا بیرەوەری هاورێیەکیئەو سەردەمی(م.خارا) باس دەکەین و ئەم ناکۆکییەی شاعیر لە گەڵ جەهل و خورافە پەرستی و بنەما فکرییەکانی باوی ناو کۆمەڵ باشتر روون دەکەینەوە.

*....یەکەم جار کە محمودم ناسی پائیزی ساڵی* **١٣٣٨** *بوو. من و کاك مەحمود و دەیان فەقێیتر پۆل، پۆڵ لە مزگەوتەکانی شاری سنە خەریکی خۆێندنی دەرسی مەلا یەتی بووین.*

*لەو سەردەم دا لە هەمو حوجرەکان داباس باسی فەقێیەکی خەلکی ئاوایی کێلانە بوو کە ئاکارو رەوشەکانی لە گەڵ هەموان جیاوازی هەبو. حازر نەبو لە بەر دەرگای ئیدارەی ئەوقاف دەستی موحتاجی درێژ بکات، بۆ دابین کردنی بژیوی ئەودەرکەودەرك بکات، هاوین و پاییز بۆماوەی دوو مانگ کەل وپەل و کتێبەکانی دەپیچێتەوە و روو دەکاتە شیرکەتە ساختومانییەکان کە ئەوکات لە پادگانی شاری سنە یان لە مسیری سنە/ کرماشان و جادەی حەسەناوا کاریان دەکرد، کرێکاری دەکات. تێکەڵاوی کرێکاروو زەحمەتکیش دەبێ و بە رۆژی چورار تمەن حەقدەست ژیانێکی دژوار تێپەر دەکات و لە پاڵ ئەو کارەشیدا دەخوێنی و زۆر زیرەکە. زستانانیش ئەو بەیانیانەی کە بەفر دەبارێ وەرەوەریەکی لە سەر شانەو لە کوچەوکۆلانەکان دەگەرێ و بە فردەماڵی، وە بەو شێوەیە خۆی دەژینێ و بەو پوڵەش دەخوینێ. هەروەها باسیان دەکرد کە ئەو فەقێیە بێجگە لە دەرسی مەلا یەتی، شەوانەش لە مەدرەسە دەخوێنێ و ئیمتحاناتی موتەفەرقە دەدا وکەلاس بە کەلاس دەچێتە سەری. ئەو کەسەناوی مەحمودی سەجادییە. عەلاقەی زۆری بە خۆیندن و فێربوونی علیم و زانستی جۆراو جۆر هەیەو دەڵێ کاریش دەکەم هەتا پێی بخوێنم و بژیم.*

....ئەم شیوە رەفتار و ژیانەی کاك مەحمود کاریگەری زۆری لە سەر فەقی کانی دەووربەری دانا بوو و ژمارەیەکیان وەك ئەو هەلسووکەوتیان دەکرد. ئەم ژیان و خووخدەیە لەنێو ئەو کرێکارانەی کاری لە گەل دەکردن کردبوی بە یاوەرێکی خۆشەویست و رێزی تایبەتییان لێدەگرت.

(م. خارا) لەو دەورانەدا دەستی بە هەڵسورانی سیاسیش کردبوو وە بەدژی زوڵم و زۆری رژیمی شا بوو. لەم بارەشەو هەر ئەو هاوری یەی ئاوا باس دەکات.

*بە هۆی ئەوەی کە ماویەك لە کوردوستانی عیراق بووم و لە خەباتی سیاسیدا بەشداریم کردبوو، ساڵی* **١٣٣٩** *کە گەرا مەوە بۆ شاری سنە، مەحمودی سەجادی نێوبانگێکی بەر چاوی هەبوو. ئێمە کە چەندلاویکی شۆرشگیر بوین و حەولی پێك هێنانی رێکخراویەکی نەتەوایەتی بەناوی" کۆمەڵەی شۆرشی کوردمان" بوو یەکەم کەس کە بە تەما بووین لەو بارەیەوە قسەی لەگەل بکەین و متمانەمان پێی کرد، کاك مەحمود بوو. هەرکە پرس ورامان پیکرد قەبولی کرد و دواتریش بوو بە ئەندامی هەڵسواروی ئەو رێکخراوەیە.*

*ساڵی* **١٣٣٩** *چوو بۆ تاران و ئیمتحانی داو مەدرکی دیپلومی وەرگرت. بەو مەدرەکەوە لە شاری سنە وەك کارمەندی پەیمانی لە رادیو سنە بوو بە تەهیەکوننده و پاش ساڵێك دەورە لەسەر ئەو کارەدا مەزرا. بەلام بە مەش رانەوەستا و دواتریش درێژەی بە خۆێندن داو و رشتەی حقوقی لە زانکۆ تەواو کرد.*

*هەر لەم سەردەمەدا بەیارمەتی چەند کریکارو دۆستە ناسیاوەکانی لە گەرەکی هەژارنشینی شەریف ئاوای سنە مالێکی سادە و هەژارانەی پیکەوە ناو ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. کاتێك کە مەدرەکی فەوقی لیسانسی حقوقی وەرگرت، بە هۆی ئەوەی کە دژایەتی هەبوو لە گەل دام و دەزگای دادگوستەری و قەزاوەتی ئەوکات نەیتوانی ببێ بە قازی یان پاریزەر، هەر بۆیە بۆبە موعەلیم.*

(م.خارا) لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی١٣٣٧ دا بۆ ماوەی ٣ مانگ زیندانی کرا. ئەو کاتەی کە لەتارانیش دەرسی خویند تێکەڵی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی خوێندکاران بوو و هەڵسوراوانە لە دژی ڕژێمی پاشایەتی کاری دەکرد.

سەرهەڵدانی شورشی کۆمەڵانی بەرینی کرێکارو زەحمەتکێش لەدژی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵەکانی ١٣٥٦-١٣٥٧ هیوایەکی گەش و ئاسۆیەکی رونی بەروی(م.خارا) دا کردوەو ئەو وەك تێکۆشەرێکی شورشگێر تێیدا بە شداری کرد.

دوای سەرکەوتنی شورش و هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بە ناسینی پیناسەی دژی ئینسانی و دژ بە کریکاری ئەو ڕژێمە لە خەباتی شورشگێرانەی کوردوستان دا بە شداری کرد. ئەوکات ئەو کەسیك بوو کە لە بواری ئەدەبیشەوە دەستیکی بە توانای هەبوو وە لە گەل ژمارەیەك هونەرمەندی دێکە"ناوەندی گەشە پێدانی هونەرو ئەدەبیاتی کورد"یان لە شاری سنە دامەزراند. ئەو ناوەندە بە هۆی هێرشی ڕژێمی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، نەیتوانی عومرێکی زۆر بکات. بەڵام بریار بوو کە گۆڤاریك بە نێوی" گەشە" بڵاوکاتەوە کە مەحمودی سەجادی لە ئامادە کردن و نوسینی یەکەم ژمارەی‌دا دەستی باڵای بوو کە بەداخەوە ئەم گۆڤارەش بە هۆی هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوردستان چاپ نەکرا. دواتر(م. خارا) لە گەڵ" جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش" دەستی بە فەعالیەتی سیاسی کرد و لەم کاتەوە بە دوا پشتی کرد لەو بیرو بۆ چونە مەزهەبی و ناسیونالیستە بەرتەسکانەی کە نەیاندەتوانی هەستی نارازی و شۆڕشگێرانەی خۆی و کۆمەلانی کریکار گەشەدراتر و بە هیزتر بکەن. لەمەو بەدواو لە دریژەی هەلسورانی سیاسی خۆیدا بە کۆمەڵەوە پەیوەست بوو.

کاتیك کە ڕژیم دەستی بە سەر شاری سنەدا گرت ئەو هونەرمەندە دەستگیر کراو پاش ماوەیەك بۆ یەکیك لە شارەکانی دەوروبەری ئیسفەهان تەبعید کرا. لەو شارەش دەستی کرد بە کریکاری کردن و لە گەل باقی کریکاران پەیوەندێکی قولی دامەزراند.

کاتیك پاش چەند ساڵ تەبعید گەرایەوە شاری سنە و بە هۆی زەحمەت و زۆری هێزەکانی ڕژیم شاری بە جیهیشت و بوو بە پێشمەرگەی کۆمەڵە،

سەجادی لە نێو تەشکێلاتی کۆمەڵەدا لە بەشی وەرگێران سازماندەهی کراو، لەو بەشەدا گەلێك هەڵسورانی بە نرخی بە رەوپێش برد. حاسلی کاری ئەو لەم دەورەیەدا بریتی بوو لە تەرجەمەی چەندین نامیلەکەو وتار لە ئەدەبیاتی مارکسیستی‌یەوە کە لە لاپەرەکانی کۆڤاری پێشرەوی کوردی دا چاپ وبڵاو کراونەتەوە. پێ بە پێی ئەوەش" م-خارا" کاری نوسینی فەرهەنگێکی بەچوار زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی و عەرەبی کە دەمێك بوو دەستی پێ کرد بوو بە سەرەنجام گەیاند.

ویرای ئەوەش بە نووسینی شیعرو چیروك لە هەڵسورانی هونەری و ئەدەبی پێشرەودا بەشداری دەکرد و لەم بوارەش دا چەند بەرهەمی بە نرخی لە پاش خۆی بەجێ هێشت.

لەبەرهەمەکانی سەجادی‌دا زۆرتر ئەوشتانە رەنگدەدەنەوە کە هاندەری خۆی بوون بۆ دابران لە بیرو بۆ چونی مەزهەبی و لە سونەتی دواکەوتوانە. گەران و ئەم شارەوشار کردن بە شوین خویندن دا، دور کەوتنەوەی لە شوینی ژیانی لە کاتیك دا کە لە سەر تیکوشانی سیاسی تەبعید کرا، ژیان و هەستان و دانیشتن لە گەل زەحمەتکیشان و کریکارانی شوینی تەبعید، تیکەڵاو بوون لە گەل مەسەلەو گیروگرفتی جۆراوجۆری کۆمەلانی خەلك لە کاتیك دا کەوەك پارێزەری داد گوستەری کاری دە کرد، هەموی ئەوانە(خارا)یان کرد بووە کەسێکی بەئەزمون و لێهاتوو، هەربۆیە لە نوسینی وتار و شێعر و چیرۆك دا گەنجینەیەکی بەنرخی ئەزمون و بیرەوەری دەکردەوە.

محمودی سەجادی(م-خارا) ئەندامێکی هەڵسوری کانونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری کوردوستان بوو لەم بوراەش دا جیگا پەنجەی دیاری بوو و گەلێك چالاکی لە خۆی نواند.

خارا گەلێك شانۆ، شێعرو وەرگیرانی لە پاش خۆی بە جێهیشتووە کە بەحەقیقەت هیچ کات نوێ بونی خۆیان لە دەست نادەن. وەرگیرانی بەرگی یەکەمی کتیبی شەر لە نووسینی "کارل فون کلاوزویتز" یەکیك لەو نموونانەیە.

"سەجادی"سالی ١٣٦٥ هەتاوی بۆ بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنێستی ئیران و تا کۆتایی تەمەنی ئەندامی ئەو حیزبە مایەوە.

لە ئاکام دا ئەم دەنگە زولاڵەی هونەر رێکەوتی ٢٧ی رەشەمەی سالیّ١٣٦٦ لە ناوچەی هەلەبجە و لە نزیك چۆمی سیروان دلیّ پر لە هیواو هومیدی کەوتە بەر گوللەی جنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی و لە لیدان کەوت و بۆ هەمێشە مالئاوایی لە ژیان و شیعر و خەبات کرد و شێعر، چیروك و شانۆو کاری وەرگیران و خەباتی بۆ قەڵەمەکانی پاش خۆی بە جێهێشت. کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کریکاری کوردوستان و کۆڤاری پێشەنگ یەکیك لە چالاکترین ئەندامان و نوسەرانی خۆی لە دەست دا و بێشك خەسارێکی گەورەش بۆ خەباتی چینایەتی لە کوردستان بوو.

## یادی بەرز و هەمیشە زیندووە

# یەکی ئەیاری ئەمجارە

سوارە، سوارە!
گولی سووری لاسەرەت تاوە
لە هەورارگەی خوودەکەت
داوە
لە شەپولی سروودەکەت
رواوە
بوچوونت روون
بوارت دیارە

❊❊❊

ئەم شورشەت
ئەم شورشە خۆش و گەشەت
بە رەوتی خۆر و خۆرەمی
کریکارانی پول بە پول
کردە شەپول
ئامانجیانی کردە گەمی
ئەم بوارە
یەکی ئەیاری هەوارە

❊❊❊

کاتی توفە و لەم ریبازە
بازی تازە
دیسانەوە لە پەروازە
چی لووتکەیە، چی هەورازە
بە پەری دا هەلدەواسی،
کامە گۆرە، کام گۆرینە
کامە هەلسوورانی ژینە

لەخوی دان و دەیانناسی
ئەیەوی هەر بە شابالی،
کزی وگزی
بەرزی و نزمی
رابمالی
ئازیزەکەم، پیدا دیارە
کە راهاتووی رەنج و کارە
***
هاوارم، هاوریم
بەرەو لووتکە، بەرەو تۆ دیم
هاژەی شورش
شریخەی هیرش
کیو و شیوی
خستە لەرزە
ئەم تۆفانە
بە تۆ جوانە
ئامانجەکەت بۆ گەمیەوان
بۆ وون بوونی رەشە شوان
پول ئەستیرەیەکی بەرزە،
کی لی ئالا
تەواو بالا
لە پەژارەی ئەم رۆژگارە
رزگارە.
***
گیژاوەیە و ئەم ژینە
پیویستی بە راپەرینە
لیتە و جلەی ئەم گیژاوە
زۆری ماوە
دوا ئاخیزمان
پیکهاتوو لەوپەری هیزمان
ئەبیتە گڕی
سری و کری
لەمیشك بەرێ
لەلەش بسری
کە گوری کار کەوتە رەوتی
بۆ گورینی دنیای چەوتی
لەبەر دەرکی پاشە رۆژدا
لەرۆژ و ساتیکی خۆش دا
بە ویست و برشت
ئەبینە مشت،
دەرك و دەروازەی دەرباز بوون
بە چوقیك دەخریتە سەرپشت
بە ئەو مرۆڤەی تینووی ئاوە
هەتاو ئەکەینە سەرچاوە
یەکی ئەیارە ئەمجارە
چەژنی راستینەی کریکارە

م- خارا

٢٩/ ١/ ١٣٦٥

# دڵی گەڵا

**"بەیادی گیانی پاکی شەهیدان بارام و گەلاویژ ژن و میردی پیشمرگەی کۆمەلە"**

دڵی گەڵا
لەگول ئالا
کە گولیان کوشت

گەلاشیان خوین رشت
رۆژێ گەلا
بەشنە جوولا
روی کردە گول
لیم مەکە سل
لەسەر بەندگەی دڵم شینی
درکی لەپیت، لەپت رۆچێ
دڵم دەدا لینی خوینی
گول لە دلەوە هەستی کرد
بە بزووتنەوەی نەرم و ورد
وەك بەر بەرامی لێوەری
پەریەکی دایە بەری
پری پەری بو گەلا برد
گەر ئەتەوی بێ دوژمن بی
یا لەچاوی رقی ون بی
لەناخی رەقی داخەوتوو
نەگۆرینی نە دوژمنی
نە ژیانی نە مردنی
گەریش رۆلەی خورۆش نەبی
نە بە دوژمن نە بە مەرگ، پەروش نەبی
***
گول و گەلا بە بزووتن
لیك جووتن
ئەوسا لەدژ
بزووتن کوژی بەهرە مژ
رەگیان بە ریگە گۆریەوە
تاکەی ئەمەگ
بە بنج و رەگ
هەرگۆرانە

کەم دۆرانە
دەبا هیندە ژینمان بگۆری
دوژمنان بەسەر شۆریەوە
سەدی نیژرابێ لە گۆری
گیران و گەران
بو گۆرینە و گۆران
***
جا گەلا و گول
فریو لەچل
بو هینانی بەختەوەری
بوونە پەری
لەنیو ئاسمانی خەباتا
لەنیو هەزاران ئەستیرەی
پیشمەرگانەی ئەم وەلاتا
ئەو بوە بارام ئەم گەلاویژ
دوو ئەستیرەی
نەنزە بەرز و پشوو دریژ
شنەی سروە و هۆنەی وەشتیان
لەم جیهانە، وەك بەهەشتیان
بە میشك بەدل
بەسوزی گیان
هەست پی ئەکرد
کامە بەرامە بە دیاری
لە بەهاری شاری رزگاری
کردیانە کۆش
خۆش پی سەرخۆش
بۆ چەوساوەی کاریان ئەبرد
***
خاو فریوی بوە گوللەیەك

دەرچوو لەچەك
هات و دلی گولی سمی
خوین بو بە هەور
بو بە باران
تەنی گەلا
سووری و نوقمی
❊❊❊
باسکی گەلا بوە دارەتەرم
تەرمی گولی لیٚ راکشا
ئەژنوی پتەو
هەنگاوی نەرم،
بە تەرمەوە
بە تەرمی هیشتا گەرمەوە
بەرەو کوشی ئامانج خوشا
❊❊❊
گەلا ئەمجار بە خوینی گول
ئالایەکی سووری سوور بوو.
ریگای ئەبری
دەربەست نەبوو،
ریگا دوور بوو
بەرەو ژوور بوو.
بەسەر باسکی یاڵە و یالاّ
چقلی چاوی دوژمن ئالا
ئەچوو ئەچوو
تەرمی گولی لەسەر دەس بوو
❊❊❊
گەر هەوراز بوو
گەر قەدپال بوو
بەفری شاخ بوو
لالەی باخ بوو
بە خوینی ئال
شەلال شەلال
دلی گەلا
لەگول ئالا
کە گولیان کوشت
گەلاشیان خوین رشت
❊❊❊
بو بە سالی
گەلا گەرا و
گولی گیرا
لەسەر یالی بو سەریالی
نیشانی دا بە چوار وەرزە
بە ئاسمان و ئەستیرەکان
بەچی گیان و جیانی بەرزە
ببوە چەپەر
کەوتبوە بەر
سوارەی گری
پیشمەرگەش گەش
لەپشتە سەر
❊❊❊
ئەم سالەوە، ئەم ساتەوە
بەرەو شوینی پار هاتەوە
کە گول بەر گوللە کەوتبوو،
کاتی پیشمەرگەکان گەیشتن
گەلا لەپال گول خەوتبوو.
کات ئەوکات بوو
جی ئەو جی بوو
بەلام تەنی گول گوللەیەك

تەنی گەلا سەدی لی بوو.

م- خارا

٢٧/ ٣/ ١٣٦٥

## شانۆنامە

# رەش و سوور




**شانگەی (١)**

(تاریك و روونە و لە پشتەوە پەردەیەکی سوور وەك هیلی ریگەیە دەنگی بایەقوشیك جاربەجار دێ)

سیامەند (لەنیو چالیکەوە هەر سەری دیارە و لوولەی تفەنگەکەی)

کیت کورە؟

رەشاژو (تەگزاسیانە و گۆچان بەدەس دێ) منم!. باشە، باش خشە ئەبیسی!

سیامەند: توی قوربان؟ (هەلئەسیتەوە. سەرتاپای رەشە)

رەشاژو: نەهیلی ریبوار لەم ریبارزە تیپەرێ

تەنانەت مەل بە ئاسمانی دا نەفرێ

سیامەند: دلنیا بە قوربان میروولەی لی تیپەری، سەری ئەپەرێ.

رەشاژو: خوت چی؟ لە ئیشکی ئەو سیاچالە ماندوو نابی؟

سیامەند: بە هیوای بەهەشتی ئەم ژیانەوە،

لە سیاچال دا مانەوە، خۆشە

بە قوربانی بەهشت بی هەزار لەم ژیانە بوشە.

رەشاژو: پیم خۆشە، پیم خۆشە، جا هەر لە کەوسەر بنوشە و بنوشە!

بەلام ئەو ریگە ئاگرە. گەر ئەتەوی بەگر نەبیە پشکویەك سوور، لیی بگرە دوور!

کاتی ئەو رۆژە، دۆژە، لەدار بوونی تیپەراندی

قرچەی ئاگری بەدل و گیان دا گەراندی، فریات کەوتم،
لە چنگ ئاگرتم سەندەوە.
سیامەند: قوربان! خۆ من چاوم نیە چارەم چیە؟
سامم لەوەیە، تا بوسووك بوونەوە، لەچال ترازاوم،
لەگری رێ بکەوم: تاکەس بیتە هاوارمەوە، خۆ سووتاوم.
رەشـاژو: (گوچـانەکەی ئـەداتی) هـا! ئـەو شـاخوکەیە بگـرە! وەك شاخوکەی مێروو وایە.
لارێ لەری، جیا بکەوە پێ. هەر بە لارێدا بروی باشە
لەری گەرێ، گری سوتانی ئەم دنیاش و ئەو دنیاشە
ویژەر (دیتە نیو. ئەوان وشك ئەمیننەوە)
دار مردو سەوزایی لەبیر برد. خەوی سەوزی درایە دەم ئاگرەوە.
گرپەی دۆژەی ئیسلامانەی تێبەر بوو. ببووە خەلووز کە تیپەر بوو.
رۆبوت ساز و بوت سازی ئەمپرپالیزم، رەشاژو،
خەلووزەکەی کردە مرۆ.
شان و مل و، قاچ و قول و، دەس و پل و، ریش و جلی لێنا؟
وەك ریگری ریگەی سوور لەوێی نا.
تا دوایی ژیان، با لەو سیاچالە راوەستێ،
رێ لە ریبوار و سواری سوور ببەستێ.
بەلام رسکێنەر و، چاوی لە سیامەند نەناوە،
نەك رووناکی و رەنگی سوور، کار بکەن لەوچاوە.
کویر، حەز لە تاریکی ئەکا، بە تایبەت گەر خۆشی رەش بێ.
ئەلی گشت کەس، با وەك خۆی بی، لە رووناکی بیبەش بێ.
بویە رەشاژو تا شەو بێ، میری ئەبی هەر هی ئەو بێ.
شەویش خۆ هەتا رەشتر بێ، لای کویر ئەبی خۆشتر بێ.
نەبینین و نەزانین، دالدەین و پشتیوانین.
ئاخۆ شەو بێ، یاخۆ بینایی نەمابێ.
هەموو شت و شوینی ئەبی رەش هەلگەرابی.
نە سوور، نەسنوور، نە نزیك نە دوور، ئیتر نابێ.
جا نازانی کامە چالە، کام لەمپەرە؟ تەنانەت سووریش هەر رەشە.
جولان و لەجی ترازان، لەبوون، لەمان، ئەبنە هەرەشە.
(ویـژەر ئەچـی. سـیامـەند گوچـانەکەی بـە دەورسەریدا سوور ئەدا. بەدەور خۆیدا هەردی پی تاقی ئەکاتەوە)
سیامەند: شتیکی چاك دیارە
رەشـاژو: دیارە! بزانە چەندە لە پەرۆشت دام؟ ریگەی سوور ئاگرە و ئـەت سوتینی مـن هەر لەوە بیر ئەکەمەوە چۆن بت پاریزم. بەلام لە مـن چەکە و وابکە و وامـەکە.
گەر تۆش خۆت نەپاریزی کارت پەکە.
سـیامـەند: شـەوم خـۆش ئـەوی چـەندە رەش تـر بـێ. دوژمـنم بـە روونـاکی چـەندە گەشـتر بـێ بەلام سەد حەیف! چاوم کویرە و بەندم لیرە.
ناتوانم بەم چەکەم (هەلی ئەبرێ) بکەومە راوی ئەستیرە
پیم خۆش بوو، ئاسمان وەها بێ، خۆم ئەی بینم.
ئەستیرەیەك نەتوانی ببیتە خەوشی شەوە زەنگ
ئاسمان بێ کون بیت و یەك رەنگ.
رەشاژو: خوزگە وا ئەبوو، جگەرەش رەنگیتر نەئەبوو!
سیامەند: تفەنگم، (هەلی ئەبری) لەدژ هەموو رەنگی ئەجەنگی.
رەشاژو: (چەپلە ئەکوتی) بژی بژی! دیارە لە هەموو رەنگی دژی.
وریـای ری بـەو وریـای خـۆ، خەمی ئەسترانیش مـەخۆ! کورت پیکە ئەو چەکەی تۆ.
بـۆ ئەسـتیران خۆمـان چارەمـان لایە. ئەستیرە هەر لە وزەی فرچەکی مـەمـان دایە

## شانگەی (٢)

(هودەیـەکی مـالی بـابی پشـکۆ- دەنگـی پەسای سیسرك- چرای شەو)
پشـکۆ(سـوورپۆش): دایە، بابە! خوشکم! برام! (هەر چوار لەوین) ریم لەبەرە،

ئەرکم لەسەر. بەیانی زوو تاریك و روون بەرێ ئەبم. چەك و مەچەکم ئەسپێرمە رێ. خەمم مەخۆن چیم بەسەر دێ.

خەم بەرهەمی زەبوونیە، شیاوی پیاوی خورۆشاو نیە

دایك: ری سەختە و پشکۆم لی براوە، دایکی هەژار چی بۆ ماوە؟

حەزم ئەکرد رۆلەی هەبا، لە خەمی ئیسك و پرووسك هاڕی دایکی هەژاری

بێخەبەر نەبا. چون ئاگابێ؟ نابی، نابی!

پشکۆ: دایە! تو هەر خەمی منت لەدل دایە، من خەمی هەموو رەنج بێوەرێ تۆ خەمی کەمی ئەمرۆت هەیە، من خەمی جەمی پاش و بەرێ.

لێ، خەمی من، لەبری ئەوەی بم سووتێنێ،

لیم بوەتە بال، ئاسۆ بەئاسۆ، یال بەیال، بەدووی چارە و دەرمانیدا ئەم فرینی.

خوشك: کاکە! شیرین توی خۆش ئەوێ. بە چوونت چۆن دلی بسرەوی؟

پشکۆ: خوشکی بزانە! ئەرکم گرانە و تیپەریوم لەو قسانە.

گەر شیرینیش، ژینی تالی هەزارانی ئەزانی

پیشکەش بە شورشی ئەکرد نەك خۆش ویستن، بلکە ژیانی.

هەزاران سالە، چی پیر و لاو و مندالە، سەرنج ئەدەن لەم حالە.

کەچی گوێیان، لە بانگەوازی ری بیستن، کەڕ کردوە،

پەنایان وەبەر، ئەوینیکی ژین لەبیر بەر بردوە، کامیان بەختەوەر مردوە؟

دایك: پشکۆ! مەچۆ! شیرین دەسگیرانتە خۆ، چی بکەم، چی بکا بە بێتۆ؟

پشکۆ: بلیم و نەلیم خۆی لی ئەبری.

یا بەیانی زەبوون مردن، میرد و مالیك، وەك سیاچالیك، بۆ خۆ ئەکری،

یاخۆ یاسای هەزاران سالە، دائەدری، پەتی کویلەتی ئەبری،

ئەویش وەك من ئەکەویتە رێ

باوك: کوڕم! نامەوی سەرزەنشی کەس بکەم. بەلام ئەگەر نەختی سوزی باب و دایك و خوشك و برات لاهەبا، وا سووك وسان، نەئەبرای لیمان. خویش ویستنی خیزان سووکنایی دەردانە. هەزار دەردی بێدەرمانم گەر بووبێ،

هەمووم بە خۆش ویستن و دیتنی ژن و مندال، داوتە بال.

پشکۆ: تەنیا کەسیك ئاگای لە خۆش ویستن نیە، گوشە بگری و تەنیا سوودی خۆی لا گرنگ بی، ئەوەی من ئەخاتە ری، سوز و خوش ویستنیکە، وەکو دەریا شەپول ئەدا و، هەر وەکو کیو بنج بەستەیە. خۆش ویستنی ئەو دەستە قلەشاوە، پەترۆبەستەی تۆ. رەنجی بێوچانی هەر مندالی هەتا پیریت.

سوزی خوشی نەدیویەکەی دایکمم هەیە، کە لە کونجی خەمی مال و مندالیکی بەخت بیوەردا، هەموو تەمەنی دۆراندوە. لە خەو تاخەو، خۆی بەدار و بەرددا داوە، پەرۆ- پینەی هیشتا- هیشتا هەرماوە. خەمی کەمی پاشە رۆژی خوشك و برای ئازیزم، لەم ریگەم دا ئەبنە هیزم، خەمی ئەو گرەی چاوەروانە مایەی تەمنیان بسووتینی، شیرەی گیانیان، لەباتی، نیوەنان و نیوە بەرگی لی بستینی... خۆشم ئەوین پر بە گیانم. وەلی نامەوی بتان کەمە مایەی لەبیر بردنەوەی دەردەکانم. لەبری ئەوەی سوکنایی بدۆزمەوە، بۆ ژانی ژیانم، ئەمەوی بچم! سەرچاوەی ژان کویر کەمەوە. هەستێ کە هۆی پێگلان بێزیانبارە، هەستیك هانم بدا، بەرەو کردە و چارە، ئەوە سۆزە و پیم پیرۆزە.

باوك: بەهرەی رەنجی ئەم ژیانم توی کورم! بە خەمی چوونت دل پرم.

یەکەم، مەرۆ! یارم بە بۆ بەریوە چوونی مال و ژیاری واشرم! بۆ دەورانی پیری و پەك کەوتوویەکەم، تۆی گۆرم. گەرلیش براوی هەر بروی ئەوا دلنیا و پتەو برۆ! خەمی سەرکەوتنی ئامانج نەبی خەمی هیچ مەخۆ!

دەرونت هیندە گەورە و بەرین بێ، جیی شەپولی هەزار دەلیا و هەزار ئاسوی روونی ژین بێ.

پشکۆ: بابە! دلنیا بە! دەروونم دەفریکی بەرینە، ژیانمی تیدا گونجاوە.

ژیانم دەفریکی هەراوە، مال و جیهان و ئەستیرە و ئاسمانی لی ئالاوە.

دەروونم دەلیای بیّقەراخە، تا خەوتوە، لەبیر چوە

کە شەپولی دا، ژیان و جیان و ئەستیرەکان و ئاسمانان، رائەژەنی، بەرەو گۆران هەلیان ئەنی.

ژیانم شەپولی ئەو دەلیایە، کە گۆراندی گۆری گۆرینی تیدایە.

ژیانم وەك ریبواریکە، کەوتە گەران خۆم ئەگۆری

کە وتەگەران جیان ئەگیرنی، کەوتە گیران مەرگ ئەهیری.

لە دوورترین ئەستیرەوە، تا قوولترین ناخی دەلیا و زەوینی پی هەلئەسووری.

دەروونم دەفری بی سنوورە، چیرووداوە، تیا گونجاوە،

هەزاران تافی، کەمتر شیرین پتر تالی تیّرژاوە

هەزاران ئاواتی، تاساوی پەنجەی کات و ساتی، تیدا نیژراوە.

دەروونم مەلیکە، جیهانی لەسەر پەلیکە.

کاتی شەوی، لەسەر کەژیّ

بە بینینی ئاسمانی پر لە کاکەشان، ملیون ملیون سەرچاوەی روون لەدژی رەشان گیانم بە پرشنگی خاویان، چاو ئەرەژی،

ئەبینی بالی تاکوی ئەچی؟ سنوور نیە کە ئەوی لی دەر نەچی،

ژار نیە ئەو چاری نەکا، زام نیە تیماری نەکا.

خەم جیهان بی، یەند گران بی، ئەو ئەتوانی بیرە وینە.

ئامانج لەوبەری کاکەشان بیّ، ئەتوانی بەدەستی بینی.

کە دەروونیشم لە خوترازا، لەگەل خەمی، هاوسەرکەمی منالیکی چکۆلە سازا،

خەم ئەم جارە، لەسەر دل و میشکم سوارە.

جا دەروونم تەلبەنی تەنگە. دیوارەی ئەستوور و بیّکون، لە ئاسنی تواوە و سەنگە. نەك کاکەشان، چاوم بەر پی شەم نابینی

خەمی چولەکەیەك بی پەر، ئەم گری، تیکم ئەروخینی.

پەیمان:کاکە! کە چوویت، جار و باریك لابکە دواوە، دیم بە شوینتا و ئەت دۆزمەوە. بە هەموو ریبەکی سووردا دیم و دیم، شوینی پیت هەلئەگرم و پیت ئەگەم.

ئامانجتم پی پیرۆزە بە هەموو سۆزمەوە.

دایك: (ئەگری) پشکۆ، پشکۆ! دووری تۆمان بەسە! پەیمانیشمان لی مەکە!

پشکو: پەیمانی برام ئازادە خۆی، هەر چونەی لی ببری، من راسپاردەم نیە بوی. منیش بۆخۆم لی براوم، هەرکارتی کردنم ئەوە بووە، بە دلی برانەم هەل و مەرجیك تازەم بۆ ئەو رسکاندوە. ئەوەش ئەو جەیە و هەمانە، ئەم دەمانە.

ویژەر: ( دیتە نیوّ ئەوان بیدەنگ ئەبن) ریبواری سوور! پشکر، پشکۆ! گۆلە باخیك بووی پیشان تۆ.

رەنگی سوورت نیشانەی ریّ، نیشانەی رابوردووی دوورت....

ئەو گۆلەی پاراوی نیو باخ بوو، لە راوەستانی نیو باخان بیدەماخ بوو.

شنەباهات و ئەوی راژەند، ئەوەندە باسی بزووتن ۆریگەی بۆ کرد، لە خشەی برد،

وەستان تاکەی، تا چەند؟ شنە ئەوی لە دەس راوستاوی سەند.

نەبوو بەمەل، بفری بەگەل، چونکە مەل هەر بالی هەبوو.

نەبووە روباری روون و خۆر، رەوتی بەرەو چالی هەبوو.

لە بەر سەد هۆ، بوو بەمرۆ، بۆریّ دلی لە باخ هەلگەند:

بۆ ئامانجی بەرز و بەتین، بۆ هۆگری لە بەر ئەوین،

لە بەر بەرنامە و ئاکاری، بۆ گۆرینی نالە باری

حەسانەوەی سیبەر و جیگەی، گۆریەوە با ئارەق رشتنی هەورازو نەشیوی ریگەی

هات و بووبە کۆری مالی، لە دایك و براو خوشکی ئالی.

## شانگەی( ٣ )

( دارستانە ـــ دەنگی پەلـەوەران ـــ دایکی سەرتا پا سەوزەکەی دارستان )

پشـکۆ ( چـەك و رەختـپۆش): بەیانیـت باش دایکی داران! پەلکە سەوزەکەی دارستان!

دایکی داران: بەیانیت باش سووری ریبواران! بەیانیت باش پشکۆ گیان!

پشکۆ: زووهەلساوم، چاوەروانی هەتاوم.

دایکـی داران: جـریوەی مـەل و کـازیوەی کـەل لەسـەر بـالی شنەی بـەیان رۆژ نـیە پیشـواز لـە هـەتاو نەکـەن. هـەتاو هـەر هـەلدی و سووری و سەوزی پەخش ئەکاتەوە.

بـەلام کـە پیشوازی لیّ کرا گزنگی گەشتە ئەبیتەوە، هەموو جاری نوی دیتەوە.

پشـکۆ: بـەیانی زوو بۆیــە خۆشــە، کـەدەم بـە دەم ســەرکەوتنی رۆناکایی بە سەر رەشی

دادیـتەوە نـاو: تابـەتاو، گـۆران ئەبیـنی بەچـاو هەتاو بزەی سووری سەر کەوتن

دا ئەبارینی. سووری، رەشی و خەم و تەمی ئەتارینی.

سـوور، سـەر چـاوەی رەنگەکانـە. هـەموو رەنگی بە رووناکی گەش وجوانە.

رووناکائیش خۆی ئەو پەری گەشەی سوورە.

هەتاوی سوور تینە کۆشی، رەشی گەشی هەلئە لووشی.

دایکی داران: بۆیەش بەرەش بینایی چاو ئە چیتەوە.

چوونکە کەهات، هەموو دەنگی جگە لە خوی ئەسریتەوە.

هـەر بـۆ ئـەوەش کونپەرەستی، لـە تـیك لـە شەوی کردە چارشیو، کردی بە درنج و خیو،

چـارەی ملـیون ملـیون ژنـی، پـیّ رەش کرد. کردیە عەباو میزەری ئەوەی مرۆڤایەتی تیدا مرد

رەش لـە پـالی رەنگـی تـرا گەرخۆشـە، کە هەرەشەی لە بینین کرد.

بەرە پرایی خوی لە نیو بردە

قەت توشی ئەوندە رەپرانەبی، جگە سوور چاوت رەنگ نەبینی.

هەرەشە کاری رەشە رەپرا دوورە لە کەشە

پشکۆ: هەرەشە هەرەشە ئەبزوینی ژیانیش پارازتن دینی.

گەر دارستان خوی پارازتنا لە ئاگرو ئاگروەژی

نەئەبوە رەژی کە ئاگروەژی پی ئەژی.

بەلام من هەر یەند ئەلیم:

بـەرەنگی سـوور، سەدان رەنگ ئەکەونەروو. کە وایە رەپاییم نەبوو( سیگاریك هەلئەکا)

دایکی داران ( هەول ئەبیّ): ئاخ ! ئاخ ! ئاگر! دووکەلّ !

پشکۆ: هیچ نیە، هیچ نیە! هەول مەبە ! ئاگری دارستان نیە.

دایکی داران: ئەی چیە؟

پشکۆ: هی منە، سیگارە.

دایکـی داران: هـی تویـە؟ ئەتـەوی خـۆت بسـووتینی؟ مەگـەر بـە قسەی من رەنجای؟

پشـکۆ: ( مـری لی. ئەدا) خوسووتاندنی چی وەرنجانی چی؟ خوویە کە پیی راهاتووم.

دایکـی داران: بەراسـتی خوویـەکی سـەیرو سـەمەرە و راهاتـیکی زیانبارە.

پشکۆ: دیارە. بەلام چارم ناچارە؟

دایکی داران: بەراستی قەت ناتوانی مروڤ بناسی. یانی چی، چارم ناچارە؟

پشکۆ: واتە: حەزی لی ئەکەم. وەها پی راهاتووم، تەرك ناکری بۆم.

دایکـی داران: لە میشکم دا جی ناگری، حەز بە ئاگری؟! بۆچی بە چاك رانەهاتووی؟

ئەو سیگار کیشانە، حەز کردن بە سووتان و ئیشانە.

بە ئاگرو دوو ئەسووتی و ئەمری، کەچی لە نیو جەرگ و دلت دارای ئەگری؟!

پشکۆ: ئەمەوی تەرکی کەم، ناتوانم. وەك خۆینی لیٚ هاتوە بۆ گیانم.

دایکی داران: ئەگەر نەتوانی خوویەکی قۆری خۆت بکۆژی،

چون دەتوانی بۆ گورینی جیهانی پر لەرەوتی چەوتی هەلسووری؟

چون ئەتوانی دارستانیك هەزار سالە چەقیوی خاك، توبیکەیتەو ریبوار سەر پاك؟

ئەبینم خوت ئاگر ئەدەی،

لە کوی بزانم، تویش وەك ئاگروەژەکانم، دارستانم ئاگر نەدەی؟!....

لە خۆتەوە، لە خوتەوە!

با بروام بیٚ بەسەر کەوتن، بانە سووتیم بە سوتەوە، پشکۆگیان! لە خوتەوە!

پشکۆ( سیگارەکەی ئەکوژینیتەوە و فری ئەدا)

: چاوی تویە هەموو خەوشی مەن ئەبینی. رەخنەت نەبیٚ خەوشەکەی مەن هەر ئەمینی.

( پاکەتی سیگارەکەی ئەگریتە دەستەوە و نیئەکوشیٚ بۆ لیبران)

باران بم شۆ! تەنم بۆتۆ! گیانم بۆتۆ!

خۆربە! پر بە! ژیانم بۆتۆ.

لە بەر دەستانم پەتی پەتی، نەجل و بەرگ نەخەفەتی ( شریخەی هەور)

باران! بم شۆ، بم شۆ! بەرەوزا درانیك سەر لە نۆ!

بم شورە لە زام و برین،

مەن وتۆ خۆ، پر لە هیوای ژیانە وەیەك سەوزیترین.

باران بم شۆ، بم شۆرەوە! بم شورەوە، بەشۆرەوە.

ریبواریکم لە دورەوە، بە هیوای ئالای سورەوە

هەزار پەتروی بۆرژوازیە بە لەشمەوە.

ئەی بارانی هەوری نەرمی رەخنەی یاران! بە بەیانی، بە ئیواران،

( پەردە)

ئەوندە بە گور بمشۆرەوە، ساریژم کە بمگورەوە! جاریکی تر بگەشمەوە! ( پاکەتەکەی فریٚ ئەدا)

دایکی داران: چاوم لە تیکوشانی رەوانی گیانت بوو. چاوم لە پەرەسەندنی لیبرانت بوو.

پشکۆ: (پشوویەك ئەدا) باش بوو، سەرکەوتم

دایکی داران: هەتاویش سەرکەوت

پشکۆ: رەنگیش دەرکەوت (ئەروانی بۆ ئاسۆ)

وا سەدان رەنگ هاتنەوە بوونەوە

بە شەونم خۆ لە شەوە زەنگ ئەشۆنەوە، خۆیان لەشنە ئەسوونەوە.

خەلووزی شەویش رووی رەشی بەرکەوت.

دایکی داران: کە تاو ئەروا، رەشی روودینی.

هەرشەوە، بە ئاگرەوە، چەندین دارم دەسوتینی

رەشاژۆ خیرا، خەلووزی چەند روبوت تاشین بەدەس دینی.

وەك بیستوومە، رەشاژۆ، تازە، ئاگری لە دارستانەکەی ئیمامی سیزدەهەم بەرداوە.

چرە دووی داری تەرۆ پاراو، لەپیر و لاو، رووی ئاسمانی داپۆشیوە.

هەزاران دار، بوتە خەلۆز، بوتە کەرەسەی دەس رەشاژۆ،

پشکۆ: هەزارانیش بە بانگەوازی ریگەی سوور، لە دارستان بزووتوە.

لیرە و لەوی، کەوتوەتە ریٚ، دلیر و پرچەك بە گەرووی رەشاژۆدا چووە.

واتە هەر دار، بەستە بە سرشت و بەهرەکەی، بەگری ئاگر یا خەلۆزە یا خولەمیش، یاخۆ بوەتە گرپە و لە گیانی ئاگروەژ بەربوە.

دایکی داران: لەدژی ریگەش، هەزاران رەش، گوی پر و کویردا مەزراون.

کراونەتە بەندی و هەرواش پاریزەری سیاچالن.

بە هیوای بەهەشتی پشتی ئەم ژیانە و کلیلی بەهەشت وەرگرتن، خەلەتاون.

بـۆ مـالیکی خیالاوی، لەژێر داردا خورەی بێئاوی، مـالان بە تالان دراون.
پشکۆ: ئەو بەهەشتەی پڕە لە فریشتە، لەم دنیایەی بەرهەم دینم.
منالی کریکار و زەحمەتکیش، دوور لەئێش، فریشتە من.
بەهەشتیشیان ئەوە ئەبی، بۆ خۆیان بێ چی بەرهەمن.
بەچـەك لەمـــپەر ئەروخیـــنم، بـــە گـــوری مەچـەك بەهەشـــتی گشـــتی ئەرسکینم.
وا من ئەڕۆم، لە پیناوی ئاواتم دا ئەدەم خوینم.
لەگـەل هەزاران ڕیبواری سوور، ئەکەومـە ڕی لەسەر ڕیگەی نزیك و دوور،
سیاچالی پالی ڕیگە، بۆرە شپە ڕست و ڕەشاژۆ ئەکەینە گۆر،
لە نیوانی ئەم دارستان- ئەو دارستان، ئەسرینەوە هیلی سنوور.
دار لە وەستان، ڕی لە لاری پەرستەکان ڕزگار ئەکەین.
وانە و هیزی، گشتاخیزی، بەدار ئەدەین.
دایکی داران: با پیرانمان بیستویانە و وتویانە،
کـاتی کە ئەم دارستانـە، بکەویتە ڕی و لەرەگ گەری، ئەوە ئیتر دوا دەمانە.
دوا دەمـانی کی و کامانە؟ دوا دەمـان و نەمـانی ڕەشپەرەستانە.
پشکۆ: ڕیگە پردن، بۆ ڕابوردن.
دارکـە هەســتان، نـازانن وەســتان، تا مـردن (گورانی دیم ودیم، لە دوورەوە)
بانگەوازی ڕی، لە قوومـەشی گویەوە دێ.
دەم بەدەمـە تەقی بواردن، واتە خۆ لەری وەشاردن.
دایکی داران! بەیادی بەرزی ڕیبواران،
مـەهیلەشەو، دارستانت بکاتە خەو.
ســا بەهـــیوای دیتـــنەوە! بەهـــیوای هـــوورەی هەیـــپای دارســـتان بیستنەوە!
دایکــی داران: بەهــیوای ســەرکەوتن، بەهــیوای لەســـەر لووتکــە دەرکەوتن!

لە دارستان داریك ببری، لەجیی دایە سەدکچ و کۆری.
کچ و کۆڕان، کەلی بران دلیر ئەبن، بەلیك گەیشتن، کەوتنە ڕێ فیر ئەبن. (بەرەودوا ئەچن)
ویژەر: (دیتە نیو): پشکۆ، پشکۆ! هوی پشکووتنی ژیانی تۆ!
بۆ ڕیگای سوور گیانی تۆ. خیرا بە! ڕابە! گیانم بە قوربانی تۆ!
بیر و بروات هەتاوی ژینم، پشکۆی گیانم! پشکۆی تینم!
بە ژنت لەسەر ئاسۆی ئەوبەری کولانەی هەژارانەم ببینم!...
پشکۆ کەوتە ڕێ، بۆ مالان و یالان دیاری واپێ:
هـەندی لـە ڕیگـەی ســووری قرتاند، بە ڕاژەیەك لەسەر یالی کیوی چاند.
ئالایەك بێ، دروشمی خوین، دروشمی ڕی.
بـە لـەرەی بـا، پـەیامی ڕی، بۆســەر بەرزاییـیەکان ببـا، بـۆ چاوی دارستان بەری.
بۆ هەر کوی چوو، ڕیگەی خوشەویستی پیبوو.
فاقی لە ڕیگە سوورەکەی، بردە بەر دەرکی هەر مالێ،
ڕیگـەی ســووری کـردە بـەرق و بـۆ هـەر مالەی کیشا تالی ڕیگەی سووری کردە زانین و هیوایەك، لە هەموو میشك و دلیك ئالی.
بۆ هەژاندنی دارستان گشت،
لەنیو تۆشەبەرەی سووری، تۆشەی زانینی بەستە پشت
هۆ پشکۆ! پشکۆ...
(پەردە)

## شانگەی (٤) (وەك شانگەی یەك)

سیامەند: (سەر لە چال دەردینی و تفەنگەکەی نیشانە ئەگری)
کیت کورە! دەنگ نەکەی کوژراوی!
پشکۆ: ڕیبواریکم
سیامەند: کە ڕیت ون کردوە؟
پشکۆ: کە ڕیگەی خۆی قەت ون ناکا.

سیامەند: ئەمجارە ئەوەتا ونت کردوە. خێرا نەگەڕیتەوە سەرت چوە.

پشکۆ: سەرێك بایەخی ئەبی، لە پیناوی ڕیگە بێ.

سیامەند: گەر قسەت ڕاسە وەدەر کەوە، وەرە ویزی تفەنگمەوە!

تیپەڕینت لی ئەکەمە سەر پەرینت.

پشکۆ: ڕیبواریك نیم دەوران دەوری ری نەبینم.

سیاچالی سەر ڕێ هەلئەچنم، ئەو سایە نورەی تیپەرینم.

سیامەند: ئادەی! بزانم چۆن سیاچالت بۆ ئەگیری؟ بە دەنگت دا ئەزانم کە خۆت حەشار داوە. ئازای توزی وەرە ئەم لاوە!

پشکۆ: گەر ویستبام بە کوشتنی تۆ هەلی چنم، کە وتت "کیت" میشکتم پەراندبوو.

ئەزانم چی فیشالت بۆ ڕەشاژو کردوە، درو بوە. تونە ڕەشیت پێخۆشە نە سیاچال نە دوژمنی بە سوووری و بە ڕووناکی.

سیامەند: ئەو گوو خواردنەیان بە تۆ نەداوە. ئەگەر ئازای وەرە ئەم لاوە.

پشکۆ: توم خۆش ئەوی کە بیبەشی. حەز ناکەم بمری، بەرەشە نۆکەری ڕەشی، وەرە ڕیگە و ڕووناکی بناسە! وەرە بزانە ئەم ژیانە چ باسە؟!

سیامەند: ژیان بایەخی وەهای نیە. مەرگیش بۆ من دوایی نیە. دوای مەرگ نورەی زانین و خۆش ڕابواردنە. بەهەشت هیلانەی گیانی منە.

پشکۆ: ئەوەش فریوی ڕەشاژۆیە. ئەم دنیا بۆ ئەو، ئەو دنیا بۆ تۆیە.

وەرە ئاوەژوی بکەرەوە. ئەم ژینە لە کیس مەدە و ژینەکە بەمل خۆیدا بدەرەوە!

سیامەند: ئەوە فریو نیە و قسەی خودایە.

پشکۆ: خودات دیوە؟

سیامەند: مەر تویش کویری؟ نابینی من کویرم؟

پشکۆ: ئەی لە خوات بیستوە؟

سیامەند: نە لە خوا خۆی!

پشکۆ: ئەی لە کێ؟

سیامەند: لە ڕەشاژۆی!

پشکۆ: پیی نەوتووی خوا چۆنە؟

سیامەند: با، شەپکیکی لیوارە پانی لەسەرە، لەوسەرە، دو دەمانچەی لەدوو پەرێ کەمەرە.

پشکۆ: هەژارۆ! ئەوانە ناونیشانی خودی ڕەشاژۆن. بۆ فریودانی تۆن،

سیامەند: شەیتان سەرم لی مەشیوینە، لەم دنیایە خیرم نەدیوە، بەهەشتیشم لی مەستینە!

پشکۆ: (دیتە ڕو) تاریکی شتیکی زۆر ناخۆشە

سیامەند: مەیە پیشەوە، ئەتکوژم!

پشکۆ: (خوین سارد) تاریکی دادرە! تیکۆشە! لە تاریکیدا هەموو شتی بۆشە.

سیامەند: چی؟ نزیك نەکەوی!

پشکۆ: وتم، لە تاریکیدا هەموو شتی بۆشە.

سیامەند: بۆشە بۆشە! من هەموو شتم لا پڕە! هیندە بوشاییم نیە کە سەری تیدا بادەم. سەر بادەم ئەتوسم بەدار و بەرددا دەم.

پشکۆ: تۆ کە تووشی سیاشەوی، ئەو چۆن لەبەر دو بەرزییەوە داناکەوی؟

سیامەند: مەگەر شیت بی لەبەر دوو بەرزی سەرکەوی، سەریش نەکەوی داناکەوی.

پشکۆ: ئەی چۆن ناکەویە چالەوە.

سیامەند: کە هەر لەنیو چالدا ژیام و دەر نەهاتم، ناش کەومە نیو چالەوە. لیرەش سەر و دەس و قاچم با نادەم، نە وەك بەدار و بەرددا دەم.

پشکۆ: سا بلی، بەدەسی خۆت، گۆریکت کەندوە بۆ خۆت، هەر بە زیندویی، تیچوویی، ئاگات نیە لە ڕووناکی و ڕەنگ و ڕیگە. دەی ئەوە کەی پی ئەلین ژیان؟!

سیامەند: ئەو ڕەنگەی مـن ناسیومە ڕەشییە، کە تاکە ڕەنگە و ژوورتـری نـیە. ڕێگەشم ڕێگەی دنیای مەرگەن بروم و نەروم، پێدا ئەروم. کاتێ کە من چاوم نەبێ، با هەر ڕەنگ و ڕێگە نەبێ.

پشکۆ: ڕەنگ و ڕێگە هەر ئەبێ، توش ئەتوانی چاوت هەبێ!

سیامەند: (بێپەروایانە) هە! چاوم هەبێ! (هەڵئەسێتەوە)

پشکۆ: بەڵێ، ئەبێ! کام دەردە دەرمانی نەبێ؟!

سیامەند: بە هیوای پووچ خۆم فریو نادەم. چاوم تەنیا لای خودایە وپاش مردن پێیم ئەداتەوە.

پشکۆ: ئـەو هـیوایەی خـۆت هەتـە فـریوە. لەم دنیایە چیت نەدی قەت نەت دیوە! وەرە دەری لە چاڵی، لە هەر دوو بەرد و دار ئاڵی! ویستی بینینـت پـێتەو بـێ، حەزت لە جوولان و ڕێگە و لەم و لەو بێ! کاتێک زانی، گەیشتووتە دەرمانی و بە چاوی خۆت ئەروانی.

سیامەند: (سـەر بـا ئـەدا) لە کوێ بزانم، ئەم قسە و باسە، کامی واسە؟

پشکۆ: لەوی کە هەر بەچاوی خۆیت بروانی، ڕەشاژۆ، توی، بۆخۆی ئـەوی چی قسەی هەبێ، وەها ئەبێ بەرژەوەندی خۆی تیدا ئەبێ من تـۆم بۆخـۆت ئـەوێ و خوشـتم ئەوێ. تا سرینەوەی هەموو ژانی ئەم ژیانە دڵم ناسرەوێ.

سیامەند: نـازانم بـۆ؟ نـازانم بۆ؟ ئەم لاوێنی و بروام پێتەو ئەکاتەوە قسەی تۆ.

پشکۆ: کە وایە دڵنیا بە و لەو چاڵە وەرە دەرێ.
دەسم بگرە(دەسی بۆ ڕائەکیشی) ڕێمان وا لەبەرێ.
لە گەڵتام و چاوت بۆ ئەکەمەوە.
ژیان هەر ئەمەیە و مەساچینە بەکەمەوە... دەسم بگرە!

سیامەند: (دەس ئەگیرێ و دەسی پشکۆ ئەگرێ) لەمە تاڵتر نابێ، شتێکم نیە لە دەسم دابێ!

پشکۆ: (بـە تفەنگ و گۆچانەکەوە، سیامەند لـە چـاڵەکەی دەر ئەکیشێ)
وەرەدەرێ، هەنگاو فێر بە! یەك! (هەنگاو ئەنێن)
دوو!... سێ!...

(بـە هەنگاوی سێهەم تەقە بەرز ئەبێتەوە و هەردوو ئەکەون. ڕەشاژۆ چـەك بـەدەس، بە پێکەنینەوە لەلای سیاچاڵەکەوە دێ و ڕەشوڵی لە دوایـە، کـە بـە تەشـك و چـەکەوە هەروەك سیامەند وایە. ڕەشاژۆ بە پەتێك بەدوای خۆیدا ڕای ئەکیشێ)

ڕەشـاژۆ: (بە ئیشارە بە کوژراوەکان- بە قاقای پێکەنینەوە) ئەوەیە سزای لە یاسا ترازان!
(بەڕەشوڵ) بچۆ جێگەی سیامەندەوە و وەك ئەو مەبە.

ڕەشوڵ: بەڵێ قوربان!

(دەس و پـەل ئـەکوتێ بـرواتە چـاڵەکەوە. ڕەشـاژۆ گۆچـانەکەی سـیامەند هەڵـئەگرێ و ئـەی داتـێ)

ڕەشـاژۆ: خـۆ چـاوت نـیە، چارەنووسـی تـرازان لـە سیاچاڵ ببینێ. گوێت هەیـە و ببیسـە و پـەندی لێ بگرە. وەرە تێ بچوا چی لەم ڕێگـە ڕابـوورد بـێکوژە. سەرەنجامت بەهەشتە، نەیکوژی کوژراوێ. لەچاڵ دەرهاتێ تووشی کارەساتێ.

(بـاڵی ئەگـەرێ بـەدە و چـاڵەکەی بـەرێ، پشـکۆ سـەر هەڵـئەبرێ، نیشانە ئەگرێ. تەقە دێ و ڕەشوڵ و ڕەشاژۆ ئەکەون...

(ویژەردیـتە نـێو، سـەری پشـکۆ هەڵـئەبرێ. نـێو چـاوانی مـاچ ئەکاتەوە. ئەرواتەوە جێگە هەمیشەیییەکەی خۆی.)

ویژەر: ئەمرو بیستم، ماڵی پشکۆ، کەوتە بەر هێرشی ڕەشان.
گوێ لە مستانن لە خوشك و برا و دایك و بابی خوروشان.
ئەوەندەیان لە بابی دا، بە ئازار مرد... پەیمان چەکی بەچارە کرد:
پـەلاماری دایـە دوژمـن، پیـنجی کوشـتن، جـا خوشـك و دایکـی هەڵگرت و هەڵاتن.
شوێنە پاکەی پشکۆیان هەڵگرت و هاتن.

(گورانـی "ڕێگـات ڕێگامـە دڵنـیام" دەس پێ ئـەکا. لـە مـەودای دادایـك و بـرا و خوشـکی پشـکۆ دێـن، یەکـە یەکـە پێشانی ماچ ئەکەنەوە و هەر یەکە چەکی لە داکەوتوەکان هەڵئەگرن و ئەی کەنە شانیان.

ویژەریش چەکی چوارەم لەشان ئەکا. بەریز رائەوەستن.)
هەر چوارە: (یەك رەنگ- دوای گۆرانیەکە)
"هەرداو هەردم کرد دەشت کۆ
نامە ژیر پێ گەرانم بۆ تۆ
لە دارستان لە کانی و ئاو
لەگشت لاتۆم هاتە بەرچاو
گرتم شوینی هەنگاوەکەت
پرسیم سۆراغی چاوەکەت
ئامانجت ئامانجمە ئارام
ریگات ریگامە دلینام"
ویژەر: رەشاژۆ یەك کوژراوە، سیاچالیك گیراوە.
بەلام ریگە دریژەی هەیە و نابریتەوە.
لەدەور ری دا هیشتا گەلی سیاچال ماوە.
خەلکینە! ئیستە تازە سەرەتای شورشیکی بەتینە!
شۆرش بە خەلك سەر ئەکەوی، نە بە یەك قارەمان و دوو،
بەبێ ئیوە ری کر کەوتوە، دارستان خەوتووی خەوتوە
داراپەرن! چەك هەلگرن! هەموو، هەموو!
ریگەی سوور ریتانە. تینووی چرپەی پیتانە
(هورەی بای دارستان دی)
دایکی داران (لەنیو بینەرانەوە دی)
خەلکینە! دارستان، پاش هەزاران سال وەستان، کەوتە ری بە هوورە خەریکە دێ.
دە راپەرن! وا دارستان راپەریوە.
باپیرانمان بیستویانە و وتوویانە،
کاتێ کە ئەم دارستانە: بکەویتە ری و لەرەگ گەری، ئەوە ئیتر دوا دەمانە.
دوا دەمانی کی و کامانە؟ دوا دەمان و نەمانی رەشپەرەستان.
دە، دانیشتوان! دە، بینەران! هەسنە سەرپێ!
ویژەر: هەلسنە سەرپێ! (بینەران هەلئەسنەوە)

لەگەلا بیلینەوە!
بە چەگمان لەمپەر ئەروخینین (ئەیلینەوە)
بەگۆری میشك و مەچەکمان
بەهەشتی گشتی بەرهەم دینین!
پەردە

رسکاندن: افریدن
فرچەك: سلاپرتابی
لی: اما
ئەوجە: احتیاج
وەپرا: دگماتیك
پارکروژ: اتش افروز
فاق: فرع، انشعاب
١٣٦٥/٥/٥

# کچە پێشمەرگە

هەوا زریەیەك بوو پرپیل
لە رەشاوی لیل و لیخن
دوور لەچاوی مانگ و هەتاو
تیدا خنکابوون کچ و ژن

❊❊❊

پێچە و چارشێو
سۆقاتی دێو
دیاری شەو
رەخت و پەخت بوون
هەلوورا بوون لەم و لەو

❊❊❊

چی کچە، چی ژن
دلیان هەنجن هەنجن
میشکی کاسیان کرایە خەو

❊❊❊

لەپر کچی پیشمەرگە وەك
وەك خۆی راسا
لەسیا یاسا
پەلی دایە چەك

❊❊❊

لەسەر شاخی ناخی ئاسمان
برووسکایەوە
بوو بە قاسپە، شیوی پرکرد
زەبوونی سووتانە
رەشاودا مرد
خەوە و وری
لەتاو سری
رەشی و پەستی
کردە تەوقی هەمیشەیی
کردیە ملی کۆنە پەرەستی

❊❊❊

ئەی گیانی پاکی ستەمکیش!
ئەی دلسۆزی لەخۆ بوردووو
پر بە میژوو، ناخ پر لە ئیش
هەڵکشێ هەڵکشێ
قەت هەست نەکەی چیە ماندوویی
بیرکە لەوەی لەسەر ریتە
بسرە لەخۆ ئەوەی بوویی
ئاواتی بەرزی میژینە
بەدی بێنە
بەیادی ملیارد ملیارد
ئاواتی بەگل ئەسپاردە
هەلکشی هەلکشی پر بە هیزت
ئاواتت بگرە ئامیزت

م- خارا
٢٧/ ٩/ ١٣٦٤

# چکوله دلتەنگەکان

شیوان، شیوه مارن
له نشیوان، گولله دەبارن.
شیوان، چکولان دلتەنگن
تەنیا کەوتووی جەنگن
هوده بەنده، کوفه
ئەستیره ونه

＊＊＊

ماتەم و تەم
رژاوەته شاخ و چەم
چی خەمه، چی ماتەمه،
له دلی بچکولەکەم جەمه

＊＊＊

دلی بچووکی چولەکەکەم
دلی کپی چکولەکەم،
درنگ درنگ...
تیك ئەشکینی
چوار چیوەی سنگ.

＊＊＊

چولەکەکەم،
چون یاد نەکەم؟
له بلیسەی مار،
مەلوچەکەی هەژار،
ئەفسوون بووه،
بالی فرەی لەبیر چووه.
هاکا رەپەی دلی بچووکی،
ببیته فرین،
بوری برین.
لەدل، لەتەن
دەرباز بی به سووکی،
بەرەو کویستانه دوورەکان
بۆ لای بابه...
تیك بشکینی سنوورەکان.

م- خارا
١٥/ ١١/ ١٣٦٤

# تۆ دەمن ئالاوی

وەك تینوویی.
بەناخم دا هەڵگەراوی،
وەك خوازی ژیان
وەکوو گیان.

＊＊＊

تۆدەمن ئالاوی
وەك لەگیای بەهاران، باران.
تۆ لەناخم هەلقولاوی،
وەك شریخەی هەور و کارگ
وەکوو کویستان و کانیاوی
تۆ لەگیانم رواوی
چۆن له مرۆڤ روان
نەونەهالان.
تۆ...تۆ...تۆ

**تۆدەنگی من کو**

**هاورێ گیان!**

**پێشەنگ: ٣-٤**